بۆ گۆڕینی ژیان

# ببە هاوڕێی قورئان

نووسینی

شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

پێداچوونەوەو پێشەکی

خادیم

ئەبوبەکر شوان

چاپی یەکەم ٢٠١٨

ڕێزو حورمەتم بۆ ئەو بەڕێزانەی خوارەوە کە هانیاندام و پشتگیری و هاوکارییان کردم بۆ هاتنەکایەی ئەم بەرهەمە، خوای گەورە هەمیشە سەرکەوتوو و سەربڵندیان بکات.
مامۆستایانی ئایینی: شێخ مەزهەر خۆراسانی- هەڤاڵ چۆمحەیدەری- سەلام هەمزە رەشید- عەبدولڕەزاق ساتوقەڵایی- عوسمان مەلا خدر -معتصم مەلا وەیسی گرتکی- مەلا خدر سێگردکانی- ئەبوبەکر عەبدوڵڵا تەق تەقی- رەفیق دەربەندی.
مامۆستا مەلا نەهرۆ عەلی تاڵەبانی پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی کانی دەربەندکە پێداچوونەوەی ئایینی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرت.
ڕێزێکی تایبەت بۆ برای ئازیزم کاک شەعبان عەلی شەعبان کە هاوکارو دەسباربوو بۆ بەچاپگەیاندنی ئەم بەرهەمە.
بەڕێزان ( بڵند ئیسماعیل شێخ وەسانی- فەرهاد قادر ئۆمەر- حسن محەمەد شەریف ئاکرەیی- مەسعود سەربەشاخی- هیوا حاجی ئەحمەدی ئامان هەڵەبجەیی- نەوزاد سمایل رەشید- بەهزاد عەبدولمەجید – ئارامی مەلا محەمەد- بەختیار رشید محەممەد- هێمن ئەحمەد حەمەد-بەکر کاکۆ- محەمەد بالیسانی- فەرهاد قادر ئۆمەر- شێخ کەریم عومەر حەمید-ئەردەلان ئەمین زراری- وشیار نوری لەک و فەرمان مستەفا رایەتی و نووسینگەی هیوا بۆ کۆمپیوتەرو هەموو ئەوانەی بە وشەو وتەو پەرەگرافێک شتیان لێ فێربووم، خۆم بە قەرزاریان دەزانم.

شاخەوان مامۆکی

٢٠١٨/شارۆچکەی تەق تەق

ناوی کتێب: بۆ گۆڕینی ژیان، ببە هاوڕێی قورئان

نووسینی: شاخەوان عەلی  حەمەد مامۆکی

بابەت: ئایینی

پیتچنین: دەشتی ناسیح مەجید کەرکوکی

کۆمپیوتەر: دحان ئەحمەد خورشید مزوری

تیراژ: ١٠٠٠دانە

چاپخانە:  هەولێر

# پێشەکـی

لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەورووپا زۆر بەسوودە بۆ توێژینەوەی ئەو جەنگەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بەرپایە، چونکە ئەورووپا مرۆڤە و ئێمەش مرۆڤین.هەموو مرۆڤایەتیش سیمای هاوبەشیان لەنێواندا هەیە و پێکەوە پەیوەست و لێك نزیکن، ئەوجا مرۆڤ لەهەر شوێن و پنتێکی زەوی دابێ دەتوانێ چاودێری هەنگاوەکانی مرۆڤی برای بکات.. ئیتر یا دەیکاتە پێشەنگ، یانیش پەندی ئەزموونەکە و وانەی مێژووی لێ وەردەگرێ.

سیستەمی ئەوڕوپا پێشتر بایەخی بە ژن نەدەدا و هیچ مافێکی (شارستانی) یا ئابووری پێ نەدەدا، ماف نەبوو موڵکی هەبێ، نەدەبوو بخوێنێ و فێربێ، ماف نەبوو هیچ جۆرە رایەك دەربڕێ، یا لەکارێکا بەشداربێ. پشتگوێ خراوێك بوو، ببووە پاشکۆی پیاوان. پاشکۆیەتیەك لە ئاتاجی بۆ خۆراك و پۆشاك و خانوو و سێکس دروست بووبوو، پاشکۆیەتی نەك هاوبەشی. پاشکۆیەتییەك هیچ هەستێکی مرۆڤانەی لەخۆ نەگرتبوو و هیچ بایەخێکی بە قەوارەی ئادەمیزاد نەدەدا. جا لە سایەی ئەو پاشکۆیەتییەدا ئافرەت پابەندی ئەو فەزیلەتانە بوو کە کۆمەڵ واتە –پیاو– بەسەریدا سەپاندبوو، ئەو پابەندبوونەش زۆر جاران لە بیروباوەر پێ بوونێکی زیندووی هۆشمەندانەوە نەبوو، بەڵکو نەریت و چاولێکەری بوو[١]

هەر شتێك لە هەڵسوکەوت و رەوشت و ئاکار، ئەو حاڵەتانە بگۆڕێ و ببێتە دیاردە ئەوە دەبێتە داب و نەریت، دەست چوونە خوێنی یەکتر حاڵەت بوو کە کوڕەکانی ئادەم(علیه السلام) یەکەم کەس بوون ئەم داهێنانەیان کرد، دوای ئەوان بوو بەدیاردە تا بەمڕۆش دەگات.. لەو ڕۆژەوە بەشێکی مرۆڤایەتی باوەڕیان پێیەتی و پیادەی دەکەن، هەر لەبەر گەورەیی ئەو تاوانەیە پێغەمبەر

---

[١] – جەنگی نەیتەکان، و:ژیوانی گەلاڵی، نووسینی : محمد قطب، چ١، ٢٠٠٤ز، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

(ﷺ) دەفەرموێ:( هەر کەسێك بە ستەم بکوژرێت، یەکەم کوری ئادەم پشکی ئەو تاوانەی بەردەکەوێت، چونکە یەکەم کەس بووە کوشتنی داهێناوە).[٢]

بۆ زیاتر تێگەیشتنمان کاتێك رەفتارێك دەق دەگرێ و کەسانی تر پەیرەوی دەکەن و دەبنە شتێکی باو، ئەوا داب ونەریتێکی ئەوتۆی لێ سەرهەڵدەدات جا ئەو شتە باش بێت یان ناشیرین.

ئەو عەولەمەی ئێستا وای کردوە خەڵك پتر هۆشمەندبێت و بەهۆشیارییەوە مامەڵە بکات، ئەو داب و نەریتانەن کە هاتوونەتە ئاراوەو رێژەیەکی بەرچاو لە موسڵمانان پەیڕەوی دەکەن، واتە لەگەڵ ئەم رێچکەیەن، کەواتە خۆشمان لەم دیاردانە بەدەر نین.

جا بۆ ئەوەی لەسەر رێچکەیەکی راست رێ کەین، ئەوا لەم پەڕتووکەدا چەندین رووداو و بەسەرهات وەکو نموونەو شایەتحاڵ ئاماژەیان پێدراوە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوەو بە عەقلییەتی زانستی و مەعریفی بیر بکەینەوەو دووربین لە کرێتی و خەوش، لە ئامێزی گەرمی ئیسلامدا بحەسێینەوە، بیکەینە سەیوان و ساباتێکی فێنك و بەئاکارو رەفتاری پر لە شکۆوە هەر هەمووومان بچینە خزمەتی ئیسلام و وەکو موسڵمانێکی چاك و پاك و بێگەرد لەو رێگەو رێڕەوەدا بەسەرفرازی ژیان وگوزەرانی خۆمان لەسەر بنەمای ئیسلامەتی بنیاد بنێین، خوای دلۆڤانیش بە پێغەمبەرمان (ﷺ)دەفەرموێ:

﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾ القلم: ٤

خادیم

ئەبوبەکر شوان

---

[٢] - عن عبدالله(رضي الله عنه)قال: قال رسول الله (ﷺ): ( لا تقتل نفس ظلما الا كان على ابن ادم الاول كفل من دمها،لانه كان أول من سن القتل). (بخاري/ الانبياء/٣١٥٧)

# ژیانی دونیا چی یه؟

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ ٱللَّهُ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُۚ وَفَرِحُواْ بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا مَتَٰعٞ ﴾ الرعد: ٢٦

**واته: هەر خوایه، رزق و رۆزی فراوان دەبەخشێت بەهەر کەس کە بیەوێت و کەمی دەکاتەوە بەشێوەیەك کە حیکمەت و دانایی تێدا بەدی دەکرێت کەچی زۆربەی خەڵکی دڵخۆشن بەژیانی دنیا، لە کاتێکدا کە ژیانی دنیا لەبەرامبەر ژیانی قیامەت لە بەهەشتی بەریندا تەنها رابواردنێکی کەم نەبێت، هیچی تر نییە.**[٣]

**پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: دنیا لەچاو دواڕۆژدا وەك ئەوە وایە کە یەکێکتان پەنجەی بخاتە دەریاوە، با بڕوانێ داخوا چی پێوە هاتووە؟**[٤].

**لوقمانی حەکیم دەڵێت:** دنیا دەریایەکی پان و بەرینە، زۆرێك لە پێشینان و پاشینانیش تێیدا خنکاون، جا تۆ لەخوا ترسان بکە بە کەشتیەك بۆ خۆت لەو دەریایەدا، ئەگەر رزگارت بوو ئەوە بزانە کە رەحم و بەزەیی خوایە و ئەگەر لەناوچووی بزانە بەهۆی تاوانەکانتانەوەیە.

---

[٣] – **خواردن و خواردنەوەی رۆژانەمان نموونەیەکی زیندووی ئەو رابواردنە کەمەیە کە خوای گەورە ئاماژەی پێ داوە.. بەکڵۆجێ هەموومان کاتێك برسیمان دەبێت، بەتامەزرۆیەکی زۆرەوە داوای خواردن دەکەین و حەز دەکەین خۆشترین خواردن بێتە بەر دەستمان، لەوەشدا کاتێك کام خواردن بەتام و بەلەزەت و خۆشە دەیخۆین، تامەکەی هێندە کورتە، هەر ئەوەندە هەستی پێ دەکەین کە لە ناو دەممانداو دەیجوین، ئیتر کە لە قورگمان ئاودیوی خوارەوە بوو، وەك ئەوەی هیچمان نەخواردبێت وایە..لەوەشدا کاتێك تێرمان خواردو زیاد لە ئەندازە خواردنمان خستە گەدەمانەوە، هێڵنجمان دێ، کە ئەگەر نەڕشێینەوە، ئەوە هەست بە ناڕەحەتییەکی زۆر دەکەین و هەوڵ دەدەین ئەوەی خواردوومانە فڕێی بدەین و لەماوەیەکی کەمدا خۆمان بەتاڵ بکەینەوە .**

[٤] –**(ما الدنيا في الاخرة الا مثل ما يجعل أحدكم أصبعه في اليم فلينظر بم يرجع) أخرجه مسلم**

جوانی بەگەنجێتی و هێزو توانا نییە کە ئیرادەی جوانیمان بۆ ژیان نەبێت، لە کاتێکدا ژیان وەك شەترەنج وایە، هەر بێ ئاگاییەك لێی بەدۆڕاندنت دەدات.

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: پێنج شت بەهەل بزانە پێش ئەوەی پێنج شتی تر یەخەت بگرێ، ژیانت پێش مردنت، لەش ساغیت پێش نەخۆشیت، بێکاریت پێش سەرقالیت، گەنجێتیت پێش پیربوونت و دەوڵەمەندیت پێش هەژاریت.**[٥]

## هەندێك دێنە پێش.. هەندێك بەرێ دەکەون

**خوای پەروەردگار دەفەرموێت:** ﴿ وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَٰلِدُونَ ﴾ الأنبياء: ٣٤

**واتە: ئێمە پێش تۆ ژیانی هەمیشەیی و نەمریمان بەهیچ کەسێك نەبەخشیوە، جا ئایا ئەگەر تۆ بمری،(دوای مەرگی تۆ) ئەوە ئەو خەڵکە ژیانی هەمیشەیی دەبەنە سەرو نامرن؟**

دەگێڕنەوە کابرایەکی بازرگان لە گەشتێکیدا بەهۆی باهۆزەوە لەناو دەریادا کەشتیەکەیان تێك دەشکێ و ئەویش خۆی بە پارچە دارێکەوە دەگرێ بۆ ئەوەی نەخنکێت. لەو کاتەدا کەشتیەك بەو شوێنە گوزەر دەکات کە چاویان پێی دەکەوێ بەهانایەوە دەچن و رزگاری دەکەن. کابرای بازرگان بینی ئەو خەڵکەی ئەوێ خزمەتێکی باشی مرۆڤێکی پۆشتەو پەرداخ دەکەن، سەرەتا پرسیاری نەکرد ئەو کەسە کێیە و کێ نییە. بەڵام کاتێك لایاندایە دورگەیەك و ئەو کەسەیان بەتەنیا داناو هەندێ خواردن و خواردنەوەیان بۆی بەجێهێشت و گەڕانەوە. لێیانی پرسی ئەرێ ئەو کابرایەتان بۆ بەتەنیا بەجێ هێشت؟ ئەوانیش وەڵامیان دایەوە وتیان ئەوە پادشای شارەکەمانە هەر کەسێك ببێتە پادشا، بۆ ماوەی یەك ساڵ حوکم دەکات. دواتر وەکو داب و نەریتی خۆمان دەیهێنین لەو دورگەیەی دادەنێین و دەگەڕێینەوە کەسێکی تر دەکەینە پادشا.

---

**[٥]-(اغتنم خمسا قبل خمس:حياتك قبل موتك، و صحتك قبل سقمك، و فراغك قبل شغلك، و شبابك قبل هرمك، و غناك قبل فقرك) صحيح الجامع: ١٠٧٧**

ئەویش پرسی ئەی باشە پادشا بەتەنیا لەو چۆڵەوانیە چی دەکات؟چارەنووسی بەکوێ دەگات؟ وتیان ئەوەی چووبێتە ئەو دوڕگەیە چونکە بەتەنیایەو کەسی لەدەور نییە بۆیە بەسەلامەتی دەرنەچووەو دڕندەیەك پەلاماری داوەو خواردوویەتی.

کابرای بازرگان نەختێ بیری لەو رووداوە کردەوەو وتی باشە دەکرێ من بکەنە پادشای خۆتان؟ وتیان ئەی بۆ نا، ئێمە لیژنەیەکمان هەیە چەند پرسیارێکت لێ دەکات، ئەگەر لەوتاقیکردنەوەیە دەرچی ئەوە دەتکەنە پادشا. ئەویش کاتێك چووە بەردەم لیژنەکەو ئەو پرسیارانەی لێیان کردو وەڵامی دانەوە، کردیانە پادشا. لە سێ چوار مانگی یەکەمدا سی چل ماڵی راسپارد بەخاوخێزانەوە بچنە ئەو دووڕگەوە و مریشك و ئەژەڵ و ئەوەی پێویست بوو بۆیانی دابین کردو هەندێ پارەیانیشی پێدان و وتی بڕۆن ئەو شوێنەم بۆئاوەدان بکەنەوەو شوێنێکیش بۆ من دانێن تا ساڵەکەی خۆم لەو شارە تەواو دەکەم و دواتر دێمە لاتان.

بەم شێوەیەوە دوای ماوەیەکی تر حەفتا هەشتا ماڵی دیکەی بۆ ئەو دووڕگەیە نارد و پاشان چەند وەجبەیەکی دیکەیشی بەدوادا بەڕێ کرد.

کاتێك ساڵەکەی تەواو کرد، سواری کەشتیەکیان کردو بەرەو دووڕگەکەیان برد. کاتێك لەو شوێنە نزیك بوونەوە ئەو خەڵکی ئەوێ بەجارێ هاتنە پێشوازی و کردیانە پادشای خۆیان. جا ئەوەی لەم بەسەرهاتە دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێ پێش وەختە خۆی بۆ ئەو سەفەرە ئەبەدیە ئامادە بکات کە مردنە و گەڕانەوەی نییەو دووبارە زیندووبوونەوەیەتی کە لەبەرامبەر کارو کردەوەکانیدا پاداشت وەردەگرێ، بەتایبەت ئەوانەی پێش وەختە لە دنیادا پێش ئەوەی ئەو سەفەرە بکەن، خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن.

## ژیان لای منە

شەوێکیان چوومە سەردانی هاوڕێیەکم و ماوەیەکی باش لەلای مامەوە..لەدەرگای زۆر باسماندا و باسی ژیانی دونیامان کرد.. برادەرەکەم بەهەڵپەیەکەوە وتی مانای ژیان لای منە.

هەستا چووە ژوورەكەی دیكەو ئەوەندەی نەبرد  هاتەوە ، لەگەڵ دەستی خۆیدا، كاسێتێكی ڤیدیۆی هێنا و لێیدا.. منیش خۆم بۆ نەگیرا، پرسیم ئەوە چیە؟ وتی ئەوە ژیانی هەموومانە، سەیركە ئەوە رۆژی  ژنهێنانمە، برۆنیّ، سی و پێنج ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ئەو خەڵكە لەو رۆژەدا چەند دڵخۆشن، سەیركە ئەوە منی تازە زاوا چەندە گەنجم، بەڵام ئەوە ژیانە ئێستا سەرم سپی بووە، پشتم چەماوە، كێ دەزانێ ئەو  گەنجە قۆزو تۆلازە منم. ئەگەر بەوردی لەو خەڵكە رابمێنی، ئەها ئەوانە زۆربەیان لە ژیان نەماون و دەمێكە مردوون. زۆر جار جگەرگۆشەكانم پرسیاری ئەو منداڵە بچووكانەم لێ دەكەن و دەڵێن بابە ئەوانە كێن؟منیش پێیان دەڵێم ئەوە فلان كەسە لەو ساڵانەی دوایی كوژرا، ئەوە فلان كەسە لەدوای راپەرینەوە چووەتە دەرەوەی وڵات و ژیان لە هەندەران بەسەر دەبات، ئەوەشیان فلانە كەسە، زۆر لەمێژە ژنی هێناوەو ئەو پیسۆكەیش فلانە كەسە زۆر دەوڵەمەندە بەحسابی خۆی نازانێ، ئای كە ژیان لەو شریتە دەچێ، هەندێكیان دێنە پێش و هەندێكیان بەرێ دەكەن.

پێش ئێمە خەڵكانێك لە مەیدانەكە هەموو شتێك بوون. ئێمە هاتین ئەوانمان خانەنشین كرد، ئێستایش كەسانێك دەركەوتوون، هاتوونەتە پێش تا ئێمە خانەنشین بكەن. ئەگەر سەردانی هەر فەرمانگەیەكی میری بكەیت و بچیتە ژووری دۆسیەكان و لاپەڕەكانی ناوی هەڵدەیتەوە، بۆت دەردەكەوێ ئەو دەزگایە چەند كەسی خانەنشین كردوە..یەك هاتووە یەكی بەرێ  كردووە و ئەویش یەكێكی تری بەرێ كردووە و ئەو بەرێكردنە بەردەوامە، وەك چۆن مردنی رۆژانەی ئازیزو هاوڕێیانمان و گۆڕستانەكان شایەتی رێبواری ئەو سەفەرە دەدەن، كە تۆ هەرچییەك بیت، پلەدارو بێ پلە.پاشاو گەدا.وەزیرو گزیر.هەژارو دەوڵەمەند، دواجار دەبیتەوە خۆڵ [٦] .

[٦] _ژیان وەك بازاڕێكی گەورە وایە، تیایدا هەندێك پارە وەردەگرن و هەندێكیش پارە دەدەن.
كابرایەك بۆ یەكەمجار كۆمەڵە كەلەمێكی لەدوكانێكدا بینی لەسەر یەك كەلەكە كرابوو، پێی سەیر بوو، حەزی كرد بزانێ ئەو شتە چییە، دانەیەكی لێ هەڵگرت و پارەكەی دا، لەجێوە كەوتە هەڵدانەوەی پەلكەكان.. هەر پەلكێكی لێ دەكردەوە، لەناوەوە پەلكێكی تر هەبوو..هەر پەلكێكی فڕێ دەدا، بەدوایدا پەلكێكی تر دەهات. هەموو پەلكەكانی هەڵداوە، هیچی نەبینی، ئاهێكی

دەگێڕنەوە: دووکەس زۆر برادەربوون، پێکەوە لە قوتابخانە دەیانخوێند، بەتێپەڕبوونی زەمەن ژیان و گوزەران لێکی کردن، پاش چەندین ساڵ بەدیداری یەکتر شاد بوونەوە، ئەم گفتوگۆیە لەنێوانیاندا هاتە ئاراوە:

_ قوربان، چۆنی، تەندروستیت چۆنە؟

شکور بۆ خودا زۆر باشم.

_ ئێستا بەچییەوە خەریکی؟

مودیر عامم لە وەزارەت.

_ پاشان دەبیە چی؟

وەزیر، پاشان سەرۆك وەزیران.

_ ئەی دوایی؟

خانەنشین دەکرێم و هیچ، ئەی جەنابتان؟

_ من هەر لە ئێستاوە هیچم، پێویست بەو ماندوو بوونە ناکات.

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین. ئا ئەمەیە ژیان، لە هیچەوە دەبینەوە هیچ، بەختەوەری مرۆڤ لەوەدایە پێش بەجێهێشتنی ئەم دونیایە، ڕەزامەندی خوا بەدەست بێنێت.

ئیبراهیم پێغەمبەر (علیه السلام) کاتێك خستیانە ناو مەنجەنیق و فڕێیان دایە نێو ئاگرێکی بڵێسەدارەوەو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەناوی مایەوە. کاتێك لێیان پرسی خۆشترین کات لە ژیانت چ ڕۆژێك بوو؟ وتی ئەو ڕۆژانە بوو کە لەناو ئاگرەکە مامەوە.

جەستەمان چی تێ بکەین، هەر ئەوەی لێ دەردەچێ..ژیان بەحەرامی ببەینە سەر یان بە حەلاڵی، لەوەشدا شتی پاك هەر پاکە، ناتوانین بەشتی پیس بڵێین پاك. بۆیە دەرهەق بەهەر هەنگاو و ڕەفتار و کارو کردەوەمان بەرپرسین و لێپێچینەوەمان لەهەمبەر دەکرێ و هیچ کام لەمانە لای خوای پەروەردگار بزر نابێ، وەکو دەفەرموێت:

---

**هەڵکێشاو وتی ئەو پەلکانە ژیانی ئێمەیە، هەر هەڵیدەدەینەوەو هیچ نابینین و هەر دەڕۆین و دەڕۆین تا کاتێك بەئاگا دێین، هەموو شت کۆتایی هاتووە.**

﴿ فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ﴾ الزلزلة: ٧ جا ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێرو چاكەی ئەنجام دابێت، دەیبینێتەوە

﴿ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ ﴾ الزلزلة ٨ ئەوەیش كە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك شەرو خراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە.

## بۆ ئەم دونیایە خەمبار مەبە

**عنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الشِّخِّير (رضي الله عنه) قَالَ أَتَيْتُ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم)وَهُوَ يَقْرأُ ( أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُر ) قَالَ : ((يَقُولُ ابْنُ آدَمَ : مَالِى مَالِى ، وَهَلْ لَكَ يَا ابْنَ آدَمَ مِنْ مَالِكَ إِلاَّ مَا أَكَلْتَ فَأَفْنَيْتَ أَوْ لَبِسْتَ فَأَبْلَيْتَ أَوْ تَصَدَّقْتَ فَأَمْضَيْتَ)) صحيح مسلم ژمارە : (٧٣٤٦)**

**واتە: هاتم بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەكاتێكدا كە ئەمەی دەخوێندەوە(زۆركردنی ماڵ ومنداڵ سەرقاڵی كردوون) فەرمووی: ئادەمیزاد دەڵێت ماڵەكەم ماڵەكەم، هیچ پارەو ماڵێك هی تۆ نییە تەنها ئەوە نەبێت كە خواردوتەو تیاچووە یان لەبەرت كردووەو رزیوەو نەماوە یان ئەوەیە كە كردوتە صەدەقەو پێشت خستووە بۆ دوای مردن.[٧]**

كەواتە دونیایەك سەرەتاكەی گریان و ناوەراستی ناخۆشی و ماندووبوون و كۆتاییەكەی ون بوون و كۆچكردن بێت، ئەوە چ دنیایەكە خۆتی بۆ بكوژی و لەو پێناوەدا خۆت بدۆڕێنی؟ كار بۆ رۆژی دوایت بكە كە سەرەتاكەی چاوپێكەوتن و ناوەڕاستەكەی بەخشین و كۆتاییەكەی مانەوەیە.

**سوقرات دەڵێ:** *خەڵكی دەژین بۆ ئەوەی بخۆن، بەڵام من دەخۆم بۆ ئەوەی بژیم.*

**پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت:(ئەگەر دونیا نرخی باڵە مێشوولەیەكی هەبوایە لای خوای گەورە، ئەوا نەیدەهێشت كافر قومێك ئاوی تێدا بخواتەوە)[٨]**

---

[٧] - و: مامۆستا محمد عبدالرحمن لطيف

[٨]-( لو كانت الدنيا تعدل عند الله جناح بعوضة ما سقى كافرا منها شربة ماء ) (مستدرك حاكم ،كتاب الرقاق/،٧٨٤٧،من حديث سهل بن سعد).وصححه الشيخ الالباني في (سلسلة الاحاديث الصحيحة، ٦٨٦/٢و٩٤٣)و(صحيح الجامع الصغير،٥٢٩٢/٢)و(صحيح الترغيب والترهيب ،٣٢٤٠/٣).

ئەم فەرموودەیە پێمان دەڵێ دونیا فیتنەیە و زۆر کەسی پێ هەڵدەخەڵەتێ، جا دونیایەك ئەوەندە بێ نرخ بێت، هەر قابیل بەوانەیە کە بێ باوەڕن و لەوەشدا خۆشیەکانی ناوی بۆ بێباوەڕان رازاوەتەوەو بڕوادارانیش فریو و چەواشەی ئەو لەزەتە نابن و دواڕۆژی هەمیشەیی هەڵدەبژێرن.

**جارێکیان ئیمامی عومەر(رضي الله عنه)سەیری کرد ئەو حەسیرەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەری دادەنیشت و دەخەوت، کاری کردۆتە سەر پێستەکەی و نەخشی حەسیرەکەی لەسەر دەرچووە، دەستی بەگریان کرد.**

**پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ئەوە چی دەتگرییێنێ؟ ئەویش فەرمووی سوێند بەخوای گەورە بۆ ئەوە ناگریم کە نەزانم، تۆ بەڕێزتری لە قەیسەرو کیسرا، ئەوان لە چ نازو خۆشییەکی دونیادا دەژین و تۆیش پێغەمبەری خوایت، بەم شێوەیە دەتبینم.**

**لەوەلأمدا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی ( اما ترضى يا عمر أن تكون لهم الدنيا ولنا الآخرة ؟). واتە: ئەی عومەر رازی نابیت دونیا بۆ ئەوان و دواڕۆژ بۆ ئێمە بێت؟ ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) فەرمووی بەڵێ ، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی ( فانه كذلك ) واتە: بەم شێوەیەیە- دواڕۆژ بۆ ئێمەیەو دونیا بۆئەوانە[٩]**

**کاك (تاهیر مستەفا)[١٠] بۆی گێڕامەوە، وتی:**



دکتۆرێکی بەڕێز بۆی گێڕامەوە، وتی خزمێکمان تەمەنێکی دوور و درێژی بەڕێ کردبوو، بەجۆرێ کە دەرۆیشت لاکە لاك دەتوت چیلکەدارەو پشتی چەمابۆوە. کوڕەکانی زوو زوو تەلەفۆنیان بۆ دەکردم، دەیانوت: دکتۆرگیان ئەگەر بێیتە ماڵمان، باوکم داوات دەکا و حەز دەکا بتبینێ. منیش تا مرد گەلێ رێزم لێی دەناو

**[٩]-صحه الشيخ الألباني في صحيح الأدب المفرد، باب الجلوس على السرير ،١١٦٣/٨٩٠.**

**[١٠]- کاك تاهیر مستەفا ئەمین لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٣ی گوندی سماقوڵی گرتکە کەسێکی کۆمەڵایەتی و رووخۆش و خودان ئەزموونە.**

کات و ناکات هەر بیویستایە، دەچوومە سەردانی و لەماڵەوە چی پێویست بوایە بۆیم ئەنجام دەدا..ئەوەی من لەو کابرایەم بینی، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی لە نەوەت تێپەڕی کردبوو، کەچی جار جار دەیوت: دکتۆر گیان من زۆر نەخۆشم ئەگەر دکتۆرێکی باش شك دەبەی دەمەوێ بچمە لای ، دەبزانە پرسیارم بۆ ناکەیت و دکتۆرێکی باشم بۆ نادۆزیەوە؟ منیش رێك ئەو فەرموودەی پێغەمبەرم بەبیر دەهاتەوە کە دەفەرمووێت: **یشیب ابن ادم و یشیب خصلتان، الحرص و طول الامل**.ئەوەش شتێکی گشتگیرە کاتێك کەسێك دەچێتە ساڵەوە دوو خەسڵەتی لێ دەردەکەوێ، خۆشویستنی دونیاو داواکردنی تەمەن درێژیی.

**ئیمامی عەلی** (رضي الله عنه)**دەڵێت: کار بۆ دونیات بکە وەك ئەوەی تا هەتایە بژیت و نەمریت.. کار بۆ دواڕۆژت بکە وەك ئەوەی سبەی بمریت**[11]

---

[11] - **ژیان وەکو جگەرەیەکی داگیرساوە، نەشیکێشی هەر تەواو دەبێت**..ئەگەر سەیری لاپەرەکانی قورئانی پیرۆز بکەین، بۆمان دەردەکەوێ وشەی دونیا ١١٥جار هاتووە و وشەی دوارۆژ ١١٥ جار هاتووە، هەروەها ١٤٥جار وشەی (الحیاة) هاتووە و لەهەمان کات ١٤٥ جار وشەی (الموت) هاتووە، ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە چەند بۆ لەزەت و خۆشیەکانی دونیا خۆت ماندوو دەکەیت، پێویستە ئەوەندەیش بۆ مردن و لێپرسینەوەی دواڕۆژ خۆت ماندوو بکەیت.

# خێرو گەورەیی سەردان؟

**پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: هەر کەسێك باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با قسەی چاك بكات یان بێدەنگ بێت، وەهەر کەسێك باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە با ئازاری دراوسێکەی نەدات. وە لە ریوایەتێکیدا هاتووە: با ڕێز لە دراوسێکەی بگرێت وەهەر کەسێك باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت، وە هەر کەسێك باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە با پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت.[١٢]**

**مامۆستا فارس قەرەنی[١٣] گێڕایەوە، وتی:**



ساڵی ١٩٩٣ قات و قڕی و گرانی باڵی بەسەر هەرێمی کوردستان داگرتبوو، ئەو مووچەیەی وەرمان دەگرت، بەشی هیچی نەدەکرد، بۆ دابینکردنی بژێو و گوزەرانی ژیان ناچاربووم لەدوای دەوامی قوتابخانە ئیشێکی تر بکەم. تەکسیەکم هەبوو، ڕۆژێکیان دوای دەوام لە بنەسلاوە چوومە سەردانی پوورم (حەبیبە) کە چەند ساڵێك بوو، نەخۆش بوو. سەردانیم کرد، لەکاتی هەستانمدا، ڕۆستەمی پوورزام تا بەر دەرگای حەوشە لەگەڵم هات، ویستم سواری سەیارەکە ببم و بڕۆم، دراوسێکەی تەنیشتیان کە پیاوێکی بەتەمەن بوو، لەبەر دەرگا وەستابوو، هاتە لام، وتی کاکە دەچیە کوێ؟ پێموت ئەی تۆ دەچیە کوێ؟ وتی ئەوەی ڕاستیبێ بەرخێکم هەیە نەخۆشە، دەمەوێ بیبەم لەمەیدانی ئاژەڵان بیفرۆشم.

---

[١٢]– عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه)قَالَ : قَالَ رسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْراً أَوْ لِيَصْمُتْ ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلاَ يُؤْذِ جَارهُ ﴿وفى رواية : (فَلْيُكْرِمْ جَارهُ)﴾ ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ ، ﴿وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَصِلْ رحِمَهُ﴾)) صحيح البخارى رقم : (٦٤٧٥) و (٦٠١٩) والزيادة له برقم : (٦١٣٨) وصحيح مسلم رقم : (١٧١)

[١٣]-مامۆستا (فارس قەرەنی عزیز خەیلانی ) لەدایکبووی ١٩٦٥/٧/١، کەسێکی قسە خۆش و خودان ئەزموون، خاوەن خێزانە و سەرپەرشتیاری پەروەردەیە لە پەروەردەی عەنکاوە(دەوروبەر).

کابراکە چووە ژووریٚ و رۆستەم پێی وتم من وا دەچمە ژوورەوە، ئەگەر هاتەوە پێش وەختە مامەڵەی لەگەڵ بکە، چونکە لەوانەیە لەبەر من کرێیەکەت نەداتیٚ و تۆش فەقیرو هەژاری.

کابراش ئەوەندەی پیٚ نەچوو، بەرخەکەی هێناو هاتەوە، چ بەرخ، بەرخێکی لەڕو سیس و نەخۆش، هەر ئەوەتە هەناسەی دەهات.سندوقی سەیارەکەم بۆی کردەوەو بەرخەکەمان لەناو سندوقەکە دانا، وتم خاڵەگیان من بە پازدە دینار بۆتی دەگەیەنمە ئەو شوێنە. ئەویش وتی کەسی خاڵی باشە ئەگەر بەرخەکە نەمردو فرۆشتمان پازدە دینارت دەدەمیٚ، خۆ ئەگەر بەرخەکە مرد ئەوە دە دینارت دەدەمیٚ. بەو بڕە پارەیە پێکهاتین. بەڕیٚ کەوتین، لە رێگە قسەمان دەکرد، کابراکە ناوی مام تەها بوو، خەڵکی گوندی چەمرگە بوو، پیاوێکی دنیا دیتەو قسەخۆش و پۆشتەو پەرداخ، کە خۆم پێی ناساند، برادەری باوکم دەرچوو. هەندیٚ جار قسەمان دەکرد و هەندیٚ جار بێدەنگ دەبووین، کاتێك بێدەنگ دەبووین، لەناکاو رووم بەلای وەرگێڕا، بینیم ئەوە مام تەها دەمی دەجولێنیٚ و لەبەر خۆیەوە قسە دەکات، هیچی تیٚ نەدەگەیشتم، وتم مام تەها ئەوە چ دەڵێی؟ وتی وەڵا کەسی مامی دوعای دەکەم و دەڵێم خوایەگیان بەرخەکەم نەمریٚ، چونکە ئەگەر بمریٚ ئەوە یەك دینارم پیٚ نییە بتدەمیٚ، ئێمەش قسەمان کردووە ئەگەر بەرخەکە بمریٚ دە دینارت بدەمیٚ.

پێموت دەی ئیشەڵا نامریٚ و دەیفرۆشین، خۆ ئەگەر مردیش ئەوە دە دینارەکەم ناویٚ و با بەقوربانی تۆ بێت.

منیش لەبەر خۆمەوە کەوتمە دوعاکردن خوایە ئەو بەرخە نەمریٚ. گەیشتینە مەیدانی ئاژەڵان و لە سەیارەکە دابەزین، کە سندوقەکەم کردەوە، بەرخەکەمان چۆن دانابوو، وەکو خۆی بوو، هەر ئەوەتە هەناسەی دەهات، داماننناو لەسەر زەویەکەمان درێژ کرد، چونکە نەیدەتوانی بەپێوە راوەستیٚ.

قەسابێك هات وتی خاڵەگیان ئەو بەرخە بەچەند دەدەی؟ مام تەها وتی کەسی خاڵی ئەوە بەسەد دینارە.

قەسابەکە وتی پەنجا دینارت دەدەمێ. منیش وتم سوپاس بۆ خوا کرێیەکەم مسۆگەر کرد. مام تەها وتی کوڕە بەرخ هەیە بە پەنجا دینار؟ قەسابەکە چەقۆیەکی بەمل داهێناو سەری بڕی لەکاتێکدا هێشتا لەسەر پارەکە پێك نەهاتبوون، قەسابێکی تر هات، وتی ئەوە چییە؟ قەسابەکە وتی ئەم بەرخە هی ئەم خاڵەیە دەڵێ سەد دینار، من پەنجا دینارم داوەتێ.

قەسابەکەی دیکە وتی بە حەفتاوپێنج دینار بۆ من ئەویش لەدەمی دایەوە، وتی ئەوە شەرمت بەخۆ نییە بۆچی لەسەرم زیاد دەکەی؟ دەی ئەوە سەد دینارەکەی دەدەمێ. ئەویتر وتی بە سەدو پەنجا دینار بۆ من ئەو وتی بە دوو سەد دینار بۆ من. مام تەها تەماشایانی دەکردو هیچ قسەیەکی نەدەکرد، قەسابەکان ئەوەندە لەسەر یەکیان زیاد کرد، پارەکەیان گەیاندە سێ سەدو نەوەت دینارو پارەکەیان دایە مام تەها. مام تەها پارەکەی وەرگرت و بەمنی وت وەرە با سواربین و لێرە بڕۆین، دەی خێرا لێرەم دوور بخەرەوە، ئێستا دەچم چوار پێنج کیلۆ گۆشتی زۆر جوان بەو پارەیە دەکڕم و هێشتا پارەیەکی زۆریشم بۆ دەمێنێتەوە، کەسی خاڵی دەی ئێستا چەندت پارە بدەمێ؟

وتم سەد دینارم بدەیێ، وتی کورە چۆن لە بنەسڵاوەوە بۆ ئێرە سەد دینار دەبێت؟ منیش وتم ئەدی ئەو بەرخەی تۆ چۆن سێ سەد و نەوەت دینار دێنێ کە ئەگەر من نەمهێنابایە مردار دەبۆوە. وتی کورە وەڵاهی وایە خۆ ئەگەر بمردبوایە دە دینارم پێ نەبوو بتیدەمێ خۆ تۆش وتت لێت خۆش دەبم، بەڵام ئێستا هێندەت پارە دەدەمێ کە بە دوو رۆژان ئەوەندە ئیش نەکەی. شەست دیناری پێدام و وتی سەلام لەبابت بکەو ئەو قسانەی بۆ بگێرەوە[١٤].

---

[١٤]-عن عائشة عن النبي(ﷺ) قال: ثلاث يعمرن الديار، ويزدن في الاعمار: حسن الجوار، وصلة الرحم، و حسن الخلق) حديث صحيح لذاته، رواه ابن ابي الدنيا في مكارم الاخلاق٣٤٠ و انظر صحيح الجامع للالباني٣٧٦٧

واتە: سێ شت هەن ماڵ ئاوەدان دەکەنەوە و تەمەن درێژ دەکەن، باش بوون لەگەڵ جیران، جێ بەجێکردنی سیلەی رەحم و رەوشت جوانی.

# مردن چییه بۆ لێی بترسین؟

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ وَلَوۡ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلۡمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيۡهَا مِن دَآبَّةٖ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗىۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ﴾ النحل: ٦١

**واته: خۆ ئەگەر خوا خەڵکی لەناو ببات و بیانپێچێتەوە بەهۆی ستەمیانەوە، ئەوەندە گوناهو تاوان زۆرە زیندەوەر لەسەر زەویدا نایەڵێت هەموو زەوی خاپوور دەکات بەهەموو گیانلەبەرانەوە، بەلاّم ئەو خوایە ئارامی و خۆگریی بیّ سنوورە، لەبەر ئەوە تا کاتێکی دیاریکراو مۆڵەتی ئەو خەڵکە دەدات و دوایان دەخات، جا کاتێك کاتە دیاریکراوەکەیان هات، نەتاوێك دوا دەکەون، نەتاوێك پێش دەکەون بەڵکو لە چرکەی دیاریکراوی خۆیدا لەناو دەبرێن.**

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: هەردوو پێی هیچ عەبدێك نییە لە رۆژی قیامەتدا هەنگاو بنێت تاوەکو پرسیاری شتی لیّ نەکرێت سەبارەت بە تەمەنی لەچیدا بەسەری بردووە؟ سەبارەت بە زانستەکەی ئایا کردەوەی پیّ کردووە؟ سەبارەت بەپارەو ماڵەکەی چۆن پەیدای کردووەو لە چیدا خەرجی کردووە؟ سەبارەت بە لاشەی لە چیدا بەکاری هێناوەو دایهێناوە؟.[١٥]**

**بای ئەجەل هات، رێی دووری دوور، نزیك دەکا**
**بێتە رێی پاشا، بێتە رێی گەدا، لێی رادەکا**
**کۆڵی دنیای خەم هەڵگریّ، بۆکویّ بچیّ**

[١٥] - عَنْ أَبِي بَرزَةَ الأَسْلَمِيِّ رەزاي خواي لىَ بيَت قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لاَ تَزُولُ قَدَمَا عَبْدٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ أَربَعٍ : عَنْ عُمْرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ ؟ وَعَنْ عِلْمِهِ مَا عَمِلَ بِهِ ؟ وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَا أَنْفَقَهُ ؟ وَعَنْ جِسْمِهِ فِيمَا أَبْلاَهُ ؟)) صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٤١٧) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٥٩٢) .

**گەردەلوول رایدەماڵێ، ناهێڵێ دەرچێ**

**تەوقی دەدا کە بەم و بەوی دادەدا**

**جەستەی دەهاڕێ، ختووکەی روحی دەدا**

**کە تامی مەرگ و مردنی پێ دەچێژێ**

**پێی دەڵێ: مرۆڤ چەند بمێنێ، چەند بژێ**

**چی هەیەتی لەسەری دانێ تا نەمرێ**

**ئەوە سوننەتی ژیانە، دەبێ بمرێ**

**هۆ جوانی، هۆ پۆست و سامان وا مردن هات**

**دەستان لەم ژینە بشۆن، چی دێ بە هانات**

**گەر دەتەوێ بمێنی، بژی بەنەمری**

**چاکەکاربە، خواناسبە، وابزانە نامری**[١٦]

**لە وتە بەنرخەکانی لوقمانی حەکیم:**

**ئەی کوڕی خۆم ئامادەی مردووناشتن بە، بەڵام ئامادەی شایی و ئاهەنگ مەبە، چونکە مردوو قیامەتت بیر دەخاتەوە، بەڵام شایی وخۆشی، دنیات دەخاتە دڵ.**

**خالیدی کوری وەلید بە پاشای بێ باوەڕەکانی وت:**

بەخوا ئێوە چۆن حەزتان لە ژیانی دونیایە، ئەوهاش ئەمانە حەزیان لەمردنە، چۆن ئێوە رادەکەن لە مردن، ئەمانیش ئاوها رادەکەن لە ژیان، کێیە لە بۆ مردن خۆی بۆنخۆشکا؟ ئەمڕۆ کەس پێش وەخت خۆی بۆنخۆش ناکا چاوەڕێی دوای مردنە بۆنی خۆشی لێ بدرێ هەروەك چۆن زۆر کەس نوێژ ناکا هەتا دەمرێ ئینجا نوێژی لەسەر دەکەن.[١٧]

ئێمە مردووانی خۆمان دەنێژین، کەچی پەند و ئامۆژگارییان لێ وەرناگرین ئەگەر بمانەوێ وەکو ئەورووپاو ئەمریکا بژێین و وەکو هاوەڵە بەڕێزەکان بمرین..مردن دوا وێستگەی ململانێی مرۆڤە لە دنیا و دەروازەیەکە بۆ پەڕینەوە بەرەو ژیانێکی نەمر و

---

[١٦]–شاخەوان عەلی، وەفایەك بۆ تۆ، شیعر.

[١٧] - خیلافەتی ئەمیری ئیماندارانا ئەبوبەکری سدیق، نووسینی: عوسمان محەمەد خەمیس، وەرگێران و لەسەر نووسینی: عەلی خان.

هەتا هەتایی بە هەردوو دیوی سزا و پاداشت. مرۆڤ بەخوێندنەوەی کتێبی کردەوەکان دەزانێ چارەنووسی لەبەردەم بارەگای یەزدان بەکوێ دەگات و ئەو بەرچاو روونیەش لە سێ رێگەوە دەردەکەوێت:

یەکەمیان: کەسێکە پێی وایە بەندەی کەس نییە و کەچی بەندەیە و رادەکات، وەکو رێبوارێکی رێگای دوور، هەر دەڕوا بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە لای خاوەنەکەی، شەکەت و ماندوو دەبێ و دەیەوێ راکشێ و سەرخەوێك بشکێنێ، کاتێك دادەچەمێتەوە تەماشا دەکا ئەوە کەسێك لەبەردەمی قوت بۆتەوە، کە سەر هەڵدەبڕێ ئەوە ئەو کەسەیە لەبەر دەستی رایکردووە، خاوەنەکەی پێی دەڵێ ئەوە بۆ راتکرد ئەی نەمگوت بچیە هەر جێیەك، دواجار هەر دەبێ بگەڕێیتەوە لای من؟.

دووەمیان: کەسێکە پێی وایە لەدەست رۆیشتووی خۆیدا کە بەردەوام زوڵم دەکات و ئەم و ئەو دەچەوسێنێتەوە، ئیدی کەس ناتوانێ لێپرسینەوەی لێ بکات و سزای بدات چونکە خەڵکێکی زۆری لەدەوروبەر کۆبۆتەوە و دەستەوئەژنۆ لەژێر فەرمانی ئەودان، بەکلۆجێ هەر قسەیەك ئەو بیکا دەبێ جێبەجێ بکرێ، بەڵام کاتێك بەخۆی دەزانێ هەموو ئەو خەڵکەی دەوروبەری کەسیان نەماون و بەتەنها خۆی ماوەتەوە، بۆیە هەر دەروا تا بگاتە ئاوەدانی و دووبارە خۆی بەو گەورەییە ببینێتەوە بۆئەوەی جارێکی دیکە لەسەر جەور و ستەمی خۆی بەردەوام بێت، هەر دەروا و رادەکات، کاتێك تەواو شەکەت و ماندوو دەبێت، دەوەستێ و دەیەوێ لەجێوە راکشێ و سەرخەوێك بشکێنێ، کە دادەچەمێتەوە، هەر ئەوەندە دەزانێ ئەوە خەڵکیکی زۆر وا لەسەر سەری کۆبوونەتەوە، ئەو خەڵکەی زوڵمی لێکردوون و ئێستایش هیچ کام لە پاسەوانەکان لەدەوروبەریدا نیە بەرگری لێ بکەن، ئەوجا بەهۆش خۆی دێتەوە، لەبەر خۆیەوە دەڵێت خۆزگە زوڵمم نەدەکرد و رۆژم بەو رۆژە نەدەگەیشت.

تازە کار لەکار ترازاوە، هیچ شتێك بەهانایەوە نایەت، وادەزانێ لەژیانیدا بە تۆزقاڵ خۆشی نەبینیوە و هیچ پلەو پایەو پۆستێکی نەبووە.

پێی دەڵێن ئایا پێیان نەوتی نەدای کە زوڵم نەکەی، ئەی نەتدەزانی هەر کەسێك زوڵم بکات دەبێ باجی زوڵمەکەی بدات؟

سێیەمیان: کەسێکە دایك و باوك و خوشك و براو ماڵ و منداڵ و خێزانەکەی لە چاکەکاری و پیاوەتی و خواناسی و خواپەرستی دەبینیٚ، کاتێك خۆی دەبینێتەوە ئەوە بووەتە ڕێبوارێکی ماندوونەناس، هەر دەڕوا و رادەکات، تەواو هیلاك دەبێت، دەیەویٚ راکشیٚ و سەرخەویٚك بشکێنیٚ، کە دادەچەمێتەوە، ئەوەندە دەزانیٚ کۆمەڵە خەڵکێك لەبەردەمی قوت بوونەتەوە، تەماشا دەکات ئەوە دایك و باوك و خوشك و براو خێزان و ماڵ و منداڵەکانیەتی، ئەوەندە دڵخۆش دەبێت وادەزانیٚ هەرگیز لە ژیانیدا ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەی نەبینیوەو لە هەموو ئەو ماوەیەدا ماندوو نەبووە.

**خاڵی یەکەم** پێمان دەڵیٚ لە دنیادا هەرچییەك بکەی، **هیچ** شتێك لەمردن ناتپارێزیٚ، نەپارە، نە سەروەت و سامان، نە دەست و بازووی شان و شکۆ و دەسەلأت، ناو و ناوبانگ نابێتە رێگر بۆ ئەوەی نەمری، بۆیە هەر دەبیٚ بمریت و بگەڕێیتەوە لای ئەو زاتەی خاوەنی تۆیە و تۆی خەڵق کردوە، لەوەشدا کاروکردەوەکانت دەبنە دادوەرو گەواهیدەر کە ئەگەر چاکەکار و خواناس بووبیت، ئەوە بەهەشت لە رێتە و هەڵگەڕانەوە و بیٚ دینی و خوانەناسی راپێچی دۆزەخت دەکات.

**خاڵی دووەم** پێمان دەڵیٚ چارەنووسی چەوساندنەوەو جەورو ستەم هەرچەندە گەورەبێت، دواجار دەبیٚ باجەکەی وەربگرێتەوە چونکە تاوان و ستەم دەچێتە بەردەم دادگایەك کە هەقی کەس بەسەر کەسەوە ناهێڵێت.

**خاڵی سێیەم** پێمان دەڵیٚ بەهاو کردەوەی جوان و رەفتاری مرۆڤانە و چاکەکاری و لەخواترسان و گوێڕایەڵی بەندە بۆ خالق ئەو ئاسۆو دواڕۆژە گەش و رووناکەیە، سەرەنجام پاداشتی چاکەکانی وەردەگرێتەوە کە لە ژیانێکدا هەرگیز هەستی بەناخۆشی نەکردووە.

**ڕۆژێکیان هاوڕێیەکم بە پەرۆشەوە پرسی:**

من سەرسامم بۆچی لەم ژیانەدا هیچ زەنگێکی بێداری نیە کە پێش ئەوەی بمرین، مردنمان نیشان بدات؟ منیش پێموت ژیانی مرۆڤ وەك مۆبایل وایە تاوەکو سەنتی تێدا بێت، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو کەسە هێشتا لەژیاندایەو دەژیٚ، بۆیە دەتوانیٚ پەیوەندی بە خزم و هاوڕێیان و کەس و کارییەوە بکات و ئەوانیش بەهەمان شێوە پەیوەندی

پێوە بکەن (مەبەستم ئەو ژیانەیە کە هەمووومان لە ئێستادا تێیداین).بەڵام کاتێك ئەجەل رووی تێ دەکات، مۆم و چرای ژینی بەرەو کوژانەوە دەبات و سەنتی نێو مۆبایلەکەی تەواو دەبێت، بەمەش هەموو پەیوەندیەکانی دەپچڕێ، ئیدی ناتوانێ پەیوەندیان پێوە بکات و لەگەڵیان بدوێ ( مەبەست لەوەدا ئەوەیە تا پارچە نانێك بەشی ئەو کەسە بێت، لێی دەخوات).

بۆیە پچرانی ئەو پەیوەندییە سەرەتای ماڵئاوایی مرۆڤ و مردنیەتی، لێرەدا ئەوانەی دەتوانن پەیوەندی پێوە بکەن تەنها ئەوانەن کە لە ژیاندان شەبەکەو سەنتیان هەیە، ئەو پەیوەندیە بەکەسی مردوو تەنها ئەو فەرموودەیە کە ***پێغەمبەری ئازیزمان***(ﷺ) *دەفەرموێت:*

**ئەگەر ئادەمیزاد مرد، کردەوەکانی دەبڕێتەوە تەنها لەسێ شت نەبێ:**

**١-بەخشینێکی بەردەوام.**

**٢- زانستێك کە سوودی لێ ببینرێت کە لەدوای خۆی بەجێی هێشتبێ.**

**٣- منداڵێکی چاك دوعاو خێری بۆ بکات.**[18]

وابەستە و تێکهەڵکێشی مرۆڤ لە پرۆسەی مان و نەماندا وەك دەنکەکانی تەسبێح وایە، بە پچڕانی داوەکە، دەنکەکان یەك بەدوای یەك بەر دەبنەوە، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەجەل کە سرەمان هات دەبێ ماڵئاوایی بکەین، لە مردندا یەکسانی و دادپەروەری هەیە و کەس ناتوانێ خۆی لەو سرەیە بدزێتەوە﴿ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ﴾ گەنجێکی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بەداعش شەهید دەبێ و پێش گەڕانەوەی تەرمەکەی گۆڕی بۆ لێ دەدەن و چاوەڕوانی هاتنەوەی دەکەن، کەچی هەر لەوێ باوکی گەنجەکە دەمرێ و کفنی دەکەن و دەیکەنە ناو ئەو گۆڕەی بۆ کوڕەکەی لێدرابوو.

[18] - عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رسُولَ اللَّهِ (ﷺ)قَالَ : ((إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاَثَةٍ : إِلاَّ مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ)) صحيح مسلم رقم : (٤١٩٩) .

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ ﴾ لقمان: ٣٤

**واتە: بەڕاستی هەر خوا خۆی زانیاری بەرپابوونی رۆژی دوایی دەزانێت، بارانیش هەر ئەو دەیبارێنێت، دەزانێت چی لە سکی دایکاندا هەیە، هیچ کەس نازانێت سبەی چی بەسەر دێت و چی دەست دەکەوێت. لە بەرهەمی مادی دنیایی یان زەخیرەو توێشووی قیامەت)، هیچ کەس نازانێ لەسەر چ زەویەك دەمرێ و کۆتایی بە ژیانی دێت. هەروەها کاتی مردن و چۆنیەتیەکەیشی شاراوەیە. بەڕاستی خوا بەهەموو شتێك زانایە و ئاگادارە).[١٩]**

## کێ دەڵێ زیاتر ناژیم؟

یۆنانیەکان دەڵێن: خێرا بمریت چاکترە لەوەی چاوەڕوانی مردن بکەیت.[٢٠]

---

[١٩] –لە بەریتانیا کابرایەکی زەنگین و دەوڵەمەند هەبوو دەیویست شەڕی خوداو ئیسلام بکات، بەئاشکرا دەیوت ئەو قسانە راست نیە کە دەڵێ کەس نازانێ لەکوێ دەمرێ، من لێرەوە رایدەگەیەنم کە بەبێ هیچ دوو دڵی و راڕاییەك لەناو خانووەکەی خۆم دەمرم. وەلێ لە گەشتێکیدا بە کەشتی بەڕێ کەوت و لەنیوەی رێ بەهۆی گەردەلوول و زریانێکی بەهێزەوە کەشتیەکە تێك شکاو لەئەنجامدا سەرجەم سەرنشینەکان خنکان و دەستەی رزگارکردن تەرمی هەموویانی دۆزییەوە تەنها ئەو کەسە نەبێ کە دەویست ئایەتەکانی خوای پەروەردگار چەواشە بکات و پەیامێك بگەیەنێ کە مرۆڤ خۆی بڕیار لەسەر چارەنووس و شوێنی مردنی دەدات.

کاك هێمن ئیبراهیم هەبوو خەڵکی گوندی (تاڵەبانی بچوك) بوو، سەرەڕای بچووکی تەمەنەکەی، گەلێك خولیاو پرۆژەی جوان جوانی لەمێشك دابوو، پارکێك کرابوە جێی شایی و تێکەڵاوی کچ و کوڕ، لەبەرنامەی دابوو ئەو شوێنە پیسە بگۆڕێ و بیکاتە مزگەوت، مانگانە بەنهێنی لەڕێی رابیتەی یەکگرتووی ئیسلامیەوە ٥٠هەزاردیناری لەسەر خۆی بۆ ماڵە یەتیم و بێ باوکان نەزر کردبوو، پارچە زەویەك لە نێوان هەردوو گوندی تاڵەبانی گەورەو بچووك هەبوو سیمبەندی دەکا و دەڵێت هەر کەسێك یەکەم کەس مرد و لێرەیان ناشت، ئەوە ئەو گۆڕستانە بەناوی ئەوەوە دەکەین. بەداخەوە لە رووداوێکی هاتوچۆ لە نزیك شارەدێی دێگەڵەدا گیانی لەدەستدا و وەك یەکەم کەس لەو شوێنەیان ناشت و ئێستا گۆڕستانەکە بەناوی ئەوەوە ناو نراوە.

[٢٠] - رۆژێکیان لە گەڕەکی بەهاری نوێی هەولێر چوومە تازیەی هاوڕێیەکم کە مامی وەفاتی کرد بوو، لە تازیەکەدا دەرفەتێك هاتە پێشەوە، هاورێکەم خۆی گەیاندە لام و بۆ تاوێ لەلام دانیشت،

ڕۆژێکیان چوومە پرسەی ناسیارێك، خاوەن تازیە وتی من و براکەم لەکاتی نانخواردن لەتەنیشت یەکەوە دانیشتبووین، برایەکەم ئەوەی نەخۆشی بوو نەیبوو، زۆر لە ئێمە باشتر نانی دەخوارد، پاروویەکی لە دەم بوو هەندێکی جوی و کت و پڕ بەدەمدا کەوت ، بەپەلە پاروەکەم لە دەمی دەرکرد، بەڵام گیانی سپاردبوو . ئای کە مردن چەند نزیکە، مرۆڤ ئەگەر بیر لە مردن بکاتەوە دنیا بەهەند وەرناگرێ، ئاخر قەت بووە لەزەتی چەند کاتژمێرێك بە لەزەتێکی هەمیشەیی بگۆڕینەوە؟ پێشبڕکێی ژیان لە بردنەوەی کۆتاییدایە، هەرگیز گوێبیستی ئەوە نابین تیپێك لە نیوەی یاری بووبێتە پاڵەوان، مەگەر چووبێتە یاریی کۆتایی و لە کۆتایی دا ئەوجا جامەکەی بەرز کردۆتەوە.. جامی بەختەوەری ، بردنەوەی جامی دواڕۆژە.

**مەلا نەهرۆ خۆشناو بۆی گێڕامەوە، وتی:**

ڕۆژێکیان سەردانی کابرایەکی نەخۆشم کرد، تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵ بوو، لەدەرگای گەلێ باس و خواسمان دا، باس هاتە سەر مردن، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێموت مامەگیان تۆ تەمەنت تێپەڕیوە، بۆچی تاوەکو نەمردووی نایەی ئەو پارەیەی لەماڵەوەت داناوە، پارەکە بکەیە خێر ولە دروستکردنی مزگەوتێکی سەرف بکەی؟ئەویش هەر

---

منیش وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەو هاوسۆزی خۆم بۆی، کە پرسیاری ئەو مردنەم لێی کرد. بە هەڵپەیەکەوە وتی:

مامم دوێنێ ئێوارە لەگەڵ برادەرێکی خۆی کە ماوەیەکی باش لە گەڕەکی سێتاقان دراوسێی یەك بوون، لە چایخانەی مەچکۆ لا دەدەن و سەروو چایەکی خەست دەخۆنەوە، ئەوجا هەڵدەستن و پیاسەیەکی بازاڕی شێخەڵا دەکەن، وەك برادەرەکەی بۆی گێڕاینەوە وتی من و ئەو باسی ژیانی گوندیمان دەکرد، من وتم لە گوندەکەمان جێی دوو عەربە گەنمم هەیە، بەتەمام هەر خوا موقەددەر نەدات ئەو ساڵ بە بەیاری نەهێڵمەوە و بیکێڵم (ان شاء الله).

ئەویش وتی منیش وەکو تۆ پارچە زەویەکم هەیە بەتەمام ئەمساڵ بیکێڵم و گەنمی پێوە بکەم. کە وتم دەی(ان شاء الله). یەکسەر وتی من هێشتا بە بەرمەوە ماوەو شوکر ئەوەی نەخۆشییە نیمە ئیدی ئەو ئیشەڵڵا و میشەڵڵای بۆ چییە، بۆیە من، قسەکانی تەواو نەکرد لەجێوە دڵی تێکچوو، کەوتە سەر زەوی و یەکسەر گیانی سپارد.

نەیهێناو نەیبرد، وتی مامۆستا ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی دەتەوێ ئەوها بە ئاسانی ئەو پارە نازدارەی هەمە هەمووی لەدەست بدەم؟تۆ نازانی چۆن ئەو پارەیەم پەیداکردووە، دوای ئەوە تەمەن شەرمی لەکەس نەکردووە، کێ دەڵێ زیاتر ناژیم؟ [21]

منیش سورەتی (الهمزة)م بۆی خوێندەوە، وتم خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ﴿١﴾ ٱلَّذِى جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُۥ ﴿٢﴾ يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ ﴿٣﴾ ﴾ الهمزة: ١ - ٣

واتە: هاوارو ئاهو ناڵە بۆ هەر کەسێك کە بە شوێن کەم و کووڕیدا دەگەڕێت و لە عەیب و عاری خەڵکی دەدوێت ئەو کەسەی ماڵ و سامانی زۆری کۆکردۆتەوەو هەر خەریکی ژماردنێتی و (دڵی پێ خۆشە، ڕەزیلە و بەخشندە نیە). وادەزانێت بەڕاستی ماڵ و سامانەکەی دەبێتە هۆی تەمەن درێژی و نەمریی بۆی.

ئەوجا بەسەرهاتی کابرایەکی دەوڵەمەندی ڕەزیل و قرچۆکم بۆی گێڕایەوە، وتم پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێ: (هەر کەسێك دوا وشەی–لا اله الا الله– بێت، دەچێتە بەهەشت). ئەو کابرا ڕەزیلە لەسەر روحەڵاندا بوو، منداڵەکانی ئەوەندەی چوونە بن گوێی و بەگوێیان دادا بڵێ: –لا اله الا الله– بەڵام هیچی بۆ نەدەوتراو هیچی نەدەوت. لەناکاو مینگە مینگێکی لێوە هات، یەك لە کوڕەکانی بەخێرایی بانگی براکانی کرد و پێیوتن باوکمان دەنگی لێوە دێ، وا لەبەر خۆیەوە شتێك دەڵێ. ئەوانیش بەڕاکردن خۆیان گەیاندە لای باوکیان و هەستیان لێی راگرت، دڵخۆش بوون بەوەی ڕەنگە شەهادە بێنێ، تەواو لێی نزیك بوونەوە، بینییان ئەوە خەریکی ژماردنە: یەك..دوو...سێ...چوار...ئەوەش ئاماژە بوو کە لە ژیانیدا هەر پارەی ژماردووە و پێی وابووە پەنابردنە بەر پارە نایمرێنێ و بە نەمری دەیهێڵێتەوە. [22]

---

[21] - لەبەر ئەوەی مردن هەیە هیچ کەس بەختیار نییە –لاتینی–

[22]– هیچ کات ڕەوشت بەپارە مەگۆڕەوە چونکە پارە هەر ڕۆژە لای یەکێکە.مرۆڤ هەیە لەپیناو پارە قوربانی بە تەندروستی خۆی دەدات و دواتر بۆ گەڕانەوەی ئەو تەندروستییە، پارەکەی دەکاتە قوربانی. رۆژێکیان چوومە لای خزمێکمان کە تازە چووبووە هۆڵی نەشتەرگەری و کاتێك هێنایانە دەرەوە، پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد –لا اله الا الله – کە تەواو بەهۆش خۆی هاتەوە، وتی پێش

کاتێك ئەو بەسەرهاتەم بۆی گێڕایەوە، ناخی نەهەژا، وەك گاڵتەی بەم قسانە بێت، نەختێ سەری باداو هیچی نەگوت.. ئەوە دونیایە هەر ئەو ساڵە وەفاتی کرد و منداڵەکانی لەجیاتی ئەوەی خێرو خێراتی بۆ بکەن، لە سەر میراتەکەی بەشەڕ هاتن.

**مامۆستا مەلا شەریف بۆی گێرامەوەو وتی:**

رۆژێکیان خزمێکمان ناردیە دوام نانی ئێوارەیان لەگەڵدا بخۆم، منیش وەك خزم داواکەیم قەبول کرد، دوای نانخواردن و چا خواردنەوە، کوڕەکان هەموویان کۆبوونەوە کە تاقە خوشکێکیان هەبوو، سەیرم پێ هات بۆ پرسی میرات کە پرسێکی ئەوەندە گرنگە بانگی خوشکەکەیان نەکردبوو، ئیدی نەمزانی ئایا پێش وەختە قسەیان لەگەڵ کردووە یان هەر بەنیەت نەبوون بانگی بکەن و لەو میراتەی باوکیان بێ بەشی بکەن، بەڵام ئەوە ئێمەی میراتگری پێغەمبەران دەبێ راستیەکان چییە وەکو خۆی باس بکەین، سەرەداوی بابەتەکەیان کردەوە وتیان میراتەکەی باوکمان ئەوەندەیە. منیش بەپێی شارەزایی خۆم وەك ئەوەی لە میرات هاتووە، پێیانم وت تۆ ئەوەندە و ئەو ئەوەندە و خوشکەکەتان ئەوەندەی بەبەر دەکەوێ. هەمووان بەجارێ سەریان لەقاند وەك ئەوەی بەبەشی خۆیان بەپێی ئەو شەرعە رازیبن. سەیرەکەی لەوەدا بوو بە هۆی زۆری میراتەکەوە،هەر یەکەیان دە دوانزە دەفتەر دۆلاریان بەر دەکەوت. کاتێك وتم حەز دەکەم ئەگەر دەکرێ خێرێکی گەورەی بۆ بکەن شوکر لەدوای خۆی سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ بەجێهێشتوون. ئەوەی من لەو سێ برایەم بینی یەکێکیان نقەی لێوە نەهات شەکرێك بشکێنێ، برا

---

ئەوەی بچمە ژووری نەشتەرگەری، هەر هاواری خوام دەکردو لە دەروونەوە هاوارم دەکرد و دەموت: لا الە الا اللە.

مامۆستا مەلا جەوهەر سماقەیی لە وتارێکیدا لە مزگەوتی ئیمانداران وتی: مامۆستایەکی ئاینی برادەرم بۆ نەشتەرگەری هاتبووە هەولێر، منیش لەگەڵی چووم، دوای ئەوەی بەنجیان کردو نەشتەرگەرییان بۆی ئەنجامدا و لە قاوشەکەیان هێنایە دەرەوە، هێشتا بەنج بەری نەدابوو، هەر قورئانی دەخوێند، ئەگەر هەڵەیەکی بکردایە لەسەری دەوەستا و دووبارە راستی دەکردەوە. کاتێك لێی نزیك بوومەوە، پێموت ئەرێ نەختێ ژیاننامەی ئیمامی عومەرمان بۆ باس ناکەی؟ ئەویش هێندە بە لێزانی و وریاییەوە کەوتە قسە کردن وەکو ئەوەی بەئاگا بێت. ئەوەی من لەو مامۆستایەم بینی، دوای ئەوەی هۆشی هاتەوە بەر و وتمان شتێکی وا روویدا.. بەسەرسورمانەوە وتی: من ئەو قسانەم نەکردووە.

گەورەکەیان لەجێوە دەستی نایە باخەڵی و سەد دۆلاریەکی دەرکرد و خستیە بەردەمی هەمووان، وتی *ئەوە لە منەوە یەك وەرەقە و ئێوەیش چەندی دادەنێن کەیفی خۆتانە.*

برا ناوەندیەکە بەهەموو ئەقڵێکیەوە بیّ ئەوەی خۆی شێلوو بکات، بەهەڵپەیەکەوە وتی *تازە باوکمان مردو ڕۆیی ناگەڕێتەوە، هیچ پێویست بەوە ناکا خێری بۆ بکەین، من لەجیاتی ئەو وەرەقەی بۆ بکەمە خێر، بۆ ماڵ و منداڵەکەمی خەرج دەکەم.*

برای لەو بچوکتر لغاوی دەمی کردەوە، وتی *قسەکەی تۆ تەواوە، تازە هەرچیەکی بۆ بکەین ناگەڕێتەوە.* برا گەورەکەیان وەك گوێبیستی هەواڵێکی خۆش بووبێت، بەهێواشی دەستی گەیاندە وەرقەکەو خستیەوە باخەڵی. منیش کە ئەوەم بینی هۆپێکم لەخۆم زانی و لە دەروونەوە بەخۆمم وت بزانە ئەو باوکە داماوە تا لە ژیاندابوو ڕۆژێك نەحەسایەوە تا منداڵەکانی موحتاج نەبن، کەچی ئەوە پاداشتەکەیانە. هەر ئەو کاتە هەستام و ئەو مەجلیسەم بەجیّ هێشت.

**کاك سالاری چایەچی لە ئیسکان بۆی گێرامەوەو وتی:**

کابرایەکی دەوڵەمەند لەهەولێر هەبوو چەندین کوڕو نەوەی هەبوون، ئاغای گوندی خۆیان بوو، نەخۆش کەوت، مامۆستا مەلا عومەری چۆمەزەردە چووە سەردانی، زۆری لەگەڵ هەوڵدا بڵیّ: (لا اله الا الله) ئەو کابرایە چۆن دەمی داخستبوو، نقەی لێوە نەهات. جەنابی مامۆستا کە بۆی ڕوون بۆوە هەوڵەکەی بەفیڕۆ چوو، پێی وت کورە ماڵەوەدان دەبڵیّ (لا اله الا الله) خۆ کافر نابی ئا، ئەمەیە دڵڕەقی، خوای گەورە خەتمی ئەبەدی لێداوە کە دەفەرمویّ: ﴿ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾ الجاثية: ٢٣

## چۆن خۆت بۆ مردن ئامادە دەکەیت؟

کاتێك نووستی گومان مەبە ڕەنگە هەڵنەستیتەوە. نوێژێکت کرد ڕەنگە نەگەیتە نوێژەکەی تر ئەگەر جلی دوا مۆدێلت لەبەر کرد بزانە ڕۆژێك دادیّ تەنها کفنێکی سپیت لەبەر دەکەن. ئەگەر لە خانوویەکی سەت مەتری، دوو سەت مەتری یا هەزار مەتری دابی، ڕۆژێك دادیّ تەنها دەبیتە خانوویەکی یەك مەتر و نیوی. ئەگەر پارەداربووی نازت

پێوە دەکرد، ئێستا خاوەنی یەك فلسی قەڵب نیت.ئەگەر پێشتر دەوروبەرت جمەی دەهات و ئاوەدان بوو، ئێستا کەست لەدەوروبەر نییە جگە لە کاروکردەوەکانت.

لوقمانی حەکیم یەك لەو کەسانە بوو دڵێکی پاك و بێگەردی هەبوو، کەسێکی ئەوەندە جوان نەبوو، زۆرجار گاڵتەیان پێی دەکرد، ئەویش دەیوت ئەگەر لە ڕەنگ و رووخساردا ناشیرینبم بەلاَم دڵ و دەروونێکی جوانم هەیە، دەروونێکی پر لە ئیمان. لوقمانی حەکیم بە وتەو پەندەکانی بەناوبانگ بوو تا ئەو رادەیەی کە پێغەمبەریش نەبوو کەچی خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بە وتەکانی دەدات. گەورەیی ئەو مرۆڤە لەوەدابوو چواردە منداڵی هەبوون، منداڵەکانی کە بالغ دەبوون هەر یەکەیان بە هۆکارێکەوە وەفاتی دەکرد، کەچی لوقمان نارەزایی دەرنەدەبڕی و هەر منداڵێکی بمردایە دەیوت: (الحمدلله رب العالمین) ئەوانە ئەمانەت بوون، خوای گەورە ئەمانەتەکەی لیٚ وەرگرتمەوە.

**حاجی شاکر تەها مزوری بۆی گێڕامەوە، وتی:**

ساڵی ١٩٨٣ لەشەڕی (عێراق ئێران) مەعروف ناوێکمان لەگەڵ بوو، خەڵکی دەشتی سلیڤانە بوو لە سنووری ناوچەی زاخۆ، دەڤەری زومار.گوللەیەك بە سەری پەنجەی کەوت، هات و هاوارێکی بوو، بەهیچ کڕ نەدەبووەوە، لە دەوری کۆبووینەوە، پێمان دەوت ئەوە چیە؟ بۆچی وا دەکەی، عەیبە، خەڵك هەیە تۆپ لێی دەدا وەکو تۆ ناکات. ئەویش بەدەم ئێش و ژانێکی زۆرەوە دەیوت ئێوە ئاگاتان لەوە نیە تووشی چ ئازارێك هاتووم، ئەوەی بەمن کەوتووە گوللەیە و بە ئەجەل کەوتووە لەبەر ئەوەیە هێندە دێشیٚ. کەس لە ئێمە پێشبینی ئەوەی نەدەکرد بمریٚ، کەچی بەسووکە برینێك کە گوللەیەك بەر یەك لە پەنجەکانی کەوتبوو، بیست خولەك نەژیا، وەفاتی کرد.

## ژنه سۆزانیەکه پێی وت سوجدەم بۆ ببه، ئەویش سوجدەی بۆ برد

**جابر–خوای لیٚ رازی بێت– فەرمووی گوێم له پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەیفەرموو: (هەموو بەندەکان هەڵدەسێنرێنەوه لەسەر ئەوەی که مردوون له سەری).[٢٣]**

**گەنجێك گێڕایەوه، وتی:**

بەبۆنەی سەری ساڵەوه لەگەڵ هاوڕێیەکم چووینه هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی که شوێنی حەوانەوەو رابواردن بوو.. هەر یەکەمان ژوورێکی تایبەتمان بەکریٚ گرت، سەرەتا بەیەکەوه له ژوورەکەی من دانیشتین و گەلیٚ قسەی خۆشمان کرد، ئەوجا کەوتینه وتوێژ لەسەر ئەوەی چۆن ئەو شەوەی دوا ساتەکانی ساڵی رابردوومان بەخۆشی بەڕیٚ بکەین، من دەموت حەز دەکەم ئەم شەو لەگەڵ سۆزانیەکی شکڵ لەم شێوەو ئەو شێوه بەسەر ببەم، ئەویش قسەیەکی تری دەکرد که دەبیٚ ئەو شەوه خۆشترین شەوەکانی ژیانی بێت. کاتێك چووینه نهۆمی یەکەمی ژێر هوتێلەکه بۆ هەڵبژاردنی ئەو ژنه سۆزانیانەی لەویٚ بوون، هەریەکه کەپلی خۆمان دیاری کرد که لەگەڵ خۆماندا بیانبەینه سەرەوه، ئەوەی وای لێکردم لەو ئان و ساتەوه تۆبەیەکی یەکجاری بکەم و بگەڕێمەوه، ژنه سۆزانیەکەی هەڵبژاردەی برادەرەکەم بوو که له جوانیدا وێنەی نەبوو، هێشتا هیچ نەبوو، بەهەوای هەوەس به برادەرەکەمی وت وەره سوجدەم بۆ ببه؟ برادەرەکەم هێنده گێل و دەبەنگ بوو، بەدەم زەردەخەنەیەکەوه پێی وت حەز دەکەی سوجدەت بۆ ببەم و بتپەرستم، وەی بەسەر چاو، تۆ خوای منی.

داهاتەوه کڕنۆشی بۆ ببات، یەکسەر روحی دەرچوو.

پیاو ئەگەر بڕوای بەخوا نەبیٚ، ئەو تەمەنەی که بریتییه له پەنجا ساڵ یا بڵێین سەد ساڵ یا لەبەر خاتری خاتران هەزار یا ملیۆن چ بایەخێکی هەیه؟ یا چ تامێکی هەیه ئەگەر سەرەنجامەکەی بگاته مردن. ئەگەر دوو پیاو یەکێکیان نموونەی خزمەتگوزاری و

**[٢٣]–عن جابر (رضي الله عنه)قال: سمعت النبي (ﷺ)يقول : يبعث كل عبد على ما مات عليه .صحيح مسلم، باب: الأمر بحسن الظن بالله تعالى عند الموت، رقم (٢٨٧٨).**

پیاوچاكی و مەردی بێ، ئەویتریشیان نموونەی چەوساندنەوە و پیاوخراپی و نامەردی بێ. ئەگەر هەر بەیەك ئەنجام بگەن ئەویش كە مردنە، ئەی كوا پاداشتی پیاوە چاكەكە؟ ئەی كوا سزای پیاوە بەد عەمەلەكە؟[٢٤]

كابرایەكی خواناس چووە لای دكتۆری هەناو و دوای فەحس و پشكنینێكی ورد، دكتۆرەكە سەرەتا نەیویست پێی بڵێ ببوورە تووشی شێرپەنجە هاتووی و ماوەیەكی زۆرت لە ژیان نەماوە دەبێ ماڵئاوایی بكەیت. بەڵام هەر دەبوو قسەیەكی لە مست بنێ چونكە نەخۆشەكە هیچ كەسێكی لەگەڵ نەبوو، بەناچاری هەقیقەتی پشكنینەكەی پێ راگەیاند، پێی وت تۆ سەرەتانت تووش بووە و نەخۆشیەكەت بەجۆرێ تەشەنەی كردووە، هەر هەوڵ و تەقەلایەك بدەیت و بچیتە لای هەر پزیشكێك، تەنها پارە خەرجكردنەو هیچی تر.

كابرای خواناس بەبێ ئەوەی رەنگ و روخساری تێك بچێ و بشێوێ، لە جێوە داهاتەوە سوجدەی شوكری برد.. دكتۆرەكە بەو دیمەنە سەرسام بوو، كاتێك نەخۆشەكە هەستایەوە، لێی پرسی: ئەوە چی بوو؟ چ شتێ وای لێكردی لەجیاتی دەربڕینی پەرێشانی و دڵتەنگ بوون، كڕنۆشی شوكر و رازیبوونت بۆ خوا برد؟.

ئەویش بەدەم زەردەیەكەوە پێی وت دكتۆر گیان من چۆن شوكرانەی خوا نەكەم لەكاتێكدا ئەگەر كت و پڕ بمردبامایە بەهیچ رانەدەگەیشتم، بەڵام ئەوە بۆ من ئاگاداركردنەوەی خوایە تا ئەو تەمەنەی ماومە زیاتر دامەزراوم بكەی، بەگوڕوتینەوە نوێژەكانم بكەم و گەردەنی خۆم بەو كەسانە ئازاد بكەم كە لە من رەنجاون، جا بەهەر جۆرو هۆكارێكەوە بێ.

## پێش مردن رۆحت پاك بكەوە

### مامۆستا (محەمەد قوتب) دەڵێت:

ئیسلام چاك دەزانێ روح[٢٥] بە وەعز و ئیرشاد پاك نابێتەوە ئەگەر كۆمەڵگە گەندەڵ بوو و سیستەم لە گرێژنە چووبوو و ئابووری ستەمكار بوو و سیاسەت پاك نەبوو. جیاوازی

---

[٢٤] - خوا- لێكۆڵینەوەیەكە لەبەر تیشكی زانستی و قورئاندا خوات پێ دەناسێنێ، نووسینی: مەحمود غەریب، وەرگێرانی: موحسین جوامێر- چێئەسعەد، بەغد،١٩٧٧، ل٣

لەنێوان روح و جەستە و لەنێوان واقیع و میسالدا دروست ناکا، دەزانێ بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی پاککردنەوەی روح دەبێ سیستەمێکی ئابووری دادگەر و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ و سیستەمێکی سیاسی پێگەیشتووی توند و تۆڵ و پتەو دامەزرێنێ.

مرۆڤ دروست بووە لە دوو شت، یەکەم جەستە، دووهەم گیان، جەستە هێلانە و قەفەسی گیانە، هەر وەك گیان بولبولی ناو ئەو قەفەسە، کەوابوو بەشی گرنگ لە ئادەمیدا گیانەکەیەتی نەك جەستەکەی، چونکە بولبولی بەبێ قەفەس نرخێکی هەیە، بەڵام قەفەسی بەبێ بولبول هیچ جوانییەك نابەخشێت.

ئینجا هەر وەك جەستە خواردن و خواردنەوەی تایبەتی و هەوای پاکی دەوێت تا بژی، گیانیش خۆراکی پوختەو خاوێنی تایبەتی دەوێت تا چرای بیروباوەر و هۆش و گۆش و هەستی نەکوژێتەوە، ژیری و بیروباوەڕی بێ خۆراك نەمێنێتەوە.

هەموو کەسێك دەزانێت خۆراکی جەستە چییە، بەڵام خۆراکی گیان ناسینی خوایە لەگەڵ پەرستنیدا و تێگەیشتنە لەدین بەتەواوی، کەسێك ئەگەر هەر خەریکی خۆراکی جەستە بێت بەبێ خۆراکی گیان، یا خەریکی خۆراکی گیان بێت بەبێ خۆراکی جەستە، تەرازووی ئادەمێتییەکەی لاسەنگ دەبێت، وەك یەکێك کە هەر بە چاوێکی ببینێ، وە چاوەکەی

[25] -گیان (روح) ئەو زاراوەیە کە لەگەڵ کرۆك و ناخی زیندەوەراندا ئاوێتە بووە و بەدرێژایی ژیان بە جۆرەها رێگە و شێواز هەوڵی دۆزینەوەی پێناسەیەکی ژیربێژیانەیان داوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە دەستەوسان ماون لە ئاستی ئەوەدا.. هەر کە وتمان روح وەك شتێك وایە یان لە شتێك دەچێ، مانای بڕیاری ئەوەمان داوە کە روح شتە، لەبەر ئەوە لە دیدگە و بۆچوونەکانماندا رواڵەتە ناوەکی و رووکارەکانی ماددە دیتراوەکان پەی پێ دەبەین و کێش و بارستایی و قەبارە و تام و بۆن و رەنگمان دێتە یاد لەکاتێکدا ئەوانە سیفەتی روح نین.. پێناسەکان هەر چەندێك و هەر چۆنێك بن گرنگ ئەوەیە هەموویان یەکدەنگن لەوەدا کە روح مانای ژیان و زیندەگیە، ئەمە لە کاتێکدایە گیانداران لە دوو بەشی گرنگ پێکهاتوون کە یەکێکیان روحە، ئا لەو بارەدا ئەوەندە هەست بەخۆشی و ناخۆشی دەکەین ئاخۆ کام هەستە گەورە و توانا بێ سنوورانەمان پێ بدرێن کە گیانمان لە بەندی لەش رەها بن، گیان بەخشیش بەخەڵات ئەو پلەو پایەی پێ دابین؟ رۆژنامەی یەکگرتوو: ئاوێنەی وشە(گیان – الروح) ژ ٣١، نووسینی: ئالآنی.

تری هەمیشە بنووقێنێت، یا وەك مەلێك كە باڵێكی ببەسترێت و باڵێكی بجووڵێت، لەمەوە دەركەوت كە هەر وەك لەش بەبێ خۆراك ناژیێ، گیانیش بەبێ خۆراكی تایبەتی خۆی ناژیێ، هەموو كەسێك دەزانێت هەوا كە پیس بوو بەتەپ و تۆز و دووكەڵ و بۆنی ناخۆش، ماوەیەكی زۆر خەڵكی ئەو ناوچەیە لەناو ئەو هەوا پیسەدا مایەوە، هەموو نەخۆش دەكەون، زەردی و لەری و لاوازی و چرچی و سیسی تووشیان دەبێت تا لەپڕ دەمرن.[٢٦]

**(ئارام)ی برام گێرایەوە، وتی:**

برادەرێكم هەیە، رۆژێكیان باسی ئەجەلی بۆ كردم، وتی خزمێكی باوكم عارف ناوبوو لەسەر بەزاندنی تخوب[٢٧] دوژمنداری بۆ مابۆوە، كەسێكی دەوڵەمەند و خانەدان، چونكە زوو زوو دەهاتە ماڵمان و باوكیشم زوو زوو دەچووە ماڵیان، لەنزیكەوە دەمناسی و دەمزانی چ پیاوێكە. ئەو عارفە چونكە دوژمنداربوو، هەمیشە وریا و چاوكراوە بوو، گەلێ ئاگای لەخۆی بوو، هیچ شتێكی بەبێ بایەخ وەرنەدەگرت، سەرەرای ئازا و بوێری شای بەسەپان نەدەزانی و حیسابی بۆ دوژمنەكانی نەدەكرد.

رۆژێكیان تەلەفۆنێكم بۆ هات، وتیان خێرا بچووە نەخۆشخانەی فریاكەوتن، عارف لەلایەن دوژمنەكانیەوە هێرشی كراوەتە و سێ چوار گوللەیان لێی داوە ئێستا بریندارەو بارودۆخی زۆر خراپە. بەپەلە خۆم گەیاندە نەخۆشخانەی فریاكەوتن ، كاتێك چوومە لای تەماشا دەكەم بەهۆی برینەكەیەوە خوێنێكی زۆری لەبەر دەڕوات، ئەوەی من لەو پیاوەم بینی سەرەڕای ئەو زامە گەورە و ئێش و ئازارە زۆرەی كە هەیبوو، ئەوجا كەسێكی خۆڕاگر، تەنانەت تا ئەو ساتەی بۆ دواجار چاوەكانی لێكنا و مرد كە بەهەموو دە دەقە نەژیا و بەوە رانەگەیشت دوا وەسیەت بۆ ماڵەوە بكات، هەر زەردەخەنەی بەسەر لێوەوە بوو، دەیوت زۆر خۆپارێز بووم، هەرگیز لەهیچ شتێ غافڵگیر نەدەبووم، ئەوە نیشانەی

---

[٢٦] – ناڵەی دەروون – خۆراكی جەستە و گیان، محەمەدی خاڵ، ل٢٣٢

[٢٧] – تخوب: ناوەند – سنوور– وارش.

ئەجەلە، سەیرم پێهات ئێستایش نەمزانی دوژمنەکانم چۆن و لەکوێوە پەیدا بوون؟ چۆن ئەو گوللانەیان تێگرتم و چۆن چۆنیش پێمکەوتن.[٢٨]

روح بۆ مرۆڤ وەکو سویچ و پلاکی کارەبا وایە، بۆ مرۆڤ بە دەبڵ و پلاکی سەرەکی دادەندرێ، بە کوژانەوەی ئەو دەبلە هەموو شتەکان دەکوژێنەوە. هەروەها دەتوانین باس لە بەرمیلێکی پر لە ئاو بکەین کە تۆپێکی لەسەرەو تۆپەکە بە روح بچوێنین کە هەر گوللەی تێبگری، ئەو تۆپە لە بەرمیلەکە بکەوێ، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی بڵێین ئەو کەسە هێشتا ئەجەلی نەهاتووە.

مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، یەکەمیان: ئەو جەستەی هەموومان بە رواڵەت دەیبینین. دووەمیان: گیان یاخود ئەو روحەی کە شتێکی پەنهانەو هیچ کەس لە ئێمە درکی پێ ناکات و نایبینێ.

زانایانی بواری توێکاری(تشریح) لەسەر ئەوە کۆکن کە جەستەی مرۆڤ لەو ماددانە پێکهاتووە کە لە زەویدایە، ئەوەش هاوڕایە لەگەڵ ئەو ئایەتەی خوای پەروەردگار:﴿ مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ ﴾ طه: ٥٥ **واتە: ئێمە ئێوەمان لەم زەویە دروست کردووە،(دوای ماوەیەك) دەتانخەینەوە ناوی، پاشان جارێکی تر**

---

[٢٨]- رۆژێکیان ملازم (محەممەد عەزیز) کە هاوڕێیەکی نزیکمە، دوو نموونەی جوانی رووداوەکانی هاتوچۆی بۆ گێرامەوە وتی: رۆژێکیان هەواڵیان پێداین لەسەر رێی پیرمام –شەقلاوە سەیارەیەك زۆر بەخێرایی لێیخوڕیوە و لەسووڕانەوە وەرگەڕاوە. کاتێك وەکو تیمی هاتوچۆ گەیشتینە شوێنی رووداوەکە، بینیمان سەیارەکە کەوتبووە سەر پشت و هێشتا تایەکانی لەئاسمان دەخولانەوە، دەنگی تەسجیلی ناو سەیارەکە ئەوەندە بەرز بوو، گۆرانییەکی ئینگلیزی لەسەر بوو، گەنجەکە لەسەر گیانەلاَن دابوو، نووزە نووز، بەهێواشی هەناسەی دەهات و دەچوو کەچی مینگە مینگی لێوە دەهات وەك ئەوەی گۆرانیەکە بڵێتەوە و لاسایی بکاتەوە. لێی نزیك بووینەوە دەری بکەین، لە دوورەوە بۆنی مەی لێ دەهات، پێدەچوو ئارەقێکی زۆری خواردبێتەوە، ئەو پۆلیسەی لەگەڵم بوو پێی وت برا شەهادە بێنە تا خوا لێت خۆش بێ. گەنجەکە نەعوزوبیللا وتی چما خوا هەیە تا شەهادەی پێ بێنم؟ قسەکەی تەواو نەکرد،گیانی دەرچوو.

بەسەرهاتی دووەم: بەپێچەوانەوە کاتێك گەیشتینە سەری، بەئاستەم گیانی دەدا، لێی نزیك بووینەوە هەستمان راگرت ئەوە لەبەر خۆیەوە قورئان دەخوێنێ.

**دووباره لەو زەویه دەرتان دەهێنینەوە(بۆ لێپرسینەوەو وەرگرتنی ئەو پاداشتەی كه شایستەن)**

سەبارەت به روح هەموو زیندەوەرێك (مرۆڤ، ئاژەڵ، رووەك) خاوەنی ژیانه، بەلاّم تەنها مرۆڤ خاوەنی رۆحەو به ئاژەڵ و رووەكیش دەوترێ ژیاندار، هەموو ئەمان له پێكهاتەی ئاو دروست كراون وەكو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ الأنبياء: ٣٠ **واته: له ئاو هەموو شتێكی زیندوومان فەراهەم هێناوە(ئاو زۆربەی پێكهاتەی لەشی ئادەمیزادو زیندەوەران و رووەك پێك دەهێنێت) ئایا ئەوانه هەر باوەڕ ناهێنن (بەو راستیانەو بەو دەسەلاّته بێ سنووورەی ئێمه؟)**

كەواته هەموو زیندەوەران(مرۆڤ،ئاژەڵ، رووەك) له ئاو درووست كراون، تەنها مرۆڤ روحی هەیه و رۆحێكی خوایی بەبەردا كراوە وەك شتێكی پەنهان كه جگه لەخۆی كەس نازانێ چییه: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ الإسراء: ٨٥ **واته: ئەی پێغەمبەر (ﷺ)پرسیارت لێ دەكەن سەبارەت به روح كه چییەو شێوەی چۆنه؟ تەنها خودا خۆی دەزانێت روح چییەو چۆنه! ئێوه جگه له بەشێكی كەم نەبێت، زانین و زانیاریتان پێ نەبەخشراوە**

زانستی هاوچەرخ ئەگەرچی تا رادەیەكی زۆر پێشكەوتنی وەدەست هێناوە، بەلاّم هێشتا نەیتوانیوە دەربارەی ئەم شته شاراوەیه تێ بگات كه چییەو چۆنەو چۆن پەیدا دەبێت؟ چۆن بەمردنی مرۆڤ لەلاشەی جیا دەبێتەوە؟.

هەقیقەتی روح ئەوەیه كه جەستەی ئینسان هەڵدەسووڕێنێ و كار به مێشك و دەماغی دەكات بۆ ئەوەی ببێته كانگای زانست و زانیاری و بیركردنەوەی، هەروەها ئیش به دڵی دەكات وەك ئیرادەو سۆز و هەموو ئەندامەكانی تریش بەهەمان شێوە، زمان بۆ گفتوگۆو دەربڕین و لێك حاڵی بوون، گوێ بۆ بیستن، لووت بۆ بۆنكردن و هتد. بۆیه دەبینین كاتێك مرۆڤ دەمرێ، جەستەی دەخرێته ژێر خاكەوە كه دوای ماوەیەكی

دیاریکراو دەڕزێ و شی دەبێتەوە، دووبارە دەبێتەوە خاك و روحیش دەچێتە ئەو شوێنەی خوای پەروەردگار بۆی دیاری کردووە بەپێی ئەو کردەوانەی ئەنجامی داون تا رۆژی دوایی حیساب و ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێت.

**مامۆستا محەممەد سابیر دەڵێت:**



زانست چەند پێش بکەوێ ناتوانێ ئەو نهێنیە ئاشکرا بکات رۆح چۆنە و چی دەکات؟ لەو روانگەوە زانایەك هەڵسا بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەك لەسەر کابرایەکی نەخۆش کە لەدواساتەکانی ژیانیدابوو، هیچ ئومێدێك بۆ چاکبوونەوەی نەمابوو، نەخۆشەکەی خستە ناو شووشەیەکەوە، شووشەکەی لەهەوا بەتاڵ کردەوە، کەوتە سەرنجدان بزانێت چی روو دەدات، تا دواساتەکانی گیان دەرچوونی نەخۆشەکە چاوی لە تابووتە شووشەکەو نەخۆشەکە هەڵنەگرت، ئەوەندەی بینی کابرای نەخۆش مرد و لەگەڵ مردنیدا شووشەکە تەقی، بێ ئەوەی هیچ شتێك ببینێت، لەوەوە رایگەیاند روح جیهانێکە کاتێك لەجەستەی مرۆڤ جیا دەبێتەوە بەرەو جیهانێکی تر دەروات، کەس ناتوانێ بیبینێ و بزانێت بۆ کوێ دەروات.[٢٩]

زانستی خوا تەشبیهی بە ئاوێنە دەکرێ، هەر غەل و غەش و ناتەواوییەك هەبێت ئەوە لە خۆت دایە نەك ئاوێنە.

روح و نەفس لەسەر یەك هێڵ رەو دەکەن، رۆح کە نەما یانی لاشە لەکار کەوت. نەفس نامرێ، بەنەمری دەمێنێتەوە، خوای گەورە لە قورئانێ دا دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ ﴾ الفجر: ٢٧ ــ ٢٨

**واتە:شایانی باسە بە ئیمانداری سەرفراز لەسەرەمەرگدا دەوترێت ئەی خاوەنی دڵ و دەروونی پڕ لە ئارامی، ئەی ئادەمیزادی ژیرو هۆشمەند کە لە تەمەنی**

---

[٢٩] - مامۆستامحمد صابیر وەیسی لە ساڵی ١٩٥٩ لە شەقلاوە لەدایك بووە، خێزاندارەو یاریدەدەری سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەییە .

**کۆتای دنیادا پەروەردگارت ناسی و بەجوانی دەتپەرست. بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت کە تۆ لەو رازیت و ئەویش لە تۆ رازییە.**[30]

زانایان دەڵێن: مەبەست لەگیانی خۆم ئەوە نیە رۆحی مرۆڤ لەخودا جویَ بووبێتەوە، بەڵکو پێمان دەڵیَ ئەو رۆحە تەنها پەیوەندی بەمنەوە هەیە و هەر من دەزانم ئەو شتە چیە و چۆنە؟ کەواتە  مرۆڤ ناتوانیَ لەنهێنی ئەو رۆحە تێبگات و دەبیَ لەسەر ئەوە کۆك بین کە گیان شتێکی خواییە، وەکو خوای  پەروەردگار دەفەرمووێت:﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا ﴾ الإسراء: ٨٥**واتە: بەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویَ: پرسیارت لەبارەی گیانەوە لیَ دەکەن، بڵیَ گیان شتێکی خواییە و لەکاری پەروەردگارمە.**

لێرەدا ئەگەر لۆژیکانە بروانینە ئەم بابەتە، دەبینین پەیوەستبوونێك لەنێوان جەستە و گیان هەیە، بۆ نموونە جەستەی مرۆڤ بۆ  بەردەوامی خۆی حەوجە بە خۆراك و بژێوە و بۆ چارەسەری دەرد و نەخۆشیەکانی پێویستی بەداوو دەرمان و چارەسەرییە، روحیش بۆ ساغ و سەلامەتی و چارەی دەردەکانی وەکو جەستە پێویستی بە خۆراك و بژێوی و چارەسەری هەیە.

(ابو سعید الخدری) (رضي الله عنه) **دەڵیَ: پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی: پیاوێك لەوانەی لە پێش ئێوەوە بوون، نەوەدو نۆ کەس دەکوژێت، پرسیار دەکات دەربارەی زاناترین کەس لەسەر زەوی؟ ناونیشانی کابرایەکی (راهب)ی بۆ هەڵدەدەن، ئەویش دێت بۆ لای و دەڵیَ نەوەد و نۆ کەسم کوشتووە، ئایا تەوبەم بۆ هەیە؟ ئەویش دەڵیَ نەخێر، ئیتر ئەویش دەکوژێت و سەد تەواو دەکات، پاشان پرسیار دەکاتەوە لە زاناترین خەڵکی سەر زەوی، ناونیشانی پیاوێکی**

---

[30]- ﴿ إِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرٗا مِّن طِينٖ ٧١ فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴾ ص: ٧١ – ٧٢ **واتە: یا محەممەد کاتێك پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت من دەمەویَ لە قوڕ مرۆڤێك دروست بکەم، ئەگەر جەستەکەم رێکخست و لەگیانی خۆمدا فووم پێدا کرد، ئێوە کڕنۆشی رێزگرتنی بۆ ببەن.**

**زانای بۆ هەڵدەدەن، دەڵێ ئەوە سەد کەسم کوشتووە، ئایا تەوبەم بۆ هەیە؟ دەڵێت بەڵێ، کێ هەیە ببێتە کۆسپ لەنێوان ئەو و تەوبەدا؟ بڕۆ بۆ خاکی ئەوێ و ئەوێ، لەوێدا کەسانێك هەن خەریکی پەرستنی خوای بالأدەستن، تۆش بڕۆ خوای بالأدەست بپەرستە لە گەڵیان، مەگەڕێرەوە بۆ خاکی خۆت، چونکە خاکێکی خراپە. ئەویش دەڕوات تا نیوەی ڕێگە دەبڕێت، مردن دامێنگیری دەبێت، فریشتەی ڕەحمەت و فریشتەی سزا دەبێتە دەمەقاڵەو دەمەتەقێیان، فریشتەی ڕەحمەت دەڵێ کابرا بە تەوبەکاری هاتووە، بەدڵ ڕووی لەخوا کردووە، فریشتەی سزایش دەڵێ ئەو هەرگیز چاکەی نەکردووە، فریشتەیەك لەشێوەی مرۆڤێکدا دێت بۆ لایان دەیکەن بە ناوبژیوان لەنێوان خۆیاندا، ئەویش دەڵێ نێوانی ئەم دوو خاکە بپێون، بەلای کامتاندا نزیکتر بوو ئەوە بۆ ئەوەیانە، کاتێ سەیر دەکەن بەلای ئەو شوێنەدا نزیکترە کە ویستوویەتی بۆی بچێت، ئیتر فریشتەی ڕەحمەت گیانی دەکێشێت).(قتادە) دەڵێت: (حسن) وتوویەتی وامان بۆ باسکراوە کە کاتێ مردن یەخەی پێدەگرێت، سنگی دەباتە پێش).[31]**

لە (حەسەنی بەسڕی)یان پرسی بۆچی گوێ بەقسەی خەڵك نادەی؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی من کە لەدایك بووم بەتەنیا بووم.. کاتێکیش دەمرم هەر بە تەنیام.. هەر بە

**[31] – فەرمووده هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم ئامادەو وەرگێرانی: حەمەکەریم عەبدوڵلا- ٢٠٠٨ی زاینی- چاپی یەکەم**

***عن ابي سعيد الخدري (رضي الله عنه) : أن نبي الله(صلى الله عليه وسلم)قال: ( كان فيمن كان قبلكم رجل قتل تسعة و تسعين نفسا، فسأل عن أعلم أهل الارض، فدل على راهب، فاتاه فقال: انه قتل تسعة و تسعين نفسا، فهل له من توبة؟ فقال: لا، فقتله، فكمل مائة، ثم سأل عن أعلم أهل الارض، فدل على رجل عالم، فقال: انه قتل مائة نفس، فهل له من توبة؟ فقال: نعم، ومن يحول بينه و بينة التوبة؟ انطلق الى أرض كذا وكذا، فان بها أناس يعبدون الله، فاعبدوا الله(تعالى) معهم، ولا تراجع الى أرضك فانها أرض سوء. فانطلق حتى اذا نصف الطريق أتاه الموت، فاختصمت فيه ملائكة الرحمة و ملائكة العذاب، فقالت ملائكة الرحمة: جاء تائبا بقلبه الى الله، وقالت ملائكة العذاب، انه لم يعمل خيرا قط، فأتاهم ملك في صورة ادمي، فجعلوه بينهم، فقال: قيسوا ما بين الارضين، فالى أيتهما كان أدنى فهو له، فقاسوه فوجدوه أدنى الى الارض التي أراد فقبضته ملائكة الرحمة). قال قتادة: فقال الحسن: ذكر لنا أنه لما أتاه الموت نأى بصدره).(بخاري/ الانبياء/٣٢٨٣).**

تەنیاش دەچمە ناو گۆڕ. كاتێكیش لەبەردەم خوای گەورە لێپرسینەوەم لەگەڵ دەكرێ هەر بە تەنیام. هەروەها كاتێك فڕێ دەدرێمە ناو ئاگر هەر خۆمم. ئەگەر بۆ بەهەشتیش بێت ئەو كاتیش هەر خۆمم، ئیتر چ باكێكم بەقسەی خەڵكی هەبێت.

**كاك جەعفەر حەمەد مستەفا دۆنداری بۆی گێڕامەوە وتی:** مامۆژنێكم ناوی غەریبە بوو خەڵكی ئاكرێ بوو، لە ٢٠١٦/٤/١٠ كۆچی دوایی كرد، حاجی عەبدوڵڵای مامم كە مێردی ئەو ئافرەتە بوو، دەیوت غەریبە سەرەڕای ئەوەی نەخوێندەوار بوو، قورئانێكی جوان و رەوانی دەخوێندەوە، سەیرەكەی لەوەدا بوو لە پەرۆشی بۆ نوێژەكان، هەموو بەیانییەك بانگی دەكردم لەخەو هەڵبستم و نوێژەكانم بەرپا بكەم. پاك و بێگەردی بۆ خوایە، بەیانیەكیان سەیرم پێهات غەریبە بۆ نوێژی بەیانی بانگی نەكردم، منیش بۆ یەكەمجار لە ژیانمدا بانگیم كرد غەریبە هەستە، هەستە درەنگە بۆ نوێژی بەیانی، بەڵام هیچ وەڵامێكی نەبوو، چەند جارێكی تر بانگیم كردەوە، دیسان بێ وەڵام بوو، لێی نزیكبوومەوە، دەستم لە سەر دڵی دانا، دیاربوو هەر لەناو خەوەكەیدا گیانی لەدەست دابوو[٣٢].



**رۆژێكیان برادەرێكم لێی پرسیم:**

مامۆستا سەیرم بەتۆ دێ سەرەڕای ئەو قەیرانەی هەیە وابزانم باری دارایت باش نییە؟ ئەوجا نازانم قەرزاری یان نا؟ پێم سەیرە هەمیشە بزەو زەردەخەنەت بەسەر لێوەوەیە

**[٣٢] – مام عەبدوڵڵا كابرایەكی قسە خۆشە، گێڕایەوە، وتی: رۆژێكیان بەهۆی نەخۆشیەوە لە نەخۆشخانەی رزگاری لە قاوشێكیان دانام، سێ كەس لەو قاوشە بووین، وابزانم نهۆمی پێنجەم بوو، سەیرم كرد ئەو نەخۆشەی بەرامبەرم مرد، ئەوەندەی نەبرد نەخۆشەكەی تەنیشتیشم مرد، بەو دیمەنە شلەژام، لەبەر خۆمەوە وتم بەخوای هەبێ و نەبێ عیزرائیل وا لێرە دەسووڕێتەوە، روحی ئەو دوانەی كێشا، ئەوجا نۆرەی منەو روحی منیش دەكێشێ ئەگەر خێرا لێرە نەڕۆم، بەدەنگێكی بەرز بانگی پزیشكەكانم كرد و وتم دەی هەتا زووە و هیچ نەبووە لەو قاوشەم بۆ قاوشێكی تر بگوازنەوە. وتیان بۆ چی بووە ؟ وتم ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن. ئەوانیش منیان بۆ قاوشێكی تر گواستەوە.**

وەك ئەوەی هیچ لەئارادا نەبێت، بەڕاستی سەرسامم کە بەو شێوەیەت دەبینم ئەوجا نازانم حیکمەت لەوە چییە؟

منیش بەپێکەنینەوە پێموت ئەگەر خەم و خەفەت چارەسەری ئەم قەیرانە بکات ئەوە شەو و ڕۆژ خەم و خەفەتی بۆ دەخۆم، من باوەڕم بەوەیە تاوەکو پاروە نانێکم لەم دنیایە مابێت خوای پەروەردگار دەمژێنیٌ، رزق و ڕۆزی بەدەست خوایە، ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾ هود: ٥٦**واتە: هیچ زیندەوەرێك نیە لەم زەوییەدا رزق ورۆزیەکەی لەسەر خوا نەبێت و ئاگادارە بە شوێنی حەوانەوەو شوێنی دەرچوونیان، هەموو شتێك تۆمارە لە دۆسیەی ئاشکرادا لە (لوح المخفوظ)دا تۆمار دەکرێت.**

ئەوەی لەم ئایەتە دەفامرێ خوای گەورە لەسەر خۆی فەرز کردووە هەرچی گیانلەبەر هەیە رزقیان بدات، جا ئەو ئایەتە بەسە بۆ ئەوەی ترسمان لە برسێتی نەبێت بمرین تا ئەو ڕۆژەی ئەجەل دێ و دەرگای رزقمان لێ دادەخرێ.

برادەرێکم هەبوو هەر جارێ باسی مردنمان بۆی بکردایە، دەیوت توخوا باسی ئەو دێوەزمەیە مەکەن، ئایا ئێوە دەزانن لە قوماردا[٣٣] کەس براوە نییە، فەرموو بگەڕێ و

[٣٣] – کابرایەك ئارەقی دەخواردەوە، کابرایەك پێی وت کەمێك شەرم لەخۆت بکە، بۆچی لەسەر ئەو رێیە دەخۆیتەوە؟ کابرا وتی من کە شەرم لەخوا نەکەم، ئیدی بۆ شەرم لە تۆ بکەم.

مامۆستا شاکر فەتاح قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێت: ئەوەی قومار دەکات، دوور دەبێ لە دۆستایەتی و خزمایەتی و نیشتیمان پەروەری و مرۆڤایەتیەوە. چونکە لەجیاتی خۆشەویستی، پوولپەرستی لەناو دڵیدا دادەمەزرێ. ئەوەی قومار دەکات، هەرچەندێك پارە بباتەوە، دەیدۆڕێنێتەوە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە گەنجینەیەکی لەدەست دەچێ کە هەرگیز نرخی تەواو نابێت، ئەویش خۆشەویستییە. خۆشەویستی ئەو کەرەستەیە کە هەموو کردەوەیەکی پاك و پیرۆز و بەرزی لێ دروست دەکرێ. کەواتە ئەوەی قومار دەکات نەك هەر دوژمنی خاوخێزانی خۆیەتی، دوژمنی خۆیشیتی. بەڵکو دوژمنی نەتەوە و نیشتمان و مرۆڤایەتیشە.

بسووڕێ و بپرسە بزانە کێ بە قومار دەوڵەمەند بووە؟ بەدەگمەن یەکێك نادۆزییەوە مەگەر ئەو کەسانەی دوای بردنەوەی پارەیەکی زۆر، یا بەهۆی هیدایەتەوە بەیەکجاری وازیان لەو یارییە هێناوە. ئەوانەی لە دەوری مێزێك کۆ دەبنەوە و قومار دەکەن، قومارکردن وەکو تۆپەڵە قوڕێك وایە لەبەردەم هەر یەکێکیان چەند دەنکە گەنمێك دادەندرێ و کەسێك لەناویاندا ئەو تۆپەڵە قوڕە دەداتە پێش خۆیی و هی ئەم و ئەو دەبات و شتێکی گەورەی لێ دەست دەکەوێت، لەوەشدا ئەو پارەیەی قومارچییەك دایدەنێ و ئەویتر لێی دەباتەوە، کەسی دۆڕاو بیر لە دووبارە بردنەوە و کەسی براوەیش زیاتر تەماح دەیگرێ لەتەك ئەو پارە زۆرە حەز بە بردنەوەی پارەی زیاتر دەکات، کەچی زۆرجار ئەوەی دەدۆڕێ، دۆڕان دۆڕان بەدوای خۆی دێنێ و دەرفەتیشی بۆ هەڵدەکەوێ هەناسەیەکی وەبەر بێتەوە، کە قولابی بەختی لە چینە پارەیەك گیر دەبێت، کەچی بەردەوامی بەخۆی دەدات و زۆر جار ئەوەی دەیباتەوە لەچاوتروکانێکدا هەمووی دادەنێتەوە. کەواتە لەو بێنە و بەردەیەدا کەس نازانێ ئەو هەموو پارە زۆرە لەبێ بەرەکیدا بۆ کوێ دەڕوات.

سوننەتی ژیان واهاتووە هەموومان قومار لەسەر مردن دەکەین، بەڵام بەکەمی بیرمان لەوە کردۆتەوە چۆن و کەی دەدۆڕێین و کەی دەیبەینەوە لەکاتێکدا مردن لە شاڕەگی دڵ لێمانەوە نزیکە، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ:(**سوێند بەخوا بێگومان ئێمە**

---

قومارچی دڵرەق و تاوانکار نەبوایە، هاوڕێ و کەس و کار و هاونیشتمانی خۆی نەدەڕووتاندەوە و زیانیشی بەخێزانی خۆی نەدەگەیاند.. خۆیشی تووشی ریسوایی و نابووتی و سەرگەردانی نەدەکرد. هەروەها دەڵێت:

قومارچی نە لەهەڵسان و دانیشتنیدا بەئەندازە رێك و پێکە و نە لەخواردن و نووستنیداو نە لەبیرو باوەڕیشیدا. درۆکردن و چەواشەکاری و سپڵەیی و زۆرداری و هەموو کردەوەیەکی تری لێ دەوەشێتەوە، نە هۆشی لەجێی خۆی دەمێنێ و نەدڵی و نەدەروونی، نە تەندروستیشی بەرە بەرە پێوە دەمێنێ بێجگە لەوە خۆی تووشی مەی خواردنەوەو کارو فرمانی سووك و نەنگیش دەکات وەك دووزمانی و داوێن پیسی و دووروویی و بەرتیل وەرگرتن بۆ خۆی و بۆ کەسانی تر و دزی.خۆ لەگەڵ خێزان و کەس و کار و هاوڕێی خۆیشیدا هەموو دەم لە چەقە چەق و شاتە شات و جەنگ و ناکۆکیدایە.(ئاهەنگی رۆشنبیران، چ١، چاپخانەی الحوادث – بەغدا، ١٩٨٣، ل١٧-١٨)

**ئادەمیزادمان دروست کردووەو دەزانین چی بەدڵ و دەروونیدا دێت..ئێمە لە شارەگی دڵی لێی نزیکترین)**[٣٤]

مردن ئەوەندە لێمان نزیکە، خۆمان بۆی ئامادە نەکردووە، یاخود کە بیری لێ دەکەینەوە کار بۆ بردنەوەی کۆتایی ناکەین کە قیامەت و ژیانی هەتا هەتاییە، کێ لە ئێمە دەتوانێ لە مردن رابکات و دەستی مردنی نەگاتێ؟ کێ لە ئێمە سەروەت و سامانەکەی بەنەمری رایگرتووە و نەیهێشتووە بمرێ؟ کێ دەسەڵات و پلەو پایەکەی پاراستوویەتی پارێزگاری لەخۆی بکات بۆ ئەوەی چرکەیەك زیاتر نەك بۆ یەك رۆژ و دوو رۆژ و مانگ و ساڵ بمێنێتەوە؟ هەمووومان رۆژانی تەمەن بەڕێ دەکەین، لە بایەخ و بەهای چرکەساتەکان تێ ناگەین، نازانین چەند گرنگن، ئەوەتا لە ئەزموونی ژیانماندا نموونەی جوان جوان هەیە ئەو راستیەمان پێ نیشان دەدات، فەرموو برۆ ئەو کەسە بدوێنە کە پێشبڕکێی ئەسپ سواری یا مەلەوانی یا غارغارێن و..هتد ئەنجام دەدات، لێی بپرسە ئایا چرکەساتەکان بەهایەکی ئەوتۆیان هەیە؟ یەکسەر وەڵامت دەداتەوەو پێت دەڵێ بردنەوەمان بە چرکەیە، وەك چۆن هەندێ جار دەوترێ لەپرۆسەی دەنگدان یەك دەنگ هیچ نییە، کەچی لە کێبڕکێی دوو کەسدا یەك دەنگ بابەتەکەی یەکلا کردۆتەوە. ئەوەتا بۆ لەش ساغیمان تا نەخۆش نەکەوین نرخی تەندروستی نازانین چییە، بڕوانە ئەوانەی ژانە زگ دەگرن، کاتێك توندی ژانەکە هەوزەڵیان بۆ دێنێ، بە پەرۆشەوە دەڵێن: ئای خوای گیان ئەوە چ ژانێکە؟ بزانە چییە بۆ یەك دەقە ناوەستێ.

کاتێك یەکێکمان پرسیار لەویتر دەکات بە چیەوە سەرقاڵیت؟ بەوەڵامێکی سادە و ساکار پێی دەڵێ هەر رۆژ بەرێکردن نییە، ئەو قسەیە ئەوپەڕی نواندنی بێرێزییە بۆ ژیانێك کە هەرگیز رۆژ و ساڵ و خولەك و تەنانەت چرکەساتەکانی بۆ دواوە ناگەڕێتەوە.[٣٥]

---

[٣٤] -﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ ﴾ ق: ١٦

[٣٥] – **مردن بریتییە لە کۆتایی هاتنی ژیان، فەرهەنگی (دۆرلاندگ) مردن بەوە پێناسە دەکات کە وەستانی یەکجارەکی کارە زیندووەکانی لەشە، کەچی لەفەرهەنگی (ویستەبر)دا هاتووە، مردن بریتیە لە وەستانی یەکجارەکی هەموو کارە زیندووەکانی لەش کە گەڕانەوەی بۆ نییە.ئەم پێناسە و پێناسەکانی تری فەلسەفی و زمانەوانی تا ئێستا بەتەواوی راستییەکانی مردنی روون نەکردۆتەوە،**

كابرایەك كوڕێكی سەرەڕۆی هەبوو، ڕۆژ نەبوو سەرزەنشت و ئامۆژگاری نەكات، كەچی بەگوێی نەدەكرد، كوڕەكە دەچووە دەرەوە، نەیدەوت ئەوە دەچمە فلان شوێن. كە لێیان دەپرسی دەچییە كوێ؟ وەلامی نەدەدانەوە. كاتێك دەهاتەوە ماڵ، دیسان لێیان دەپرسی لە كوێ بووی؟ وەلامی نەدەدانەوە. باوكی بەدەستیەوە گیری خواردبوو، تا دواجار كوڕەكەی بە كارەساتی هاتوچۆ وەفاتی كرد، كاتێك ئەو هەواڵەیان پێی دا، نە گریا و موتەئەسیر بوو، بگرە لەجێوە دایە قاقای پێكەنین. لێیان پرسی ئەوە چییە تۆ لەجیاتی ئەوەی بۆی بگری ئەوەتا پێدەكەنی؟ ئەویش وتی من بۆیە پێدەكەم چونكە تا ئەو كوڕەم لەژیاندا بوو ئەوەندەی دەچووە دەرەوەو دەهاتەوە هەرگیز نەمدەزانی بۆ كوێ ڕۆیشتوە؟ بەلام كە ئەو هەواڵەیان پێمدا، ئێستا دەزانم چووەتە كوێ؟

**حاجی فەلاح كەبابچی گێڕایەوە، وتی:**

پیاوێك كوڕێكی لاساری هەبوو، هەرگیز پابەند بەقسەو ئامۆژگاریەكانی باوكی نەدەبوو، هیچ كارێكی باشی نەدەكردو باوكیشی بە ڕەفتاری كوڕەكەی زۆر دڵگران بوو.

---

ئەو مردنەی لە پزیشكی ناسراو، بۆ نموونە هەندێك جار پاش وەستانی دڵ و هەناسە بۆ ماوەیەكی دیاریكراو لە نەخۆشێكدا دەتوانرێ دووبارە ژیانی بۆ بگەڕێنرێتەوە، جا چۆن بڕیاری چەسپاو لەسەر مردن دەدرێ؟ لە پزیشكی دادوەریدا مردن بەوە ناسراوە كە بریتیە لە وەستانی تەواوی ئەندامە زیندووەكانی هەر سێ كۆئەندامی هەناسە و دڵ و مێشك.هەرچەندە فەرهەنگی (بلاكی) یاسای مردنی بەوەستانی ژیان و نەمانی هەناسە و لێدانی دڵ پێناسە كردووە، ئەم پێناسەیە لە یاسای ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا پەیڕەو دەكرا، بەلام جارێكیان ئافرەتێك بەكارەساتێكی ئوتومبێل دووچاری بێهۆشبوونێكی قووڵ بوو، هەناسەی بۆ ماوەیەكی كورت وەستا، كەچی توانیان لە نەخۆشخانەدا ژیانی لەمردن رزگار بكەن، لە دواییدا زۆری نەبرد مرد، بەلام دڵەكەی پاش مردن گوێزرایەوە بۆ نەخۆشێكی دیكە كە پێویستی بە گواستنەوەی دڵێكی نوێ هەبوو، بۆ بەردەوامبوونی ژیانی، لە دادگادا پاش تاوانباركردنی شوفێری ئوتومبێلەكە، پارێزەری شوفێرەكە داوای ئازادكردنی ئەم شوفێرەی دەركرد بەپشت بەستن بەپێناسەی مردن گوایە ئافرەتەكە نەمردووە مادام دڵەكەی لەكار نەوەستاوە و لەناو لەشی یەكێكی دیكەدایە، هەر لەبەر ئەمە بوو لێژنەیەك لە پسپۆرانی یاساو پزیشكان دامەزراو بڕیاری ئەوە درا كە مردن بریتییە لە وەستانی دەزگای هەناسە و سووڕان لەگەڵ وەستانی تەواوی هەموو ئەندامە زیندووەكانی مێشك و پەتكەدەمار.

***گ:پاراسایكۆلۆژی، ژ٨، پاییزی ٢٠٠٧، مردنی مێشك، دیمەن جەلال، ل٣٠***

ڕۆژێکیان پێی وت کوڕی خۆم من دەزانم بەقسەم ناکەی، بەڵام یەك تکام هەیە، ئەگەر لێمی قبووڵ بکەی.

کوڕەکەی بە تەوسەوە وتی فەرموو دەتەوێ چیم پێبڵێی؟

باوکەکە وتی ئەوە بزمارەو ئەوەش چەکوش، جا تۆ هەر جارەی کارێکی خراپت کرد، بزمارێك لە دیواری ژوورەکەت بدە.

ئەویش ڕەزامەندی نیشانداو، هەر جارەی کارێکی خراپی دەکرد، بزمارێکی لە ژوورەکەی دەدا.

ڕۆژێکیان کوڕەکەی لەژوورەوە پاڵکەوتبوو، سەیری دیواری ژوورەکەی دەکرد، بینی بەسەدان بزماری لە ژوورەکەی داوە، لەبەر خۆیەوە دەڵێت ئای خوایەگیان چما ئەو هەموو کارە خراپەم ئەنجام داوە؟ بەهەڵپەیەکەوە چووە خزمەت باوکی و پێی وت باوکەگیان تۆ دەرسێکی باشت پێدام، ئێستا ژێوان بوومەتەوە، چیبکەم باشە؟

باوکەکە لەخۆشیا شاگەشکە بوو، وتی ڕۆڵەگیان بۆ ئەوەی پاك ببیەوە لەو هەموو تاوانەی کردووتە، لەمەودوا هەر کارێکی باشت کرد، بزمارێك لە دیوارەکە لێکەوە.

## ئەگەر خوا نەتکوژێ، نامری

دەگێڕنەوە دەڵێن:

ئیبن سینا لەخوا پاڕاوەتەوە ژینێکی پانی بداتێ با درێژیش نەبێ، وا دەزانم مەبەست لە ژینی پان ژینێکە قازانج و سوودێك و بەرێکی خۆشی ببێ بۆ مەردوم، لای ئیبن سینا ئەمە ئەندازەیەکی زۆر ڕێك و پێك و ڕاست و دروستە بۆ هەموو کەسێك کە بیەوێ ژینی خۆی بپێوێ.

کەسی وا هەیە هەشتا نەوەد ساڵ دەژی، ئەگەر بە چاوی ئیبن سینا لێی ورد ببیتەوە ژینەکەی هەمووی تاقە شەو و ڕۆژێکە کە بیست و چوار سەعاتە، چونکە بەدرێژایی ساڵ وەك دەقە ژمێری سەعات لەسەر یەك گێڕ سووڕاوەتەوە، هەموو تەمەنی **خۆی** بەخواردن و خواردنەوە و نووستن بەسەر بردووە، ئەمڕۆ و سبەینێ و دوێنێ و پێرێ و ئەمساڵ و پاری وەك یەك بووە، ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر هەزار ساڵ بژین بەلای ئیبن سیناوە تەمەنیان تەنها شەو و ڕۆژێکە.

**كاك شەعبان عەلی شەعبان گێڕایەوە، وتی:**

لە دەڤەری بادینان گەنجێك لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ و هیچ گومانێك بۆ لەسێدارەدانی نامێنێتەوە، هەفتەیەك پێش جێ بەجێکردنی فەرمانەکە، (سەدام حوسێن)ی سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی عێراق بەسەردانێکی چاوەڕوان نەکراو دێتە کوردستان و سەردانی گوندێکی ئەو سنوورە دەکات و تاوێ دوان لەیەك لەماڵەکانی ئەو گوندە دەمێنێتەوەو دوای هەستان، بەخاوەن ماڵ دەڵێ چیتان دەوێ بۆتانی بکەم؟

دایکی کوڕەکە پێیدەڵێ داواکاریەکم هەیە ئەویش ئەوەیە کوڕێکم فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، ئەگەر لێی خۆش بن و نەهێڵن لەسێدارەی بدەن.

ئەویش پێی دەڵێ ئەگەر تا ئێستا لەسێدارە نەدرابێ ئەوە وادەکەم لەم یەك دوو ڕۆژە بێتەوە ناوتان.

ناوی کوڕەکەی وەردەگرن و دوای یەك دوو ڕۆژ، کوڕەکەیان بەساغ و سەلامەتی دەگەڕێتەوە، ئەوە کاری خوایە، ئەگەر خوای پەروەردگار یەکێك نەکوژێ هەموو دونیا کۆبێتەوە بیانەوێ زیانی پێ بگەیەنن، ناتوانن، ئەگینا چۆن سەرۆك کۆمارێك لەو هەموو گوندە کۆپتەرەکەی لەو گوندە دەنیشێتەوە و لەو هەموو ماڵەی ئەو گوندە لەدەرگای ئەو ماڵە دەدات کە کوڕەکەیان فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە؟

**مام حاجی عوسمان کۆیی بۆی گێرمەوەو وتی:**

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (هەموو ئادەمیزادێك گوناح دەکات، وەباشترین گوناهبار ئەوانەن کە تەوبە دەکەن).**[٣٦]

گەنجێکی سەرەڕۆ هەبوو چ کارێك خوا پێی ناخۆشە، ئەوەی ئەنجام دەدا، چەندە ئامۆژگاریت بکردایە، لەو گوێیەی دەچووە ژوور و لەگوێیەکەی تری دەردەچوو، قسەی کەسی وەرنەدەگرت، بەجۆرێ ڕەفتاری دەکرد، ئەو ئاواییەی بەتەواوی هەراسان کردبوو،

---

[٣٦] - عن انس(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ) كل بني ادم خطاء و خير الخطائين التوابون) حسن رواه ابن ماجه(٤٢٥١) والترمذي(٢٤٩٩)

کار بەوە گەیشت برا گەورەکەی ئەوەندە لێی پڕ بوو، بڕنەوێکی لەماڵەوە هەبوو، هێنای لێی راکێشاو دایە پێش خۆی، بردیە چۆڵەوانیەك و رایگرت، برا سەرەڕۆکەی لەترسان وەك بی ناو ئاو دەلەرزی، دەستی بە گریان کرد، کەوتە فرمێسك رشتن توخوا مەمکوژە تۆبە هەرچییەك تۆ بیلێی نالێم نا.

برایەکەی سێرەی تفەنگی لیَ راگرت، وتی قەت ئەوجارە لەبن دەستم قوتارت نابیَ و وامەزانە بەو گریانە بەزەیم بەحاڵت دێتەوە لێت دەبوورم، تۆ مەگەر بەمردن، ئەگینا بەهیچ شتیَ پاك نابیەوە.

دەستی بە پەلاپیتکەی بڕنەوەکەینا و دایگرت، فیشەکی یەکەم چرووکی کرد و نەتەقی، دووبارە فیشەکی خستەوە بەر، دیسان فیشەکەکە چروکی کرد و نەتەقی، بۆ جارێکی سیَ یەم بڕنەوی راکێشا و رووی لەئاسمان کرد، دەستی بە پەلاپیتکەکەوەنا، فیشەکەکە تەقی.

بەمەیش هۆپێکی لەخۆی زانی، پێی وت بڕۆ هێشتان ئەجەلەت نەهاتووە، ئەوە ئازادم کردی، بەس گوێم لێبیَ ئەوجارەیان گلەیت لیَ بکەن و هەر هەڵەیەك بکەی ئەوجارەیان خۆت بە زیندوویی نابینییەوە.[٣٧]

گەنجەکە تۆبەیەکی نەسوحی لەسەردەستی براکەی کردو بڕیاریدا بەخۆی دا بچێتەوە و خۆی چاك بکات. لەو رۆژەوە ئەو گەنجە سەرەڕۆیە بوو بە کوڕێك هەموو ئاوایی خۆشیان دەویست و پرس و رایان پێی دەکرد.

ساڵی ١٩٨٣بوو رۆژێکیان بەسەردان چوومە کۆیە، لەماڵی نەنکم (فاتم) مامەوە، لەگەڕانەوە بە جێبە شڕەیەك لەگەراجی کۆیەوە کە ئەو کاتە لەناوەڕاستی بازار و لەنزیك پەیکەری حاجی قادری کۆیی بوو، گەنجێکی نیمچە کامڵمان لەگەڵ سوار بوو دەنگێکی خۆشی هەبوو، کاتێك روخسەتی لەهەمووان خواست گوایە حەز دەکات گۆرانیەك بڵیَ،

---

[٣٧] - کاك عەزیز کانی لەلەیی گێڕایەوە وتی: کابرایەك لەم سنوورە کاتی خۆی لەگەڵ هاوڕێیەکی بەیەکەوە دەڕۆن، یەکێکیان لەناکاو قشپلێك هەڵدەگرێتەوە دەیەویَ تێی بگریَ، ئەویتریش وەك دڵی خەبەری بداتیَ شتێك روودەدات، پێیدەڵیَ ئەو قشپلەم تیَ مەگرە پێم بکەویَ دەمرم. قشپلیَ کە ئەوەندە سووك و بچووك بوو، کاتێك تێی دەگریَ و پێی دەکەویَ، کابرا لەجێوە بەردەبێتەوە و دەمریَ.

تووڕی هەڵداو گۆرانیەکی حەسەن زیرەکی چڕی، سوبحانەڵلاَ ئێستایش دەنگەکەیم لەگوێ دەزرینگێتەوە، دەنگێکی سازگار و خۆشی هەبوو، نەتدەتوانی جیاوازی دەنگەکانی هەردووکیان جیابکەیتەوە. سەیرم پێهات دواتر زانیم ئەو گەنجە جاشە و لە شارۆچکەی تەق تەق دەوام دەکات، بەلاَم لە نەناسینیدا نەمزانی خەڵکی کوێیە؟

رۆژی پاشتر سەعات هەشت و نیوی بەرەبەبان، بەدەنگی سەڵیە گوللەیەك لە نزیك ماڵی مودیر ناحیە کە لە سەرجادەی سەرەکی بوو، ماڵی ئێمەیش ئەو کاتە کەوتبووە پشتەوە، دەنگەکە رایچڵەکاندم، ختووکەی دام بەتەنگ دەنگەکەوە بچم و بزانم چیبووە، چوومە سەر جادەی سەرەکی، کۆمەڵێك خەڵکم بینی لە دەوری گەنجێك خڕ بوونەتەوە، زیاتر چوومە پێش، سەیرم کرد ئەو گەنجە دەنگ خۆشەی دوێنێیە ئەوە کەوتووە و وەك بێژینگ گوللەڕێژ کراوە، جەرگ و هەناوی هاتبوە دەرێ و خوێنیش لەجەستەی دەڕۆیشت، ئەوەندەم پێ سەیر بوو، بینیم بەدەستەکانی جەرگ و هەنای خۆی خستە سکیەوە. کە سەیارەیەك هات کردیانە ناوی و بۆ نەخۆشخانەیان برد، نە من و ئەو خەڵکەی ناو تەقتەق ئەوەی ئەو دیمەنەی بەچاوی خۆی بینیبێ، گومانی نەدەکرد ئەو گەنجە جارێکی تر بژێ. ماوەیەك بەسەر ئەو رووداوە تێپەڕی، رۆژێکیان گەنجێك بەخۆ و تاقم و تفەنگەوە لەجادەی سەرەکی بۆ خوارەوە بەپیادە دەڕۆیشت، کاتێك نزیك بۆوە لە تێڕوانینێکیدا سەیریم کرد ئەوە گەنجە دەنگ خۆشەکەیە، لەوەوە بۆم دەرکەوت ئەگەر خوا نەیەوێ زیانت پێ بگات، هەموو دونیا کۆببنەوە زیانت پێ بگەیەنن، ناتوانن.

**ئەگەر مردن لەپێش چاوتە با مامەڵەی مەحشەرت بێ**

**گەر خۆت بەرێبوار دەزانی دەبا تێشووی سەفەرت بێ**

**کە شەو و رۆژ لە بازاری دونیادا بویتە بازرگان**

**بۆ کاروانی رۆژی دوایش کەمێك هۆش و خەبەرت بێ**

**خۆ دەزانی لە دونیادا بەرووتی دەچیتە ناوگۆر**

**دەبا بۆ ناو مارو مێروو، تەقوا پۆشاکی بەرگت بێ**

**هێندەی ناوی دونیا ویستی، بە رۆژێ جێی دێڵی**

## کەمێك فکری دادگای خوایی و تەرازووی دەفتەرت بێ[٣٨]

# لەگەڵ٥١ کەس گوللەباران کراو نەمرد



کاك ئەکرەم مەنتك[٣٩] دانیشتووی گوندی بەردبڕە، لە زمانی خۆیەوە باسی ئەو رووداوە دەکات کە چونکە ئەجەلی نەهاتبوو، گوللەبارانیان کرد و نەمرد.

کاك ئەکرەم دەڵێت: هەزار نەفرەت لەشەڕی شوومی ناوخۆ و براکوژی، ئەو شەڕەی جگە لە ماڵوێرانی هیچی بەدواوە نەبوو[٤٠]، من پێم وایە هیچ کات شەڕ خزمەت بەمرۆڤایەتی ناگەیەنێت مەگەر ئەو کاتەی شەڕ بۆ هەقیقەت و دادگەری بەرپا دەکرێت.

١٩٩٦/١٠/١٣ لەلیوای(٢٢)ی سەر بەسوپای ٢ پێشمەرگە بووم، سروشتی شەڕ وایە جارێك پەلامارت دەدەن و جارێکیش پەلاماریان دەدەی، دیسان یا دەتکوژن یان دەبێ بکوژی. لەئیسلامدا شەڕی براکوژی تەحریم و تەجریمە و نکۆڵی لەو راستیە ناکرێ ئەوجا هەر پاساوێکی نادروست بۆ شەرعیەتدان بەو شەرە بدرێت.

من و پۆلێ هەڤاڵ لەبناری چیای (گمۆ)ی سنووری شارباژێر، پەنجا و یەك کەس لە شەڕی بەرەنگاریدا کەوتینە بۆسەیەکەوە، هەموومانیان بەبێ شەڕ بەدیل گرت و چەکیان کردین، ناسنامەکانیان لێ سەندین، ریزیان کردین و هەموومانیان گوللە باران کرد، بەفکری خۆم مردنمان لەسەدا سەد بوو، چەند گوللەیەکم بەرکەوت و بەربوومەوە، دوای ئەوەی بەجێیان هێشتین، خەڵکی گوندی(شەکراو) مەردانە وەك پیادەکردنی نەریت و رێورەسمی ئاینی و ئەو شەهامەتەی هەیانبوو، هاتنە سەر جەنازەکان کە لەدێر زەمانەوە

---

[٣٨] - لە ئینتەرنێتەوە (Gafr awramy salah)

[٣٩] – کاك ئەکرەم عەلی حوسێن لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٥ی گوندی (بەردبڕ)ی سەر بە ناحیەی (دێگەڵە)یە، خاوەنی چوار منداڵەو کەسێکی خواناس و خاکەسارە.

[٤٠] – شەری نەگریسی نێوان (ینك) و (پدك) لە ساڵی ١٩٩٤دەستی پێکرد، نزیکەی سێ ساڵی خایاندو بارودۆخەکە لەسەر دەستی وڵاتە زلهێزەکان ئاسایی کرایەوە .

لەکۆمەڵگەی کوردی ئەو کلتووورە جوانە هەبووە کاتێك تەرمێکی نەناسیان بینیوە بەجێ و رێ تەقەتیان کردووە.

لەناو ئەو پەنجا و یەك کەسەدا تەنها من و کاك نەسرەدین حوسێن زراری مابووین، خوا دەست بە عومریانەوە بگرێ و پاداشتی بەخێریان بداتەوە تا چەند رۆژێك ئێمەیان لەلای خۆیان هێشتەوە و تەداویان کردین، سەیرەکەی لەوەدابوو من وەکو شەهیدی سەنگەر ناوم لەدەرگای شەهید هەبوو، پێشتر کەس و کارم دوای گوێبیستبوونی ئەو ناوانە لەرێی ئێزگەوە، گومانیان لە بوونم نەمابوو، پرسەیان بۆ دانابووم، کاتێك گەڕامەوە ماڵ، هەمووان بەهاتنەوەم وایاندەزانی خەون دەبینن.،لەو رۆژەوە خۆم بە شەهیدی زیندوو دەزانم و وادەزانم لە زیادە دەژێم و شوکرانەی ئەو خوا گەورەیە دەکەم کە نەیکوشتم و ژیانی پێبەشیمەوە.

**حاجی قادری کۆیی دەڵێت:**

**مەرگ و ژین مثلی سێبەر و تاوە**
**ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە**

هەموومان لەدەرگای بوونەوە دێینە ژوورو دواجار لە دەرگای نەبوونەوە دەچینە دەرەوە، خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەیە بەکردار و گوفتار و رەفتاری جوان ، ناوێکی باش و کردەوەیەکی چاك لەدوای خۆی بەجێ بێڵێت.. ئەمە دەستوورو باوی جیهانە چەند بژێین هەمدیس دواجار دەبێ ماڵئاوایی لەم ژینە کورتە بکەین و بمرین و بەرەو ژیانی نەمری و هەتا هەتایی هەنگاو بنێین، کەواتە هیچ شتێك نییە لەمەرگ رزگارمان بکات، دەبێ هەموومان تاڵاوی مەرگ بچێژین (**كل نفس ذائقة الموت**) واتە: دەبی **هەموو نەفسێك تاڵاوی مردن بچێژێ**. ئەوەش ئەو گۆڕانەیە کە لە دیمەنەکانی رۆژگار دەیبینین، ئەوەتا هەر گوڵێك دەم بکاتەوە و بگەشێتەوە، دواجار سیس دەبێ و

هەڵدەوەرێ، وەکو چۆن ئەستێرە و مانگ و خۆر بەجوان و قەشەنگی هەڵدێ و پاشان بەڕەنگ و رووپەکی زەردەوە ئاوا دەبێت.[41]

*دانا ئەبوبەکر شوان دەڵێ:*

**زۆرم پێ سەیرە ئەو هەموو خەڵکە**

**هەندێکیان بەسوودن، هێندێ بێ کەلکە**

**هەندێك بەبەرهەم، زۆریش چاوتێر**

**هەندێن بێبەر، وەك داری پەلکە**

[41]– نیعمەتێکی گەورەیە ئەگەر مرۆڤ ئاقیبەتی خێربێت نەك شەڕ، رۆژێکیان لەگەڵ چەند برادەرێ کە چووینە تازیەی خزمێکی فەرمانبەری دائیرەکەمان و لەتەك کابرایەکەوە دانیشتین، کابراکە منی نەدەناسی و منیش ئەوم نەدەناسی، بەهەڵپەیەکەوە رووی تێکردم و بێ هیچ پێشینەیەك وتی ئەو مەلا بەڕێزە دەناسی وا بەو دەنگە خۆشەی لەم مزگەوتە قورئان دەخوێنێ؟ منیش پێموت زۆر باش دەیناسم، مامۆستایەکی بەڕێزە و زۆریش قسە خۆشە..کابرا وتی شوکرانەی خوای دەوێ مرۆڤ ئاقیبەت خێربێ نەك ئاقیبەت شەڕ، ئەوەی من لەو مەلایەم بینی کاتی خۆی هەتا گەنج بوو نازانم ژنی هێنابوو یان نا، دەنگێکی خۆشی هەبوو، بەندبێژ بوو، لەکاتی ژنهێنانی ئەو کابرایەی وا مردووە سێ شەو و سێ رۆژان لەنێو بەزم و رەزمی شایی و رەشبەڵەکی ئەو ژنهێنانەی دا هەر تەپڵی دەکوتا و گۆرانی دەچڕی، کەچی ئێستا وا دەیبینم بووەتە مەلا و قورئانی لەسەر دەخوێنێ.

# گومانە خراپەكان

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ ﴾

الحجرات: ١٢ **واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لە راستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناهو تاوانن، بۆیە حەق وایە لەهەموو گومانێك خۆپارێزبین، بەشوێن كەم و كوڕیی و عەیب و عاری یەكتردا مەگەڕێن و سیخوری مەكەن و لەپاش ملێ باسی یەكتر بەخراپە مەكەن، ئایا كەستان خۆشی دێت لەوەی گۆشتی برای خۆی بەمردوویی بخوات؟ دیارە كاری واتان زۆر پێ سەخت و ناخۆشە، دەی كەواتە لەخوا بترسن و پارێزگاربن، چونكە بەڕاستی خوا تۆبەی خەڵكی وەردەگرێت و میهرەبانە بۆتان.**

**لە فەرموودەیەكی قودسی دا، پێغەمبەر(ﷺ)بۆمان باس دەكات كە خوای گەورە فەرموویەتی: (وانا عند حسن ظن عبدي بي، فليظن بي ماشاء) واتە: من بەپێی گومانی باشی بەندەكەم، كاری لەگەڵ دەكەم، جا چۆن گومانم پێ دەبات با بیبات.**

**حەسەنی بەسری دەڵێت:**

**ئەو باوەڕدارانەی كاری چاكە دەكەن، هەر بۆیە گومانی چاك و باش بەخوای گەورە دەبەن، بەڵام تاوانكار چونكە گومانی خراپ بەخوای گەورە دەبات، هەمیشە خەریكی كاری خراپەیە.**

**گومان گوبانی[٤٢] دیوار خوار دەكات**

**چەند راستبێ، هەر بەخواری تێ دەكات**

[٤٢] – گوبان: شاول/ تەرازووی راستكردنی دیوارە

**گومان بۆمێشك وەهمی بیابانە**

**گومان بۆ بینین سۆمای چاوانە**

**هەرچەند تۆ برۆی، هەرچەندە راکەیت**

**لەتوێنان دەمری، بەهیچ راناگەیت**

**گومانە سەر بۆ گوناه دەکێشیّ**

**بەتەرازووی ئەقلّ شت ناکێشیّ**

**دەروونی چیبکات، چیەك بچێنیّ**

**لەسەر بەرد و شاخ چی بەرهەم دێنیّ؟**

**گومان ناخی مرۆڤ دەهەژێنیّ**

**زریانە، دار لە رێژنە دەردێنیّ**

**داری گومان بیّ سێبەر، بیّ بەرە**

**وەرە بەبەر دەمی، تیّ بپەرە**

**گومانە چارەنووسی رەش دەکات**

**بەپێی خۆی، رووەو هەڵدێری دەبات**

**واز لە شتیّ بێنە بەگومان بێت**

**با بڕیار لە ناخ سەرچاوە بگرێت**

**بەڵێن بدە بۆ ژین، بە گومان مەبە**

**هەرچیەکت کرد، لێی دوودڵ مەبە**[٤٣]

رۆژێکیان پیاوێك هاتە لای حەسەنی بەسری وتی: قوربان پیاوێك جنێوی پێتدا. حەسەنی بەسری وەلاّمێکی زۆر جوانی دایەوە وتی ئەو پیاوە تیرێکی بۆم هاویشت پێم نەگەیشت، بۆ تۆ هەڵی دەگریتەوە لێمی دەدەیت؟ شەیتان کەسی نەدۆزیەوە بیکاتە قاسیدی خۆی تۆ نەبیّ، کاکە گیان تەوبە بکە و پەشیمان ببەوە لە گێڕانەوەی قسەی خەڵك بۆ خەڵك.

[٤٣] -شیعری: شاخەوان عەلی، وەفایەك بۆ تۆ.

**دکتۆر زاکیر دەڵێت:**

ئەگەر شتێکت بەچاوی خۆت نەبینی و بە گوێچکەکانت نەتبیست، بە مێشکە بچووکەکەت بڕیار مەدە و بەدەمە گەورەکەت باسی مەکە.

شەیتانەکان بەردەوام لە دەوروبەری دڵی مرۆڤ کۆدەبنەوە و دەکەونە غەڵبە غەڵب تا گومانی لەلا دروست بکەن، وەك چۆن شەیتان ئادەم و حەوای بەگومانبردن لە بەهەشت دەرکرد.

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێ:خۆتان بپارێزن لە گومانی خراپ، بەڕاستی بەدگومانی زۆربەی درۆیە، بەدوای هەواڵی خەڵکدا مەڕۆن، سیخوری بەسەر یەکدی مەکەن و ململانێی یەکتر مەکەن، ئیرەیی بەیەکتر مەبەن و رقتان لەیەکتر نەبێت، پشت لەیەکتر مەکەن و بەندەی راستەقینەی خواو برای یەکتربن.**[٤٤]

**هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویّ: (جاری وا هەیە بەندە قسەیەکی ئەوتۆ دەکات کە بیر لە سەرەنجامەکەی ناکاتەوە، خوا بەهۆی ئەو قسەوە فڕێی دەداتە ناو ئاگرەوە(قوولایی) دوورتر لەنێوانی خۆرهەلات و خۆرئاوا)**[٤٥].

---

[٤٤] – عن ابي هريرة((رضي الله عنه)): أن رسول الله(ﷺ) قال: ( اياكم والظن، فان الظن أكذب الحديث، ولا تحسسوا ولا تجسسوا، ولا تنافسوا، ولا تحاسدوا، ولا تباغضوا، ولا تدابروا، وكونوا عبادالله اخوانا).(بخاري/ الادب/٥٧١٧).

[٤٥] – عن ابي هريرة(رضي الله عنه): أن رسول الله (ﷺ)قال: ( ان العبد ليتكلم بالكلمة مايتبين ما فيها، يهوي بها في النار أبعد ما بين المشرق و المغرب).( بخاري/ الرقاق/ ٦١١٢).

**دەگێڕنەوە:** کابرایەك هەبوو بەهۆکارێکی نادیار ژنەکەی دەکوژێ و پۆلیس دەستگیری دەکات. دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد ، کابرا نکوڵی کوشتنەکەی دەکات و پێیان دەڵێت: بۆچی دەتانەوێ بەزۆر ئەم تاوانەم بەسەردا ساغ بکەنەوە لەکاتێکدا ئاگام لەهیچ نییە؟ ئەگەر دەتانەوێ بەدرۆ پێتان بڵێم من کوشتوومە، فەرموو ئەوە من کوشتوومە لەکاتێکدا نەمکوشتووە و ئاگام لەو کوشتنەی نییە.

کابرا پارێزەرێکی زیرەك دەگرێ بۆ ئەوەی لەرۆژی دادگاییکردنەکەیدا بەرگری لێ بکات و بێتاوانی بسەلمێنێ، لە رۆژی دادگایکردنیدا، کابرا دێنن، لەقەفەزی دەنێن و لەبەردەم دادوەر رایدەگرن، کەس و کاری هەردوولا بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی دوا بڕیاری دادگا دەکەن.. کاتێك دادوەر روو دەکاتە پارێزەرەکە و دەرفەتی قسەی پێ دەدات، پارێزەرەکە دوای هێنانەوەی شێرێك لێرە و

ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی ژیان بکەین، بەدەیەها نموونەمان بەرچاو دەکەوێ وەك ئاماژەیەك بۆ نیشاندانی ڕووی گومان.

## مەترسە سوڵتانی موسڵمانان و زاناکان نوێژم لەسەر دەکەن

﴿ وَمَا يَتَّبِعُ أَكۡثَرُهُمۡ إِلَّا ظَنًّاۚ إِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ ٱلۡحَقِّ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا يَفۡعَلُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ يونس: ٣٦

**واتە: زۆربەیان شوێنی هیچ شتێك ناکەون تەنها گومان نەبێت، بەڕاستی گومانیش هیچ سوودێك بەخاوەنەکەی ناگەیەنێت لەبارەی حەق و ڕاستیەوە، بەڕاستی خوا زانایە بەهەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.**

**پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێت:خۆتان لەگومانی خراپ بپارێزن، چونکە گومانی خراپ درۆترین قسەیە. واباشە موسڵمان ئەگەر گومانی خراپی هاتە دڵ نەیتوانی لای ببات با بە قسە باسی نەکات.[٤٦]**

---

ڕێویەك لەوێ، دوا قسە دەڵێت جەنابی حاکم ئەو پیاوە ژنی خۆی نەکوشتووە. حاکمەکە لێی پرسی چۆن دەیسەلمێنی نەیکوشتووە، بەڵگەت چییە ؟ ئەویش بەهەڵپەیەکەوە سەری بۆ دەلەقێنیٚ و وەڵام دەداتەوە بەڵگەم بۆ ئەم قسانە ئەوەیە ئێستا ئەو ژنەی دەڵێن کوژراوە، زیندووە و دیٚ بەتەنیشت ئەو دەرگەی پشتەوە دەڕوات، ئێوەش هەمووتان دەتوانن سەیری بکەن.هەموو ئەوانەی لەویٚ دانیشتبوون کە گوێیان لەو قسەیە بوو، چاوئەبڵەق بوون، بەجاریٚ ئاوڕی دواوەیان دایەوە، تەنها پیاوی ژنەکە نەبیٚ چۆن سەری داگرتبوو، سەری هەڵنەبڕی.پارێزەرەکە ڕووی بەلای حاکمەکە وەرچەرخاند و وتی قوربان ئەوەی بینیت نیشانەی ئەوەیە ئەو خەڵکە هێشتا لە کوشتنی ئەو ژنە بەگومانن وەئەگینە ئاوڕی دواوەیان نەدەدایەوە، کەواتە چۆن دەکریٚ کەسێك لەسەر بنەمای گومان سزا بدریٚ؟حاکمەکە لەو زیرەکتر بوو، وتی ئەو قسانەی تۆ هەمووی تەواوە، بەڵام من هیچ گومانم لەو پیاوە نیە کە بەڕاستی ژنەکەی خۆی کوشتووە. پارێزەرەکە پرسی چۆن؟ حاکمەکە وتی ئەگەر ئەو پیاوە دڵنیابایە کە ژنەکەی خۆی نەکوشتووە، لەو قسانەی کردت ئەویش وەکو ئەو خەڵکە تەماشای ئەو دەرگایەی پشتەوەی دەکرد، من لاچاوێکم بەسەریەوە بوو چۆن سەری بەملدا شۆڕ کردبۆوە، سەری هەڵنەبری، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە گومانی نیە و بەبیٚ گومان ژنەکەی بەدەستی خۆی کوشتووە.

[٤٦]– عن ابي هريرة(رضي الله عنه) ان رسول الله(ﷺ)قال: اياكم والظن فان الظن اكذب الحديث رواه البخاري(٥١٤٣) ومسلم(٢٥٦٣)

**دەگێڕنەوە** شەوێکیان سوڵتان موراد خەوی لێ نەدەکەوت، هەستا دەم و چاو و روخساری خۆی داپۆشی و لەگەڵ پاسەوانێکیدا کەوتە گەڕان و سووڕان، بەناو ئەو شارەدا دەسووڕایەوە.

کەمێك گەڕا، لە گەڕەکێکدا تەرمی پیاوێکی بینی ئەوە لەناوەڕاستی ڕێگەی سەرەکی کەوتووە و ئەو خەڵکەی بەلایدا تێ دەپەڕن، سەیری دەکەن بەڵام کەس لێی نزیك نابێتەوە.

سوڵتان بەچەند کەسێکی ئەو دەوروبەرەی وت خێرە، بۆچی ئەو خەڵکە لەو تەرمە نزیك نابنەوە؟ ئەم پیاوە کێیە؟ چی کردووە؟

پێیان وت ئەمە پیاوێکی خراپەکارە، مەی خۆر و زیناکار و پیسە، شایەنی ئەوە نییە لێی نزیك ببیەوە.

سوڵتان بە پاسەوانەکەی وت ئەی ئەمە لە ئوممەتی موحەممەد نییە؟ دەی خێرا هەڵیبگرن با بڕۆینماڵیان بدۆزینەوە.

تەرمی کابرایان هەڵگرت. کاتێك ژنەکەی چاوی بەتەرمی پیاوەکەی کەوت، زۆر گریاو گەلێك نووزایەوە، دوای ڕۆیشتنی ئەو خەڵکەی ئەوێ، ژنەکە بەدەم گریانەوە لەسەر تەرمی پیاوەکەی دانیشت و دەیوت یاخوا ڕەحمەتت لێبێت، شایەتیت بۆ دەدەم تۆ لە پیاو چاکانی.

سوڵتان بەم قسانە سەری سوڕما، وتی چۆن بەوە دەڵێی پیاوچاك لەکاتێکدا خەڵکەکە بەخراپ باسی دەکەن، تەنانەت ئامادەنین تەرمەکەیشی بنێژن.

ژنەکە بەدەم هەنسکدانەوە وتی من دەمێکە پێشبینی ئەوەم کردووە ئەو خەڵکە وابڵێن، چونکە ئەوان وەکو من نایناسن، مێردەکەم هەموو شەوێك دەچووە مەیخانە چەند شووشەیەك مەشروبی دەکڕی پاشان دەیهێنایەوە و هەمووی دەکردە سیفۆنی تەوالێتەکە و دەیوت ئەوەندەی لەدەستم بێ مەشرووب لە موسڵمانان دوور دەخەمەوە، پاشان دەچووە بەردەرگای ئەو ژنانەی لەشفرۆش بوون، پارەی دەدانێ و دەیوت ئەمشەو هەتا بەیانی لەسەر حیسابی من دەرگاکەت دابخە، پاشان دەگەڕایەوە و دەیوت سوپاس بۆ خوا ئەمشەو گەنجانی موسڵمانم لەم لەشفرۆشانە پاراست، خەڵك دەیانبینی مەشرووب

دەکڕێ و دەچێتە ماڵی لەشفرۆشەکان بۆیە بەخراپ باسیان دەکرد. ڕۆژێکیان پێموت ئەگەر تۆ ڕۆژێك بمری ئەوا کەس نوێژت لەسەر ناکات و تەرمەکەت نانێژن.

ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی مەترسە سوڵتانی موسڵمانان و زاناکان نوێژم لەسەر دەکەن.

سوڵتان موراد ڕوخساری خۆی لێ ئاشکرا کرد و دەستی بەگریان کرد، وتی مێردەکەت ڕاستی فەرمووە، من سوڵتانی مورادم، سبەی تەرمەکەی دەشۆین و لەگەڵ زاناکاندا نوێژی لەسەر دەکەین[٤٧].

## گومان بۆ شتی باش مەبە

دەڵێن: زوبان لە ئەندامانی جەستەی پرسی ئەڕێ چۆنن؟

ئەوانیش بەیەك دەنگ وتیان: ئەگەر لێمان بگەڕێی ئێمە زۆر باشین.

عەرەب دەڵێن: (لسانك حصانك) واتە: زوبانت ئەسپەکەتە، ئەگەر جڵەوت توند کرد، ناتوانێ ڕێ بکات. **خوای پەروەردگار دەفەرموێت:**

﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا ۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾ ﴾ الأنعام: ١٤٨

**واتە: لەمەودوا موشریك و هاوەڵگەڕان دەڵێن ئەگەر خوا ویستبای هاوەڵمان بۆ بڕیار نەدەدا، باو و باپیرانیشمان موشریك نەدەبوون! هیچ شتێکیشمان لەخۆمان حەرام نەدەکرد!(ئەمانە هەمووی قسەی بەتاڵەو هەرگیز خوای گەورە زۆر لە کەس ناکات بۆ باوەڕهێنان یان بێ باوەڕی) هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانیش درۆو بوختانیان هەڵدەبەست، هەتا تووشی بەڵای ئێمە بوون و سزای ئێمەیان چەشت، پێیان بڵێ ئایا هیچ زانیاری و زانستێکی خوایتان لەلایە، تا نیشانمان بدەن و بۆمان_دەربخەن؟ ئێوە شوێنی هیچ شتێکی تر**

---

٤٧ –بڕیار لەسەر خەڵك دەدەین بەوەی دەیبینین و ئەوەی خەڵك باسی دەکەن، ئەگەر ناخی دڵیان ببینین ئەوا زمانمان بێ دەنگ دەکرد – بروا ئامانج–

**ناکەون جگە لە گومان و ئێوە هیچ شتێکی تر ناکەن مەگەر ئەوە نەبێت کە درۆ دەکەن.**

**پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: واز لەکارێك بێنە کە گومانت لێی هەیە، کارێك بکە گومانت لێی نەبێت.[٤٨]**

## با هەر بەگومان بێت

**کاك زیاد ئاقوبانی بۆی گێڕامەوەو وتی:**

ڕۆژێکیان پێیان ڕاگەیاندم کابرایەکی هەژار و دەست کورت هەیە، ژیانێکی خراپ دەگوزەرێنێ و کەس نییە ئاوڕی لێ بداتەوە. منیش لەڕێی خۆمەوە بەرپرسێکی دەستڕۆیشتووی لەمەڕ خۆمانم دەناسی، لە دەرفەتێکدا چوومە لای، بارودۆخی ئەو کابرا فەقیرەم لای باس کرد بەڵکو بەپێی توانا دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکات، ئەویش خوا دەست بەباڵیەوە بگرێ قسەکەی لێ وەرگرتم و بڕە پارەیەکی باشی پێدام، منیش هەر لەوێ خستمە زەرفێکەوەو نەمکردەوە بزانم پارەکە چەندە و چەند نییە.

کە لەلای هەستام، ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی کارەکە دوا بخەم، چوومە ماڵی کابرای نەدار و بە ئەمانەتەوە زەرفە پارەکەم پێدا. کابرا بەم هەواڵە کۆڵێ کەیفساز بوو، ئەوەی من لەو کابرایەم بینی هەتا هەستام هەر دەیوت تۆ وابزانە حەجێکت کردوە، هەرگیز ئەو چاکەیەت لەبیر ناکەم و زۆریش منەتم پێیە.

پاش ماوەیەك برادەرێك هاتە لام، بۆی گێڕامەوە، وتی:

گومان بۆ مرۆڤ چەند خراپە، لەو ڕۆژانە سەردانی ئەو کابرا هەژارەم کرد کە تۆ ئەو پارەیەت بۆی بردبوو، کابرا بەگومانەوە باسی تۆی دەکرد، بەهەموو ئەقلیەتییەوە دەیوت گومانم لەو پارەیە هەیە کە بۆیان ناردووم، کێ دەڵێ پارەیەکی زۆرتر نەبووەو نەختێکی بۆ خۆی نەگێڕاوەتەوە؟ منیش هەر نەمکردە نامەردی، پێی هەڵشاخام و بە تووڕەییەوە پێموت ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ دەبوو گومانت لەهەموو کەسێك بکردایە، گومانت لە کاك زیاد نەکردایە، چونکە من باش دەیناسم و دەزانم چ پیاوێکە، ئەوەی

---

[٤٨] **–قال(ﷺ) :دع ما یریبك الا ما لا یریبك**

حیسابی بۆ نەکات پارەیە، کابرا پیاوەتی لەگەڵ کردووی، ئەگینە بۆ تۆ نەدەچووە بەر قاپی ئەم و ئەو ، خۆ ئەگەر بێ ویژدانی بکردایە، کێ دەیزانی دەیتوانی هەموو پارەکە بخوات و هیچیشت نەداتێ.

منیش پێموت من ئەم کارەم لە پێناوی خوا کردووە، گەردنی خۆش و ئازابێ، با هەروا بەگومان بێ و وا تێ بگات.

## هەرگیز بەگومانەوە قسە مەکە

**پێغەمبەرمان (ﷺ) پێمان رادەگەیەنێ پیاوێك ویستویەتی بەنهێنی سەدەقەیەك بکات کە خوا نەبێت کەس پێی نەزانێ، چونکە سەدەقەی نهێنی ئاگری تووڕەیی خوا خامۆش دەکات، هەروەها سەدەقەی نهێنی چاکترە لە سەدەقەی ئاشکرا.**

**لە شەودا ئەو کابرایە دەڕوات دەگەڕێت بەشوێن کەسێکدا کە سەدەقەکەی بخاتە دەست، پیاوێکی دییەوە وایزانی هەژارە، ئەو ماڵەی دەیویست بیکات بەخێر، خستیە دەستی یەوە، ئەو پیاوە پیاوێکی دز بوو، بۆیە بەیانی خەڵك کەوتنە باسکردنی ئەوەی کە خێرخوازێك سەدەقەکەی خستۆتە دەستی پیاوێکی دزەوە.**

**ئەو دزە باسی ئەوەی دەکرد کە شەو لەگەڵیدا کراوە، ئەو جۆرە خەبەرانە لەشوێنە بچووکەکاندا زۆر بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە، ئەم قسەیە گەیشتە دەم ئەو پیاوەی خێرەکەی کردبوو لەو کەسانەوە کە ئەو باسەیان دەگێڕایەوە بێ ئەوەی بزانن خاوەنەکەی کێیە، ئەوە دڵگرانی کرد بۆیە وتی خوایە سوپاس بۆ تۆ خێرم بەدز کردووە، هاتە سەر ئەوەی بۆ شەوی داهاتوو خێرکردنەکەی دووبارە بکاتەوە، چونکە وایدەزانی ئەو خێرە بەفیڕۆ رۆیشتووە لای پەروەردگاری و شوێنی خۆی نەگرتووە ، شەوی دووەم چووە دەرەوە دوای ئەوەی تاریکی دونیای داگرت، سەدەقەکەی خستە دەستی ئافرەتێکەوە وای دەزانی هەژارە، بەڵام ژنێکی داوێن پیس بووە. کە رۆژ بووەوە خەڵکەکە وەك چۆن باسی دزەکەیان کرد، بەو شێوەیە باسی ئەویشیان کردو ئەو دەنگوباسە بڵاو بووەوە**

تا گەیشتەوە بەخاوەنەکەی، ئەویش زۆر سەری سوڕماو دڵگران بوو، بۆیە هەر ئەو قسەیەی کردەوەو وتی خوایە سوپاس بۆ تۆ خێرم بەداوێن پیس کردووە.

وتی دەبێ جاری سێیەم سەدەقەکە بکەمەوە بەئومێدی ئەوەی ئەمجارەیان پاداشتم دەست بکەوێ، شەوی سێیەم خێرەکەی کردە دەستی پیاوێکی دەوڵەمەندەوە، دەبێ تۆ وێنای غەم و پەژارەی ئەو پیاوە بکێشی کە چەندە بووە، بەهۆی ئەوەوە خێرەکەی نەپێکاوە، هەروەها شێوەی ئەو رووداوە بخەرە دڵتەوە کاتێ ئەو پیاوە بەدڵگرانی و سەرسوڕمانەوە بەپەروەردگاری خۆی دەڵێ خوایە سوپاس بۆ تۆ، شەوێك بۆ دزێك و شەوێك بۆ داوێن پیسێك و شەوێك بۆ دەوڵەمەندێك!

ئەو پیاوە نەیدەزانی خوای گەورە پاداشتەکەی بۆ نووسیوە، چونکە هەر کەس ماڵێك لەڕێی خوادا سەرف بکات، خوای گەورە پاداشتەکەی بۆ دەنووسێت، ئەگەر خێرپێکراوەکەش شایستەی خێر پێکردن نەبێت.

کەسێك هاتە خەوی پێی راگەیاندو مژدەی پێدا کە خوای گەورە سەدەقەکەی وەرگرتووەو پاداشتی لەسەر داوەتەوە، هەروەها ئەو حیکمەتە گەورەیەشی پێ وت کە لەدوای ئەو سەدەقەیە کە داوێتی بەو سیانە، لەوانەیە دزەکە بە سەدەقەکە دڵی نەرم بێت، هەروەها داوێن پیسەکە دڵی نەرم بێت و لە زینا دوور بکەوێتەوە، هەروەها لەوانەیە پاڵ بە دەوڵەمەندەکەوە بنێت لەڕێی خوادا ماڵ ببەخشێ و چاو لەو پیاوە بکات کە بەو شەوە بێ ئەوەی کەس ببیبینێ خێر دەکات بەئومێدی پاداشتی خوایی یەوە.[٤٩] کەواتە هەر کارێکت بینی، هەر قسەیەکت بەر گوێ کەوت، ئەو راستیە بزانە کە هەموو شتێك دوو رووی هەیە تەنها هەقیقەت

[٤٩] – فەرمووده صەحیحەکان، نووسینی: د. عومەر سلێمان عەبدولڵا ئەشقەر، وەرگێرانی:حەمەئەمین ئەحمەد بەرزنجی، چ١، سلێمانی–٢٠٠٩، ل١٦٣–١٦٤

نەبێت، ئەگینە هەموو ئەو شتانەی دەیبینین رووی پێشەوەیەتی، کەس نازانێ لە پشتەوەی چ هەیەو چ باسە [50]

**دەگێڕنەوە** پسپۆری نەشتەرگەری بەپەلە گەیشتە نەخۆشخانە، بەخێرایی بەرەو هۆڵی نەشتەرگەری رۆیشت، لەبەر دەرگا تووشی باوکی منداڵەکە بوو کەوا بڕیارە نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدات، باوکەکە زۆر شپرزە بوو، کاتێك دکتۆری بینی، بەتورەییەوە وتی: ئەوە بۆ ئەوەندە دواکەوتی، ئەی نازانی ژیانی کورەکەم لە مەترسیدایە؟

دکتۆرەکە زەردەخەنەیەکی هاتێ و وەڵامی دایەوە: برای ئەزیزم ببوورە من لە نەخۆشخانە نەبووم، هەر کە هەواڵیان پێدام بە پەلە هاتم، ئێستاش تکایە ئارام بەرەوە و لێمگەرێ با کاری خۆم بکەم، دڵنیابە کوڕەکەت لە ژێر چاودێری خوای گەورە و دەستێکی ئەمینە.

تووڕەیی باوکەکە زیاتر بوو، وتی ئارام ببمەوە؟ تۆ چەند بێ بەزەییت، گەر ژیانی کوڕەکەت ئاوا لە مەترسی بوایە ئارام دەبوویتەوە؟ خوا لێت رازی بێت، گەر کوڕەکەم بمردبوایە چیت دەکرد؟

دکتۆرەکە زەردەخەنەیەکی هاتێ و وتی من ئەو قسەیەی خوای گەورە دەکەم ئەوانەی تووشی کارەسات دەبن، دەڵێن: ئێمە بۆ خواین و هەر بۆ لای ئەو دەگەرێینەوە [51]، ئایا

---

[50] - **دەگێڕنەوە**: لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانی، تورکێکی رەگەزپەرست هەبوو بۆ ئەوەی گومان لای غەیرە تورك دروست بکات بۆ ئەوەی خۆیان فێری زمانی تورکی بکەن، هەمیشە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، دەیوت ئەوەی زمانی تورکی نەزانێت، ناچێتە بەهەشت.

رۆژێکیان ئەو قسانەی لای کابرایەکی عەوامەی خواناسی بەساڵاچووی کورد کرد. کوردەکە بەبیستنی ئەم قسانە، دەستی بەگریان کرد. کابرای تورك پێی وت براکەم ئەوە بۆ دەگری؟ خۆ تۆ تورکیەکی باش دەزانی و چوونە بەهەشتت مسۆگەرە. کوردەکە پێی دەڵێ من خەمی خۆم نییە کە جگە لە زمانی کوردی، زمانی تورکی دەزانم، بەڵام خەمی گەورەم پێغەمبەرەی نازدارە، من بۆ پێغەمبەر دەگریم، چونکە ئەوەی من لە ژیاننامەی ئەو پێغەمبەرم بیستبێ، پێغەمبەر جگە لە زمانی عەرەبی، زمانی تورکی نەزانیوە.

[51] – موسڵمانانی پێشین، کاتێك شەوانە بەمەبەستی خەوتن چرایان دەکوژاندەوە، یان دڕکێك بەپێیان بچوبایە، یان ناخۆشیەکیان بەسەر بهاتایە، دەیانوت: ( انا لله وانا اليه راجعون)

مرۆڤی باوەڕدار چیتر هەیە بیکات؟ براکەم دکتۆر تەمەنی کەس درێژ یان کورت ناکات، ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین، بەڵام بارودۆخی ئەویش لە مەترسیدایە، ئەگەر شتێکیش روویدا، پێویستە بڵێی ئێمە هی خوداین و هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە، لەخوا بترسە، برۆ مزگەوتەکەی نەخۆشخانە و لەخوا بپاڕێرەوە گیانی کورەکەت رزگار بکات.

باوکی کوڕە بەگاڵتەجارییەوە سەری لەقاند و وتی: ئای ئامۆژگاری چەندە ئاسانە کاتێك بۆ یەکێکی دەکەیت پەیوەندی بەتۆوە نییە.

دکتۆرەکە چووە ناو هۆڵی نەشتەرگەری و نەشتەرگەریەکە چەند کاتژمێرێکی خایاند، پاشان دکتۆرەکە بە پەلە هاتە دەرەوە و بەباوکی منداڵەکەی وت نەشتەرگەریەکە سەرکەوتوو بوو، سوپاس بۆ خوا کورەکەت باش دەبێت، ئێستاش داوای لێبوردن دەکەم دەبێ بەپەلە برۆم و پەرستارەکە زیاترت بۆ باس دەکات.

باوکی منداڵەکە ویستی پرسیاری زیاتر بکات، بەڵام دکتۆرەکە رۆیشت، باوکەکە چەند خولەکێك چاوەڕێی کرد تا منداڵەکەی لەگەڵ پەرستارەکە بێتە دەرەوە، کە هاتە دەرەوە، باوکەکە وتی ئەم دکتۆرە لوت بەرزە کێیە؟ چەند خولەکێك چاوەڕێی نەکرد حاڵی کوڕەکەمی لێ بپرسم.

پەرستارەکە دایە پرمەی گریان و وتی کوڕی دکتۆر دوێنێ بەهۆی رووداوێکەوە گیانی لەدەستداوە، ئەو کاتەی تەلەفۆنمان بۆی کرد، ئەو خەریکی مەراسیمی ناشتنی کوڕەکەی بوو، بۆیە ئەو کاتێك هات، خەم و دڵتەنگی خۆی بەلاوەناو ئێستاش بەپەلە بوو تا زوو بگەڕێتەوە تازیەکەی[٥٢].

[٥٢] – دکتۆرە لوت بەرزەکە! گ: ژیار، ژ٣ ساڵی دووەم، زستانی ٢٠١٢، ل٣١

# بۆ خۆشنوودی دەروون، ببە هاوڕێی قورئان

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴾ الرعد: ٢٨

**واتە:ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو دڵ ودەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان و پەیامەکەی خوای پەروەردگار، ئاگاداربن دڵەکان هەر بە قورئان و یادی خواو (پابەندبوون بە ئاینەکەیەوە) خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە[٥٣]**

**هاوڕێیەتی بارێکی قورسە کەسێك لەئەستۆی دەگرێ کە دونیایەك وەفای هەبێت.**

خۆشنوودی مرۆڤ لەوەدایە ببێتە هاوڕێیەکی دڵسۆزو راستەقینەی قورئان و هەموو یاساو رێساکانی پیادە بکات و لە رووی هەڵسوکەوت و رەفتارو مامەڵەکردنەوە، رەنگدانەوەی دەنگی هەق و پەیامی پیرۆزی ئیسلام بێت.

هەموومان دوورو نزیك هاوڕێمان هەیەو لە روانگەیەکەوە هەڵمانبژاردون، جا بۆ بەرژەوەندی بێت یاخود خۆشەویستی. وەلێ دۆزینەوەی کەسی راستەقینە دەبێ وەکو مانەندی ئەو پیاوەبێ کە لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ) دا هاتووە: **پیاوێك سەردانی برادەرێکی خۆی کرد لە گوندێکدا، خوای گەورە فریشتەیەکی نارد بۆ سەر رێگاکەی و کاتێك هات بۆ لای، پێی وت بۆ کوێ دەچیت؟ ئەویش وتی بۆ لای برادەرێکم دەچم لەم گوندەدا. فریشتەکە وتی ئایا هیچ مافێکی دنیاییت بەسەرییەوە هەیە لێی وەرگریتەوە یان هیچ بەرژەوەندیەکت هەیە لەگەڵیدا پێی هەڵبستی؟ ئەویش وتی نەخێر، تەنها ئەوە نەبێت کە من لەبەر خوا خۆشم دەوێت.**

---

[٥٣] **–تەفسیری ئاسان**

**فریشتەکەش وتی من نێردراوی خوام بۆ لای تۆ هاتووم بۆ ئەوەی ئاگادارت بکەمەوە کەوا خواش تۆی خۆش دەوێت وەك چۆن تۆ لەبەر خاتری خوا ئەوت خۆش دەوێت.**

نمونەی وەفاداری زۆرە، جا وەفای  دنیایی بێت یا دوارۆژ

**مامۆستا فارس خەیلانی بۆی گێڕامەوە، وتی:**

مامۆستا محەمەدی مام دەرویش هەبوو، نموونەی ئەخلاق و ئەدەب بوو، بەیەکەوە لەیەك قوتابخانە مامۆستا بووین، ساڵی ١٩٩٣باری ئابووری زۆر خراپ بوو کە ئەو مووچە کەمەی لە حکومەت وەریدەگرت بەشی هیچی نەدەکرد، رۆژێکیان پێموت تۆ بەناوە پێشمەرگەی شۆرشی گوڵانی و بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کاك زەعیم عەلی لە ناخۆشی و کاتەکانی تەنگانەدا بەیەکەوە بوون، ئەو ئێستا وەزیری پێشمەرگەیە، بۆچی ناچیتە سەردانی بەڵکو ئاورێکت لێ بداتەوە و یارمەتیەکت بدات؟ وتی بڵێم چی، بەڵام چوونە لای پارەی دەوێ، منیش یەك دینارم نییە سەیارەی پێ بگرم. پێموت هاتوچۆیەکە چەندی دەوێ؟ وتی بیست دینار. منیش دەستم نایە باخەڵم و هەندێ پارەم بۆی دەرکرد و بۆیم راگرت فەرموو ئەوە پەنجا دینار.

ئەویش پارەکەی لێوەرگرتم و رۆژی پاشتر گەڕایەوە قوتابخانە، هاتە لام، وتی مامۆستا من دوێنێ بەیانی زوو لەماڵەوە دەرچووم و چوومە مەسیف سەلاحەدین، خۆم گەیاندە وەزارەتی پێشمەرگەو چوومە لای مامۆستا عەبدوڵلا کە سکرتێری زەعیم بوو، من و کاك عەبدوڵلا کاتی خۆی بۆ ماوەیەك بەیەکەوە پێشمەرگە بووین، پێی وتم ئەوە خێرە ئەوها زوو هاتووی؟ وتم دەزانم دەوام سەعات نۆ دەست پێ دەکات، بەس حەزم کرد زوو ناوی خۆم بنووسم بۆ ئەوەی زوو بچمە لای. بەرە بەرە خەڵکێکی تر  هاتن، ئەویش کەوتە نووسینی ناوەکان ، من یەکەم ناو بووم کە بچمە ژوورەوە. کاتێك زەعیم هات نازانم منی بینی نەبینی، سەلامێکی کرد و چووە ژوورەکەی خۆی، مامۆستا عەبدولا یەك دوو جار چووە ژوورو هاتەوە، بەپێی ئەو لیستەی ناوەکانی تێدا نووسی بوو، لە دووەم ناوەوە دەستی پێ کرد، وردە وردە ناوەکانی تری دەخوێندەوەو دەیناردنە ژوورەوە، سەرسام بووم، کە پرسیم مامۆستا ئەوە مانای چییە؟ لەکاتێکدا من یەکەم کەس هاتوومەتە ئێرەو

کەچی ئەوانەی دوای من هاتوون وا هەموویان بەڕێ دەکەی، ناکا ناوی منت پێی نەدابێ؟
وتی ناوەکەتم پێیدا، بەڵام پێی وتم با جارێ دانیشێ! منیش دانیشەو دانیشە، بووە سەعات یازدەی نیوەڕۆ، هەر بانگی نەکردم، تەواو بێزار ببووم، پێموت ئەرێ بڕۆم یان نا؟ کاتێك چووە ژوورو هاتەوە، وتی دووبارە پێیموت، هەر دەڵێ با جارێ دانیشێ. منیش پێموت ئێستا بڕۆم یان نەڕۆم؟ وتی وەڵاهی نەیوت بڕۆی و نەیشی گوت مەڕۆ،، تۆش کەیفی خۆتە، بەڵام پێم باشە دانیشی.
کات بووە یەکی پاش نیوەڕۆ، چەند جارێکی تر چووە ژوورو هاتەوە، تەنانەت ئەوەی لەوێ مابۆوە، تەنها من بووم، هەستم بە بێ تاقەتیەکی زۆر کرد، کاتێك پێی وتم فەرموو ئەوە دەڵێ با بێتە ژوورەوە. بەم هەواڵە هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو ڕاست بوومەوە، هەنگاومناو چوومە ژوورەوە، لە پشت دەرگاکە بوو، منی لەباوەشی خۆی گرت و بەرزی کردمەوەو دوو سێ جار سووڕاندمی و ماچی کردم، دواتر بەرامبەر یەك دانیشتین، وتی مامۆستا محەممەد چۆنی؟ وتم زۆر خراپم. وتی یاخوا موستەهەقت بێ، ئێ وەزع و ئومورت چۆنە؟ وتم لەوپەڕی خراپیدام. وتی یاخوا موستەهەقت بێ، ئێ ژیان و گوزەرانت چۆنە؟ وتم هەرچەندی بڵێی خراپم. وتی یاخوا موستەهەقتبێ. ئەو قسانەی کاك زەعیم هێندەی دیکە بێزاری کردم، ئەوجا وتی دەزانی تۆ لای من چەندە ئەزیزو خۆشەویستی، ئەوە لەبەرچی وات لەخۆت کردییە ژیان و گوزەرانت وایلێبێ؟ ئەی بۆچی زوو نەهاتیە لام؟ ئەی من و تۆ لەڕۆژانی شۆڕش بەیەکەوە نەبوین؟ ئێستا چیت پێویستە؟ وتم هیچم نیە، هەموو شتێکم پێویستە. وتی باشە. لە پارچە کاغەزێکدا کۆمەڵێ شتی نووسی وەك سێ چوار تەنکە روون و سێ چوار فەردە نیسك و نۆك و ئاردو چی و چی، لەگەڵ پێدانی بڕە پارەیەکی باش. ئەوجا کاغەزەکەی پێدام، وتی بڕۆ ئەو کاغەزە ببە لای مامۆستا عەبدوڵلا بۆ ئەوەی شوێنەکەت نیشان بدات و هەر لەبەیانیەوە وەرە لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا لەلای من دەوام بکە.من هەر وامدەزانی گاڵتەم پێ دەکات، کاغەزەکەم لێی وەرگرت و دوعاخوازیم لێی کرد، چوومە لای مامۆستا عەبدوڵلا، وتی ها چیت کردەوە؟ کاغەزەکەم پێی نیشانداو وتم ئەوها دەڵێ. لەگەڵم هات، سەیارەیەکی بۆ بەکرێ گرتم و

منی بردە کۆگاو هەموو ئەو شتانەیان بۆ خستمە ناو سەیارەو لەگەڵ وەرگرتنی مەبلەغێك پارە، بەکەیفخۆشی گەڕامەوە ماڵ، وامدەزانی خەون دەبینم، نەمدەزانی ئەو هەموو شتە لەکوێ دانێم؟ ئێستاش داوای لێبوردنت لێ دەکەم ئەو ئێوارەیە پێم نەکرا بێمە لات، وتم دەی بەیانی هەر دێمە قوتابخانە و لەوێ قسەکانی بۆ دەگێڕمەوە.

ئەوە مشتێکە لە نموونەی وەفاداری، کە مرۆڤ هاوسەنگەر و هاوڕابوو نەك لە شێنەیی، بگرە لە رۆژە ناخۆشەکان و تەنگانەشدا بەفریاو هاواری برادەری خۆی دێ و پشتی تێ ناکات و ئەو رۆژانە بەرز دەنرخێنێ کە لەگەڵی بووە.

هاوڕێی قورئان هەمیشە خۆپارێزە لە گەورەترین شت تا بچووکترین شت و تۆزقالێك سەرپێچی فەرمایشتەکانی خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی ناکات، بۆیە لەهەر شتێك بکەوێتە گومان، لێی دوور دەکەوێتەوە، چونکە دەزانێ ئیمان چییە لەکاتێکدا دەروونی دامەزراو و تێنووی لە کانی فەرموودەکان تێر ئاو دەکات.

**پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێت: مژدە بدە بەوانەی لە تاریکاییەکاندا دەچن بۆمزگەوتەکان (واتە بۆ نوێژی عیشاو بەیانی) بە رووناکیەکی تەواو لە رۆژی قیامەتدا.**[٥٤]

نموونەی هاوڕێیەتی تەواو وەکو ئەو کابرا نابینایەی شاری هەولێرە کە هەموو نوێژەکانی بە جەماعەت دەکرد، ئەوەتا لە زوبانی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێت: رۆژێکیان ماڵەوەمان هەموویان بەسەفەر دەرچوون، من حەزم نەکرد لەگەڵیان بڕۆم بۆیە بەتەنیا مامەوە، نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشام بەبێ کێشە بەجێ گەیاند، ئەوەی مایەوە نوێژی بەیانی بوو، کاتێك مەلا بانگی دا، لەخەو هەستام ، دەستنوێژێکی پوختم گرت، ئەوەی بۆ من ناخۆش بوو، کەس لە منداڵەکانم لەماڵەوە نەبوون دەستم بگرن و بمبەنە مزگەوت، نوێژی بەیانی کاتێك بوو کەس لەو کۆڵانەی گەڕەکەکەمان نەدەهاتە مزگەوت و هەر لە ماڵەوە نوێژەکەیان دەکرد، ترسم لێ نیشت بەم کاتە کە

[٥٤]– عن بريدة (رضي الله عنه) عن النبي(ﷺ) قال: بشر المشائين في الظلم الى المساجد بالنور التام يوم القيامة) صحيح ابوداود(٥٦١) والترمذي(٢٢٣)

کەس لەدەرەوە نیە دەستم بگرێ ئیدی چۆن بگەمە مزگەوت و نوێژەکەم بە جەماعەت بکەم، ختورەی ئەوەم بەمێشك داهات نوێژەکە لەماڵەوە بکەم، چونکە ئەوەندەی بیرم هێناو برد، نەمدەزانی چۆن رێ دابگرم و بگەمە ئەو شوێنە، دڵیشم بەوە مورتاح نەبوو نوێژەکە بەکۆمەڵ نەکەم. شەیتانم بەنەعلەت کرد، غیرەتمدایە بەرخۆو بەسەر خۆمدا زاڵ بووم کە هەرچیەك ببێ و هەرچییەك رووبدات، هەر دەبێ نوێژەکەم بەجەماعەت بکەم. هەنگاومنا، بەپێی هەست و نەست و خواستی خۆم کەوتمە رێ، توانیم بگەمە مزگەوت و نوێژەکە بکەم، هەستم بە خۆشحاڵیەکی زۆر کرد، ئەوجا هێدی هێدی توانیم بگەڕێمەوە ماڵ و کاتێك چوومە سەر جێیەکەم و راکشام، خەوم لێ کەوت، خەونم بە پێغەمبەر (ﷺ)ەوە بینی، لەو خەوەدا پێی وتم مزدەت لێبێ، ترسی قیامەتت لەسەر لاچوو.

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: حەڵاڵ دیارە و حەرام دیارە، لەنێوانیاندا چەند شتێکی گومان لێکراو هەیە زۆربەی خەڵك نازانن، ئەوەی خۆپارێزی لەوانە بکات پاکانەی بۆ ئایین و نامووسی خۆی کردووە، ئەوەی بکەوێتە ناو گومانلێکراوەکانەوە، کەوتۆتە ناو حەرامەوە، وەکو شوانێکە لەدەم پاوانێ پەز بلەوەڕێنێ و بکەوێتە ناویەوە، هەموو پاشایێ شتی وای هەیە نابێ خەڵکی لێی نزیك ببنەوە، شتە پارێزراوەکەی خوایش حەرامەکانە کە نابێ تخونی بکەون، لە لەشی مرۆڤدا پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر ئەو چاك بوو هەموو لەش چاك دەبێ، ئەگەر خراپیش بوو هەموو لەش خراپ دەبێ، ئەویش دڵە.**[٥٥]

[٥٥] – قال (ﷺ):ان الحلال بين، وان الحرام بين وبينهما أمر مشتبهات لا يعلمهن من الناس، فمن اتقى الشبهات استبرأ لدينه و عرضه، ومن رفع في الشبهات وقع في الحرام، كالراعي يرعى حول الحمى يوشك ان يرتع فيه، ألا وان لكل ملك حمى، ألا وان حمى الله محارمه، ألا وان في الجسد مضغة اذا صلحت الجسد كله واذا فسدت فسد الجسد كله–وهي القلب. متفق عليه، جامع الاصول، ج١،ص١٧٩

**هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە: ئیمان حەفتا و ئەوەندە یا شەست و ئەوەندە بەشە، گەورەترینیان وتنی شایەتومانە، بچوکترینیان لابردنی کۆسپێکە لەسەر رێگایەك، شەرم و حەیاش بەشێکە لە ئیمان.**[56]

دەوترێ: رەوشت مرۆۋ دەناسێنێ، نەك جل و بەرگ، کفنیش بێ گیرفانە.

دەرهاویشتەکانی شەرم[57] گەلێك زۆرە، شەرم، بە واتا گشتیەکەی ئادابە جوانەکان دەگرێتەوە، لەوانە:

***شەرم وا لە مرۆۋ دەکات بۆ هەر قسەیەك بیکات، بە ئەدەبەوە زمانی بگەرێنێت:**

کاتێك پرسیار لە ئیمامی عەباس دەکەن ئایا لە رووی تەمەنەوە تۆ لە پێغەمبەر(ﷺ) گەورەتری یان ئەو لە تۆ گەورەترە؟

لەوەلامدا دەڵێت ئەو لە من گەورەترە، بەلام من پێش ئەوە لەدایك بووم.

***شەرم وا لە مرۆۋ دەکات خۆی بە خاوەنی کێشەکان بزانێت:**

**پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ: ( الدال على الخير كفاعله)[58] واتە: کەسێك رێنیشاندەربێ بۆ کاری چاکە، وەك ئەوە وایە کە کردبێتی.**

مامۆستایەکی ئایینی بۆی گێرامەوە، وتی:

**پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێ: ناچێتە بەهەشت ئەوە کەسەی دراوسێکەی لە شەرو خراپەی ئەمین نەبێت**[59]

**[56] – عن ابي هريرة(رضي الله عنه)قال: قال رسول الله(ﷺ): ( الايمان بضع و سبعون– او: بضع و ستون– شعبة، فافضلها قول لا اله الا الله، وادناها اماطة الاذى عن الطريق، والحياء شعبة من الايمان).(بخاري/ الايمان/ امور الايمان/٩)**

**[57] –شەرم وەکو چەمك ئەوانە لە خۆ ناگرێ کە مرۆۋ پرسیارێکی هەبوو، دەمی خۆی کلۆم بدات و پرسیار نەکات.هەروەها ئەگەر ستەمی لێکرا یان هەقی بەسەر کەسێکەوە هەبوو، شەرم بکاتە بەهانە تا لە ئاستیدا بێدەنگی بنوێنێ و داوای هەقی خۆی نەکات.**

**[58] – السلسلة الصحيحة: ١١٦٠**

**[59]– عن ابي هريرة(رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ)قال: لا يدخل الجنة من لا يأمن جاره بوائقه(بخاري/ اثم من لامن جاره/٥٦٧٠)**

کاتێك ماڵمان بۆ یەك لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر گواستەوە، دوو ماڵە دراوسێمان هەبوو، ژنەکان رۆژ نەبوو لەسەر جۆگەی ئاوی بەر دەرگا، قسەو جنێوی پیس و ناشیرین بەیەك نەدەن، شەرم بەجۆرێ لە رەنگ و رووخساریان بەدی دەکرا، هیچ حیسابێکیان بۆ ئەو خەڵکەی دەوروبەریان نەدەکرد و پیاوەکانیش هەر یەکە بەرگری لە ژنی خۆی دەکرد.

بیرم کردەوە چۆن ئاوێك بەو ئاگرە دابکەم و ئەو کێشەیە چارەسەر بکەم، قۆڵی خۆمم لێ هەڵماڵی، هەموو بەیانیەك، دوای نوێژ، هێشتا کەس لە دەرەوە نەبوو، بەبێ دەنگی دەچووم لە سەرەوە تا خوارێ بەجوانی جۆگەلە ئاو و پیسایی ئەو دەوروبەرەم خاوێن دەکردەوە.

هەستم راگرت ئەو هات و هاوارەی چەند رۆژە دامرکابۆوە، ژنەکان قاو و قیژەیان نەما، تەنانەت بەجۆرێ کەوتبوونە دەریای گومانەوە، ئەم وایدەزانی ئەو خاوێنی کردۆتەوە و ئەویش وایدەزانی ئیشی ئەویترە.

کاتێك بینیان ئەوەی ئەم کارە دەکات منم، هەردوو لا شەرم دایگرتن، شەرمیان لەخۆ کردەوە شوورەییە بۆ ئێمە، چۆن دەبێ مامۆستایەکی ئایینی بەڕێز ئەو ئیشە بکات. هاتنە لام، شەرمەندەو خەجاڵەتی خۆیان دەربڕی، منیش هەموو ئەو فەرموودانەی پێغەمبەرم بەبیر هێنانەوە کە باس لە فەزڵ و گەورەیی دراوسێ دەکات. سوپاس بۆ خوا لەو رۆژەوە تا لەو گەڕەکە بارم کرد، جارێکی تر گوێم لە هات و هاواری ئەو دوو ماڵە نەبۆوە.[٦٠]

---

[٦٠]- کاك عەبدوڵڵای مەلا عوبێد قەرەناوی پێش ئەوەی خانەنشین بکرێ، لەگەڵ هاوڕێیەکی بەیەکەوە لە دائیرەی ئیشغالی کەرکوك کاریان دەکرد، ئێوارەیەکیان هاوڕێیەکەی بە پەڕۆ و بالینگان سەر قەروێڵەکەی کاك عەبدولاَ وەها تاوتوێ دەکات و نوێنی لەسەر رادەخات وەك ئەوەی مرۆڤێك لەسەر قەروێلەکەی راکشابێ و بەتانی بەخۆی دادابێت، کاتێك کاك عەبدولاَ دێتەوە و ئەو شتە دەبینێ، بەدەنگێکی نزمەوە لەهاوڕێکەی دەپرسێ ئەوە چییە؟ ئەویش دەڵێ بەم ئێوارەیە کابرایەکی رێبوار لایدایە ئێرە و منیش نایناسم گەلێك هیلاك و ماندوو دیاربوو، کە نانەکەی خوارد یەکسەر چووە سەر جێیەکەت و لێی نووست.

***شەرم وا لە مرۆڤ دەکات، فێری رێز وئەدەب و ئاکاری بەرزبێت:**

**عەبدوڵلای کوڕی عومەر(رضي الله عنه) لە پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم)خوا بۆمان دەگێرێتەوە: سێ کەسی کۆچەر بەڕێگادا دەڕۆیشتن، باران لێی داکردن و ناچاریکردن پەنا بەرنە بەر ئەشکەوتێك، کە لەو کاتە بەردێك لە شاخەکە بەردەبێتەوە و دەرگای ئەشکەوتەکەیان لێ دەگرێ، لەناو خۆیاندا بەیەکتر دەڵێن هیچ شتێك رزگارمان ناکات لەم بەردە جگە لە داواکردن لەخوا بەچاکترین ئەو کردەوانەی لەپێناوی خوا ئەنجاممان داوە.**

**یەکەمیان وتی پەروەردگارم، دایك و باوکێکی بەسالآچووم هەبوو ئێواران لەشوانی دەهاتمەوە کە ئاژەڵەکانم دەدۆشی پێش ئەوەی شیرەکەیان بدەمە منداڵەکانم، بەدایك و باوکم نۆش دەکرد، رۆژێکیان بەهۆی دوورکەوتنەوەم و سەرقاڵ بوونم، لە هاتنەوەم درەنگ کەوتم، کەهاتمەوە وەك رۆژانی پێشوو ئاژەڵەکانم دۆشی، بەڵام بینیم هەردووکیان خەوتوون، حەزم نەکرد پێش ئەمان بیدەمە مناڵەکانم، حەزیشم نەدەکرد لەخەو هەڵیانسێنم بۆیە چاوەڕوان بووم لەخەو هەڵسن، تا بەرە بەیان بەکاسە شیرەکەوە بەسەر سەریانەوە راوەستام، جا پەروەردگارم ئەگەر من ئەو کارەم لەبەر خاتری رەزامەندی تۆ ئەنجامداوە ئەوا لە میحنەتی ئەم بەردە رزگارمان بکە. بەردەکە جوولا و هەندێك لەدەرگای ئەشکەوتەکە کرایەوە بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی بتوانن لێوەی بچنە دەرەوە.**

**دووەمیان وتی پەروەردگارم، من ئامۆزایەکم هەبوو لە هەموو کەس زیاتر خۆشم دەویست، داوامکرد رێگەم بدات کاری ناشەرعی لەگەڵ بکەم، رێگەی نەدام، ساڵێکیان برسێتی زۆری بۆ هێنا و هاتە لام، منیش هەندێ پارەم پێیدا**

---

کاك عەبدوڵلا وایزانی هەر بەڕاستی ئەوە کەسێك لەسەر جێیەکەی نووستووە، حەزی نەدەکرد دەنگی بەرز بکاتەوە نەوەکو خەبەری بێتەوە، بۆیە خۆی بێدەنگ کردو بەهێواشی چوو لەسەر زەویەکە بەتانیەکی راخست و تا بەیانی لەسەر زەویەکە نووست. بەیانی کاتێك هاوڕێکەی ئەو سوعبەتەی لا ئاشکرا دەکات، عەبدوڵلا سەری بۆ دەلەقێنێ و هیچ قسەیەك ناکات.

**بەمەرجێ رازیبێ کاری ناشەرعی لەگەڵ بکەم، ئەویش لەبەر پێویستی بەو کارە رازی بوو، کاتێك ویستم ئەو کارەی لەگەڵ ئەنجام بدەم پێی وتم لەخوا بترسە و ئەو کارەم لەگەڵ ئەنجام مەدە بەڕێگەیەکی شەرعی نەبێت. قسەکەی کاری تێکردم سەرەڕای ئەوەی لە هەموو کەس زیاتر خۆشم دەویست، وازم لێی هێنا و پارەکەیشم لێی نەسەندەوە، جا پەروەردگارم ئەگەر من ئەم کارەم لەبەر خاتری رەزامەندی تۆ ئەنجامداوە ئەوا لە میحنەتی ئەم بەردە رزگارمان بکە. هەندێکی تر بەردەکە جوولا و بەڵام هێشتا ئەوەندە نەبوو لێوەی بێنە دەرەوە. سێیەمیشیان بەهەمان شێوە باسی ئەمانەتداریێتی خۆی کرد لەگەڵ کرێکارێکدا کە چۆن مافەکەی نەخواردووە و بۆی پاراستووە و مامەڵەی پێکردووە هەروەکو ئەوانی تر وتی جا پەروەردگارم ئەگەر من ئەم کارەم لەبەر خاتری رەزامەندی تۆ ئەنجامداوە ئەوە لە میحنەتی ئەم بەردە رزگارمان بکە. بە پاڕانەوەی سێیەمیان بەردەکە بەتەواوی لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکە لاچوو، بە پاڕانەوەکەیان پەروەردگار لەو میحنەتەی رزگار کردن.[٦١]**

هاوڕێ دەمراست و چاوساغی هاوڕێیە بەهەردوو دیوی چاکە و خراپە. هاوڕێ هەیە هاوڕێکەی بەرەو هەڵدێرو زەلکاوی گومڕایی و لەڕێ لادان دەبات کە گلۆڵەی کەوتە لێژێ، خۆی لێ بەدوور دەگرێ و نایناسێ، کەچی هاوڕێی راستەقینە فریادرەس و پیاوی تەنگانەیە لە ناخۆشیەکان پشتی بەر نادات و دەستی دەگرێت، تەنانەت لە شێنەییدا چۆنی دەبینی، بەهەمان سیماو رەنگ و روخسارەوە لە رۆژە شوومەکان دەیبینێتەوە، ئەوەش ئەو سیفەتانەیە کە ئیسلام داوامان لێ دەکات. بۆیە ئەگەر کەسێکت بەهاوڕێی خۆت هەڵبژارد، دەکرێ لە چەند روویەکەوە بیخوێنیتەوە، چونکە

**- پیاو هەیە دەزانێ و دەزانێ کە دەزانێ ئەوە پرسیاری لێ بکە**

**- پیاو هەیە دەزانێ و نازانێ کە دەزانێ ئەوە لەبیری چۆتەوە بیری بخەرەوە**

**- پیاو هەیە نازانێ و دەزانێ کە نازانێ ئەوە رێی پیشان بدە و فێری بکە**

---

[٦١] - اخرجە البخاری و مسلم

**پیاو هەیە نازانێ و نازانێ کە نازانێ ئەوە نەفامە و لێی دووری کەوە.**

## مەبە برادەری شەیتان

**ئەنەسی کوڕی مالك (ﷺ)دەڵێ پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرمووێ: رق لە یەکتری هەڵمەگرن، ئیرەیی بەیەکتر مەبەن، پشت لە یەکتر مەکەن، بەندەی خواو برابن، رەوا نییە بۆ موسڵمان زیاد لە سێ رۆژ واز لە براکەی بهێنێت و قسەی لەگەڵ نەکات.[٦٢]**

**ئیمامی عەلی (ﷺ)دەفەرموێ:ئەگەر شەو کەسێکتان بینی خەریکی گوناهێك بوو، بەیانی بەهەمان چاو سەیری مەکەن، چونکە لەوانەیە بەیانی تەوبەی کردبێت و تۆ نەیزانی.**

رۆژێکیان گەنجێك هاتە لام، گلەیی لە بەخت و ناوچەوانی خۆی دەکرد، دەیوت من وەها سەرم لێ شێواوە وەکو ئەوەی سیحرو نوشتەم لێکرابێ، نازانم بۆچی ئەو شتەی خوا پێی ناخۆشە ئەوە دەکەم، چارەم چییە لە کاتێکدا هەست بە دڵتەنگی و بێ خولقی زۆر دەکەم و هیچ شتێك دڵخۆش و ئاسوودەم ناکات؟

لەوەلامدا پێموت سەرەتا پێمبڵێ هاوڕێکانت کێن؟ کارو پیشەیان چییەو بەیەکەوە چی دەکەن؟ئەویش یەکە یەکە ناو و کارو پیشەی هاوڕێکانی بۆ باس کردم و دوا شت وتی ئەوانە بەشێکیان ئارەقخۆر و ئەوانیتر قومارچین.

بەدەم زەدەخەنەوە پێموت تۆ برادەری شەیتانی، تاوەکو رێ و شوێنی ئەوانە بگری، حاڵت لەوە باشتر نابێ، چارەسەریش تەنها ئەوەیە ببیتە هاوڕێی قورئان.

وێڕای بەگوێدادانی کۆمەڵێك ئامۆژگاری، داوام لێیکرد بەهەر بیانوو و پاساوێکەوە بێت بەرە بەرە خۆی لەو برادەرانەی بەدوور بگرێ. ئەویش هەر بەراستی بووە هاوڕێی قورئان، لەو ساڵانە چووە ماڵی خوا و ئێستا بووەتە کەسێکی خواناس. کاتێك یەکتر دەبینین، هەر لە دوورەوە دەڵێت:﴿ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ﴾ الرعد: ٢٨

---

[٦٢]- **عن انس بن مالك(ﷺ): أن رسول الله(ﷺ)قال: ( لا تباغضوا، ولا تحاسدوا، ولا تدابروا، وكونوا عبادالله اخوانا. ولا يحل لمسلم أن يهجر أخاه فوق ثلاث).(بخاري/ الادب/٥٧١٨).**

**دکتۆر موحەممەد ئەلعورەیفی دەڵێت:**

ڕۆژێکیان ئافرەتێك هاتە لام و پێیوتم مامۆستا گیان هەست دەکەم سیحرم لێکراوە هەر بۆیە ناتوانم شوو بکەم.

منیش لەوەڵامدا پێموت من چارەسەرێکم لەلایە بەڵام ئارامگری تۆی دەوێ.

پێیوتم بێگومان ئارام دەگرم.

منیش پێموت سوێند بەخوا من ئەو چارەسەرەت پێ دەڵێم هەرچەندە سیحرت لێ کرابێ، تۆ شوو دەکەی.

کە پرسی چۆن؟

وتم (حسبی الله ونعم الوکیل) ئەوە زۆر دووبارە بکەوەو بڕوات پێی هەبێت.

هەر دکتۆر محەممەد ئەلعورەیفی دەڵێت: سوێند بەخوا دوای مانگێك ئەو ئافرەتە قسەی بۆ کردم و وتی ئەی شێخ موژدەبێ من مارەکراوم و بەم زووانە دەگوازرێمەوە.

وتم چۆن؟

وتی: تەنها (حسبی الله و نعم الوکیل)م دووبارە کردۆتەوە.

## ویژدان، دەروونی مرۆڤ دەهەژێنێ

**ئیمامی عەلی (رضي الله عنه)دەڵێت: لە دنیادا ڕەزیل وەکو هەژار دەژێت و لە قیامەتیشدا حیسابی دەوڵەمەندی لەگەڵ دەکرێ.**

کابرایەکی چاوچنۆك و قرچۆکی دەوڵەمەند هەبوو، ماڵ و سامانەکەی توند گرتبوو، کەس خێری لێ نەدەبینی و هیچی لەدەست نەدەبۆوە. ماڵە دراوسێیەکی هەژارو نەداریان هەبوو ڕۆژێك لە ڕۆژان بەخەیاڵی دانەدەهات ئاوڕێکیان لێ بداتەوەو یارمەتییان بدات.

ڕۆژێکیان چووە بازارو هەندێ گۆشتی کڕی و بەرەو ماڵ شۆڕ بۆوە، ماڵە هەژارەکە منداڵێکی پاچەڕۆکەیان هەبوو کە چاوی بەو گۆشتە کەوت، وتی دایە گیان بۆچی گۆشتمان بۆ ناکڕی؟ ئەها ئەو کابرایە ئەو گۆشتە زۆرەی پێیە، دەی پێی بڵێ بایی دوو تیکە گۆشتمان بداتێ؟ دایکی پێی وت (ان شاء الله) بۆتان دەکڕم. منداڵەکە وتی دایە

گیان من لەوەتەی بەبیرم دێ تۆ ئەو قسانەمان بۆ دەکەی و هیچیشمان نەدی، توخوا پێی بڵێ هەندێکمان گۆشتمان بداتێ. ئەویش وتی: کوڕم عەیبە قسەی وا مەکە.

کابرا بەم قسانە لەجێوە تاسا، قەت ئەوەندە دڵی نەرم نەبووە چووە لای منداڵەکە و دەستی بەسەر سەری داهێنا و گۆشتەکەی بۆ ڕاگرت، وتی فەرموو بڕۆ نۆشی گیانی کە.منداڵەکە گۆشتەکەی لەدەست وەرگرت و دەستی بەپێکەنین کرد، دایکەکە لەجێوە فرمێسک لەچاوانی داباری.

کابرا ئەو شەوە بەبێ ئەوەی بیر لەو خێزانە بکاتەوە، خەوی بینی، لەوخەوەدا ئەو منداڵە دەستی گرت و وتی وەرە خاڵە گیان تۆئەمرۆ منت تێر کرد خوای گەورە خانوویەکی گەورەی لەبەهەشت بۆ دروست کردووی، وەرە بابچین خانووەکەت پێ نیشان بدەم. بەیەکەوە هەر ڕۆیشتین و هەر نەگەیشتین. کاتێك لەخەو هەستا، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و بۆ شەوی دواتر دووبارە ئەو منداڵەی هاتەوە خەونی، پێی وت خاڵە گیان ئەو خانووە بڕیاری تۆی دەوێ تا ئێستا بڕیارت نەداوە وەریبگری یان نا، کاتێك لەخانوویەکی وا جوان و شوێنێکی پڕ گوڵ و گولزار بوو، دوبارە لەخەوەکەی ڕابوو، لەبەر خۆیەوە وتی بڕیار؟ چ بڕیار؟نەیدەزانی مەبەستی ئەو منداڵە لەو بڕیارە چی بوو. دواجار بیری کردەوە کە وەرگرتنی ئەو خانووە بە چاکەو سەدەقە مسۆگەر دەبێت. لەو ڕۆژەوە دەستی خۆی کردەوە، بە ڕاست و چەپدا دەیبەخشی و کرێی خانوو و خەرجی ئەو خێزانەی لە ئەستۆ گرت ، کاتێك کابرا مرد. ژن و منداڵەکە بۆ پرسە و سەرەخۆشی چوونە لای ژنی کابراکە و منداڵەکە وتی من ئەمشەو لەخەونمدا خاڵەم بینی، پێی وتم: من بڕیاری کۆتایی خۆمدا و بانگیان کردم خانووەکەیان لەبەهەشت پێ دام .

## هەر جەمێك گۆشتمان بخواردایە دوعای خێرمان بۆی دەکرد



### سەید جلال سەید حەسەن بەرزنجی بۆی گێڕامەوەو وتی:

ساڵی ١٩٩٢ کە گرانییە گەورەکە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، ڕۆژێکیان لەگەڵ خاوەن تەکسیەك سوار بووم، قسە بە قسە، لە زۆر باسی دەرگاماندا و دەرگامان بەرووی فەقیری کردەوە کە ئەو خەڵکە لە چ ژیانێکی کولەمەرگی دەژیان و

بەرپرسان و دەستڕۆیشتوانی ئەو مەملەکەتەش لە گوێی گادا خەوتبوون.

کاکی تەکسی بەسەرهاتێکی خۆی بۆ گێڕامەوە، وتی:

ماوەیەکی باش لەماڵماندا کەس دەمی بە گۆشت نەکەوتبوو منداڵەکانم زوو زوو دەیانوت بابە بۆچی مریشکمان بۆ ناکڕی زۆرمان حەز لەگۆشتی مریشکە.

بەو قسانە هەناوم ئاگری تێ بەر دەبوو، ئێ لەگەڵ نەبوونی هیچ ناکرێ، کە پارەت پێ نەبوو ناتوانی شت بکڕی. سێ منداڵی یەتیمی براکەم و دایك و باوك و پێنج منداڵی خۆم و من و دایکی منداڵان مەسرەفی رۆژانەی ئەوەندە کەسەم بەملەوە بوو، دواجار وتم دەی بەیانی هەینییە و سێزدە دینارم کۆکردبۆوە، پێیانموت خەمتان نەبێ سبەی مریشکتان بۆ دەکڕم.

منداڵەکان بەجارێ کەیفساز بوون، دایانە چەپڵەلێدان.

ئاخر بە سێزدە دینار ئەو مریشکەی پێ نایەت دە دوازدە نەفەر بەتێری لێی بخۆن. هەر لە خوا دەپارامەوە خوایەگیان دەرگایەکی پڕ خێر و بەرەکەتمان لێ بکەوە، هەمیشە پاڕانەوە لەخوا کارێکی گرنگە نابێ لە نزا و پاڕانەوە کەمتەرخەمی بنوێنین، چونکە ئەوە خوا بۆ خۆی داوامان لێ دەکات داوای لێ بکەین و ئەویش پێمانی بدات.

رۆژی پاشتر چوومە نزیك گەڕەکی باداوە، مریشکفرۆشێکی لێبوو هەر کە گەیشتمە لای، لاندگرۆزێك لەپێش دوکانەکە وەستاو ئەفەندیەکی لێ دابەزی، رووی کردە کابرای مریشکفرۆش و وتی چل مریشکم بۆ سەر ببڕە و تەنها سینگەکەیم بدەیێ.

منیش بەخۆ نەوەستام لێی چوومە پێش و پێموت مامۆستا ئەی چی لە ران و قوونەجۆرە و باڵ و قاچ و سەلکانە دەکەیت؟

بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی ئێمە جگە لە سینگەکە، هیچ شتێ لەو شتانە ناخۆین، ئەو کابرایەش چی لێ دەکات و دەیداتە کێ، کەیفی خۆیەتی.

بەهەڵپەیەکەوە پێموت مامۆستا ئەگەر باوەڕم پێ دەکەی سێ منداڵە یەتیم و دایك و باوك و پێنج منداڵی خۆمم بە کۆڵەوەیە، زۆر لەمێژە تامەزرۆی ئەوەین گۆشتی مریشك بخۆین، لەبەر بێ پارەیی نەمانتوانیوە مریشك بکڕین، بۆ راهی خوا ئەوەی تۆ ناتەوێ بیدەرە من.

نازانم چۆن هەستی جوولاّ، رووی کردە مریشك فرۆشەکە و پێیوت کاکە جگە لە سینگەکە، هەموو ئەوانەی تر بۆ ئەو کاکەیە بکەرە عەلاگەیەك و بیدەرێ.

سوپاسیم کرد و لەخۆشیان هەر ئەوەندەم مابوو باڵ بگرم وامدەزانی تازە لەدایك بوومە.

بەخۆو ۸۰ران و ٤٠ سەلك و ۸۰باڵ و ۸۰ قاچ و ٤٠جەرگ و ٤٠ قوونەجۆرە چومەوە ماڵ، منداڵەکان کە چاویان بەو گۆشتە زۆرە کەوت، چاوئەبڵەق بوون، لە خۆشیان وایاندەزانی جەژنە. تا ماوەیەکی باش لەو گۆشتەمان خوارد و هەرچی جەمێك گۆشتمان لێنایە و بمانخواردایە، دوعای خێرمان بۆ ئەو کابرایە دەکرد.[٦٣]

## باوکە گیان لەخوا بترسە

نموونەی هاوڕێی خراپ وەکو خەڵووز وایە ئەگەر نەتسوتێنێ، ئەوە رەشت دەکات. هاوڕێی باش وەکو گوڵ وایە کە لێی نزیك ببیەوە، بۆن خۆشت دەکات.

**پێغەمبەر(ﷺ)فەرموویەتی:بەڕاستی خوای گەورە ئەگەر بەندەیەکی خۆشویست، ئەوا بانگی جبریل دەکات و پێی دەفەرموێت: بەڕاستی من فلانە کەسم خۆش دەوێت، دەی تۆش خۆشت بوێت. دەفەرموێت ئیتر جبرەئیلیش خۆشی دەوێت، پاشان لە ئاسماندا جاڕ دەدات و دەڵێ بەڕاستی خوای گەورە فلانە کەسی خۆش دەوێت، دەی ئێوەش خۆشتان بوێت، ئیتر ئەوەی لە ئاسماندایە خۆشی دەوێت، دوای ئەوە لە زەویدا پەسند دەکرێت. ئەگەر خوای گەورە رقی لە بەندەیەك بوو، ئەوا جبریل بانگ دەکات و پێی دەفەرمووێت بەڕاستی من رقم لە فلانە کەسە، دەی تۆش رقت لێی بێت، ئیتر جبریل رقی لێی دەبێتەوە، پاشان لە ئاسماندا جاڕ دەدات و دەڵێ بەڕاستی خوای گەورە رقی لەفلانە کەسە، دەی ئێوەش رقتان لێی بێت. ئەوانیش رقیان لێی دەبێتەوە، دوای ئەوە رق و خۆش نەویستنی لە زەویدا بۆ دادەنرێت.**[٦٤]

---

[٦٣] --- سەید جلال سید حسن سید معروف بەرزنجی ناسراو بە مامۆستا(ساکار بەرزنجی) نووسەرو شاعیرێکی بەسەلیقەو مەشرەبخۆشە.

[٦٤] - **عن ابي هريرة(رضي الله عنه)قال: قال رسول الله(ﷺ)ان الله اذا أحب عبدا دعا جبيريل(عليه السلام) فقال: اني أحب فلانا فأحبه، قال: فيحبه جبريل، ثم ينادي في السماء فيقول: ان الله يحب فلانا**

کابرایەك هەبوو شەوانە تا درەنگانی وەخت لە دەرەوەی شار لەگەڵ دەستەیەك لە هاوڕێکانی دەیخواردەوەو بەسەرخۆشی دەگەڕایەوە. شەوێکیان کاتێك هاتەوە ماڵ، ژنەکەی پێی وت پیاوەکە بۆ واز لەو قوزەلقورتە ناهێنی؟ دەی تا زووە خەمێك لەو منداڵە بخۆ، نەخۆشەو تایەکی گەلێ گەرمی لێیە و حەجمانی لەبەر بڕاوە. ئەویش هێشتا مەستیەکەی بەری نەدابوو، وتی ئیستا کاتی ئەوە نییە بیبەمە نەخۆشخانە، درەنگە سبەی خەمێکی لێ دەخۆم. منداڵەکەی بەدەم تایەکی گەرمەوە لە باوکی نزیك بۆوە، پێی نەگوت باوکە ئەوە خەریکە دەمرم، توخوا بمبە چارەیەکم بکە، پێیوت بابە گیان تکایە لەخوا بترسە، چیتر ئارەق مەخۆوە.ئەوەندە قسەی کرد و چووەوە سەر جێیەکەی.

باوکی منداڵەکە بەو قسانە تاسا، تا درەنگانی وەخت ئەو قسانەی لەگوێ دەزرینگایەوە بابە گیان تکایە لەخوا بترسە، چیتر ئارەق مەخۆوە. کاریگەری ئەو قسانە وای لێ کرد نەختێ خەوت و نەخەوت کە بانگی بەیانی دا، لەخەو راست بۆوە تۆبەیەکی بەحەقی کردو دەستنوێژی گرت، چووە مزگەوتی گەڕەکەکەیان و نوێژی بەکۆمەڵی ئەنجامدا، بەدەم فرمێسك رشتنەوە دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و داوای لێخۆشبوونی لەخوا دەکرد.

کاتێك گەڕایەوە ماڵ، یەکسەر بەرەو لای منداڵەکەی چوو تا لەباوەشی بگرێ و بزانێ تایەکەی چۆنە؟ وەلێ منداڵەکەی گیانی سپاردبوو. خۆی بۆ نەگیراو لە پرمەی گریانیدا، فرمێسك لەچاوانی فوارەی بەست و گلەییەکی زۆری لە خۆی کرد کە لەسەر دەستی ئەو منداڵەی گەڕایەوە و تۆبەی کرد، کەچی ئەو لەبەرامبەریدا کەمتەرخەم بوو، نەیتوانی بەفریای بکەوێ و رزگاری بکات.[٦٥]

---

فأحبوه، فيحبه أهل السماء، قال: ثم يوضع له القبول في الارض، واذا أبغض عبدا دعا جبريل(عليه السلام) فيقول: اني أبغض فلانا فأبغضه، قال: فيبغضه جبريل، ثم ينادي في أهل السماء: ان الله يبغض فلانا فأبغضوه، قال: فيبغضونه، ثم توضع له البغضاء في الارض).( بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٣٧).

[٦٥] - ئافرەتێکی بالأپۆش گێڕایەوە، وتی: پیاوەکەم چووەتە ماڵی خوا و پێی دەڵێن حاجی، نازانم لە دەرەوە برادەرایەتی کێ دەکات؟ ماوەیەکە سەر بە فەڕزی خوای داناگرێ و وازی لە نوێژکردن

(خادیم)ی شاعیر دەڵێ:

**کاکە مەئیوس مەبە لە رەحمەتی**

**کە پێت هەڵخلیسکاو کەتی**

**لات دا لە راست و بۆ لای چەپ**

**دەستت دەگرێ، دەتهێنێتەوە سەر خەتی.**

---

**هێناوە، لەماڵەوە کاتێك تەلەفەزیۆن هەڵبکەین و قورئانی لەسەر بێت، هاوارمان بەسەر دادەکات و پێمان دەڵێ دەی لەسەر ئەو کەناڵەی لابەن من بە بیستنی دەنگی قورئان دڵم تەنگ دەبێ، برادەرەکانی ئێستای وەها دڵیان رەق کردووە گاڵتەی بە تۆبە و نوێژ و پەشیمان بوونەوە دێت.**

# بەشەو تەڵاق ناکەوێ

**مامۆستا مەلا میرزا محەمەد گێڕایەوە، وتی:**



مرۆڤ کاتێك خواردنێکی سوێر دەخوات زۆر تێنووی دەبێت، بۆیە زۆر ئاو دەخواتەوەو تێنوێتی ناشکێت، خواردنی حەرامیش ئاوایە هەر چەندی لێ بخۆی، تێر تێر نابیت، ئەوەش هەمان شتە بۆ کارە حەرامەکانی تر.

کابرایەك سێ تەڵاقەی فڕێ دەدات و پێی وابوو تەڵاقی نەکەوتووەو لە تەڵاقەکەی بە گومان بوو، ئەو شەوە لەگەڵ ژنەکەی کۆبۆوەو بۆ بەیانی زوو چووە لای مەلا و وتی مامۆستا هاتووم دەمەوێ دەست لە ژنەکەم بکەمەوە چونکە پێم وایە تەڵاقم کەوتووە.مەلا پێی دەڵێ بەچی دەزانی تەڵاقت کەوتووە؟ وتی بەوە دەزانم تەڵاقم کەوتووە، چونکە زۆر بەلەزەت بوو، عادەتەن شتی حەرام شەیتان لەزەتی دەداتێ و شتەکەی لەلا خۆش دەکات.

ژن بە ژنێ دیاردەیەکی کۆنە، لەمێژە پەیڕەو دەکرێ و ماوەیەکی باشە کەم بۆتەوە.

لە گوندەکەمان دوو بنەماڵە ژن بەژنێیان کردبوو، وەرزی زستان بوو سەرماوسۆڵ تەنگی بەهەموو شتێ هەڵچنی بوو، رەشەبا دەرفەتی نەدەدا کەس لەماڵەوە دەرچی، کاتێك ئەو دوو ماڵە کێشەیان لەنێوان دروست دەبێ و کەس بۆ کەس دانانەوێنێ، هەردوولایان رێك دەکەون هەر ئەو شەوە کۆتایی بەو پەیوەندیە بێنن و تەڵاق بە تەڵاق بکەن. بۆیە دەکەونە رێ و دەچنە پێش ماڵی مامۆستا محەمەدی فەقێ رەسوڵ و لەدەرگا دەدەن.

مامۆستا لە ژوورەوە دەنگ هەڵدەبڕێ ئێوە کێن؟ ئەوانیش ناوی خۆیان بۆی هەڵداو وتیان ئێشمان هەیە.وتی بەم شەوە تاریکە ئێشی چیتان هەیە؟ وتیان هاتووین دەمانەوێ تەڵاق بە تەڵاق بکەین.

گەورەیی ئەو مامۆستایانە لەوەدابوو یەکسەر بڕیاری نەدا و حەزی نەکرد کێشەی کۆمەڵایەتی لەوەی کە هەیە گەورەتر نەبێت، بۆیە پێیان دەڵێ دەی بڕۆن سبەی وەرنەوە.

وتیان ئاخر چاوەڕوانی سبەی ناكەین. ئەویش پێی وتن ئاخر ئێوە تێ ناگەن، بڕۆنەوە، بەشەو تەلاق ناكەوێ.

مەبەستی لەو قسانە ئەوەبوو چونكە گەرماو گەرمن، بەڵكو تابەیانی لە كەلی شەیتان بێنە خوارەوەو پەشیمان ببنەوە. هەروا دەرچوو، بۆ بەیانی كەسیان نەچوونەوە لای مامۆستاو تا ئێستایشی لەگەڵدابێ كێشەیەك لەنێوان ئەو خێزانە سەری هەڵنەدایەوە.[٦٦]

[٦٦]- مامۆستا مەلا میرزا محەمەد ئەحمەد لەساڵی ١٩٦٠ لەگوندی تاڵەبانی گەورە لەدایك بووە..لە تەمەنی هەشت ساڵی چووەتە حوجرە و لە لای مامۆستا مەلا محەمەدی فەقێ رەسولی باوكی دكتۆر جەمال و مامۆستا مەعسوم دەستی بەخوێندن كردووەو بە سیپارە دەستی پێكردووە، دوای قورئان، كتێبەكانی ئەحمەدی و فتح القریب و عوامل الجورجانیو كتێبە سەرەتاییەكانی لە خزمەت مامۆستا مەلا محەمەد خوێندووەو دواتر لەلای مامۆستایان مەلا خدر سێگردكانی و عومەر ئەسكەندەر بەگ درێژەی بەخوێندن داوە كە ماوەیەكی زۆر لەخزمەتیاندا بووەو سوودیانی لێ وەرگرتووە، پاشان زیاتر سوودی لە دكتۆر جەمال باجەلانی وەرگرتووە.لەساڵی ٢٠٠٤ بەخۆبەخش لە مزگەوتی گۆرقەرەج وتاری داوەو لەساڵی٢٠٠٥ بەفەرمی لە مزگەوتی گەورەی تەق تەق دامەزراوە، لەساڵی ٢٠٠٨ئیجازەی زانستی لای دكتۆر جەمال وەرگرتووەو پەیمانگەی زانستە ئیسلامیەكانی تەواوكردووەو ئێستا لە مزگەوتی گەورەی تەق تەق پێش نوێژو وتارخوێنە.

چی بچینی ئەوە دەدووریيەوە

# لەگەڵ دایك و باوكت باش بە

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنًاۚ إِمَّا يَبۡلُغَنَّ عِندَكَ ٱلۡكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوۡ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفّٖ وَلَا تَنۡهَرۡهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوۡلٗا كَرِيمٗا ﴾ الإسراء: ٢٣

**واتە:پەروەردگاری تۆ بڕیاریداوە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن، هەروەها بڕیاری داوە چاکەکاریش بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا، هەر کاتێك یەکێکیان یا هەردووکیان بەپیری کەوتنە لای تۆ (تەنانەت) ئۆفیان لەدەست مەکەو (هەرگیز) پیایاندا هەڵمەشاخێ و هاواریان بەسەردا مەکە، بەردەوامیش قسەو گفتوگۆت لەگەڵیاندا بەچاك و جوان و بەجێ بێت.**[٦٧]

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: سێ نزاو پاڕانەوە هەیە وەڵامدراوەن هیچ گومانێکی تێدا نییە، لەوانە: پاڕانەوەی دایك لە منداڵەکەی یان بۆ منداڵەکەی.**[٦٨]

دایك و باوك بونیادنەرو ئەندازیاری کۆمەڵگان، خوای پەروەردگار ڕێزێکی گەورەو تایبەتی لێناون و هەموو ئەوانەش ڕێزدار دەکات کە ڕێزیان دەگرێت، بۆیە هەمیشە دایك و باوکت خۆش بوێ، چونکە بە لەدەستدانی هەر یەکەیان، هەرچییەك بکەی دانەیەکی ترت لەوانە دەست ناکەوێتەوە.

**دایکم کتێبێك بوو**

**وشە بە وشە**

**پاکی و جوانی و میهری لێ بەدی دەکرا**

[٦٧] –تەفسیری ئاسان

[٦٨] –(ثَلاثُ دَعَوَاتٍ مُسْتَجَابَاتٌ لا شَكَّ فِيهِنَّ: مِنْها: وَدَعْوَةُ الْوَالِدِ عَلَى وَلَدِهِ) صَحيح: أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد وَالتِّرمِذِيّ، وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (٣٠٣١) .

**دايكم ئاسمانێك بوو**
**نزاو خەم و خەونەكانى لەهەناوى خۆى بەجىٚ ما**
**دايكم كە مرد**
**كاسەى خۆشبەختى ماڵ**
**تا ئەبەد شكا.[٦٩]**

دواى خواى پەروەردگارو پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەى گەورەترين چاكەى لەسەرمان بێت، دايك و باوكە چونكە ئەوان هۆكارى بوونى ئێمەن بەتايبەت دايك كە نۆ مانگ ئێمەى لە زگى خۆى هەڵگرتووە، دوو ساڵ شيرى پێداوين و گەورەى كردووين و شەونخونى زۆرى بەديارەوە كێشاوين. باوكيش بەهەمان شێوە ئەو ماڵ و حاڵەى تێيدا دەژێين، گشتيان بەرهەمى رەنج و ماندووبوونى باوكە.

**لەكتێبى شەوچەرەى ديوەخان هاتووە:**

كابرايەك هەبوو زۆر رێزى دايكى دەگرت، گەر لەماڵەوە دەرچووبايە دەستى دايكى ماچ دەكرد، خۆ ئەگەر بهاتبايەتەوە ديسان دەستى ماچ دەكرد، شەوێكيان درەنگانىٚ هاتەوە ماڵ سەيرى كرد دايكى خەوتووە، بۆئەوەى دايكى لەخەو هەڵنەستىٚ، روومەتى خۆى لە زەوى خشاندو ژێر پێى دايكى ماچ كرد.

بۆ بەيانى كاتىٚ چووە دەرەوە، هاورێيەكى پێيوت دەزانى من ئەمشەو خەونم بەتۆوە بينى روومەتت لايەكى سپى و لايەكى وەكو خۆى بوو.

وتى راست دەكەى من هەميشە دەستى دايكم ماچ دەكەم، لىٚ دوێنىٚ كە چوومەوە ماڵ دايكم نوستبوو، روومەتم لە زەوى خشاند بۆ ئەوەى ژێر پێى ماچ بكەم تا لەخەو رانەبێت.

**عەبدولڕەحمانى كوڕى (ابى بكرە) (رضي الله عنه)دەڵىٚ: باوكم وتى لەخزمەت پێغەمبەرى خوادا(ﷺ)بووين، فەرمووى: ئايا ئاگادارتان نەكەم لە گەورەترين گوناهى گەورە؟ سىٚ جار ئەمەى فەرموو ئينجا فەرمووى هاوەڵ بۆ خوا**

[٦٩]-نزا سپييەكانى رۆح-١٠١ پۆستەرە شيعر، ئارى ئاغۆك،٢٠١٧.

**بڕیاردان، ئازاردانی دڵی دایك و باوك، شایەتیدانی درۆ و ناهەق یان وتەی درۆو ناهەق. لەو کاتەدا پێغەمبەر(ﷺ)پاڵی دابووەوە ئینجا دانیشت، بەردەوام ئەمەی دوایی دووپات دەکردەوە، هەتا وتمان خۆزگە بێدەنگ دەبوو.** [٧٠]

وریابە نەکەی کەس بەقوربانی دایکت بکەی، هەر کەسێکت خۆشویست بزانە کەس وەك دایکت خۆی بە قوربانی تۆ نەکردووەو ناکا. ئەوەتا بەسەدەها جار دڵی دایکمان شکاندووە کەچی کاتێك بانگی دەکەین و دەڵێین دایە. پێمان دەڵێ گیانی دایە.

**ئەحمەد شەوقی شاعیر دەڵێ:**

**الأُم مدرسةٌ اِذا أعددتها**

**أعددت شعباًطيب الاعراق**

یانی: دایك وەکو قوتابخانەیە، کە ئامادەت کرد ئەوا گەلێکی پڕ لەشکۆت پێگەیاند.

**کچێك دەڵێت:**

ماوەی شەش ساڵ داخوازیم بۆ دەهات و باوکم داخوازیەکانی ڕەت دەکردەوە. گەلێ خەفەتم لەو هەڵوێستەی باوکم دەخواردو تێ نەدەگەیشتم. باوکم یەکە بە یەکە پێشوازی لەو کەسانە دەکرد کە دەهاتنە داخوازیم و بە تەنها لەگەڵیان دادەنیشت. ئەوەی من لەو باوکەی خۆمم بینی ئەوە بوو هەندێ جار دانیشتنەکەی نیو کاتژمێری دەخایاند و هەندێ جاریش کوڕەی خوازبێنیکەر بەخێرایی لە ماڵمان دەردەچوو.باوکم دەیوت هیچ ڕام لەو کەسە نەبوو بۆیە بەڕێم کرد.

هەر ئەو قسانە وایلێکردم ڕۆژ بە ڕۆژ بێ ئومێد ببم و ڕقم لە باوکم ببێتەوەو وا تێ بگەم باوکم حەز ناکات بەمێردم بدات و دەیەوێ تا مردن لە ماڵەوە خزمەتی بکەم. هەندێ جاریش وا گومانم دەبرد باوکم چاوی لە مارەیی منەو دەیەوێ وەك شیربایی پارەیەکی باشم پێ بخوات.

---

[٧٠] - **عبدالرحمن بن ابي بكرة، عن ابيه (رضي الله عنه)قال: كنا عند رسول الله(ﷺ)فقال: الا انبئكم بأكبر الكبائر –ثلاثا– الاشراك بالله، وعقوق الوالدين، وشهادة الزور. وكان رسول الله(ﷺ)متكنا فجلس، فما زال يكررها حتى قلنا: ليته سكت.( بخاري/ الشهادات/ ما قيل في شهادة الزور/٢٥١١)**

رۆژان هاتن و تێپەڕین، گەنجێك هاتە پێش، كە باوكم لەگەڵی دانیشت و قسەی لەگەڵ كرد، ڕەزامەندی لەسەر ئەو داخوازیە دەربڕی و ویستی بۆچوونی منیش وەربگرێ شوو بەو كوڕە دەكەم یان نا، ئەقڵم كوڕەی گرت، رازی بووم. باوكم بێ ئەوەی باسی مارەییەكە بكات رۆژی هاوسەرگیرییەكەیان دیاری كرد. دوای ئەوەی شووم كرد، سەیرم كرد حاڵی ماددی ئەو كوڕە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەكانی تر باشتر نەبوو، كەچی ئەویش ئامادە نەبوو باسی مارەییەكەم بۆ بكات.

دە ساڵ ژیانمان بەیەكەوە بردە سەر، ئێستاش رۆژێك لە رۆژان كردەوەیەكی خراپم لێی نەبینی، گەلێ رێزی دەگرتم و زۆر نەرم و نیان بوو.ئەو رۆژەی باوكم وەفاتی كردو دوای تەواو بوونی پرسەكەی، هاوسەرەكەم هاتە لام و سەرمی خستە سەر سینەی و پێی وتم بچۆڵەكەم مەگری؟بە وشەی بچۆڵەكەم سەرم سورما، چونكە ئەوە لە ژیانمدا یەكەم جارە گوێم لێ دەبێت.پێی وتم كاتێك هاتمە داخوازیت، باوكت پرسیاری ئەوەی لێ كردم وتی تۆ چیت هەیە پێشكەش بە كچەكەمی بكەی؟منیش لە وەڵامدا پێموت مامەگیان سوێند بەخوا پارەی زۆرم نییە بەڵام بەڵێنت پێ دەدەم ئەگەر تۆش لەژیاندا نەمێنی، ئەوە نەهێڵم كچەكەت هەست بە نەبوونی تۆ بكات، وەكو هاوسەرو منداڵێكی بچووكی خۆم سەیری بكەم.ئا لەو كاتەدا باوكت زەردەخەنەیەكی بۆ كردم و وتی ئەوە رازیبووم، كچەكەی خۆمت پێ دەدەم.

لە هەموو دونیا بگەڕێی هیچ خۆشەویستییەك بەقەت خۆشەویستی دایك و باوك نادۆزییەوە، هیچ باوكێك حەز ناكات كەس لەخۆی پیاوتربێ تەنها كوڕەكەی نەبێت و كچیش چەندە خراپ بێت ئەوە دایكی ئەگەر بەرووكەش بەسەر خۆی نەهێنێ و لێی تووڕە ببێ، بەڵام لە دڵەوە بە هەموو دونیای ناگۆڕێتەوە. كەواتە رێز لەدایك و باوكت بگرەو بێ رێزیان بەرامبەر مەكەو نەكەی جنێویان پێ بدەی، چونكە جنێودان بەدایك و باوك لە تاوانە گەورەكانە، **وەك پێغەمبەری خوا** (ﷺ) دەفەرمووێت: ( **من الكبائر شتم الرجل والديه قالوا يا رسول الله وهل يشتم الرجل والديه قال نعم يسب أبا الرجل فيسب أباه ويسب أمه فيسب** ) **رواه مسلم**

واته: له تاوانه گەورەكانه كەسێك جنێو بدات بەدایك و باوكی خۆی، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) جا پیاو جنێو به دایك و باوكی خۆی دەدات؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی بەڵێ جنێو بەپیاوێك دەدات، ئەویش جنێو به باوكی دەداتەوە، وەجنێو به دایكی دەدات، ئەویش جنێو بەدایكی دەداتەوە).

## تووڕەیی دایك لای خوای پەروەردگار زۆر گەورەیە

دەگێڕنەوە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەنجێك هەبوو، زۆر خواپەرست بوو نوێژ و ڕۆژوو و چاكەی زۆری دەكرد، ئەم گەنجە نەخۆش كەوت و نەخۆشیەكەی زۆر گران بوو، هاوسەرەكەی چووە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پێی ڕاگەیاند: مێردەكەم زۆر نەخۆشە، بۆیە ویستم حاڵیت پێ ڕابگەیێنم.

پێغەمبەر (ﷺ) عەمار و سوهەیب و بیلالی نارد بۆ لای و پێیانی گوت شایەتمانی پێ بێنن، ئەوانیش چوون بۆ لای گەنجەكە، بینییان له دوا هەناسەدایە بۆیە شایەتمانییان تەلقین كرد، بەڵام زوبانی به شایەتمان نەدەگەڕا، ئەوانیش هەواڵەكەیان به پێغەمبەر (ﷺ) ڕاگەیاند.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی كەس له دایبابی زیندووە؟

گوتیان ئەی پێغەمبەری خودا، دایكێكی پیری هەیە.

پێغەمبەر (ﷺ)بەدوایدا ناردو به قاسیدەكەی گوت ئەگەر دەتوانێ بڕوات با بێتە لای پێغەمبەری خودا.

قاسیدەكە چوو بۆ لای، قسەی پێغەمبەری خودای پێ ڕاگەیاند.

ئەویش گوتی گیانم بەقوربانی بێت لەسەر منە بچمە خزمەتی و دەستی دایە دارێك و چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و سەلامی لێكرد و ئەویش وەڵامی سەلامەكەی دایەوە و پێی گوت دایە ڕاستیم پێ بڵێ چونكە ئەگەر ڕاستی نەڵێی ئەوا سروشم له خوداوە بۆ دێت، كوڕەكەت لەگەڵ تۆدا چۆن بوو؟

دایكی كوڕەكە گوتی ئەی پێغەمبەری خودا، نوێژ و ڕۆژوو و چاكەی زۆری دەكرد.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی تۆ؟

دایکی کوڕەکە گوتی من لێی تووڕەم. ئەو زۆر سەرپێچی فەرمانەکانمی دەکرد.
پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی تووڕەبوونی دایکی وایکردووە کوڕەکەی زوبانی لاڵ بێت لەگوتنی شایەتمان.[71]
ئەوجا فەرمانی بە بیلال دا بچن دارێکی زۆر کۆ بکەوە.
دایکی گوتی ئەی پێغەمبەری خودا چ دەکەی؟
ئەویش فەرمووی لەپێش تۆ بە ئاگر دەیسوتێنم.
دایکی گوتی ئەی پێغەمبەری خودا دڵم بەرگەی ئەوە ناگرێت کوڕەکەم لەپێش چاوم بە ئاگر بسوتێنیت.
پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی سزای خودا توندتر و بەردەوامترە، گەر دەتەوێ خودا لێی خۆشبێت ئەوە لێی خۆشبە، سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە نە نوێژ، نە رۆژوو و نە چاکە بەکەڵکی کوڕەکەت نایەت گەر تۆ لێی تووڕە بیت و لێی خۆش نەبیت.
دایکی گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من، خودا و هەموو فریشتەکانی و ئەو موسڵمانانەی لێرە ئامادەن دەکەمە گەواهیدەر کە لەو کوڕەم رازی بووم.
پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بیلال برۆ بزانە دەتوانێت بڵێت ( لا اله الا الله) یان نا؟ نەوەك دایکی لە شەرمی من ئەو قسەیەی کردبێت.
کاتێك بیلال چووە ژوورەوە، گوێی لێ بوو کوڕەکە دەڵێت: لا اله الا الله.

---

[71] - دایك: نۆ مانگ لەسەر یەك واتە ٢٧٠رۆژ دایك منداڵەکەی بە پێستی سك هەڵئەگرێ، وە گەلێ جۆرە ئێش و ژان و دەردەسەریی پێوە ئەکێشێ، کە هەر هەناسەیەکی مردنێکە، ئینجا ژان ئەیگرێ، وە بە هاوار و نزاو بووردنەوە مناڵەکەی لێ جیا ئەبێتەوە، وە لە میوانداریی مردن رزگاری ئەبێ، ئەم هەموو تالاّو و دەردەسەرییە بۆ ئەوەیە کە مناڵی ببێ، وە سبەی رۆژێ کەڵکی خۆشیی و کۆمەڵەشی بگرێن وە ببێ بە قۆڵێکی بەهێز بۆ نیشتمانی– ناڵەی دەروون: شێخ محەمەدی خاڵ، چ١، هەولێر٢٠٠٧، بلاّوکراوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس، ل٩٧

**بیلال چووە ژوورەوە و گوتی خەڵکینە تووڕەبوونی دایکی وایکردبوو زوبانی لاڵ بێت لە گوتنی شایەتمان، ڕەزامەندی و لێخۆشبوونی دایکی، زوبانی کردەوە.**

**لەهەمان ڕۆژدا کوڕەکەی گیانی لەدەست دا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیدا بیشۆن و کفنی بکەن و نوێژی لەسەر کرد و ئامادەی بەخاکسپاردنی بوو.**

## بەسەرهاتی ئەو پیاوەی کوڕەکانی دەریان کرد و کچەکەی بەخێوی کرد

ئێوارەیەکیان بەخۆ و خێزانەوە بەرەو شارەدێی دارەتوو هەڵکشاین، چووینە سەردانی ماڵە ناسیاوێ مام ئەنوەر[٧٢]ی ناوبوو، تا وەختانێکی درەنگ قسەی خۆشمان کرد، نازانم لەچیەوە باس هاتە سەر باسی خزمێکیان، بەهەڵپەیەکەوە وتی:

ئەو خزمەم سێ کوڕی هەبوون بەهەزار دەردەسەری و کولەمەرگی پێیانی گەیاند، ژنی بۆ هەموویان هێنا، بەکوردیەکەی ئەوەی لەدەستی هات درێغی نەکرد، تەبیعەتێکی سەیری هەبوو بەبێ هیچ هۆیەك رقی لەوە دەبۆوە کچی ببێ، لەدوا زگدا بە ژنەکەی وت نامەوێ کچت ببێ کچ بەڵایە، کێشە و سەرئێشەیە، هەتا ئەو ڕۆژەی دەمری دەبێتە کۆت و بەند بەملتەوە هەر دەبێ خەمی لێ بخۆی و خزمەتی بکەی.

ئەو قسانەی لەناخی دڵیەوە دەردەبڕی، بەکردەوە ئەوەی سەلماند کاتێك کچیان بوو وەکو چیایەکی گەورەیان خستبێتە شان، ئەوها پێی ناخۆش بوو، ناوچەوانی تێکنا و برۆیەکانی لێکدا وەك ناڕازیبوونێك بەو واقیعە.

لەو ڕۆژەی ئەو کچە هاتە دنیا، نێوانی ئەو ژن و پیاوە ناخۆشی تێ کەوت، ئەو پیاوە ئەگەر دوو قسەی خۆشی بۆ ئەو ژنە بکردایە، ئەوە بیست زوخاوی دەرخوارد دەدا و ئامۆژگاری کەسیشی بەهەند وەرنەدەگرت.

ژنەکە تا ئەو ڕۆژەی چووە ژێر گڵەوە و وەفاتی کرد ئارامی گرت و دانی بەخۆی دانا، پیاوەکە ئەو تەبعەی وەرگرتبوو لێی لا نەدا، هەتا بەدەست و بازوی خۆی کاری دەکرد و فەرمانبەر بوو، هەموو کوڕەکانی لێی کۆ ببوونەوە و خۆشەویستی هەموان بوو، بەڵام

---

[٧٢] -مام ئەنوەر خەڵکی گوندی تۆماری سەر بەناحیەی شوان(ریدار)ی کەرکووکە، تەمەنی لەشەست بەسەرەوەیە و خانەنشینە، کەسێکی قسە خۆش و پیاوێکی دنیادیتەیە.

چونكە بە سووك و چرووكی لە منالّیەوە تەماشای كچەكەی دەكرد، ئەو كچە هەتا گەورە بوو شووی كرد، هەلّویستی بەرامبەر نەگۆڕا و هیچ هەست و سۆزێكی باوكانەی بۆ نەبوو، تەنانەت هەڕەشەی ئەوەی لێ كردبوو نابێ بەسەردانیش بێتەوە لایان و خۆشی ئێستاش بۆ جارێ نەچووە مالّی ئەو كچە تاقانەی بزانێ ماوە، مردوە، چی بەسەر هاتووە، پێی وابوو ئەوە كوڕەكانیەتی كە چووە سالّەوە بەخێوی دەكەن و ئاگایان لێی دەبێت.

كابرا بەپارەیەكی كەم خانەنشین كرا و ئەو تاقەتەی جارانی نەما كە كارێك بكات. كوڕەكان نەیاندەحەواندەوە، ئەگەر جەمێك پارووە نانێكیان پێ بدابایە ئەوە دوو جەمی بەبرسێتی بەسەر دەبرد، كار بەوە گەیشت كوڕی یەكەم و دووەم هەڕەشەیان لێی كرد نابێ پێ بنێتە مالّیانەوە، چووە لای دوا كوڕی، ئەویش لە كوڕەكانی تری باشتر نەبوو، جگە لەوەی پارەی خانەنشینی لێ دەخوارد، رۆژانە رەوانەی دەرەوەی دەكرد بچێ دەرۆزەی بۆ بكات و ئەگەر پارەیەكی باشی بۆ نەهێنێتەوە مالّ بەخێوی نەكەن، ئەویش بەناچاری لەو گەڕەك بۆ ئەو گەڕەك سوالّی دەكرد وا خۆی نیشان دەدا ژن و كوڕ و كچی نیە و كەسی نیە بەخێوی بكات.

دواجار كاتێك نەخۆش كەوت، كوڕەكەی نەیبردە لای دكتۆر و نەهێشت لەمالّەوە بكەوێ، تا لەو گەڕان و سووڕانەیدا لەمالّێك دەدات كچەكەی خۆی دەرگای لێ دەكاتەوە، ئەو باوكی خۆی دەناسێتەوە، بەلاّم ئەو نازانێ ئەوە كچیەتی بۆیە باسی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە كە لێقەوماوە و كەسی نیە یارمەتی بدات. كچەكەی تێ دەگات كەر لەكوێ تۆپیوە و كوندە لەكوێ دڕاوە، هێشتا بەزەیی بەباوكی دا دێتەوە كە ئەوەندە لەگەلّی خراپ بوو، ئەوجا شایستەی ئەوەیە خزمەتی بكات. بردیەوە مالّ و تا ئەو رۆژەی وەفاتی كرد، خزمەتی كرد و نەیهێشت هەست بەهیچ ناڕەحەتیەك بكات كە لەهەموو ژیانیدا ئەوەندە بەخۆشی نەژیا كە لەمالّی كچەكەی بوو.

## چی بەسەر باوكی هێنا، منداڵەكانی خرا پتریان بەسەر هێنا

گەورەیی چاكەكردن لەگەلّ دایك و باوك ئەوەندە گەورەبێ و تووڕەییان ئەوەندە پڕ سوێ و بەئازار بێت، كەچی هێشتا بێ فەرمانییان دەكەین و ناتوانین دلّیان رابگرین و لە قسەیان دەرنەچین.

**کاك هەژار محەمەد[٧٣] گێڕایەوە، وتی:**

لە یەکێك لە گوندەکانی سەر بە کەندێناوە، کوڕێك بە لێدان و راکێشان باوکی هەتا سەر گوفەك برد.

باوکەکە وتی کوڕم تا ئێرە بەسە چونکەمنیش باوکم هەتا ئێرە هێناوە، ئەو تیرەی هاوێشتم بەخۆم کەوتەوە، یانی چی بچینی، ئەوە دەدورییەوە.

[٧٣]– **کاك هەژار کوڕی مامۆستا مەلا محەمەدی قورشاغلووە، کوڕێکی بەسەلیقەو ئەدەب دۆستە.**

# نهێنی خەڵکی بشارنەوە  خوا نهێنیەکانتان دەشارێتەوە

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ

﴿ يَسْتَخْفُونَ مِنَ النَّاسِ وَلَا يَسْتَخْفُونَ مِنَ اللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمْ إِذْ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرْضَىٰ مِنَ الْقَوْلِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطًا ﴾ النساء: ١٠٨

**واتە:ئەوانە دەیانەوێ خیانەت و  تاوانەکانیان لە خەڵکی بشارنەوە، لە کاتێکدا ناتوانن لەخوای بشارنەوە کە لە گەڵیاندایەو چاودێریانە، بە شەودا قسەی وا هەڵدەبەستن خوای پێی رازی نییەو خوا بەردەوام گەمارۆدەری ئەو کارو کردەوانەیە کە ئەنجامی دەدەن.**

**لە (ئیبن عومەر)ەوە (رضي الله عنه) کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:موسڵمان برای موسڵمانە ستەمی لێ ناکات و وازی لێ ناهێنێ ستەمی لێ بکرێت، ئەوەی پێویستی براکەی جێبەجێ بکات، خوای گەورە پێویستیەکانی جێبەجێ دەکات. هەر کەسێك یارمەتی موسڵمانێك بدات و ناڕەحەتییەکی بۆ سووك بکات، ئەوە خوای گەورە ناڕەحەتییەك لە ناڕەحەتیەکانی رۆژی دوایی لەسەر سووك دەکات. هەر کەسێك کەموکوڕی موسڵمانێك بشارێتەوە و دەری نەخات ئەوە خوای گەورە کەموکوڕیەکانی لە رۆژی دواییدا دەشارێتەوە.**[٧٤]

## لە پێناوی خوای گەورە سترت دەکەم

لەسەردەمی ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) کابرایەك دزی کردبوو دەپاڕایەوە لێی خۆشبێ، دەیوت بەو خوایە یەکەم جارمە دزی بکەم جارێکی تر کاری وا دووبارە ناکەمەوە. ئیمامی عومەر پێی وت وەڵاهی درۆ دەکەی خوای گەورە هیچ تاوانێك لە  یەکەم جار

**[٧٤] - عن ابن عمر(رضي الله عنه): أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال: المسلم أخو المسلم لا يظلمه ولا يسلمه، من كان في حاجة أخيه كان الله في حاجته، ومن فرج عن مسلم كربة فرج الله عنه بها كربة من كرب يوم القيامة، ومن ستر مسلما ستره الله يوم القيامة).( بخاري/ المظالم/٢٣١٠)**

ئاشکرا ناکات، سترت دەکات بەڵکو بگەڕێیتەوە. کە هەر نەگەڕایتەوەو نیەتت نەبوو تۆبە لەسەر ئەو کردەوەت بکەی، ئەوە لێتی ئاشکرا دەکات.

**مامۆستایەکی ئایینی بۆی گێڕامەوەو وتی:**

ڕۆژێکیان ئافرەتێك هاتە لام، بەسەرهاتی پیاوەکەی بۆ گێڕامەوە وتی: ئەمڕۆ بەیانی بەسەردان چوومەوە ماڵی باوکم، ئەو وەختە دوو لە خوشکەکانم لەوێ بوون زۆریان حەز لە کێکی دەستی من بوو، روویان لێنام کێکیان بۆ دروست بکەم، منیش بێ دڵیم نەکردن و پێموتن وەی بەسەرچاو وا دەچمەوە ماڵ، کەرەستە و شتەکانی تر لەگەڵ دەستی خۆم دێنم و بەخێرایی دەگەڕێمەوە.بەینی ماڵی ئێمە و ماڵی باوکم سێ چوار کۆڵان بوو، بۆیە بەپێیان چوومەوە ماڵ، چونکە کلیلی حەوشەم لەلابوو، بەهێواشی دەرگای حەوشەم کردەوەو چوومە ژوورەوە، پیاوەکەم ئافرەتێکی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە ماڵ و لەباوەشی ناوە کە یەك لە دەستە خوشکە هەرە نزیکەکانم بوو. بەری چاوم تاریك داهات، رووم وەرگێڕاو شتەکانم پێچایەوە، گەڕامەوە ماڵی باوکم و خۆم شێلوو نەکرد وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت، بۆیە ئێستاش هاتوومەتە لای بەڕێزتان پرست پێبکەم نازانم چیبکەم؟ ئەگەر خۆم بەتەلاقدان بدەم گوناهم دەگاتێ یان نا؟ منیش پێموت ئەگەر بەقسەی من دەکەی ئەوە لەپێناوی خوای گەورە کێشەکە گەورە مەکە و سترى بکە، برۆ روو بەڕووی بوەستەوە، بەڕاشکاوی پێی بڵێ و داوای لێبکە تۆبەیەکی نەسوح بکات جارێکی تر کاری وا دووبارە نەکاتەوە. دیار بوو چیم پێی وتبوو بەگوێی کردم، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك، رۆژێکیان بەڕێکەوت لەبازاڕ یەکترمان بینی، خۆی پێ ناساندم و وتی مامۆستا مەمنوونی تۆم کە ئەو تەگبیرەت بۆ کردم و بەقسەم کردی، پیاوەکەم لەو رۆژەوە زۆر باش بووە و گەڕاوەتەوەو تۆبەی کردووە.

## شاردنەوەی نهێنی سنووری هەیە

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: هەموو ئوممەتەکەم عەفو دەکرێن و چاوپۆشیان لێ دەکرێت ئیللا ئەوانەیان نەبێت کەوا تاوانەکانیان ئاشکرا دەکەن، بەڕاستی بەشێك لە ئاشکراکردنی تاوان ئەوەیە کەوا پیاو بەشەو کارێك بکات و ئینجا بەیانی لەکاتێکدا کە خوا کردەوەکەی داپۆشیوە، دوایی بڵێت**

**ئەی فلان من شەوی رابردوو ئەو کارەو ئەو کارەم کرد، لەکاتێکدا کە لەشەودا خوای پەروردگار کردەوە خراپەکەی داپۆشیبوو کەچی بەیانی خۆی ئاشکرا دەکات و سترو پەردەی خوا لەسەر خۆی هەڵدەماڵێ.[٧٥]**

پوورزایەکم، دراوسێیەکیان هەبوو جار بەجار هاتووچۆی یەکدیان دەکرد، وەك بۆی گێڕامەوە وتی:

ڕۆژێکیان خێزانەکەم هەواڵی ئەوەی پێدام ئەو کابرایەی دراوسێمان ژنەکەی تەڵاقداوە کە خاوەنی چوار منداڵەو منیش بۆ دەربڕینی هاوخەمی و بەسەرکردنەوەیان ئەگەر پێویستییەك، شتێکیان هەبوو، بەپێی توانا هاوکارییان بکەین.

بۆ شەوێ بەخۆو خێزانەوە چووینە ماڵیان، لە دەرگای زۆر باسماندا، کە باس هاتە سەر باسی تەڵاق ، پێموت بەڕاستی زۆر نیگەران بووم کاتێ خێزانەکەم وتی ژنەکەت تەڵاق داوە، ئایا هیچ دەرفەت و تروسکاییەك نەمابوو بەیەکەوە هەڵبکەن و لەیەك جیا نەبنەوە؟

کابرا ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو وتی من و خێزانەکەم زیاتر لە دە ساڵ بەیەکەوە بووین، لەبەر خاتری منداڵەکان چاوپۆشیم لەزۆر شتی دەکرد، ماوەیەك بوو هەستم کرد کردەوەکانی ئاسایی نییە و بێ ئاگام لەوەی لەپشت منەوە خیانەتم لێ دەکات و پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ کابرایەك هەیەو بەتەلەفۆن کابرای هێناوەتە ماڵەوە. من کە ئەوەم بەچاوی خۆم بینی ئیدی هیچ گومانێکم نەما ئەو ژنەی من بەدفساڵ و بەدرەوشتە، دنیام لەپێش چاو تاریك داهات، توورەیی خۆم قوت دایەوە، ژنەکەم کەوتە پاڕانەوە تۆبە لێم ببوورە جارێکی تر کاری وا دووبارە ناکەمەوە، منیش لەبەر خاتری خواو منداڵەکان ئارامیم گرت و وتم ئەوە لەبەر خاتری خوای گەورە و منداڵەکان سترت

---

[٧٥] - عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رەزای خوای لێ بێت قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)يَقُولُ : ((كُلُّ أُمَّتِي مُعَافًى إِلاَّ الْمُجَاهِرِينَ ، وَإِنَّ مِنْ الْمُجَاهَرَةِ أَنْ يَعْمَلَ الرجُلُ بِاللَّيْلِ عَمَلاً ، ثُمَّ يُصْبِحَ وَقَدْ سَتَرَهُ اللَّهُ ، فَيَقُولَ يَا فُلاَنُ عَمِلْتُ الْبَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا ، وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللَّهِ عَنْهُ)) صحيح البخاري رقم : (٦٠٦٩) وصحيح مسلم رقم : (٧٤١٠)

دەکەم و ئەو نهێنیەت دەشارمەوە بەڵام جارێکی تر کاری وا دووبارە نەکەیەوە.بەڵێنی پێدام ئەو هەڵەیە دووبارە نەکاتەوە، تەنانەت تاوەکو جارێکی تر کەس بە ماڵم فێر نەبێ، سیم کارتەکەم شکاند و دانەیەکی دیم بۆی کڕی و ماڵم هێنایە ئەم گەڕەکە پێم وابوو ئەوە مرۆڤە هەڵە دەکات و دەکرێ پەند لە هەڵەکانی رابردووی وەربگرێ. لەو رۆژەوە لێی غافلگیر نەبووم ماوە ماوە لەدوورەوە چاودێری هەستان و دانیشتنیم دەکرد بزانم چی دەکات و بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ کێ دەکات. رۆژێکیان هەستم لێی راگرت ئەوە لە ژووری پشتەوە تەلەفۆن بۆ کەسێك دەکات و پێی دەڵێ باشە باش، کەی پیاوەکەم چووە دەرەوە خۆم تەلەفۆنت بۆ دەکەم، ئەو کات وەرە ماڵەوە بۆ خۆمان کاتێکی خۆش بەسەر دەبەین.

بەم قسانە هەر بەڕاکردن خۆم گەیاندێ و تەلەفۆنەکەم لەدەست وەرگرت و هەستم لێی راگرت دەنگەکە دەنگی پیاوێك بوو وتی ئاخر تەواو دڵنیابە کە پیاوەکەت نایەتەوە ئەو کاتە تەلەفۆن بکەو دەگەمە لات، کە وتم ئەلوو، ئەلوو. کابرا یەکسەر تەلەفۆنەکەی داخست.شەیتان هاتە بن کلێشەمەوە وەرگەڕێمە سەری و بیکوژم، بەڵام هەر زوو شەیتانم بەنەفرەت کرد، دوای ئەوەی سێ بەسێ تەڵاقمدا، سواری سەیارەم کرد و بردمەوە ماڵی باوکی و پێیانم وت فەرموو ئەوە کچەکەتان ، من جارێك لەناو ماڵی خۆم لەگەڵ پیاوێك گرتم و لەپێناوی خوا سترم کرد و ئەویش بەڵێنیدا واز لەو کارەی بێنێ کەچی هەر وازی نەهێناو خەریکی ئەوەبوو هەمان شت دووبارە بکاتەوە، فەرموو ئەوە کچەکەتانم رادەست کردن، ئێوەش چی لێ دەکەن و چی لێ ناکەن کەیفی خۆتانە، من لەم ئان و ساتەوە پەیوەندیم بەم ژنەوە نامێنێ.

## ئەو کچەی بیست ساڵ زیاتر نهێنی پیاوەکەی پاراست

**پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ئەگەر یەکێکتان ئیسلامەتیەکەی بەباشی ئەنجامدا، هەر چاکەیەك دەیکات دەقات بۆی دەنووسرێ هەتا حەوت سەد قات، هەر خراپەیەکیش کە دەیکات بەقەد خراپەکە بۆی دەنووسرێ هەتا دەگەرێتەوە بۆ لای خوای گەورە.**

لە سنووری قەزای مەخمور، ئافرەتێك دوای مردنی پیاوەکەی کە زیاتر لە بیست ساڵ بەیەکەوە بوون، کاتێك داخوازی دووەمی هات، رایگەیاند هێشتان کچەو هەر بە پاکیزەیی ماوەتەوە،ئەم قسانە کەس و کاری تووشی شۆك کرد کە بەپەرۆشەوە پرسیاری لێ بکەن ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ ئەویش وتی کاتێك شووم کرد لە شەوی چوونە پەردە، پیاوەکەم پێی وتم ماڵەوە زۆریان لێکردووم ژن بێنم و ئاگایان لەوە نییە من دەمێکە لە پیاوەتی کەوتووم و هیچم بەبەرەوە نییە بۆیە مەمنوونت دەبم ئەو نهێنیەم ستر بکەی و ئەگەر حەزت کرد ئەوە هەفتەیەك لەلای خۆمت دەهێڵمەوە بەوەی هیچ لەگۆڕێ نییە و دواتر تەلاقت دەدەم. منیش پێموت بەڵێنت پێ دەدەم هەتا لە ژیاندابی ئەو نهێنیەت بپارێزم و هەتا ماوم لەگەڵت بژیم، بۆیەش ئەوەم راگەیاند تاوەکو بزانن من هێشتا کچم.

# یاسا ژیانمان ڕێك دەخات

**ئیبن خەلدوون دەڵێت:** بۆئەوەی یاسا سەروەربێ، دەبێ شمشێرمان هەبێت.

ئەوەی لەم قسانە دەفامرێ ئەوەیە ئەگەر هێزێك نەبێ پشتیوانی لە یاساکان بکات و بیانپارێزێ، ئەوە ئەو یاسایە وەك مەرەکەبی سەر کاغەزی لێدێ و تەنها لەسەر ئەوانە جێ بەجێ دەکرێ کە هیچیان نییەو هیچیان پێ ناکرێ، بۆیە جوانی ژیان لەوەدایە یاساکان بۆ هەمووان وەکو یەك بێت.

مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا وەك شوفێر وایە، کاتێك مۆڵەتی شوفێری پێ دەدەن ئەگەر لە هەموو یاساو ڕێساکان تێگەیشتبێ، کاتێك لە شوێنێك نووسراوە وەستان قەدەغە و هێماکانی هاتووچۆ پێی دەڵێ بەهەموو شێوەیەك وەستان قەدەغە، ئەوەی لە ئەنجامەکانی کۆتایی تێبگات، دەزانێ کاتێك لەو شوێنە وەستا ئەوە غەرامە دەکرێ، هەیە لەوە تێ دەگات و لێی ناوەستێ، هەشە تێ دەگات و گوێی پێ نادات وادەزانێ کەس نایبینێ و کەس بەسەریەوە چاودێر نییە.

یاخود لە شەقامێك نووسراوە تیژڕۆیی ئۆتۆمبێل نابێ لە شەست یان هەشتا زیاتر بڕوات، ئەوە هیچ تەم ومژێکی تێدا نییە ئەگەر زیاتر لەو ژمارەیە بڕوات هەمدیس لێپرسینەوەی لەهەمبەر دەکرێ، بۆیە هەوڵدەدات بەو خێراییە نەڕوات بۆ ئەوەی تووشی غەرامە نەیەت. هەیە گوێی پێ نادات و سەرپێچی دەکات.

مردن ئەو شتەیە هەموومان دەزانین هەیە بەڵام ئەوە ئێمەین ئەگەر پابەندبین بە حەبل و ئاینی خوا، تووشی غەرامە نابین کە پاداشتەکەی چوونە بەهەشتە و غەرامەکەیش ئەو جەهەنەمەیە هەرچەند بتەوێ خۆتی لێ بدزیەوە و پارەکەی نەدەیت ئەوە لەکاتی فرۆشتنی سەیارەکەت یان بەناوکردنیدا کە گەڕانەوەیە بۆ لای خوای پەروەردگار، ئەوا بەبێ هیچ زۆر لێکردنێك دەبێ بەپێیەکانت بچی و سزای سەرپێچیەکانت بدەیت.

ئەگەر بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە بۆمان دەردەکەوێ لە هەموو ئان و سات و سەردەمێکدا مرۆڤگەلێکی خودان هەڵوێست و یاساپارێز و دڵسۆز هەبووە دەستیان بەکارێکەوە گرتبێ، پیشەکەیان بەپیرۆز زانیوە و بۆ هیچ حەزو ئارەزوویەکی ساتەوەختی ئامادە

نەبوونە سازش بۆ ئەم و ئەو بکەن، بەلاّم ئەوە ئێمەین خوومان بەوە گرتووە هەمیشە نموونەی دەرەوە دەکەینە خالّی وەرچەرخان بۆ دەولّەمەندکردنی قسەو باس و خواسەکانمان.

شەوێکی درەنگ لەیەك لە ولاّتە ئەوروپییەکان، ئافرەتێکی بەساڵاچووی بیّ سەرپەرشت، کت و پر باری دەروونی تێك دەچیّ و دێتە دەرەوە، هاواری لیّ بەرز دەبێتەوە بۆ ئەوەی کەسێك بە فریای بکەویّ، کابرایەکی دراوسێیان کە بەو کلۆلّ و زەلیلیەی دەبینیّ، بۆ ئەوەی گیانی لە مردن رزگار بکات بە پەلە دەیخاتە سەیارەکەی و بەرەو نەخۆشخانەی دەبات، کاتێك دەگاتە چوار ریانێك و دەبینیّ هیچ سەیارەیەك لەو دەوروبەرە نییە، لە گلۆپی سوور دەدات و دەیگەیەنێتە جیّ و هەست بە ئارامی و ئاسوودەییەکی زۆر دەکات.

رۆژی دواتر پۆستی بۆ دێت بەوەی دوێنیّ شەو لە گلۆپی سووریداوە دەبیّ غەرامەی ئەو سەرپێچیەی بدات. کابرای سایەق چاو ئەبلّەق دەبیّ و لە دەروونەوە بەخۆی دەلّێت خۆ من ئەو شەوە هیچ کەس و سەیارەیەکم لەو چواررِیانە نەبینیوەو تەنانەت هیچ کامیرەیەکی چاودێریش لەو شوێنە نەبوو ئیدی چۆن ئەمەیان زانی؟ کاتێك دەچێتە فەرمانگەی هاتوچۆو پرسیاری ئەو حالّەتەیان لیّ دەکات، پێی دەلّێن ئەو پیرەژنەی دوێنیّ شەو هەلّتگرتبوو، هەر ئەو هەوالّی بە ئێمەدا، سوپاسی دەکەین.

ئەویش بەناچاری غەرامەکەی دا و گەڕایەوە، چووە لای پیرەژنەکە و گلەیی خۆی لیّ کرد، وتی نەنە گیان من بەناوە چاکەو پیاوەتیم لەگەلّ کردی تاوەکو نەمری و زوو بتگەیەمە جیّ بۆیە لە گلۆپی سوورمدا، تۆش لەجیاتی دەستخۆشی و پێزانین، خەبەرت لیّ داوم و شکایەتت لیّ کردووم، تو ویژدانت ئەمە رەوای هەقە؟

پیرەژنەکە نەختیّ سەری لیّ باداو وتی من پێم خۆش بوو بمردبامایە نەك بەهۆی منەوە سەرپێچی یاسات بکردایە.

مامۆستا سەعید مەولود[٧٦] بۆی گێڕامەوە، وتی:
لەساڵی ١٩٧١ رەئیس عورەفا (مام سابیر ) هەبوو، لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر پۆلیس بوو، رۆژێکیان لە چوار ریانی ئێستای پردی عەنکاوە لە سەر شەست مەتری کە ئەو کات ترافیك لایتی لێ نەبوو، لەو شوێنە ئێشکگر بوو، لە هاوینێکی بەتینی گەرما کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ کاتێك ئەرکی خۆی تەواو دەکات ، لە چاوەڕوانی تەکسی وەستا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵ، لەو کاتەدا تەکسیەك دەرکەوت، بێ ئەوەی دەستی بۆ درێژ بکات خاوەنەکەی لەبەردەمی بەهێواشی وەستا، ئەوجا فەرمووی سواربوونی لێ کرد. ئەویش سوپاسی کرد و لەگەڵی سوار بوو، بەدەم رێگەوە گەلێ قسەی خۆشیان بۆ یەك کرد. ئەوەندەی نەمابوو بگاتە پێش دەمی ماڵیان، خاوەن تەکسییەکە بەهەڵپەیەکەوە پێی وت قوربان ببوورە من مۆڵەتی شۆفێریم نییە، ئەوە چەند جارە دەچم و چەندی دەکەم لە رەمپەکە دەرناچم.
مام سابیر چاوی تێبڕی و پێیوت چما مۆڵەتی شۆفێریت نیە و سەیارە لێ دەخوڕی؟
وتی ئێ چیبکەم کە لێی دەرنەچم، نەوەڵا مۆڵەتم نییە.
ئەویش پێی دەڵێ دەی فەرموو مادام مۆڵەتت نییە، دەی بەرەو دایەرەی مروور بسووڕێوە.
کابرای شوفێر چەندی لەبەر پاڕایەوە پێی وت: دایکت چاك و بابت چاك، ئەوەم لەگەڵ مەکە، لەکاتێکدا من وەکو پیاوەتی تەکسیم بۆ راگرتی و نیەتم نەبوو هیچت لێ وەربگرم.
ئەویش پێیوت ئەوە هەمووی لەلایەك، کە وتت سەرپێچی، تەواو، ئێستا تۆ چونکە مۆڵەتت نییە و بەبێ قانون شوفێری دەکەی، کەواتە موخالیفی و دەبێ سزا بدرێی.
مام سابیر هەر بەو گەرمایە سەیارەی بە کابرا سووڕاندەوەو بردیە مروور و حیجزی کرد و خۆشی بە تەکسییەکی تر گەڕایەوە ماڵ.

---

[٧٦] - مامۆستا سعید مەولود حوسێن، لەدایکبووی ١٩٦٣/٤/٢٢ خەڵکی گوندی پیرداودەو لەپەروەردەی دەوروبەر، سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەییە.

**دكتۆر یونس كەركوكی گێڕایەوە، وتی:**

لە ساڵی ١٩٧١ لە وڵاتی ئاڵمانیا دەمخوێند، لەوێ دیمەنێك سەرنجی راكێشام. رۆژێكیان كابرایەك سەیارەیەكی فۆلكس واگنی پێ بوو بە خێراییەكی بێ ئەندازە دەڕۆیی و لە ئافرەتێكی دا، ئافرەتەكەی هەنجن هەنجن كرد. زۆری نەبرد پۆلیسی هاتوچۆ گەیشتنە سەر رووداوەكە و یەكسەر رێیان بەخاوەن سەیارەكەدا بڕوات و كابرا رۆیشت. بەو دیمەنە چاوئەبڵەق بووم، پێم سەیر بوو چۆن پۆلیس بەبێ لێكۆڵینەوەو گرتن و سزادان بەرێیان كرد لەكاتێكدا ئافرەتەكەی كردبووە كەلە و پاچە؟ بەخۆ نەوەستام لەیەك لە پۆلیسەكان نزیك بوومەوە، هۆكاری ئەو رێپێدانەم لێی پرسی، ئەویش زۆر بە شێنەیی وەڵامی دامەوە، وتی شوفێرەكە سەرپێچی نەكردووە، بەپێی یاسا خودی ئافرەتەكە چونكە لە هێڵی پەڕینەوە نەپەڕیوەتەوە ئەو سەرپێچیكارە نەك شوفێرەكە.

مرۆ ڤ بەیاسا جوانە و یاسا هەموو مافەكانی بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر كردووە، بەڵام ئەوە ئێمەین كە نامانەوێ هەموو كات پابەندی یاسا بین. ئەگەر مرۆڤ كارەكانی بەرێكوپێكی ئەنجامدا، هیچ حەوجە بەوە نییە بۆ راییكردنی ئیش و كارەكانی، واستە بكات و روو لەم و لەو بكات.

# ویژدانت بکە سەنگی مەحەك

**نەکەی هەرگیز ویژدانت بفرۆشی، دواتر ئەگەر خاوەنی هەموو دونیاش بیت، ناتوانی بەدەستی بێنیتەوە**.(ئەلبێرت کامۆ)

هەر مرۆڤێك کە خاوەن ویژدان نەبوو، دەبێتە ئاژەڵێکی دڕندەو مەترسیدار. داشۆران لە بیروباوەڕو ویژدان هیچ بەهایەك بۆ مرۆڤبوونی ناهێڵێتەوە، ویژدان لە ناخماندا حزووری هەیە کەچی لەخۆبایی بوون و خۆ بەزل زانینمان لە سەرچاوەی هەواو ئارەزووەکانی شەیتانەوە هەڵدەقوڵێ کە بەرامبەر بەو ڕووداوانەی دێتە پێشمان، ویژدانمان بەلاوە دەنێین و لە ناخەوە هەست بە ئارامی ناکەین.

ئەوەی لە ویژدان دەستمان دەکەوێ، لە بێویژدانیدا نایبینین.. ویژدان پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی خۆشنوودبین، چونکە

***بەهۆی ویژدانەوە چاوچنۆك نابین و لە دونیادا نائومێد و ڕەشبین نابین:**

لە یەك لە وڵاتەکانی ئەوروپا، بەهۆی کێشەیەکی هونەرییەوە دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە ڕوونی زەیت گران دەبێت، کوردێکی لای خۆمان کە ئەو هەواڵەی بیست، لە ترسی دروست بوونی گرانی، چووە یەك لە سۆپەڕ مارکێتەکان و لەجیاتی کڕینی شەش حەوت دەبە زەیت، چوار کارتۆن زەیتی کڕی و کاتێك چووە دەرەوە، کابرایەکی بینی ئەوە لەگەڵ دەستی خۆیدا چوار پێنج دەبە زەیتی بەدەستەوەیە هێدی هێدی بەرەو سۆپەڕ مارکێتەکە هەنگاو دەنێ. ئەو دیمەنە سەرنجی ڕاکێشا. کاتێ کابرا گەیشتە ڕاستی، پێی وت قوربان ئەوە بەتەمای چی؟ ئەو دەبە زەیتانە چییە بەدەستەوە؟ کابراکە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە ئەوەی ڕاستیبێ گوێبیستی ئەوە بووم کە ڕەنگە ڕوونی زەیت گرانبێ لەماڵەوە هەشت دەبە زەیتم هەبوو، دوو دەبەم گێڕاوەتەوە و ئەو شەش دەبە زەیتەیشم بۆ ئەم مارکێتە هێناوە تا ئەزمەو گرانی ڕوونەدات.

***بەهۆی ویژدانەوە دەروونمان ئاسوودە دەبێت کە چیمان بۆ خۆمان پێ خۆشە، هەمان شتمان بۆ خەڵکی تر پێ خۆش بێت.**

**مامۆستا ساکار بەرزنجی بۆی گێڕامەوە، وتی:**

کاتی خۆی لەهەڕەتی گەنجێتی، بە رۆژانەی دوو درهەم لە چایخانەی سەید سەلیم سەید غەریب شاگرد چایچی بووم.

بەیانیەکیان شەکرمان نەما بوو، مام سەید پارەی پێدام بچم دوو کیلۆ شەکری پێ بکڕم و بگەڕێمەوە.

دوکانی حاجی محەمەد هەبوو لە هەموو دوکانەکانی دیکە نزیکتر بوو، خۆم گەیاندە دوکانەکە و بە روویەکی گەشەوە وتم ئەرێ مام حاجی دوو کیلۆ شەکرم نادەیتێ؟

حاجی محەمەد بەدەستەکانی ئیشارەتی پێدام و بانگی کردم کوڕی خۆم وەرە پێش.

منیش زۆر بەشێنەیی لێی چوومە پێش گوتم فەرموو مام حاجی؟

ئەویش بەبێ ئەزیەتدان گوێچکەی گرتم و وتی تۆ کەسێکی ئاقڵ و بە ئەدەبی، من ئەم بەیانیە سفتاحی خۆم کردووە، بەڵام ئاگام لێیە ئەم دوکانەی بەرامبەرم، سێ دوکان بەولاتر هێشتا سفتاحی نەکردووە، برۆ شەکرەکە لەلای ئەو بکڕە با ئەو شتێکی پێ ببڕێ.

منیش چوومە ئەو دوکانەو شەکرەکەم لێی کڕی و گەڕامەوە.

**مامۆستایەك بۆی گێڕامەوە، وتی:**

ساڵی ١٩٩٣ من و مامۆستا محەمەد دەروێش بەیەکەوە لە قوتابخانەی ئاکام لە بنەسلاوە دەوامامان دەکرد، ماڵمان زۆر لەیەکەوە دوور نەبوو، رۆژێکیان دوای دەوام پێکەوە بەرەو ماڵ شۆڕ بووینەوە، لەنیوەی رێگا تووشی مام دەروێش مستەفای باوکی مامۆستا محەمەد بووین کە پیاوێکی کۆمەڵایەتی و قسەخۆش بوو، ئەو کات تەمەنی لەسەرووی ٧٥ساڵی بوو، دوای سەلام و چاك و چۆنی، مامۆستا محەمەد لێی پرسی بابەگیان ئەوە چیە بەدەستەوە؟ وتی ئەوە تەماتەیە. ئەویش تەماشایەکی ناو عەلاگەکەی کرد بینی ئەوە تەماتەیە بەڵام یەك تەماتەی ساغی تێدا نییە هەموو تەماتەکە شکابوو، بەهەڵپەیەکەوە لێی پرسی بابەگیان بۆچی ئەوە یەك تەماتەی ساغی تێدا نییە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە، وتی کوڕم هەموو ئەو تەماتانە سوورو جوانن بەبژار هەڵمگرتووە. مامۆستا محەمەد بەپێکەنینەوە پێی وت نەدەبوو تەماتە ساغەکانت هەڵبژاردایە؟ مام دەروێش وتی ئەدی خاوەنی ئەم دوکانەیش بەپارە نەیکڕیوە؟ ئەگەر من نەیکڕم و تۆو

یەکێکی تر ئەو تەماتانە نەکڕێ، زەرەر دەکات، بۆیە دەبێ ویژدانمان هەبێ هەر یەکەمان لەجێوە تەماتە باشەکەی هەڵبژارد و ئەوەی خراپ بوو بۆی مایەوە ئەوە چ ویژدانێکە هەمانە، خۆ تەماتەکانی زۆری ساغ بوو بەڵام بێنە پێش چاوی خۆت چ بیکەیە زەلاتە یا چێشت هەر دەبێ بیشکێنی.

***بەهۆی ویژدانەوە مرۆڤ دەبێتە کەسێکی ڕاستگۆ:**

**مەلا نوری محەمەدئەمین[77] وتی:**



ویژدان بۆ مرۆڤ شتێکی جوانە، هەرگیز ئەو مەشهەدەی ئیبراهیم مامە حەمە سماقەیی لەبیر ناکەم، کاك ئیبراهیم کابرایەکی قەساب بوو، بزن و مەڕ و گۆلك و مانگای دەکڕی و بەقازانجێکی کەم دەیفرۆشتەوە، ئەوەی بیویستایە لێی بکڕێ، ڕاشکاوانە پێی دەوت برای خۆم من ئەو مەڕە، ئەو بزنە، ئەو گۆلك و مانگایەم لە فلانە کەس بەوەندە دینارە کڕیوە و بۆ ڕاست و دروستی ئەم قسانەش دەتوانی پرسیار لەو کەسە بکەی، بزانە ڕاست دەکەم یان نا؟ منیش بۆ ئەوەی شتێکم پێ ببڕێ بەوەندە دینارەی دەفرۆشمەوە، ئەوجا دەیکڕی، ناکڕی، کەیفی خۆتە.

لە کتێبی موسوعة الاخلاق الاسلامية هاتووە:

---

[77] –مامۆستا مەلا نوری محەمەدئەمین عەلی حەسەن ئۆمەرگومەتی ساڵی ١٩٣٨ لەدایك بووە و لەساڵی١٩٦١ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، مەلایەتی لە پردێ و گوندەکانی شیواشۆك و سماقەو گەرەکی سەیداوەی هەولێر و قەزای بنەسلاوە کردووە.مامۆستا داهێنەر و کەسێکی ڕووخۆش و خودان ئەزموونە. بۆ زاخاوی مێشك گێرایەوە وتی: ڕۆژێکیان ئافرەتێکی لەمەر خۆمان دەچێتە خزمەت مامۆستایەکی ئاینی و داوای لێ دەکات نووشتەیەك بۆ مانگاکەی بکات، مامۆستا پێیدەڵێ: خوشکێ من لێت حاڵی نیم ئەو نووشتەیەت چۆن بۆ بکەم؟! دەی بەجوانی تێم بگەیەنە بزانم چیت دەوێ؟! ژنەکەش هەند بەخۆشی پێی دەڵێ: مامۆستا تۆ ئەگەر مانگای منبی، (کا)ت بدەمێ، نانە ڕەقت بدەمێ، ئەلفت بدەمێ و تۆش گووە وشکە بخۆی، ئێستا تێگەیشتی؟ مامۆستاکەیش بە دەم زەردەخەنەیەکەوە پێی دەڵێ: بەڕاستی مامۆستات گەورە کرد.

شێخ عەبدولقادری گەیلانی ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت دەڵێت: کاتێك لە مەککە بەرەو بەغدا دەرچووم بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، دایکم چل دیناری زێڕی پێدام و پەیمانی لیٚ وەرگرتم راستگۆبم. کاتێك گەیشتینە خاکی هەمەدان، کۆمەڵێك لێمان دەرکەوتن  و کاروانەکەیان بردین، یەکێکیان بەلام تێپەڕی وتی چیت پێیە؟ وتم: چل دینار. کابرا وا گومانی برد گاڵتەی پیٚ دەکەم بۆیە وازی لیٚ هێنام، ئەوجا پیاوێکی تر منی بینی، وتی چیت پێیە؟  وتم چل دینار. ئەوجا منی بردە لای ئەمیرەکەیان پرسیاری لیٚ کردم، منیش وەڵامیم دایەوە، کە وتی چی وای لیٚ کردی راست بڵێی؟ وتم دایکم پەیمانی لێوەرگرتووم راست بڵێم و پەیمانەکەی نەشکێنم. ئەمیرەکە کە ئەم وەڵامەی بیست، هاواری لیٚ هەستاو دەستی بەگریان کرد، وتی تۆ دەترسی ناپاکی لە دایکت بکەی بەلاٚم من ناترسم خیانەت لە پەیمانی خوا بکەم. ئەوجا فەرمانی کرد چیان لەو قافڵەو کاروانە بردووە پێیان بدەنەوەو وتی من لەسەر دەستی تۆ تەوبە دەکەم. جا ئەوانەشی لەگەڵیدا بوون وتیان تۆ گەورەمان بووی لە رێگری و ئەمڕۆش هەر تۆ گەورەمانی لە تەوبەکردن.هەموویان لەسەر دەستی ئەو، تەوبەیان کرد.

***بەهۆی ویژدانەوە دڵسۆز دەبین:—**

زانای گەورەی کورد  خوالێخۆشبوو عەبدولکەریمی مودەریس مەلایەکی ناودار و نووسەرێکی بەسەلیقە و لێهاتوو بوو، لە ژیانی پیشەییدا چ جای ئەوەی موفتی عێراق بوو، بەهەزاران فەقیٚ بڕوانامەی مەلایەتیان لەلای وەرگرتووە.دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕەکەی بەجۆریٚ لەناخیدا رەگ و ریشەی داکوتابوو، هەر کاتێك مۆڵەتی ئاسایی وەرگرتایە کە بەپێی رێنماییەکان هیچ بڕە پارەیەك لە مووچەکەی نابڕدریٚ، کەچی مامۆستا عەبدولکەریم ویژدانی قبووڵی نەدەکرد پارەی ئەو رۆژانە بخاتە باخەڵی کە تێیدا مۆڵەتی وەرگرتووە، دەچووە بەشی ژمێریاریی و داوای دەکرد پارەی ئەو رۆژانەی لیٚ وەربگرنەوە کە لە مۆڵەت بووەو پێیان داوە.کاتێك پێیان دەوت ئاخر ئەوەی تۆ مۆڵەتی ئاساییەو لەو جۆرە مۆڵەتانە هیچ بڕە پارەیەك نابڕدریٚ؟ئەویش دەیوت من دەوامم نەکردبیٚ و لە پشوودابم چۆن ئەو پارەیە وەربگرم، بۆیە تا پارەی ئەو رۆژانەی نەگەڕاندبایەوە، لەو شوێنە دەرنەدەچوو.

# ڕۆژان ڕۆژیان بەدواوەیە

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ وَتِلۡكَ ٱلۡأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيۡنَ ٱلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمۡ شُهَدَآءَۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ آل عمران: ١٤٠

**واتە:ئێمە ئەو ڕۆژگارانە دەستاودەست دەکەین لەناو خەڵکیدا تا لەجیهانی واقعیشدا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، خوا دەریان بخات و هەندێکتان بکا بە شایەت و بە پلەی شەهیدی بگەن، بێگومان خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت.**

خوای پەروەردگار سەیری دەروونی مرۆڤەکان دەکات و پەیامی خۆی بەگوێیان دەدات ڕاستگۆبن، ستەم نەکەن، خۆیان لەتاوان و گوناه بەدوور بگرن، ئەوە ئێمەین ئەو ڕۆژگارە دەستاو دەست دەکەین. واتا ئەگەر تاوانت ئەنجامداو لەسەری تۆبەت نەکرد، بێگومان ئەگەر لەوە خراپترت بەسەر نەیەت، هەمان شتت دێتەوە پێش، ئەوشتانە مەرج نیە هەر لەخۆت بکەون، ڕەنگە لە خێزانت یان لە ماڵ و منداڵ و کەسە نزیکەکانت بکەوێ.

## ئەو ژن و پیاوەی تۆبەیان کرد

**پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: هەر کەسێك بەتەمای ئەنجامدانی خراپەیەکبێ و پاشان ئەنجامی نەدات ئەوا خوای گەورە بە چاکە بۆی دەنووسێت.**[٧٨]

**کاك نەوزاد مارف بەسەرهاتی هاوڕێیەکی خۆی بۆ گێڕامەوە، وتی:**

هاوڕێیەکەم دەیوت کاتی خۆی تازە فامم کردبوو، دەمزانی ڕەش و سپی لێك جیا بکەمەوە، ئاگام لەوە نییەو نەمدەزانی دایکم بە دزی باوکمەوە پەیوەندی لەگەڵ کۆنە دۆستەکەی نەپچڕاندووە، ڕۆژێکیان بانگی ماڵەوەی کرد، من بەبینینی کابراکە خۆم خستە پشتیەوە و توند لەدواوە مەکسیەکەیم گرت و چاوم دایێ، کابراکە ڕوبەڕ دینارێکی

---

[٧٨] -فمن هم بحسنة فلم يعملها كتبهاالله تعالى عنده حسنة كاملة (صحيح الجامع الصغير)

لەباخەڵی دەرێنا و بۆ دایکمی راگرت و تیله نیگایەکی دایێ. دایکیشم پارەکەی لەدەست وەرگرت و وتی ها کوڕی خۆم ئەو پارەیە هی ئەو مامەیە، بڕۆ ئەو دوکانەو حەزت لەچییە، بۆ خۆت شتی پێ بکڕە.

منیش بەدڵخۆشیەوە پارەکەم لێی وەرگرت و بەغاردان چوومە دەرەوە، خۆم گەیاندە دوکانەکەو هەندێ شەکرۆکەم پێ کڕی و بە غاردان گەڕامەوە ماڵ، کە دەرگای ژوورەوەی دایکمم کردەوە، بینیم ئەوە هەردووکیان باوەشیان لەیەك داوە، توند چاوەکانم نوقاند و چوومە دەرەوە، ئاهێکی قووڵم هەڵکێشا بەلاّم منی منداڵ چیم پێ دەکرێ؟ ئەو دیمەنە لەپێش چاوم نەڕۆیشت و نەڕۆیشت.

منیش کاتێك گەورە بووم، کام کاری خراپە ئەنجامم دەدا، پەیوەندیم لەگەڵ چەند ژن و بێوەژنێك بەستابوو، بۆ یەکەم جار پەیوەندیم لەگەڵ ژنێك بەست کە پیاوەکەی دوو ساڵ بوو وەفاتی کردبوو، کاتێك بانگی ماڵەوەی کردم و چوومە ماڵیان، ژنەکە تاقە منداڵێکی هەبوو کە چاوی بەمن کەوت، چووە پشت دایکی و خۆی لەپشتیەوە مات کرد و دەستی بە مەکسیەکەوە گرت، دایکی سەری بادا و منیش تێگەیشتم. دەستم خستە باخڵم و دینارێکم بۆی راگرت، ژنەکە پارەکەی لێ وەرگرتم و ئەویش بۆ منداڵەکەی راگرت، پێیوت وەرە کوڕم مەترسێ، ها بۆ خۆت بڕۆ بەو پارەیە حەزت لە چییە، بڕۆ بۆ خۆت شتی پێ بکڕە.

کاتێك منداڵەکە بەغاردان رۆیشت، موچڕکەیەکم بەلەش داهات و لە کەڵەموستی پێمەوە دەرچوو، یەکسەر سەردەمی منداڵی خۆمم بیر کەوتەوە، هەرچی پارەیەکم لەباخەڵ دابوو، پێمدا، وتم ئێستا بەبیرم هاتەوە دەبێ بڕۆم کارێکی بەپەلەم هەیە. چوومەوە ماڵ دەست نوێژێکی جوانم شوشت و دوو رکات نوێژی تەوبەم کرد، دووبارە هەر نەمتوانی وازی لێ بێنم، کاتێك چوومەوە ماڵیان، کوڕەکەی لەدەرەوە وازی دەکرد، ژنەکە وتی دەی پێویستیەکانت تێر کە تا کوڕەکەم لە دەرەوەیە. منیش بەسەرهاتی سەردەمی منداڵی خۆمم بۆی گێڕایەوە، ئەوجا وتم ببوورە لەم ئان و ساتەوە توخنی هیچ لەو کارە خراپانە ناکەوم، فەرموو ئەگەر ئامادەی مێردم پێبکەی و بەڵێنم پێ بدەی چیتر ئەو کارە نەکەی، ئەوە دەتهێنم.

ئەویش تەوبەیەکی نەسوحی کردو لەو ڕۆژەوەی ئەو ژنەم هێناوە، ژیانێکی بەختەوەر دەژین و دوای ئەو کوڕەی کە لە پیاوەکەی پێشووی هەیبوو، دوو کوڕو کچێکی لەمن هەیە بەموو جیاوازی لە نێوانیان ناکەم، هەمیشە شوکرانەبژێوی خوای پەروەردگار دەکەم کە هیدایەتی دام و لەو ڕێیەوە هەم من و هەم ئەو ژنە لەکاری خراپ دوورکەوتینەوە .

## چیم چاند، هەر ئەوەم دوورییەوە

**ڕۆژێکیان لە باغی شار، مامۆستا کارزان بەسەرهاتێکی خۆی بۆ گێڕامەوە، وتی:**

گەنجێکی سەرەڕۆ بووم، ڕەمەکیانە بەتەلەفۆن ژمارەم بۆئەم و ئەو لێ دەدا، ئەگەر پیاو بوایە هەر زوو لەخۆمەوە ناوێکم دێناو دەموت بێزەحمەت تۆ فلان کەسی؟ ئەگەر بیوتبایە نا، نەخێر من ئەو کەسە نیم. دەموت ببوورە دیارە ژمارەکەم بەهەڵە لێداوە.خۆ ئەگەر کچ بوایە دەکەوتمە وروژاندنی بەم بارو ئەو بار، وام لێی دەکرد پەیوەندیم لەگەڵ ببەستێ. باوکم بەو کارانەی من گەلێ دڵتەنگ دەبوو، دایکیشم بەرگری لێ دەکردم، دەیوت دەی پیاوەکە لێیگەڕێ گەنجە. ئەو قسانە بوونە هاندەر تا لەو کارە بەردەوامبم. بە تەلەفۆن پەیوەندیم دەبەستا و دەچوومە جێ ژوان. تاوەکو ژنم نەهێنا، ئەوە پیشەو کارم بوو. منداڵەکانم وردە وردە گەورە بوون تا لەڕێی دایکیانەوە هاندم بۆیان کڕی، ئەوەی لە نزیکەوە سەرنجی ڕاکێشام، کوڕە گەورەکەم بە سەعات و دوو سەعات لەگەڵ کچی ئەم و ئەو بە تەلەفۆن قسەی دەکرد، چەندی دەموت کوڕم عەیبە واز لەم کارە بێنە. دەیوت باشە بابە، قسەکانی هەر ئەو کاتە بوو بەگوێی نەدەکردم. ئەو کوڕەم چونکە تەمەنی گەورە بوو، دڵم نەدەهات لێی بدەم چونکە سەردەمی گەنجێتی خۆمم بەبیر دەهاتەوە من چیم دەکرد؟ جا نەك تەنها کوڕەکەم، بگرە کچەکەیشم لەدەست دەرچوو، دایکیان سەری زمان و بنی زمانی ئەوەبوو، دەیوت ئەگەر تۆ باوکێکی باش بویتایە ئەوە منداڵەکانت باش دەبوون. ڕۆژ نەبوو خەفەت لەو ماڵ و منداڵە نەخۆم تا کار بەوە گەیشت کەس وجودی نەدەزانیم و ئەوەی بۆ من مایەوە تەنها ئەوەبوو خەفەتیان لێ بخۆم و لە تەمەنێکی زووەوە سەروڕدێنم سپی بوو. ئێستاش دوای تەمەنێك کورو

کچەکانم بەرێی خۆیاندا رۆیشتوون بەلاّم  کە بیر لەرابردووی خۆم دەکەمەوە، بۆم دەرکەوت  رۆژان رۆژیان بەدواوەیە، مرۆڤ چی بچینێ، ئەوە دەدورویێتەوە.

## دوو رووداوی وەك یەك



**یەکەم:** باوکم دوو سالّی یەك لەدوا یەك لە دەشتی گوندی قەرەناو توتنی دەکرد، گێڕایەوە، وتی: لەنێو ئەو حەشاماتەی لەو دەشتە  خەریکی کشتوکالّ بوون، دراوسێیەکمان هەبوو کابرا تەمەنێکی بەسەر بردبوو، پشتی چەمابۆوە، سێ کوڕی هەبوون گەورەو عازەب، کوڕەکان لەجیاتی خزمەتی باوکیان بکەن و ئەو تەمەنەی ماویەتی پشوو بدات و ئەوان ئیشەکان رایی بکەن، رۆژانە هەنجیرەکانیان پێی ئاو دەدا و  بن دارەکانیان پێی بژار دەکرد و بۆ لێکردنەوەی بەری هەنجیرەکانیش، سێ چوار ئافرەتیان بەکرێ گرتبوو ئیشیان تەنها چنینی هەنجیر بوو، دەیانکردە تەنکە روونی ئەو کاتە و ئەوانیش لەجێوە باریان دەکرد. رۆژێکیان پێموت خالّەگیان ئەوە کەی ئیسلامەتییە لە سێ کوڕی گەورە و جحێل، تۆ ئەو هەنجیرانە ئاو بدەیت و بژاری بکەیت؟

کابرا ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو، بەدەم هەناسەبڕکێوە وتی تکا دەکەم دەستکاری ئیشی خوا مەکە ئەوە کارو کردەوەی پێشووی خۆمە دووبارە دێتەوە رێم، کاتی خۆی ئێمە پێنج برا بووین، هەر لەو زەویەدا کە باوکم لە تەمەنی ئێستای من دابوو ئەگەر باسی دار هەنجیر و ئەوشتانەی بکردایە، من دەموت  ئەوە بەئێمە ناکرێ و ئەوە ئیشی ئێمە نییە. براکانم کەسیان قسەیان لەقسەم نەدەکرد، بەهۆی قسەکانی منەوە کەس دەستی لە بێر و خاکەناز نەدەدا و ئەویش بەناچاری کە ژیانمان لەسەر ئەو رەزە بوو، بەتاقی تەنیا بژاری دەکرد و ئاوی دەدا، ئێمە بە باوکمان دەوت دەی باوکە ئەگەر پێت بەناو ناکرێ، بۆچی نایفرۆشی؟ ئێستاش هەمان شت کە بەمندالّەکانم دەلّێم وەرن بەردەستیم بکەن و یارمەتیەکم بدەن، هەمان قسە دووبارە دەکەنەوە، دەلّێن بابە ئەگەر پێت بەناو ناکرێ بۆچی ئەو زەویە نافرۆشی و لە کۆلّ خۆتی ناکەیەوە؟

## قەبووڵم نییە بێ پرس یەك قلە هە نجیر بخۆن

**دووەم:** ناسیارێکم گێڕایەوە، وتی: کاتی خۆی دوای مردنی باوکم پارچە ڕەزێکم بەمیرات بۆ مابۆوە، چونکە مناڵەکانم پاچەرەو بچووك بوون، بەناچاری بۆ چنینی هەنجیرەکە ئەو ئافرەتانم بەکرێ دەگرت کە بێوەژن و کەم دەرامەت بوون، هەتا هەموو هەنجیرەکەیان دەچنی، بەدیاریانەوە دەوەستام، چاوم لە یەکە بەیەکەیان بوو، زوو زوو پێیانم دەوت ئێوە پارەی خۆتان وەردەگرن و من ئێوەم بەپارە گرتووە بۆیە قەبووڵم نییە بێ پرسی من یەك دەنکە هەنجیر بخۆن.

ڕەزەکەم یەك دووو ساڵ ئافات لێیدا، سەرلەبەری وشك بوو. دڵم لێی ساردبۆوە زەویەکەم فرۆشت و دوای قات و قری و ئەو گرانیەی تووشمان بوو، رووم لە هاوڕێیەکمنا ئەگەر ئیشی هەنجیرچنینیان هەبوو، ئەوە کچەکەم لەگەڵ خۆی ببات. ئەو ڕۆژەی کچەکەم ڕۆیشت و کاتێك گەڕایەوە، زۆر توورە بوو، لێم پرسی کچم ئەوە چییە، بۆچی ڕەنگ و روخسارت گۆڕاوە؟ کچەکەم وتی بابە ئەوە یەك لە ژیانمدا پیاوی وا ڕەزیل و قرچۆك ببینم، فەرموو هەر لەبەیانیەوە تا تەواو بوونی کارەکەمان یەك دەقە لێمان جیا نەدەبۆوە بەردەوام چاوی لەسەرمان بوو، دەیوت من پارەی تەواوتان پێدەدەم، قەبووڵم نییە بەبێ پرسی من یەك دانە هەنجیر بخۆن، هەر بۆیە وا تووڕەو عاجزم.

منیش قسەکەم پێی بڕی، وتم هەقی خۆیەتی ئەوە راستە چی بچێنی ئەوە دەدورییەوە، منیش کاتی خۆی هەمان شتم کردووە.

## من ئەو کەسەم دە ساڵ بەر لەئەمڕۆ دوو دینارت پێدام

خوالێخۆشبوو مەولود حوسێن باوکی مامۆستا سەعید گێڕایەوە، وتی:

ساڵی ١٩٥٥ دە خانووم لە بەغدا بە قۆنتەرات گرتبۆوە سەرپەرشتی بەستنی بۆڕی خانووەکانم دەکرد. لە ڕۆژانی پشوو بەرە بەری عەسر لە گۆڕەپانی شەقامی ڕەشید لامدەدایە چایخانەیەکی ئەو دەوروبەرەو تاوێ لەوێ دەمامەوە.

ڕۆژێکیان کابرایەکی لەمەڕ خۆمانم بینی بەسەرو جەمەدانی و جلی کوردیەوە دەرۆزەی دەکرد، وەك کوردێك زۆرم پێ ناخۆش بوو کورد دەرۆزە بکات و دەست لە عەرەب پان بکاتەوە، لەدوورەوە بانگیم کرد، کاتێك لێم نزیك بووەوە، دەنگم بەسەری بەرز کردەوە،

پێموت ئەوە شەرمت بەخۆ نییە لەم شارە دەرۆزە دەکەیت و دەست لەبەر ئەو عەرەبانە پان دەکەیەوە؟

لەوەلآمدا وتی خوا ئاگادارە دەرۆزەکەر نیم خێزانەکەم نەخۆشەو نەشتەرگەریمان بۆی کردووە ئێستا وا لە نەخۆشخانەیەو پارەمان لێ براوە، لێرە کەس ناناسم، تەنانەت زمانیش تەواو نازانم بۆیە بەناچاری پەنام بۆ دەرۆزە بردوە.

قەناعەتم بەقسەکانی هات، پێموت: چەندت پێویستە؟

وتی دوو دینار.[٧٩]

دەستم گەیاندە گیرفانم و دوو دینارم پێی دا، وتم ها جارێکی تر نەتبینمەوە دەرۆزە بکەی.

کابرا گەلێ مەمنوون بوو، وتی هەتا ماوم لە پیاوەتی و چاکەت دەرناچم بەلاّم دەبێ بزانم ناوت چیە؟

وتم: وەستا مەولود کاری بۆڕی دەکەم.

سالّ هات و ڕۆیشت، سالّی ١٩٥٨ دوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم، گەڕامەوە هەولێر، چونکە شیوعی بووم لە نەقابەی کرێکاران جموجۆلّ وچالاکی جۆراو جۆرمان دەنواند.

دوای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم، بەعسیەکان دەسەلآتی عێراقیان گرتە دەست، ئێمە پۆلێك لە شیوعیەکان لە ١٨ی شوباتی ١٩٦٣کاتێك بەسەر مەخفەری سەیداوامان داداو سوتاندمان، دەستگیریان کردین و یەك هەفتە لە هەولێر دەستبەسەر کراین، ئەوجا ڕەوانەی بەندیخانەی (خلف السدة) کراین و ١٨مانگ حوکم دراین.

ئەو دەمانە شۆڕشی ئەیلول هەلّگیرسابوو، کاتێك ئازاد کراین، گەڕامەوە سەر کارو پیشەی خۆم.

سالّی١٩٦٤ پرۆژەی ئاوی قەلآدزێم بە قۆنتەرات بۆ دەرچوو کە لەهێرۆو هەلّشۆوە بەبۆڕی ٨ئینجی ئاو بۆ قەلآدزێ رابکێشم. پرۆژەکە سالّێك زیاتری خایاند، دوو ڕۆژ پێش جەژنی قوربان تەکلیفەی پارەکە ٥هەزار دیناری ئەو کاتە بوو، لەبەر ئەوەی قەلآدزێ هیچ

[٧٩] –ئەو سەردەمە سەد دۆلار بە ٣٢٠فلس بوو.

بانكێكی لێ نەبوو، بەڕێوەبەری ناحیەی قەڵادزێ سەرۆك لیژنە بوو كە خەڵكی سلێمانی بوو، من و ئەو و پۆلیسێك بۆ وەرگرتنی ئەو پارەیە چووینە سلێمانی و پارەكەمان وەرگرت و شەو لەوێ ماینەوە، بەیانی لە گەڕانەوەماندا لەنێوان ڕانیەو سلێمانی لە دوورەوە چەند ئۆتۆمبێلێكمان بینی وەستابوون، نەمانزانی ئەوە مەفرەزەیەكی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولە كە نزیك بووینەوە دیتمان ئەوە پێشمەرگەنە، ئێمەیان لە سەیارەكە دابەزاند و ئەوەی پێمان بوو لێیان سەندین تەنانەت ئەو سەعاتەی لەدەستیشمان بوو، چاویان بەستینەوەو ئێمەیان بردە كەندێك كە بەرپرسی مەفرەزەكەی لێ بوو، دوای ئەوەی چاویان كردینەوە، ئەویش لێكۆڵینەوەی لەگەڵ كردین ، من ڕاستیەكە چی بوو، هەموویم بۆی باس كرد. وتی ناوت چیە؟ وتم وەستا مەولود، كاری بۆڕیچێتی دەكەم.

وتی من ناناسی؟

چەندی سەیریم كرد نەمزانی كێ یە، بۆیە وتم نەوەڵا ناتناسم بەڵام ئێستا ئیشم بە تۆیە حەز دەكەم بتناسم بزانم كێی؟

ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەكەوە وتی من ئەو كابرایەم دە ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە بەغدا چونكە پارەم لێبڕابوو دەرۆزەم دەكرد و تۆ دوو دینارت پێدام.

ئەوجا فەرمانی بە پێشمەرگەكانی كرد هەرچییەكی بردوویانە بۆمانی بگەڕێنەوە و دوو پێشمەرگەیشی لەگەڵ ناردین بۆ دواخاڵ تا ئاگایان لێمانبێ و هیچ مەفرەزەیەك تەشقەڵەمان پێ نەكات.

## دەك خێر لەخۆت نەبینی و وەكو منت لێبێت

٢٢/ ٦/٢٠١٧ چەند ڕۆژێكی مابوو بۆ جەژنی ڕەمەزان ، ببوومە وەكیلی دراوسێیەكی كۆنی خۆمان كە ئەوان ماڵیان لە تەق تەق بوو، منیش لەهەولێر دەژیام، مانگانە مووچەم لە بانكی دووین وەردەگرت و بە كاك **بەختیاری حاجی عوبێدی** وەرداش زاوام بۆیم ڕەوانە دەكرد. لەو ڕۆژەدا چونكە بەرەو جەژن دەچووین، ئەو خەڵكە بۆ پێداویستی جەژن پێویستیان بە پارە بوو، حەشاماتێكی زۆر لەبەردەم ئەو بانكە كۆببۆوە كەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەكرد دوای جەژن مووچەكەی وەربگرێ، بەرپرسی بانكەكە جگە لە

نهۆمی خوارەوە، لە نهۆمی سەرەوە دوو کارمەندی دانابوو تا ئەو خەڵکە بەڕێ بکات، سڕەی تایبەت بە پیاوان و ئەویتر تایبەت بە ژنان بوو. کابرایەکی بەساڵاچوو هات بەرەو جامخانەی پارەدەرەکە رۆیی کەسێکی وا لەو خەڵکەی ئەوێ مینگە مینگی لێوە نەهات، بۆیە پارەی خۆی وەرگرت و رۆیشت. ئەوەندەی نەبرد کەسێکی دیکەی بەتەمەن هات ئەویش بەبێ سڕەگرتن چووە پێش و چەکەکەی بە فەرمانبەرەکەدا و ئەویش پارەی خۆی وەرگرت و رۆیشت. ئەوەی هەڵوێستەی پێ کردم کابرایەکی بەتەمەنی پشت چەماوەی رەقەڵەی سەروڕدێن سپی بوو ویستی بەرەو جامخانەکە بڕوات، گەنجێك لێی هەڵتۆقیەوە وتی کاکە سڕەبڕی مەکە وەرە وەکو ئێمە سڕە بگرە. کابرا وتی ئاخر من نەخۆشم. گەنجەکە وتی ئەی بۆ ئێمە ساغین؟ئێمەش وەکو تۆ نەخۆشین و نابێ سرەبڕی بکەی. قسەیەك لەم و قسەیەك لەو خەریك بوو بەشەڕ بێن، کابرا بەتەمەنەکە دار شەقەکەی دەستی لێ راست کردەوە، وتی بەڕاستی رێزی بەساڵاچوان ئەوها دەگری؟ دەك خێر لەخۆت نەبینی و وەکو منت لێبێ.

هات و هاواری نێوانیان بەوە گەیشت یەك لە پۆلیسەکان وتی دەی کەس ئەو سڕە تێك نەدات. بەناچاری کابرا بەتەمەنەکە چووە پشتەوە، سڕەی گرت.ئەوەی من لەو کابرایەم بینی و بیست، لەبەر خۆیەوە دەیوت: ئای ئەوە چ قەدەرێکە دەیبینم؟ ئەوە چ چارەنووسێکە تووشم هاتووە؟ من کاتی خۆی ئەوها دوای ئەوەی بوومە بریکاری دایکم بۆ ئەو مووچەی دوای مردنی باوکم وەك خانەنشینی وەرمدەگرت، کابرایەکی بەتەمەن هات زۆر نەخۆش دیار بوو قاچی لەدووی نەدەهات و کەسی لەگەڵ نەبوو داوای لەو خەڵکە کرد یارمەتی بدەن بێتە پێش و پارەکەی وەربگرێ، کەس قسەی نەکرد، تەنها من لێی هەڵگەڕامەوە پێموت دنیا هەستێ نابێ سڕەبڕی بکەی ئێمەیش وەکو تۆ بۆ مووچەکانمان هاتووین و وەکو تۆ نەخۆشین. خەریك بوو بەشەڕ بێین و هەر لێی نەگەڕام. کابرا وتی دەك خێر لەخۆت نەبینی و وەکو منت لێبێ. ئەوەتا نزاکەی قبوڵ بوو.

## شیفا بەدەست خوایە

# پێغەمبەر (ﷺ)دەستی خستە سەر گورچیلەم و لەو ڕۆژەوە ژانی نەما

أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ

﴿ وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ءَا۬عْجَمِىٌّ وَعَرَبِىٌّ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى أُو۟لَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴾ فصلت: ٤٤

**واتە: ئەگەر ئەم قورئانەمان بەزمانی گەلانی تر بناردایە، ئەوا بێ باوەڕان دەیانوت ئایا نەدەبوو ئایەتەکانی روون و ئاشکرا بوایە بەزمانی خۆمان بوایە، چۆن دەبێت قورئان بەزمانی بێگانە بێت لەکاتێکدا محەمەد(ﷺ) بەعەرەبی دەدوێت؟ ئەی پێغەمبەر(ﷺ) پێیان بلێ ئەم قورئانە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە هیدایەت و ڕێنوێنی و شیفایەو چارەسەری هەموو دەردو نەخۆشیەکان دەکات، جا ئەوانەی کە باوەڕ ناهێنن، گوێچکەیان کەڕەو بەشتی تر ئاخنراوە، هەروەها کوێرن لە ئاستیدا، ئەوان هەروەکو لەدوورەوە بانگیان بکرێت وایە، نەدەنگەکە بەچاکی دەبیستن و نە رەنگەکە بەڕوونی دەبینن).**

**پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێ:(بۆ هەموو دەردێك چارەسەر هەیە، جا هەر کاتێ چارەسەرەکە ئاوێتە بوو بە دەردەکە، ئەوا بەپشتیوانی خوای گەورە نەخۆشەکە چاك دەبێتەوە.[٨٠]**

**لە فەرموودەیەکی دیکەدا: خوای گەورە هەر دەردێکی دانابێ، شیفاو چارەسەرەی بۆ داناوە، تەنها یەك دەرد نەبێت. وتیان ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)ئەو دەردە چییە؟ فەرمووی پیرییە.[٨١]**

---

[٨٠] -لكل داء دواء، فاذا أصيب دواء الداء برأ بأذن اللهئەم فەرموودەیە سەحیحە، مسلم گێراویەتی یەوە لە بابەتی السلام لە بەشی باب لكل داء دواء و استجاب التداوي بەژمارە(٦٩/٢٢٠٤)



حاجی یاسین حەمەدەمین حەداد ساڵی ١٩٤٠لە هەولێر لەدایك بووە، لە شێخی چۆلی گەورە بووە، کارو پیشەی حەدادی بووەو کەسێکی دەست پاك و خواناس بوو، وەکو ئەندازیارێکی بەئەزموونی پیشەکەی، کاری ئاسنگەری بۆ مزگەوتی جەلیل خەیات و ئوتێلی هەورامان و شیراتۆن و زۆرێکی تر کردووەو بەدەست و بازووی خۆی، دوازدە سەرخێزانی بەڕێوە بردووە.لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٠ چووەتە ماڵی خوا و بووەتە حاجی و بۆ دواجار ساڵی ٢٠٠٣ ماڵئاوایی لەژیان کردوەو گەڕاوەتەوە بەر رەحمەتی دلۆڤان.

**دکتۆر هاشم یاسین** [٨٢] باسی خەوێکی باوکی بۆ گێڕامەوە وتی:

---

[٨١] - **ان الله لم یضع داء الا وضع له شیفاء، أو دواء الا داء واحد. قالوا یا رسول الله ما هو؟ قال(ﷺ) الهرم قال الترمذي هذا حدیث صحیح وە(الالبانی) ئەم فەرموودەی بەڕاست داناوە.**



[٨٢] **د. هاشم یاسین حەمەدەمین ساڵی ١٩٦٣ لەدایك بووە و خێزاندارە، ساڵی ٢٠٠٠ماستەری لەپسپۆری نەخشە وەرگرتووەو ساڵی ٢٠٠٦ دکتۆرای لە نەخشەی کشتوکاڵ وەرگرتووە، ئێستا لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین- بەشی جوگرافیا مامۆستایە.**

**دکتۆر هاشم هەر لە روانگەی خەون و خەونبینیەوە وتی:**

**لەو رۆژەوەی باوکم وەفاتی کرد، هەموو رۆژێ دەچوومە سەرقەبران، گەلێ دەگریام و ئەوەندەی قورئانم لەبەر بوایە دەمخوێند کە گۆڕەکەی لە شێخی چۆلییە. شەوێکیان خەونم پێوەی بینی، پێیوتم کوڕم بۆچی وازم لێ ناهێنی من شوێنم خۆشە؟ بۆ بەیانی چوومە سەر گۆڕەکەی هەمان قسەکانی ئەو شەوەیم بیر هاتەوە: کوڕەکەم بۆچی وازم لێ ناهێنی من شوێنم خۆشە.ئیدی وردە وردە رۆژانی سەردانیکردنم کەم کردەوە.**

باوکم لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، کلیەکانی ژانی دەکرد، بەو هۆیەوە تەواو هەراسان و پەرێشان ببوو، کە ژانی بگرتایە حەجمانی لەبەر دەبڕاو زۆر بەدەست ژانی ئەو کلیەوە دەینالاند، یازدە بەردی لەیەك کلیەدا بوو، بەردەکان دیواربەند ئاسا کەوتبوونە سەر یەك، ئەوە ئەو کاتەیە کە ساڵی ١٩٩٨ بردمانە لای دکتۆر پشتیوان بەزازو دوای پشکنین پێی راگەیاندین کە دەبێ بە زووترین کات نەشتەرگەری بۆ بکەین، سەیرە ئەوە تەحەمولێکی گەورەی دەوێ مرۆڤ ئەوەندە بەردەی لە کلیە بێت و بتوانێ بەرگەی ئەو ژانە گەورە بگرێت.

لە سەروبەندی بڕیاردان و خۆیەکلاکردنەوەمان دەرهەق بە ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەریە، بەیانیەکیان باوکم وتی من ئەمشەو خەونم بە پێغەمبەرەوە بینی لەلام وەستا بوو، دەستیم گرت و بەهێواشی بەسەر کلیەکەم داهێنا، ئەوجا هەستامەوە دەستی ماچ بکەم، کاتێك تەماشام کرد دەموچاوی بووە دەموچاوی شێخ عەلی [٨٣]

لێمپرسی بابە گیان کلیەت ژان ناکات؟

وتی هەست بەهیچ ژانێك ناکەم.

پاك و بێگەری بۆ خوای پەروەردگار، لەو رۆژەوە باوکم ئێستاش هەستی بە ژانی ئەو کلیەی نەکرد کە ئەوەندە بەردەی تێدا بوو. بەڵام کاتێك کلیەکەی دیکەی بە ژان کەوت و بۆ چارەسەری بردمە نەخۆشخانەی خەیال لە بەغدا. دوای چوار سەعات مانەوە لە ژێر نەشتەرگەریدا کلیەکەیان دەرهێنا، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو چونکە سێ گرێ لە تەك کلیەکەی دروست ببوو، دکتۆرەکە وتی هەر لەبەر ئەو گرێیانە ئەو نەشتەرگەریە دەکەین چونکە مەترسی ئەو گرێیانە لەهەر حاڵەتێکدا ئەگەر بتەقێ ئەوە ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە.

کلیەکەیم شاردەوە. کاتێك باوکم بەئاگا هاتەوە، وتی ها، چیان لەکلیەکەم کرد؟

٨٣ –شێخ عەلی کەسێکی خواناس و لەخواترس بوو، تەکیەی لە دیبەگە هەبوو، خەڵك بۆ دوعاکردن لە گەڕەکی کووران دەچوونە لای، دراوسێی ماڵی حاجی یاسین بوو.

حەزم نەكرد دلّتەنگى بكەم و هەقیقەتەكەی پیّ بلّیم، لە خانەی سوعبەتەوە پیّموت بابە گیان تۆ لە دۆلّمە چی دەخۆی؟

وتی ناوەكەی

منیش پیّموت ناوەوەی كلیەكەی تۆشیان وەكو ئەو دۆلّمەیە پاك كردەوە.

باوكم تا ئەو رۆژەی وەفاتی كرد ئیّستایش نەیزانی كلیەكەیان دەرهیّناوە.

رۆژیّكیان بە سەفەر چوومە موسلّ، (سبحان الله) لە گەڕانەوەمدا خورپەیەكم بەدلّ داهات، یەكسەر ختوورەی ئەوەم بەمیّشك داهات باوكم مردووە، كاتیّك گەڕامەوە، قەرەبالّغیەكی زۆرم لە پیّش مالّی خۆمان بینی، ئیدی هیچ گومانیّكم نەما كە باوكم مردووەو كاتیّك نزیك بوومەوە هەر بەڕاستی باوكم مردبوو.

## مەلا خدر چۆن تەسریح بوو؟

مەلا خدر پیاویّكی بالاّ بەرزی تیّكسمڕاوی جوانخاس بوو، بانگبیّژ بوو لە مزگەوتی باقلانی لە گەڕەكی سەیداوەی هەولیّر.ئیّمە لەخزمەتی مەلا ئیسماعیل گوێری دانیشتبووین، باس و سەربوردەی پیّغەمبەرانی بۆ باس دەكردین.

**مەلا خدر سویّندی خواردو گیّڕایەوە، وتی:**

ماوەیەكی زۆر سەرباز بووم، برادەرەكانم تەسریح دەبوون من هەروەكو خۆم دەمامەوە سەرەڕای ئەوەی هیچ غیاب و سزاشم نەبوو، دەیانوت هیّشتا ماوتە تەسریح بیت، كەچی وانە بوو بەئاشكرا زولّمیان لیّ دەكردم، چونكە من خاكسار(هەژار) بووم، پارەو پوولم نەبوو بیدەم بەدەستڕۆیشتوەكان، من لە ئۆردی غەزلانی بووم لە موسلّ، ئیّوارەیەكیان چوومە خزمەت یونس پیّغەمبەر(علیە السلام) نویّژو دوعای خۆم كرد و زۆریش پاڕامەوە، بەدەست خۆم نەبوو دامە پرمەی گریان، پاشان لە هەیوانی مزگەوتەكە لیّی خەوتم، لەخەوما كابرایەكی سەروسیما نوورانی كە شەوەیەكی سپی دریّژی لەبەر بوو بانگی كردم، منیش چوومە لای، پیّیوتم وەرە. منی بردە گۆڕەپانیّك وەكو ئۆردی خۆمان و ئەفسەریّك لەسەر كورسی و میّزیّك لەپیّشی، چەندین ئەفسەرو سەربازی دیكە دەوروبەریان دابوو، كاتیّ چاویان بەئیّمە كەوت هەموویان هەلّسانە سەرپاو لەخزمەت ئەو كەسە بوون كە من لەگەلّیدا بووم، وتیان فەرموو قوربان یاخوا بەخیّربیّی. ئەویش وتی

سوپاستان دەکەم خوا لێتان ڕازی بێت. ئەفسەرەکە پێی وت قوربان خێرە تەشریفتان هێناوە؟ ئەویش دەستی بۆ من درێژ کردو وتی بزانن ئەو کابرایە چی دەوێ بۆی جێ بەجێ بکەن.

ئەفسەرەکە ڕووی تێکردم و وتی کاکە فەرموو سکالاَتان چییە؟ منیش بەبیرم هاتەوە، وتم قوربان من سەربازم و ماوەی خۆم تەواو کردووە دەمەوێ تەسریح بکرێم.

ئەفسەرەکە وتی شەش مانگ باشە؟ وتم قوربان گەلێ زۆرە. وتی ئەدی سێ مانگ؟ وتم بەخوا زۆرە. وتی ئەوا کردمە یەك مانگ فەرموو ناو، پلە، ناونیشان و یەکەی خۆتم پێ بڵێ؟ منیش تەواوی زانیارییەکانم پێدا، پاشان من و کابرای نوورانی پێکەوە ڕۆیشتین، لەڕێگا پێموت قوربان زۆر مەمنوونی جەنابتانم، منەتبارم، خوای گەورە پاداشتی بەخێرتان بداتەوە بەڵام حەز دەکەم بزانم جەنابتان کێن؟ ئەویش فەرمووی ئەی تازە تۆ نەبووی لەلام دەگریای و دەپاڕایتەوە؟ کە گوێم لەو قسەیە بوو پڕمدایە هەردوو دەستی و تێر تێر ماچم کردن، پێموت قوربان ئەدی ئەو ئەفسەرە کێ بوو کە ناوی منی نووسی؟ فەرمووی: ئەوە شێخ عەبدولقادر گەیلانی بوو، ئێوە ئیشتان لەلای ئەوە، لەلای من نییە.

لە شوێنێك خواحافیزیم لێی کرد لە خەوەکە بەئاگا هاتم و چوومە مەرقەدی شەریفی و دیسان پاڕامەوە.خوا ئاگادارە دوای سێ ڕۆژ تەسریح کرام و بە جل وبەرگی مەدەنی لەنێو ئۆردی دەسووڕامەوە.

مامۆستا مەلا ئیسماعیل فەرمووی: ڕاست دەکات، چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێ: (من زار أخی یونس کأنما زارنی) واتە: هەر کەسێ سەردانی یونسی برام بکات، وەکو ئەوە وایە سەردانی منی کردبێ.

## بیبەرێکی تیژی خواردو لە پەرکەمەکەی چاك بۆوە

**مام وەهاب ساڵەیی گێڕایەوە، وتی:**

ساڵی ١٩٧٣ تەمەنم سی ساڵ بوو، ماڵمان لە گەڕەکی کۆماری هەولێر بوو، سەرەڕای ئەوەی خێزاندار بووم، ناوە ناوە پەرکەمم[٨٤] دەگرت، زۆر جار توند قوڕگی خۆمم دەگرت

[٨٤] -پەرکەم: ڤ‌ێ- صرع

بەقەستی خۆخنکاندن و دەکەوتمە سەر ئەو زەوی و کەفم لەدەم دەهات و ئاگام لەخۆم نەدەما. بەهۆی منەوەماڵەوەم تووشی ناڕەحەتیەکی زۆر کردبوو، بەدەگمەن دەچوونە دەرەوە و هەر لە ماڵەوە بوون، چونکە دەترسان تووشی پەرکەم ببم و شتێك لەخۆم بکەم.

ئەو ساڵە وەرزی بەهار بوو. ماڵەوە لە ئێوارەوە تەگبیریان کرد بەیانی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش هەندێ خواردن لەگەڵ خۆیان بپێچنەوەو بچنە دەرەوەی شار. من رێم پێدان کە وەزع لەخۆیان تێك نەدەن و بەیەکەوە بڕۆن و منیش لە ماڵەوە بەجێ بێڵن، ئەو شەوە نووستم، بەیانی کە لەخەو هەستام گەلێ برسیم بوو، کەوتمە چاوگێڕان بەو ماڵە ئاخۆ شتێك ببینمەوە و بیخۆم، بەلام شتێکی ئەوتۆم چنگ نەکەوت برسێتیمی پێ بشکێنم، خۆم گەیاندە سەلاجەکە و کردمەوە، بیبەرێکی گەورەی سەوزی تێدابوو، دەستم گەیاندێ و دەرمکرد، لەبەر خۆوە وتم دەی با ئەوە بخۆم هەر هیچ نەبێ کەمێك برسێتیمی پێ دەشکێ.

دەبێ باوەڕت بەوە هەبێ ئەگەر خوا بیەوێ کەسێکی نەخۆش شیفا بدات، بەجۆرێ شیفای دەدات، کەس پێشبینی ناکات. من وامزانی بیبەرەکە شیرینە، لەجێوە یەك قەپاڵ و گەزەم لێیدا، چەند جارێکم جویی و قووتمدا، ئاگرم تێ بەربوو، بیبەرەکە ئەوەندە تیژ بوو، یەکپارچە گەرمی دایگرتم لە ژیانمدا ئەوە یەکەمجارم بوو بیبەرێکی وا تیژ بخۆم. هەستمکرد خەریکە تێك دەچم، تووشی پەرکەمەکە بووم لەکاتێکدا کەس لەماڵەوە نەبوو دەستم بگرێ و یارمەتیم بدات، هەر ئەوەندەم زانی کەوتم و ئاگام لەخۆ بڕا، کاتێك بەئاگا هاتمەوە سەیرمکرد کەفێکی زۆرم لەدەم کەوتبووە سەر زەویەکەو ئەوەی سەرنجی راکێشام دوو کرمی زۆر بچووك لەناو کەفەکە دەجوولایەوە، کرمەکانم هێنا خستمە ناو قەپێلکەیەکی شقارتە و یەکسەر چوومە لای ئەو دکتۆرەی چەند جارێکی تر سەردانم کردبوو.

کاتێك ئەو بەسەرهاتەی خۆمم بۆی گێڕایەوە، وتی من دەمزانی شتێکی لەو جۆرەت هەیە بەلام هیچم بۆ نەدەکرا چونکە ئەو نەشتەرگەریە شتێکی ئەوەندە ئاسان نییە و خەتەریاتی زۆرە، بەلام ئەوە خوای پەروەردگارە بەوای ئەو بیبەرە بەهاناتەوە هات و

ئەو تیژیە زۆرە وەها کاری لە مێشکت کردووە ئەو کرمانە لەڕێی ئەو کەفەوە بێنە دەرەوە.

**سەرنج:** مام وەهاب لەو رۆژەوە تا ئەو رۆژەی وەفاتی کرد، نەیزانی پەرکەم و فێگرتن چییە و خوای گەورە ئەو و منداڵەکانی لەو ناڕەحەتیە رزگار کرد.[٨٥]

[٨٥]-ساڵی١٩٩٩کۆچی دوایی کردوە.

# دەستی پەروەردگار

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِي حَآجَّ إِبۡرَٰهِـۧمَ فِي رَبِّهِۦٓ أَنۡ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ إِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحۡيِۦ وَأُمِيتُۖ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأۡتِي بِٱلشَّمۡسِ مِنَ ٱلۡمَشۡرِقِ فَأۡتِ بِهَا مِنَ ٱلۡمَغۡرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِي كَفَرَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ البقرة: ٢٥٨

**واتە: ئایا نەتبیستووەو نەتڕوانیوەتە ئەو کەسەی دەمەقاڵەی دەکرد لەگەڵ ئیبراهیمدا لەبارەی پەروەردگاریەوە لەبەر ئەوەی خوا پاشایەتی پێبەخشی بوو، لەجیاتی باوەڕهێنان و سوپاسگوزاری کەچی دەمە دەمێی دەکرد لەگەڵ ئیبراهیمدا، ئەم لووت بەرزیەشی کاتێك بوو بەهەواو فیزەوە پرسیوویەتی لە ئیبراهیم کە پەروەردگاری تۆ کێیە؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی پەروەردگاری من ئەو زاتەیە کە ژیان دەبەخشێت و مردنیشی بەدەستە، نەمروود لەوەڵامیدا وتی جا منیش ژیان دەبەخشم و مردنیشم بەدەستە، ئینجا فەرمانیدا هەندێك لە نەیارانی بکوژن گوایە ئەوە دەیانمرێنێت، هەندێکیشی نەکوشت گوایە ئەوە ژیانی پێبەخشین! ئەوسا ئیبراهیم وتی بەڕاستی خوا خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهێنێت جا ئەگەر تۆ دەتوانیت لە ڕۆژئاواوە بیهێنە، ئینجا ئەو بێ باوەڕە ڕەنگی پەڕی و دەمکوت کراو وەڵامی نەما، بێگومان خوا هیدایەتی قەومی زاڵم و ستەمکار نادات.**

**وەحیدالدین خان دەڵێت:** ئەگەر توێنوێتی بۆ ئاو بەڵگەبێ لەسەر بوونی ئاو، دەبێ تێنوێتی بۆ دادپەروەری بەڵگەبێ لەسەر بوونی دادپەروەری، جا لەبەر ئەوەی لەم جیهانەدا دادپەروەری نییە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر بوونی جیهانی دوایی شوێنی دادپەروەری ڕاستەقینە.

زوڵم هەر زوڵمە وەك چۆن لە هەقدا یەك شت هەیە پێی دەوترێ هەقیقەت، بۆیە لەنێوان هەق و ناهەقدا ناتوانین ناهەق بەهەق بزانین.

**لە سێ دۆخ بەڵێن لەگەڵ نەفست ببەستە:**

گەر كارێكت كرد بیر لەوە بكەوە خوا سەیرت دەكات، گەر قسەیەكت كرد بیر لەوە بكەوە خوا گوێی لێتە، ئەگەر حەسایتەوە بیر لەوە بكەوە خوا ئاگادارتە[٨٦].

ئەگەر نەفس لەگەڵ ئەقڵ و مێشك بەراورد كرا، ئەوە خواناسە، بەپێچەوانەوە هیچ بەهایەك بۆمرۆڤایەتی ناهێڵێتەوە.

**مامۆستا عادلی حاجی عوبێد گێڕایەوە**، وتی:

كوڕە ئاغایەك حەزی لە كچێكی گوندەكەیان دەكرد، بەڵام كچەكە حەزی لێ نەبوو نەیدەویست شووی پێ بكات، كاتێك باوكی كچە هەستی كرد كوڕی ئاغا بەدەوریان دادێ

---

[٨٦] - مرۆڤ هەیە بۆ جوانی نێوماڵەكەی، وێنەی شێری لە جامداوە و هەڵیواسیوە، ئەوە شێوەكەیەتی، پێی جوانە و ناوە ناوە سەیری دەكات، بەڵام ئەگەر شێری راستەقینە بۆی بێتە ژوورەوە، كون نامێنێ خۆی تێدا حەشار نەدات. زوڵم و ستەم لە شوێنێك بڵاوبووەوە دەبێ خەڵكەكە بەخۆیاندا بچنەوە بزانن بۆچی زوڵمیان لێ دەكرێ؟ بەهۆی چییەوە تووشی ئەو زوڵمە هاتوون؟ هەر كەسێك بەهۆی وەرگرتنی پیشە و پلە و پۆست و پایەكەوە لەخۆی گۆڕا، دەمار و دەعیەی پەیدا كرد ئەوە بزانە ئەو كەسە پیشە و پلە و پۆست و پایەكەی زۆر لەخۆی گەورەو بەرزترە، ئەوەش زۆر جار دەبێتە پاڵنەر كە بۆ مانەوەی لەو شوێنە، پەنا بباتە بەر جەورو زوڵم و ستەم. كابرایەكی كەللە رەقی سەرەڕۆ چەند كەسێكی كوشتبوو، عینادیەكەی بەجۆرێ بوو نەیدەویست لە شت تێ بگات و ئامۆژگاری كەسی وەرنەدەگرت، رۆژێكیان پارێزگای ئەو شارە بانگی لای خۆی دەكات و ماوەیەكی باش لەلای دەمێنێتەوە. كاتێك هاتە دەرەوە، خزمەكان لێی كۆ بوونەوە لێیان پرسی ئەوە پارێزگار بۆچی بانگی كردی؟ چی پێ وتی؟ ئەویش زۆر بەشێنەیی پێیانی وت بڵێم چی، گەلێ قسەی خۆشی بۆ كردم و گەلێ ئامۆژگاریكردم، بەڵام پێی نەوتم كە پیاو نەكوژم. مرۆڤ لەیەك لەم سێ بارەی خوارەوە پیادەی زوڵم دەكات: **یەكەم**: لاوازی ئیمان/بۆ ئەوانەی خۆیان بە بڕوادار دەزانن و لە گەورەیی تاوان تێنەگەیشتوون. **دووەم**: لاوازی هۆش و بیر(مێشك) ئەوانە ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە كارێك ئەنجام دەدەن بیر لە داهاتوو و چارەنووسی خۆیان ناكاتەوە ئاخۆچارەنووسیان بەكوێ دەگات؟.**سێیەم**: نەترسان كە خۆی پێ شتە و بەكەسانی دەوروبەری دەخورێ، یان دەزانێ كەسانێك هەن پاسەوانی و پشتیوانی دەكەن.

و بەرماڵیان بەر نادات، ترسا كێشەی بۆ دروست ببێ بۆیە هەر زوو كچەكەی لە ئامۆزایەكی خۆی مارە كرد.

كوڕی ئاغا هەر وازی لێ نەدەهێنا، ناوە ناوە لەسەر ڕێی كانی ڕێی لێ دەگرت، ئەویش لەشەرم و سومعەی خۆی، هەموو جارێ پێی دەوت وا دەبینی مێردم كردووە ئیدی بۆ وازم لێ ناهێنی؟ ئەویش دەیوت ئاخر زۆرم خۆش دەوێی هەر دەبێ بۆ من بیت.

ماوەیەك بەسەر ئەو هاوسەرگیریە تێپەڕی، لەوەختی دروێنەدا كاتێك پیاوی ژنەكە خەریكی دروێنەی گەنم بوو، ئێوارە داهات نەهاتەوە، عیشا داهات نەهاتەوە، ژنەكەی مشەوەش بوو، بۆ سەروسۆراغ لەگەڵ خزمە نزیكەكانی چوونە سەر ئەو پارچە زەویەی كردبوویانە گەنم تەماشایان كرد كابرا لەوێ نییە. لەگەڕان و سووڕان لێرە بۆ ئەوێ چاڵێك لەنێوان ئەم گوندەو گوندەكەی دراوسێیان هەبوو، تەرمەكەیان بەكوژراوی لەو چاڵە دۆزییەوە، بەڵام نەیانزانی كێ ئەو كارو كەتنەی كردووە؟ پرسەیان بۆی دانا، دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ و دە ڕۆژ ، ئاغا ناردیە دوای باوكی كچەو پێی وت كوڕەكەم دەڵێ لەو كچەی تۆ بترازێ كەسی ترم ناوێ، منیش دەمەوێ قسەم لەقسە نەكەیت و بەبێ دەنگی بەیەكەوە ئەو كارە تەواو بكەین.

ئەویش دوای وەرگرتنی رای كچە، ڕەزامەندی نیشانداو لە كوڕەكەی مارە كرد. كوڕی ئاغا بە ئاواتی خۆی گەیشت و گواستیەوە، دوو سێ منداڵی لێی بوو. ڕۆژێكیان داوەتی ماڵە ئاغایەكی ئەو گوندەی تەنیشتیان دەبێ و تا درەنگی وەخت لەوێ دەمێنێتەوە، كاتێك هەڵدەستێ بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە، لەنێوانی ئەو دوو گوندە بووە تەق و هۆق، ئەویش وایزانی تەقەی لێ دەكەن، خۆی لەسەر ئەسپەكەی فڕێ دایە ئەو چاڵەی كابرایەكەی لێ كوژرابوو، دەمانچە چواردەخۆرەكەی دەرهێناو رووی كردە ئاسمان و یەك دوو فیشەك بە هەواوەنا، كاتەكەی تاریك بوو، لەو كاتەدا پۆلیس گەیشتە ئەو شوێنە، دەبینن ئەوە كوڕی ئاغا كەوتۆتە سەر تەرمێكی كوژراو، دەستگیری دەكەن، دوای لێكۆڵینەوەیەكی ورد دەڵێن ئەو كەسەی كوژراوە بەگوللەی چواردەخۆر لێی دراوە كە كوڕی ئاغاش هەمان دەمانچەی چواردەخۆری لەدەست بووە و لە بۆنكردنی لوولەكەیدا

بۆیان دەرکەوت کە بەو دەمانچە فیشەکی تەقاندووە، بەمەیش فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ.

پێش جێ بەجێکردنی ئەو فەرمانە، ژنەکەی بەردەوام دەگریا، لەخۆی دەداو بۆ پیاوەکەی زۆر غەمبار و پەرێشان بوو، کەچی پێش ئەوەی پیاوەکەی لەسێدارە بدەن، لەناو ئاپۆرای ئەو خەڵکەی چووبوونە دیدەنی، ژنەکەی بانگکردو هەندێ چپە چپی لەگەڵ کرد، ئیدی لەو ئان و ساتەوە ژنەکە وازی لەگریان هێناو دەستی لەپرچ رنینەوەو لەخۆدان هەڵگرت، ئەوەش هەمووانی تاساند، ئاخۆ نهێنی ئەو چرپە چرپە چی بووە؟ دەبێ پیاوەکەی چی پێ وتبێ؟ کاتێك پیاوەکەیان لەسێدارەدا، خۆی شێڵوو نەکرد و نەگریا. دوای تەواو بوونی پرسەکە، چووە لای خەزووری و پێی وت هاتووم ئەو منداڵانەت بدەمەوەو بۆ خۆم بچمەوە ماڵی باوکم. خەزووری پرسی: ئاخر بۆچی؟ چیبووە؟ من لەو رۆژەی تۆم بینی کوڕەکەم هەندێ قسەی لەگەڵ کردی، ئیدی لەو کاتەوە تەواو گۆڕاوی.

ئەویش وەڵامی دایەوە پێیوت کوڕەکەت بانگی کردم وتی من ئەو زەلامەم نەکوشتووە کە بەتەمان بەوای ئەوەوە لەسێدارەم بدەن، ئەوانە دوژمندار بوونەو لایەنی بەرامبەر کەوتوونەتە دوای تا لەوێ لەنێو ئەو چاڵەدا گرتوویانە و کوشتوویانەو پاشان رایانکردووە، لەو کاتەدا پۆلیس بەدوایانەوە بووە نەهێڵن کێشەکە لەوە زیاتر گەورە ببێ و یەکتر بکوژن، بۆیە کە منیان بینی ئەوە کەوتوومەتە سەر تەرمێکی کوژراو، یەکسەر دەستگیریان کردم و ئەو تاوانەیان لەسەر ساغ کردمەوە کە من ئەنجامم نەداوە، بەڵام ئەوە زللەی پەروەردگارە لێم دەدرێ دەبێ بەسزای خۆم بگەم، چونکە من کاتی خۆی لەهەمان ئەو شوێنە و هەر لەو کاتەی ئەو کابرایەی تێیدا کوژرا، لەپێناو گەیشتن بە تۆ، بەقسەی خۆش ئامۆزاکەتم بردە ناو ئەو چاڵەو بەفیشەکێك ساردم کردەوەو کوشتم.

## زوڵم هەر زوڵمە ئەگەر لە گیانلەبەریش بکرێ

**کاك** دەشتی عومەر وەك پێشمەرگەیەك شان بە شانی سەربازەکانی سوپای عێراق لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ دژ بە داعش لە میحوری کەرکوك، بۆی گێڕامەوە، وتی: رۆژێکیان نیوەڕۆ لەکاتی نانخواردن دێڵە سەگ و سێ توتکە سەگ کە برسێتی هەوزەڵی بۆ هێنابوون، وردە وردە لێمان نزیك بوونەوە، لە دووری پازدە بیست مەترێك وەستان،

چاویان تێبڕین شتێکیان بۆ فڕێ بدەین بیخۆن، وەلێ یەك لە سەربازە عێراقیەکان کە عەرەب بوو لەجێوە دەستی گەیاندە چەکەکەی و سێرەی لە دیڵە سەگەکە گرت. چەندی پێمانوت کاکە نەکەی وامەکە ئەوانە برسێتی وای لێکردوون پەنا بێننە بەر ئێرە. سەربازە عەرەبەکە وەك گاڵتەی بەو قسانە بێت، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئەو سەگانە چونکە لە سنووری داعشەوە هاتوون، ئەوانیش داعشن.

پێموت ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ سەگ و داعش کوجا مەرحەبا، گوناهت دەگاتێ تەقەی لێ مەکە.

وتی نەخێر ئەوەی من دەیزانم، ئێوە نایزانن، هەرچی گیانلەبەرێك لەو سنوورەوە بێت، پیسە.

کە وتم ئەو سەگانە برسێتی وای لێکردوون بێنە ئێرە تاوەکو شتێکیان بۆ فڕێ بدەین و بیخۆن و لێرە بڕۆن.

وتی موستەحیلە دەیتۆپێنم.

گوللەیەکی تێگرت لە تەوقی ناوچاوانیدا، سەگەکە ئەوەندە بە ئێش و ئازارەوە کەوتە لوورە لوور و وەڕین، بەدەوری خۆی دەسووڕایەوە، گەلێ خوێنی لەبەر ڕۆیشت تا لە جێوە تۆپی. بەو دیمەنە نیگەران بووین، بەتایبەت کە بینیمان چۆن بەچکەکان دایکەکەیان بەجێ نەهێشت و بەدیاریەوە وەستا بوون و سەیریان دەکرد. بەزەییم بە تووتکەکان هاتەوە چووم هەندێ خۆراکم بۆیان بردو لەبەر دەمیانم دانا، ئەوانیش کە خواردنەکەیان خوارد، لەترسان ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت.

سەربازە عەرەبەکە پێی وتم تۆ نەدەبوو نان بەو بەچکانە بدەی.

بە تووڕەییەوە پێموت تۆش ئەگەر خۆت بە موسڵمان بزانیبا هەرگیز هەڵەی وات نەدەکردو ئەو قسانە مەکە.

پاك و بێگەردی بۆ خوای پەروەردگار، بەهەمووی سەعاتێکی نەخایاند داعشەکان گوللە هاوەنێکیان هاوێشت، لەناومان تەقیەوە، تەپ و تۆزێکی زۆری دروست کرد، بڕوامان وابوو هەموومان کوژراوین، کاتێك تەپوپۆزەکە نیشتەوە، سوپاس بۆ خوا هەمووان

سەلامەت بووین تەنها ئەو عەرەبە نەبێت پارچە ساچمەیەك به تەوقی ناوچەوانی کەوتبوو، هەر دەموو دەست گیانی دەرچوو بوو.[٨٧]

## چۆن قاچیان بریەوە؟

**حاجی عەولا باپیر بۆی گێڕامەوە، وتی:**

کابرایەکی نیشانشکێن هەبوو، ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکی دەچێتە دەرەوەی شار و دوور بەدوور چاوی بە سەگێك دەکەوێ ئەوە هەڵتروشکاوە، بەخۆشحاڵیەوە تابڕەکەی شانی

---

[٨٧] - لە بەیانکردنی هەقیقەت، نابێ پێمان وابێ هەموو کەس لەسەر هەقە، هەر ڕووداوێك ڕوو بدات کەم تا زۆر لایەکیان بەشی زۆری بەر دەکەوێ. هەروەها ناکرێ هەرچی شتێکمان بیست هەردووکیان بە خەتابار بزانین. دەگێڕنەوە دوو چەکداری بەرپرسێکی لای خۆمان بەشەڕ دێن، زۆر لەیەك دەدەن و سەروگوێلاکی یەك دەشکێنن، کابرای بەرپرس لەبەدەم ژمارەیەك لەو میوانانەی لای دانیشتبوون، بانگی چەکداری یەکەمی کرد و پێی وت وەرە بزانم لەسەر چی بەشەڕ هاتوون و لەسەر چی شەڕتان کردووە؟ ئەویش لەنووکەوە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە؟ کابرای بەرپرس پێی وت دەی برۆ واجباتی خۆت بگرە تۆ لەسەر هەقی. ئەوجا ناردیە دوای چەکداری دووەم و پێی وت وەرە بزانم لەسەر چی بەشەڕ هاتوون و لەسەر چی شەڕتان کردووە؟ ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە..کابرای بەرپرس پێی وت دەی برۆ واجباتی خۆت بگرە تۆ لەسەر هەقی. میوانەکان کە گوێبیستی ئەو قسانە بوون، واقیان وڕما، وتیان قوربان ئەو چ قسەیەك بوو کردت؟ بۆچی یەك جۆرە قسەت بە هەردوکیانت وت؟ ئەگەر ئەم لەسەر هەق و ئەم لەسەر هەقبێ، ئەی کێ ناهەقە؟ کابرای بەرپرس نەیویست دڵی ئەوانیش بشکێنێ، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە بەوانیشی وت ئێوەش لەسەر هەقن. دەگێڕنەوە یەکێك نیوەڕۆ نانی دەخوارد، سواڵکەرێك هات و وتی زۆرم برسیە گەر شتێ هەبێ بیخۆم. کابرا ئەو خواردنەی لەپێشی بوو دای بەسواڵکەرەکەو وتی بیخۆ نۆشت بێ من تێرم خواردووە کەچی نانی نەخواردبوو، ئەم کارەی وای لە سواڵکەرەکە کرد نزای بۆ بکات و سوپاسی کرد. دەڵێن ئەو کابرایە لەگەڵ منداڵێکی خۆی کە تەمەنی هەر ساڵێك دەبوو، لە دەشت و دەر دانیشتبوون، گورگێك هات قەمپاڵی لێداو رفاندی، باوکی کوڕە هاواری خوای کرد، گورگەکە منداڵە ساواکەی لەدەم دەرپەڕی و تێیتەقاند، کابرا وتی دەنگێك هات و وتی ئەو پاروەە بەو پارووە، کە ئەو کاتەی نانەکەی دابووە هەژارو سواڵکەرەکە بۆیە هەمیشە چاکە چاکەی لەدوایەو خوای دلۆڤان کەس لەبیر ناکات.

دادەگرێ و سێرەی لێ دەگرێت. هاوڕێکەی چەندە پێی وت کوڕی باش ئەوە چ دەکەی؟ ئەو سەگە بەستەزمانە چی کردووە وا لەخۆڕا دەتەوێ بیکوژی؟ تکایە کاری وا مەکە.

کابرای نیشانشکێن گوێی بەقسەکانی نەدا و چەند فیشەکێك بە قاچەکانیەوەنا، سەگەکە کەوتە پەلەقاژێ و قاچەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و کەوتە لوورە لوورو بزر بوو، نەمزانی چی لێ هات.

بەرامبەر بەو زوڵمەی کردی، وەرزی دوورینە داهات، پارچە زەویەکی هەبوو کردبوویە گەنم، کاتێك تراکتۆر و دەڕاسە هات، نیوەی گەنمەکەیان دوورییەوە، بۆ پشوودان و جەمی نیوەڕۆ دەستیان لەکار هەڵگرت، کاتێك کابرای نیشانشکێن رادەکشێ سەرخەوێك بشکێنێ، خاوەنی تراکتۆر و دەڕاسەکە چوونەوە سەر کار تا ئەو گەنمەی کە ماوە بیدوورنەوەو تەواوی بکەن، خاوەن تراکتۆرەکە لێی بێ ئاگا بوو تا لەهات و هاواری کابرای نیشانشکێن راچڵەکی کە بەخۆی زانی ئەوە بە تایەوە کەوتۆتە سەر هەردوو قاچی کابرا. بەپەلە گەیاندیانە نەخۆشخانە، بەڵام بڕیاری پزیشك ئەوەبوو دەبێ هەردوو قاچی ببڕنەوە و هەردوو قاچیان بڕیەوە.

## لەمافی خۆت بێدەنگ بیت، زیاتر ستەمت لێ دەکرێت

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (هەر کەسێك پشتگیری ستەمکارێك بکات لە ستەمەکەیدا ئەوا خوا و پێغەمبەرەکەی لێی بێ بەرین) اخرجە حاکم**

دەگێڕنەوە کابرایەك هەبوو کاتێك کورسی دەسەڵاتی وەرگرت و بووە پادشا ، یەکەم کار داوای لەخەڵکەکە کرد هەر یەکە هێلکەیەکی بۆ بێنن، ئەوانیش هەر یەکە هێلکەیەکی بۆ برد. ئەویش لەپێش چاوی هەمووان هەموو هێلکەکانی تێکەڵ بەیەك کرد کە کەس هێلکەی خۆی نەناسێتەوە، ئینجا بەخەڵکەکەی وت فەرموو ئێستا دەتوانن سەروو هێلکەی خۆتان ببەنەوە و بیخۆن.

خەڵکەکە بێ ئەوەی بزانێ کامە هێلکە هی خۆیەتی، دەستی بۆ هێلکەیەك درێژ دەکرد و دەیبرد، ئەوجا لەماڵەوە دەیکوڵاند و دەیخوارد.

پادشا کە زانی کەس قسە ناکات، لەو رۆژەوە بڕیاری خۆیدا لەگەڵ خەڵکەکە خراپبێ، ئەوەبوو زوڵم و ستەمی زۆری دەکرد و خەڵکەکەی دەچەوساندەوە و کەسیش هیچی پێ

نەدەکرا، ڕۆژێکیان چەند پیاوێکی بەتەمەن چوونە لای، پێیانوت قوربان ئیدی ئەو زوڵم و ستەمە بەس نییە.

پادشا پێی وتن هەر گەلێك خراپبێ خوای گەورە زاڵمێکی بۆ دەنێرێ ستەمیان لێ بکات. من بەم هێلکانە ئێوەم تاقی کردەوەو تووشی خواردنی حەرامم کردن کەس لەئێوە بەجواب نەهات بڵێ من ئەو هێلکەیەم ناوێ چونکە نازانم هی کێیە، کەچی بەحەلاڵی هێلکەی یەکترتان برد و خواردتان، بۆیە تا نەگەڕێنەوە و هەروا حەرام بەحەلاڵ بزانن ئەوە من لەوە باشتر نابم.[88]

---

[88] - پادشایەك هەبوو هەندێ زێڕ و دوڕ و گەوهەری هێنا، تێکی وەرداو وێنەی تاجێکی ئەفسوناوی لێ دروست کردو لەسەر مێزەکەی بەردەمی دانا، بانگی یەکە بەیەکەی موختارو سەرکاری ئەو گوندانەی کرد کە ئەو پادشایان بوو، بەهەڵپەیەکەوە دەستی بۆ تاجەکە درێژ دەکرد و بە موختارەکانی دەوت وەرە بزانم ئەو شتە چییە؟ ئەگەر بزانی دەتبوورم، ئەگەر نەزانی ئەوا سەرت لە لاشەت جیا دەکەمەوە. ئەوەی بیوتبایە نازانم. بەدەستی خۆی بە شمشێر لەسەری دەداو دەیکوشت. کەس لەو موختارانە نهێنی ئەو شتەیان بۆ هەڵنەهات و هەموویانی کوشت، لەو گوندانە تەنها یەك گوند مابۆوە کە بێ موختار بوو ناردیە دوای خەڵکەکە، هەموویان هاتن، پێی وتن کێ موختاری ئەم گوندەیە؟ وتیان قوربان ئێمە موختارمان نیە و کەس لەم گوندە موختاری ناکات. پادشا وتی کێ لەئێوە لەهەمووان بەتەمەنترە با بێتە پێش من حیسابی موختاری بۆ دەکەم. کابرایەکی بەتەمەن لێی چووە پێش، ئەویش پێیوت تۆ لەهەموویان بەتەمەنتری کەواتە تۆ موختاری. کابرا وەك بی ناو ئاو دەلەرزی، بەترس و لەرزەوە وتی ببوورە قوربان من موختار نیم، ئەگەر بەزۆریش دەمکەیتە موختار ئەوە شتێکی ترە. پادشا دەستی بۆ تاجەکەی بەردەمی درێژ کردو پێیوت فەرموو وەك موختارێك وەرە پێش، وەرە پێم بڵێ ئەو شتە چییە؟کابرا بەتەمەنەکە ئەوەندەی لەتاجەکە وردبۆوە، نەیزانی چییە؟ بیری کردەوە، ئەوجا وتی قوربان ئەو شتە موسیبەتە. پادشا چاوئەبڵەق بوو، بەپەرۆشەوە لێی پرسی ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ مەبەستت لەو موسیبەتە چییە؟ کابرای بەتەمەن وتی قوربان بۆیە دەڵێم ئەو شتە موسیبەتە، فەرموو تۆ بەوای ئەو شتەوە موختاروسەرکارت لەم گوندانە نەهێشت هەر هەموویانت کوشت، نازانم دەبێ موسیبەتی لەوە گەورەتر چیبێ؟ تۆش سەرپشکبە دەمکوژی یان نا ئەوە دوا قسەی منە. ئەویش بەم وەڵامە لێی خۆش بوو، کردیە موختارو سەرکاری گوندەکە و بەیەکجاری لەسەر دەستی ئەو کابرا بەتەمەنە وازی لە زوڵمکردن هێنا.

هەروەها دەگێڕنەوە پادشایەك هەبوو ویستی خەڵکەکەی تاقی بکاتەوە بزانێ چەندیان لەبارە، بڕیاریدا لەبەردەم دەرگای سەرەکی ئەو شارەدا هەر کەسێك بچێتە دەرەوە دەبێ یەك دینار بدات.

# خۆشەویستی خەڵك چۆنە؟

**مامۆستا بەهرام جمال حاجی واحد بەگ** گێڕایەوە، وتی:



خۆشەویستی بەهرەیەکە خوا بەهەموو کەسێکی نادات. کاتی خۆی لەوڵاتی هیندستان پاشایەك هەبوو زۆر دادپەروەر بوو، خەڵکەکە زۆریان خۆش دەویست. هەر کەسێك زوڵمی بکردایە، ئەوە هەر زوو تۆڵەی بۆ دەکردنەوە.

لەو مەملەکەتە کەسێك نەبوو زاتی ئەوە بکات ستەم لەخەڵك بکات، هەر بۆیە خەڵکی وڵات بە ئاسوودەیی و ئارامی ژیانیان بەسەر دەبرد.

ڕۆژێکیان پاشا هەستی کرد هەستی بیستنی کەم بووەو کەمبیست بووە، لەبەر خۆیەوە شوکرانەی خوای دەکردو دەیوت خۆ ئەگەر خوای گەورە کەمبیستی کردووم ئەوا

---

**وەزیرەکان وتیان قوربان بەم کارە ئەو خەڵکە خۆپیشاندان دەکەن و لێمان رادەپەڕن. پادشا وتی ئەوە ئیشی ئێوە نییە، من دەزانم چی دەکەم. دوو پاسەوانی لەبەردەم دەرگای سەرەکی دانا، بەیانیان ئەو خەڵکەی بۆ ئیش و کار دەچووە دەرەوە، دینارێکیان لێی دەسەند. تا ماوەیەکی زۆر کەس نقەی لێوە نەهات، ئەوجارە پادشا بڕیاریدا هەر کەسێك بچێتە دەرەوە جگە لەو دینارەی دەیدا، دەبێ لەکاتی گەڕانەوەیشیدا دینارێکی تر بدات. وەزیرەکان وتیان قوربان بەم کارە ئەوخەڵکە خۆپیشاندان دەکەن و لێمان رادەپەڕن. پادشا وتی ئەوە ئیشی ئێوە نیە، من دەزانم چی دەکەم. ئەو کارە تا ماوەیەك بەردەوام بوو، کەس قسەی نەکرد. پادشا ئەوجارە بڕیاریدا ئەوەی بچێتە دەرەوە، جگە لەو دینارە،دەبێ شەقێکیشی لێ بدرێت و لەگەڕانەوەشدا بەهەمان شێوە. وەزیرەکان وتیان قوربان بەم کارە ئەو خەڵکە نارەزایی دەردەبرن و لێمان رادەپەرن. پادشا وتی ئەوە ئیشی ئێوە نیە، من دەزانم چی دەکەم. ئەوەشی تاقی کردەوە، هەمدیس ئەو خەڵکە جووڵەی نەکرد. ڕۆژێکیان کۆمەڵە خەڵکێك لەبەردەم کۆشکی پادشا کۆبوونەوە، وەزیرەکان ترسیان لێ نیشت لەبەر خۆیانەوە دەیانوت ئەوە ئەو رۆژەیە کە لێی دەترساین. پادشا وتی با چەند ردێن سپیەك بەنوێنەرایەتی ئەو خەڵکە بێنە لام، بزانم چییان دەوێ. چەند ئەختیارێك چوونە لای پادشا و پادشا وتی ها بزانم چیتان دەوێ؟ یەك لەئەختیارەکان وتی قوربان داواکاریەکمان هەیە؟پادشا وتی داواکاری چی؟ ئەختیارەکە وتی ئێمە هەموومان خاوەن کارو کاسبین، لە دەرچوونمان جگە لەودینارەو ئەو شەقەی لێمان دەدرێ و لەگەڕانەوەش بەهەمان شێوە، بۆیە حەز دەکەین ژمارەی پاسەوانەکان زیاد بکەن بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە زوو بە کارەکەی رابگات و دوانەکەوێ.**

چاوەکانم ساغن بۆیە بریاری دا لەشار جاڕ بدرێ کە هەر کەسێ زوڵمی لێکرا، با کڵاوێکی سوور لەسەرنێت بۆ ئەوەی پاشا بەچاوی خۆی ببینێ کە زوڵمی لێکراوە تا بە هاناییەوە بێت و تۆڵەی بۆ بسەنێتەوە.

## لە کوێ برادەرەکەی کوشت، هەر لەوێ کوشتیانەوە

**پێغەمبەر** (ﷺ) **دەفەرموێ: هەر کەسێك بە ستەم بکوژرێت، یەکەم کوری ئادەم پشکی ئەو تاوانەی بەردەکەوێت، چونکە یەکەم کەس بووە کوشتنی داهێناوە.**

ئیمامی عەلی (رضي الله عنه)دەفەرموێ: ئەو کەسەی تاوانی زۆر ئەنجام بدات شەرمی کەمتر دەبێت.

لە شۆڕشی ئەیلوول دوو پێشمەرگەی گیانی بەگیانی دوای وەرگرتنی مووچە و دابەزین و گەڕانەوەیان بۆ ماڵ بەمەبەستی دیتنی کەس و کاریان، لە سنووری ناوچەی شوان لادەدەنە ژێر دارێکی ناقۆڵا تا لەبنیدا بحەوێنەوە و پشوویەك بدەن، یەکێکیان دەخەوێ و ئەویتریان ماوەیەك رادەکشێ و شەیتان زەفەری پێ دەبات تەماحگیری ئەو پارەو پوولە دەبێت کە لەباخەڵی هاوڕێکەی دابوو، بیر دەکاتەوە پەلاماری بدات و بیخنکێنێ، لێی نزیك بۆوە، پەلاماری دەدات و توند ملی دەگرێ و دەیخنکێنێت، ئەوجا هەرچی پارەو پوولێك کە لەباخەڵیدابوو لەگەڵ چەکەکەی، دەیبات. کاتێك خەڵکی ئەو سنوورە تەرمەکە دەدۆزنەوە، دەبینن ناسنامەی ئەو کەسەی کوشتوویەتی لەوێ کەوتووە**(دیارە کاتێك خەریکی خنکانی دەبێت و ئەویش زۆر هەوڵی خۆی دەدات نەیخنکێنێ، لەو هێنان و بردنەیدا ناسنامەکەی لەباخەڵ بەر دەبێتەوە).** کە ئەو هەواڵە بە مەلا مستەفای بارزان دەگاتەوە، فەرمان دەدات ئەو پێشمەرگەیە دەسگیر بکرێ و هەر لەوێ بکوژرێتەوە. دوای ئەوەی گرتیان و لێکۆڵینەوەیەکی وردیان لەگەڵدا کرد، دانی بەهەموو راستیەکان داناو بردیانە هەمان ئەو شوێنەی کە هاوڕێکەی تێدا خنکاندبوو، لەوێ بە سزای خۆیان گەیاند.

## سکالای بۆ خوا بردو خواش یارمەتیدا

کابرایەکی زێڕینگر هەبوو، کەسێکی خوداناس و بەبەشی خوا رازی بوو، شەوێکیان دوکانەکەی دەشکێنن و هەرچی زێرو زەبەنێك لەناو دوکانەی دابوو، گێسکی پێدا دێنن و

هەمووی دەبەن. بەیانی کاتێك دەچێتە بازاڕ وەکو هەر رۆژێکی دیکە دوکانەکەی بکاتەوە، تەماشا دەکات قفڵی دوکانەکەی شکاوە، خورپەیەکی بە دڵ داهات دەڕابەکەی هەڵدایەوە، زێڕی نێو دوکانەکەی هیچی نەمابوو.چونکە کەسێکی ئارامگر بوو، خۆی شێڵو نەکردو شوکرانەی خوای پەروەردگاری کرد، پێی وابوو کە خوا رزقی داوە هەر ئەویش دەیبڕێ، بۆیە داوای گەڕانەوەی ئەو زێڕەی لە خوای پەروەردگار کرد و پەیمانیشی لەگەڵ خوای خۆی بەست ئەو نهێنیە لای کەس تەنانەت لای ماڵ و منداڵەکانیشی نەدرکێنێ و بۆ سکالاکردن نەچێتە هیچ بنکە و بارەگایەکی پۆلیس.

بە هێواشی هەنگاوینا، گەڕایەوە ماڵ و ئەو زێڕەی زۆربەی کات پێش داخستنی دوکانەکەی خڕی دەکردنەوە و لەگەڵ دەستی خۆی دەیبردەوە و دەیهێنا، چوو هەموو ئەو زێڕەی هێنا و خستیە دوکانەکەیەوە، بێ ئەوەی خۆی تێك بدات و ئەو نهێنیە لای کەس بدرکێنێ، بەڵام پەنای بردبووە بەر خوای پەروەردگارو تەنها داوای یارمەتی لەو دەکرد ئەو دەستەی بۆ ئاشکرا بکات، چونکە هەر ئەو خوایە بە هەموو نهێنیەك دەزانێت و دەتوانێ بەهانایەوە بچێت.

چەند رۆژێك بەسەر ئەو دزییە تێپەڕی، هیچ سەرو سۆراغ و سەرەداوێکی چنگ نەکەوت، رۆژێکیان دوو کەسی ناسیار هاتنە دوکانەکەی، دوای چاك و چۆنی و ئەهواڵ پرسین، یەکێکیان بێ هیچ پێشینەیەك، بەهەڵپەیەکەوە لێی پرسی ئەوە چیە؟ تۆ چ ئاسایی دیار نیت؟

ئەویش بە دەم خەندەوە وەك چۆن رۆژانە رەفتار و هەڵسوکەوتی دەکرد، وەڵامی دایەوە من زۆر ئاسایم و شوکر هیچ لە گۆڕێ نییە.

گەنجەکەی تر ملی نەدا لەسەر قسەی هاوڕێکەی بەردەوام بوو گوتی منیش لە سەروسیمای تۆدا شتێك بەدی دەکەم کە شتێکت لێ قەوماوە و دەیشاریتەوە، هەبێ و نەبێ دزییان لێ کردووی.

ئەویش سەری بۆ لەقاند و وتی دزی چی؟ فەرموو ئەوە دوکانەکەم دەبینن پڕی زێڕە، ئیدی دزی چی ؟

گەنجەکە هەر دەمی دانەخست، وتی وەکو بتخوێنمەوە دزییان لێت کردووە و بەحاڵی خۆت نەزانیوە.
بەم قسانە هۆپێکی لەخۆی زانی، یەکسەر گومانی خستنە سەریان کە ئەوانە زێڕەکەیان لێی دزیوە، بۆیە خۆی لەگوورە نەبردو وتی من ئەوەندە دەست و پێ سپی نیم دزیم لێ بکرێ و هەروا بوەستم.
کاتێك گەنجەکان دوکانەکە بەجێ دێڵن، لەجێوە دام و دەزگای پۆلیسی لێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەوانیش هەر زوو گەنجەکان دەستگیر دەکەن و گەنجەکان هەر زوو دان بە تاوانەکەیان دادەنێن کە ئەوان زێڕەکەیان  دزیوە و زێڕەکەی بۆ دەگەڕێننەوە. کابرای زێڕنگر لەو ڕۆژەوە قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێت لەو پەیمان بەستنەی نێوان من و خوای خۆمدا زیاتر فێری شوکرانەبژێوی بووم، من سکاڵای خۆمم لای کەس نەکرد تەنها ئەو نەبێت،  ئەویش بەهانامەوە هات.
## بابە دەتەوێ دوو جار قەتل بکەی؟
کابرایەك هەبوو لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو قەرزەی بەهاوڕێیەکی خۆی دابوو و زۆر داوای لێ دەکرد بیداتەوە، هاوڕێکەی هیچی بەدەستەوە نابێ  بیداتەوە و هەموو جارێ بەڵێنی پێ دەدات کە هەر شتێکی هاتە دەست ئەوە یەکسەر قەرزەکەی بداتەوە. کابرا بەو بەڵێنە درۆزنەی هاوڕێکەی توورە و دەهری دەبێت، ڕۆژێکیان دەیەوێ مردنی پێ نیشان بدات، بەناوی پیاسەکردن بەیەکەوە دەچنە دەرەوەی شار. کاتێك باسی قەرزەکەی لا دەکاتەوە، هاوڕێکەی پێی دەڵێ من کە هیچم نەبێ، چیت پێ بدەم؟ ئەوجا لەخانەی سوعبەتەوە پێی دەڵێ ئەگەر  پارەم نەبوو بەتەمای ئەوە مەبە قەرزەکەت بدەمەوە.
کابراش نایکاتە نامەردی ئەو چەقۆیەی لە باخەڵیدابوو تا بیترسێنێ، چەقۆی لێ دەرهێنا، چەند نووکە چەقۆیەکی نایە سەر دڵی و لرخە لرخێکی لێوە هات و گیانی دەرچوو. ئەو نهێنیە جگە لە خۆی و خێزان و کچەکەی، کەسی تر نەیدەزانی، بەڵام دوای تێپەڕبوونی تەمەنێك، کچەکەی پەیوەندی لەگەڵ کوڕێك دەبەستێ و شەوێکیان بەدزیماڵەوە گەنجەکە دەباتە ژوورەوە، بەڵام هەر زوو باوکی کچە بەئاگادێ و دەیەوێ تفەنگەکەی بێنێ و هەردوکیان لەجێوە سارد بکاتەوە، گەنجەکە بەپەلەپرووزێ بەسەر

دیواری حەوشەکەیان خۆی ئاودیو دەکات و رادەکات و کچەکەیش لە ترسی کوشتنی باوکی هەر بەو شەوە دەچێتە ماڵە خزمێك و خۆی لەوێ داڵدەیان دەدات. خزمەکەیان بۆ بەیانی بانگی باوکی کچەکە دەکەن بەو مەرجەی دەستی لێ نەدات و نەیکوژێ، ئەوە دەتوانێ بێ و کچەکەی بباتەوە.

باوکی کچەکە بەخۆ و تفەنگەوە بەماڵیان وەردەبێ و بەدەم جنێودانەوە هەڕەشەی کوشتنی دەکات، هەرچەند ئەو خزمانە دەیگرن و لێی دەپاڕێنەوە بابت چاك، داکت چاك، ئەوە هەڵەیەك بوو کردی،خۆ دنیا کاول نەبووە، کوشتن چارەسەر نییە و دەستی خۆت بەتاوان سوور مەکە.

بەڵام ئەو لەسەر هەڕەشەکانی بەردەوام دەبێت و پێیان دەڵێ تا نەیکوژم دڵم ئاو ناخواتەوە.

کچەی بەستەزمان دەیزانی باوکی زۆر بێ ویژدانە و لێی نابوورێ، بەدەم قوڵپی گریانەوە رووی تێدەکات و پێی دەڵێ بابە چما دەتەوێ دووجار قەتل بکەی؟ تۆ کە فلان کابرات لەسەر سەد دیناری بێ نرخ کوشت، دڵنیام خوێن بەری چاوی گرتووی منیش لەسەر هەڵەیەکی وا بچوك دەکوژی.

یەك لە کوڕەکانی ئەو کابرایەی باوکی ئەوی کوشتبوو، بەگوێبیست بوونی ئەو قسانە، خۆی بۆ نەگیرا پەلاماری بابی کچەکەیدا و بەدەم هەڕەشەوە هاواری دەکرد خوای پەروەردگار ئەو پەردەی لەسەر ئەو تاوانە هەڵماڵی کە ئێمە چەندین ساڵە خەم و خەفەتی پێوە دەخۆین، ئێستایش بۆ کوێ دەڕۆی؟ لەبن دەستمان رزگارت نابێ.

ئەو خەڵکەی ئەوێ بەپەلە باوکی کچەکە لەو شوێنە دوور دەخەنەوە و رادەستی پۆلیسی دەکەن.

## پەیوەندی کوڕو کچێك تاوانێکی بیست ساڵەی ئاشکرا کرد

گەنجێکی سەرەڕۆ هەبوو ، ئەو سەیارەی باوکی بۆی کڕیبوو بێ ئەوەی ئارەقەی رشتبێ و دەستی پێ سوتابێت، بە تەڕناش هەڵدەستا و زاك و زیکی ئیستۆپ لەبەردەم دەرگای ماڵان و کۆڵانەکانی ناو کەسنەزان، ئەو خەڵکەی تەواو بێزار کردبوو. هاوڕێیەتی ئەوانەی دەکرد کە وەك ئەو بیریان دەکردەوە، شەوێکیان لەگەڕانەوەی بۆ ماڵ، بەخێراییەکی زۆر دێ و لەهەمان کاتدا دوو گەنج دەیانەوێ بپەڕنەوە، سەیارەکە بەجۆرێ

خێرا بوو ئیستۆپی گرت، خۆی بۆ نەگیرایەوە لەهەردووکیانی دا و یەکێکیان هەر دەم و دەست تەخت کرد و ئەوی تریان نەمرد بەڵام تووشی ئیفلیج بوونێکی درێژخایەنی کرد، ئەوجا بیٚ ئەوەی سەیارەکەی بوەستێنیٚ و بیانباتە نەخۆشخانە، سەیارەکەی رانەگرت و هەڵات، هەڵاتن لەبەردەم تاوانێك کە پێی وابیٚ کەس ناتوانیٚ ئاشکرای بکات، ئەوە دەستی پەروەردگارە بیەویٚ نهێنیەك ئاشکرا بکات کەس بڕوا بە جۆری ئاشکرابوونەکەی ناکات.

گەنجە سەرەڕۆکە گەلیٚ پەیوەندی لەگەڵ کچی ئەم و ئەو گرێدا، یەکێکی دەگرت و یەکێکی دیکەی بەڕەڵا دەکرد، مەبەستی لەو پەیوەندیە تەنها رابواردن بوو، بەڵام دوا کچ ئەوەندە سەنگین و قایم بوو، بەئاسانی خۆی رادەست نەدەکرد، پێیوت من بوکەڵە نیم بۆ یاری پێکردن و ئەویش لەدواجاردا پێی وت دەمەویٚ لەسەر بابەتی زەواج بەیەکەوە قسە بکەین. وادەیەکیان دیاریکرد کچەکە بێتە بازاڕ لەگەڵ خۆی هەڵی بگریٚ و بیباتە دەرەوەی شار بۆ ئەوەی بەیەکەوە زیاتر قسە لەسەر داهاتووی خۆیان بکەن ئەمە لەکاتێکدایە نە کچەکە باسی چۆنیەتی مردنی باوکی بۆ کردووە و نە ئەویش دوور و نزیك لای کەس باسی کوژرانی گەنجەکە و ئیفلیج بوونی گەنجەکەی نەکردووە. جیٚ ژووان دەبەستن و بەیەکەوە رێك دەکەون لەنزیکترین دەرفەت بێتە داخوازی و ئەویش بەو داخوازیە رازی بێت.

لە گەڕانەوەیاندا کاتێك دەگەنە راست ئەو شوێنەی بیست ساڵ بەر لەو رۆژە کە رووداوەکەی تێدا روویدا بوو، لا ئیرادی لەو شوێنە وەستا و بەدەم ئاهێکی قووڵەوە وتی: ئای کە دنیایەکی سەیرە من هەرچی جاریٚ بەو شوێنە تێپەڕ دەبم ناتوانم ئەو دیمەنە لەبیر خۆم بەرمەوە، شەوێکیان بەخێراییەکی زۆر هاتم و لەو کاتە دوو گەنج لێرە دەپەڕینەوە، خۆم بۆ نەگیرایەوە هەردووکیانم شێلاو دواتر زانیم یەکێکیانم دەم و دەست کوشتووە و ئەویتریش بەسەختی بریندار بووە، ئێستاش تۆ یەکەم کەسی ئەو نهێنیەت لا دەدرکێنم.

کچەکە وتی دەمەویٚ سبەینیٚ ئێوارە لەگەڵ کەس و کارت بێیتەماڵمان، من وا دەکەم کەسوکارم بتانبینن و پێشوازیتان لیٚ بکەن.

کچەکە بەخەمبارییەوە مەسەلەی کوژرانی برایەکەی لەلایەن ئەو گەنجەوە بۆ ماڵەوە باس کرد کە ئەوەی بیست ساڵ بەر لە ئەمڕۆ برایەکەی ئەوانی کوشتووە و رایکردووە، ئەمڕۆ لەگەڵی بووە.

رۆژی پاشتر کاتێك کوڕەکە لەگەڵ دایکی دێتە پێش، بەیانییەکەی پۆلیسی لێ ئاگادار دەکەنەوە بۆ ئەوەی هیچ روو نەدات. کوڕەکەیان دەستگیر کرد و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا، دانی بەتاوانەکەی دانا و درایە دادگا.

# لە هەگبەی مرۆڤە بلیمەتەکانەوە

**مرۆڤ تاوەکو بژیێ و بگەڕێ و بسووڕێ، ئاسۆی بیری فراوان دەبێت. گەشتکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترو تێکەڵبوون بە ژینگەی کۆمەڵگە و داب ونەریتە جیاجیاکان وای لێدەکات بەهەگبەیەکی پڕەوە بچێتە ناو خەڵك و بۆ هەر باس و بابەتێك قسەی خۆی هەبێت.**



**خوێندنەوەی مێژوو لایەنێکی گرنگی دەستخستنی مرۆڤە بە زانست و زانیاری. لەو روانگەوە د. مقداد حوسێن تەها**[٨٩] **لە هەگبەی ئەو زانیارانەی ژیاندا، لەچەند وێستگەیەکەوە، چەند نموونەیەکی جوان و پر مانای مرۆڤە بلیمەتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوەش دەستپێکی پڕۆژەیەکی گەورەیە کە لەداهاتوودا خوێنەری پێ ئاشنا دەکات.**

## زانای سەربەرز

مالیکی کوڕی دینار ناسراو بە (ابو یحیی) خەڵکی بەسرا بووە، فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گێڕاوەتەوە. رۆژێکیان لە بازاڕی ئەو شارە تێدەپەڕێ و لە دوکانێکدا چاوی بە هەنجیری جوان دەکەوێ کە بۆ فرۆشتن داندرابوو، حەزی چووەتێ و هیچ پارەو پوولێکی ئەوتۆی پێ نەبووە، زانا ئاسا چووە نەعلەکانی پێی داکەندووەو دایە دوکاندارەکە کە بەرامبەر بەو نەعلانە چەند هەنجیرێکی پێ بدات، ئەویش پێی وتووە ببوورە بەم نەعلانە هیچ هەنجیرێکی پێ نایەت.مالیکیش نەعلەکانی لێی وەرگرتۆتەوە و لەو شوێنە رۆیشتووە. پیاوێك ئەمە دەبینێ پێی دەڵێ لەوە دەچێ ئەو کابرایەت نەناسیبێ ئەوە مالیکی کوڕی دینارە. دوکاندارەکە هەست بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکات

---

[٨٩] - **د. مقداد حوسێن تەها لە ١٩٦٥/٧/١ لە پارێزگای هەولێر لەدایك بووە. دەرچووی کولێژی ئاداب/ مێژوو ، کۆلێژی یاسا، بەشی یاسا، ماستەر لە مێژوو، دکتۆرا لە مێژوو، ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی سەلاحەدین لەشاری هەولێر.**

و سەبەتە هەنجیرێکی جوان ئامادە دەکات و بە کۆیلەکەی دەدات و پێی دەڵێ برۆ زوو ئەم سەبەتە هەنجیرە بگەیەنە مالیکی کوڕی دینار، ئەگەر توانیت رازی بکەیت ئەو سەبەتە هەنجیرەت لێ وەربگرێ ئەوە ئازادت دەکەم. کۆیلەکەیش بەپەلە پرووزێ خۆی دەگەیەنێتە لای و پێی دەڵی ئەم سەبەتە هەنجیرە بۆ تۆیە دەبێ لێمی وەربگری، ئەگەر ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکەی و لێمی وەربگری ئەوە خاوەنەکەم ئازادم دەکات.

مالیکی بەمە رازی نابێت و بە عەرەبی پێیدەڵێ : **حلفت أن لا أبيع التين بالدين، ولا أكل التين الى يوم الدين)**

واتە: ***سوێندم خواردووە ئاییینم بە هەنجیر نەفرۆشم، هەنجیریش نەخۆم تا مردن***[٩٠]

## ماری رەش دۆستی مرۆڤە

کیسرای فارس لەگەڵ وەزیرو حەکیمەکانیدا لە باخچەی کۆشك مەجلیسێکی شاهانەیان بەستابوو، خەریکی وتوێژ بوون، گوێبیستی حیکایەتخوان و قسەی حەکیمان و سەردەم بوون، لەناکاو مارێکی رەش هاتە مەجلیسەکەیان، پاسەوانەکان پەلاماریاندا بیکوژن، یەك لە حەکیمەکان وتی نا نەکەن بیکوژن.

مارەکە تا دەهات تەکانی بۆ پێشەوە دەنا و سەری بەرز دەکردەوە. کاتێك گەیشتە ناوەڕاستی مەجلیسەکە، وەستا. سەری بەرز کردەوەو تەماشای یەکە یەکەی مەجلیسەکەی کرد.ئەوجا بەشوێنی خۆیدا گەڕایەوە.یەك لە حەکیمەکان وتی ئەم مارە کارێکی گرنگی هەبووەو هاتووە خەبەرێکی بەپەلەی هێناوە، پێم باشە بەدوایدا بڕۆن.

---

[٩٠]–زوهدی (بیشری حافی): دەگێڕنەوە دەڵێن بیشری حافی کەوشێکی لەپا بوو پڕ لەپینە، رۆژێك بردیە لای پینەدۆز قۆندەرەکەی بۆ پینە بکات، کابرای پینەدۆز خۆی لێ گرژ کردو پێی وت ئاخ لەدەست ئێوەی هەژار هەر پێمدەکرێ پینەتان بۆ بکەم، برۆ قۆندەرەکەت فڕێدەو یەکێکی دی لەپێ بکە. بیشری حافی سوێندی خوارد تا ماوە لەژیاندا قۆندەرە لەپێ نەکات، بۆیە نازناوی حافی واتە(پێخاوس)ی پێ درابوو، دەیانوت تا لە ژیان بوو هیچ ئاژەڵێك پیسایی نەدەکرد ڕێگاوبانی ناو شار پیس بکات، لەناکاو ئاژەڵێك پیسایی کردو یەکێك لەو خەڵکەی کە ئەوەی بینی وتی باوەڕ بکەن هەبێ نەبێ بیشری حافی وەفاتی کردووە. بۆ ئەم مەبەستە خەڵکەکە روویان لەماڵی ئەو کردو بینیان بیشری حافی وەفاتی کردووە. ئا ئەوەیە یەکێك بەتەواوی لەگەڵ خودای گەورە و زاهیدو عابد بێت.

بەفەرمانی پاشا چەند کەسێك لە ناو باخەکەدا کەوتنە دوای مارەکەو مارەکە هەر ڕۆیشت و جار نا جار ئاوڕێکی دواوەی دەدایەوە تا گەیشتە کۆنە چاڵێکی قووڵ و خەرابەن، سەری بۆ ناو چاڵەکە شۆڕ کردەوە و پاشان سەری بەرز کردەوەو سەیری پاسەوانەکانی کرد.

کاتێك پاسەوانەکان لە چاڵەکە نزیك بوونەوە و سەیری خوارەوەیان کرد، دەعبایەکی زۆر ترسناك و گەورەیان لەناو چاڵەکەدا بینی. بە تیر و رمان دەعباکەیان کوشت و گەڕانەوە لای پادشا و ئەوەی بینیان هەموویان بۆی گێڕایەوە.

ئەوان لەسەر قسە خۆشەکانیان بەردەوام بوون، ئەوەندەی نەبرد دیسان مارە ڕەشەکە دەرکەوتەوە، حەکیمەکە وتی لێیگەڕێن بزانن ئەو جارە چ هەواڵێکی هێناوە. کەوتنە چاوەڕوانی، بینیان مارەکە هات، هات تا گەیشتە ناوەڕاستی مەجلیسەکە. سەری بەرزکرەوە و تین و تاوی دایە بەرخۆو هەندێ خواردنی قا کردەوە (ڕشاندەوە) ئەوجا رووی خۆی وەرگێڕا و ڕۆیشت.

حەکیمەکە دەستی بۆ ڕشانەوەکەی درێژ کردو وتی ئەو مارە ئەم دیارییەی بۆ ئێمە هێناوە ئەوە تۆی سەوزایی و گژوگیایە پێویستە بیچێنین بزانین چی لێ دەڕوێت.

تۆیەکەیان چاند و کاتێك شین بوو، سەیریان کرد ئەوە ڕەیحانەی عەجەمییە.[٩١]

## دەسەڵاتداری خەمخۆر چۆنە؟

ئەبوجەعفەری مەنسوور دووەم خەلیفەی عەباسی بوو، لەبارەی تاوانەوە شارەزاییەکی زۆری هەبوو چونکە پێش ئەوەی ببێت بە خەلیفەی عەباسی، سەرۆکی پۆلیس بووەو سەرۆکی پۆلیس دەبێ شارەزایی لە تاوان و تاوانباران هەبێت.

---

[٩١]- دەڵێن ڕەیحانەی عەجەمی بۆ هەڵامەت باشە کاتێ بۆنی بکەی، هەڵامەتەکەت نامێنێ. ئێستاش لەکوردستانی خۆمان لە هەندێ ناوچە ماری ڕەش ناکوژرێت و ڕێزی لێ دەگیرێ.. من خۆم لە ئاداری ساڵی١٩٩٧ لە دەڤەری بارزان ماری ڕەشم لای بەڕێز شێخ صانع بینیوە، ماری ڕەش دۆستی مرۆڤە من تا لە لاپەڕەکانی کتێبە مێژووییەکان نەمبینی، یەقینم نەبوو کە ماری ڕەش بۆ مرۆڤ هێندە دڵسۆزە – د.مقداد–

ڕۆژێکیان گەورە بازرگانێکی بەغدا قازانجێکی زۆر دەکات و لەو شارە دەنگ دەداتەوە. دیارە بازرگانە دیارەکان لەهەموو دەم و سەردەمێکدا دۆستایەتیان لەگەڵ دەسەڵاتداران هەبووە. ڕۆژێکیان تەماشای خەزێنەی ماڵەکەی دەکات ئەو دینارو زێڕ و درهەمانەی قازانجی کردبوو هیچی نەماوە. کاتێك لە ژنەکەی دەپرسێ، ئەویش بێ ئاگایی خۆی لەبارەوە دەردەبڕێت بەوەی ئاگای لەهیچ نییە. کابرای بازرگان بەناچاری پەنا دەباتە بەر ئەبو جەعفەر و مەسەلەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەبوجەعفەر پێی دەڵێ هیچ دیوارێکتان بڕدراوە؟ دەرگاو پەنجەرەکانتان هیچی شکاون؟ پێی دەڵی نەخێر نە دیوارم بڕاوە و نەدەرگاو پەنجەرەم شکاوە.

ئەوجا پێی دەڵێ ئەو ژنەت کە داخوازیت کردووە و بۆتە هاوسەرت کە هێنات کچ بوو یان بێوەژن **(لێرەدا ڕێزمان بۆ ئافرەتان هەیە دەقی مێژوویی وەك خۆی دەگێڕینەوە).**

ئەبوجەعفەر شووشەیەك بۆنی تایبەتی هەبوو کە تایبەت بۆ ئەو دروست کرابوو، بۆنەکەی بە پیاوەکە بەخشی و وتی بڕۆ ئەوە بەدیاری بدە بە خێزانەکەت و ئەو شتانەی لا مەدرکێنەو باسی منی لا مەکە. دوای چەند ڕۆژێ کابرای بازرگان گەڕایەوە لای. ئەبوجەعفەر وتی بۆنەکەت پێی دا؟ وتی بەڵێ، وتی دەبڕۆ جارێ خوات لەگەڵ. هەر دوای ڕۆیشتنی کابرای بازرگان، ناردیە دوای پاسەوانەکانی و وتی ئێوە بۆنە گوڵاوەکەی من بۆن دەکەن؟ وتیان بەڵێ قوربان، کەس لەم شارە لەو بۆنەی تۆی نییە کە پێی دەوترا(غالیە). ئەویش وتی دەی کەوایە بڕۆن لە هەر چوار دەرگای شار بووەستن ئەگەر یەکێك ئەم بۆنەی لێهات بانگی بکەنە لای من و هەقتان بەسەر هیچەوە نەبێت. چوونە سەر ڕێگای سەرەکی ئەو دەروازانە و کەوتنە بۆنکردنی ئەوەی بەو دەرە گوزەری دەکرد، کاتێك بۆنی گەنجێکیان کرد هەمان بۆنی خەلیفەی لێ دەهات. دەستگیریان کردو بردیانە بەردەم خەلیفە. کابرا چەند وتی بۆ کوێم دەبەن؟بۆ لای خەلیفە، پێم ناڵێن خەلیفە چ ئیشی بە منە؟ وتیان ئێمە هیچ نازانین تەنها فەرمانێکە پێمان کراوەو جێبەجێ دەکەین. کە بردیانە لای خەلیفە، ئەبوجەعفەر وتی ئەو بۆنەی لەتۆ دێ هی منە و لە من دزراوە.کابرا نکۆڵی لێ کرد، وتی گەورەم من دز نیم، ئەوە دیارییە بە من دراوە. پێی وت کێ ئەو بۆنەی بەتۆ داوە؟ وتی خۆشەویستەکەم. کە لێی پرسی ئەی دینارو درهەمەکانت

لەکوێن؟ سەرەتا نکۆڵی لێ کرد. بەڵام کە هەڕەشەی لێکرد ئەگەر راستیەکان نەدرکێنێ ئەوە سزای دەدات، ئەوجا دانی بەوە دانا ئەو کەسەی دینار و درهەمەکانی پێداوە هەر ئەویش ئەو بۆنەی پێ داوەو هەموو شتەکانی بۆ گەڕاندەوە.

ئەبوجەعفەر ناردیە دوای کابرای بازرگان و شتەکانی بۆ گەڕاندەوە، وتی ئەو ئافرەتە بەکەڵکی تۆ نایەت، واباشە بچی تەلاقی بدەیت و ئەویش بابچێ پیاوێکی تر هەڵبژێرێ ( *دەشێ ئەم پیاوە بەماڵی دنیایێ ئەوئافرەتەی لەکەس وکاری خواستبێ بۆیە ئافرەتەکە هەرگیز دۆستە کۆنەکەی پشتگوێ نەخستووەچونکە خۆشەویستی بە پارەو پوول ناکڕدرێ. دۆستایەتی راستەقینە بەماڵ فەرامۆش ناکرێ و لەگەڵ ئەوەشدا خیانەت لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتی ناگونجێ).* [٩٢]

[٩٢]–دەڵێن: یەکێك بوو بە وەزیری ئەوقاف لە وڵاتی ئەردەن، پیرۆزبایی لێکراو ئاهەنگیان بۆی گێڕا، رۆژێك خزمان لە گوند دەعوەتی دەکەن و ئەویش بەخۆیی وخانەوادەو پاسەوانانەکانی کە لەگەڵیدا بوون چەند رۆژێك لەلایان دەبێ، لەهاتنەوەیاندا چاوی بە مزگەوتێك دەکەوێ، ئەمر دەکا ماشێنەکەی رابگرن بۆ ئەوەی بچێتە مزگەوت، خانەوادەکەی وایانزانی دەچێ دەستبەئاو دەگەیەنێ، دە خولەك، بیست خولەك، نەخێر نیوسەعات و دوای سەعاتێك نەگەڕایەوە، پاسەوانەکان بەرەو مزگەوتەکە چوون بزانن چی بووەو چی لێهاتووە؟ دیمەنێکی سەیریان بینی، حەپەسان کە جەنابی وەزیر خۆی تەنها کردووە وا گەسك لە ئاودەست دەداو بەئاو خاوێنی دەکاتەوە. وتیان قوربان بەئێمەت بوتبا خۆمان ئەم کارەمان دەکرد، چونکە ئەوکارە شایستەی جەنابتان نییە. وەزیرەکە وتی چۆن وا دەڵێن ئەی من هەر لەبەر خاتری ئەو دینەو ئەو مزگەوتە نەبوومەتە وەزیر، بۆیە تا بتوانم هەر لە خزمەتی ئەو دینەدا دەبم.

# تاوان بەتاوان ئاشکرا دەبێت

**خاتوو سەبریە محەمەد ئەحمەد بەسەرهاتی چۆنیەتی کوژرانی براکەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێت:**

فازڵ محەمەد ئەحمەدی برام ساڵی ١٩٥٦ لە کەرکوك، گەڕەکی تەپە لەدایك بووە،



ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ چوار لە هاوڕێکانی کە لە سوپای ئێراق بوون، بەیەکەوە ڕێك دەکەون رابکەن و بچنە دەرەوە ببنە پێشمەرگە، لە (ئیجازە)دا خۆیان دەگەێننە گوندی تورکی کە گوندێکە دەکەوێتە بەرامبەر گوندی ئاوماڵ و سەر بە ناحیەی پردێیە، لەوێ خۆیان دەگەیەننە لای شێخ کاکە کە بەرپرسێکی ئەوسای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، کاتێ دەڵێن ئەوە ئێمە لە خزمەتی سەربازی هەڵاتووین و دەمانەوێ ببینە پێشمەرگە. شێخ کاکە نازانم بە چ هۆکارێکەوە رازی نابێت وەریان بگرێ، پێیان دەڵێ بڕۆنەوە ماڵی خۆتان. دیارە شتێکی دەزانی و هەستی بەشتێك کردبوو. لەوەشدا بڕیارەکەی راست دەرچوو، دوو لەو چوار کەسە بۆ شەوێ کۆدەبنەوە و بەدزییەوە براکەم و ئەوانی تر چ قسەیەکیان کردبوو، دەنگیان تۆمار دەکەن. ئەو دوو کەسە هەر دوای ئەو کۆبوونەوە لەو پایە بەو شەوە لەو شوێنە دەڕۆن و ئەوانیش هەر لەو گوندە دەمێننەوە، بۆ بەیانی دەیانەوێ بگەڕێنەوە، دەچنە سۆراغی دوو هاوڕێکەی دیکەیان و ڕێك دەڕۆنە ئەو ماڵەی بڕیاربوو شەو لێی بمێننەوە و بۆ بەیانی بەیەکەوە بگەڕێنەوە.وەلێ خاوەن ماڵ پێیان دەڵێ ئەم شەو چەندی پێمان وتن مەڕۆن ماڵ ماڵی خۆتانە، گوێیان بەقسەمان نەدا و خواحافیزیان کردو بەو شەوە رۆیشتن. ئەو رۆیشتنە بێ هۆ نەبوو، ئەوانیش بەیەکەوە دەچنە گوندی سەر بیر و شەوێك لەماڵی خاڵم ئەحمەد دەمێننەوە و بە فازڵی جوانەمەرگ دەڵێ تۆ مەچۆوە من رەوانت دەکەم و دەتنێرمە ناو پێشمەرگە. چوار رۆژ لەو گوندە دەمێننەوە و هیچ بەهیچ ناکەن، بەناچاری دەچنەوە سوپا و دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن، دوای چوار پێنج رۆژ دەوامکردن، رۆژێکیان لەکاتی مەشق و راهێناندا

سەیارەیەکی مێك زەمین دێ و هەرسێکیان دەبەن، دواتر دووەکەی دیکە – سیخورەکان– دەبەن تاوەکو گومانیان لێ نەکرێ کە سەر بەوانن. ئەوان رەوانەی شاری موسڵ ناکەن و عەفوویان دەکەن، براکەم و دووەکەی دی نزیکەی چوار مانگ لە هەیئەی ئەمنی کەرکووك ئەشکەنجە دەدرێن و ئێستاش نەمانزانی ئەو برایەم چی لێهاتووە و بۆ کوێیان بردووە؟ لەو ماوەیە باوکم کەس نەما رووی لێ نەنێ، تەنانەت لەبیرمە چوو بە قەرز دوو ئاسکەی کڕی کە یەکێکیان هەر زوو مردار بۆوە، ئاسکەکەی تری بۆ خزمێکی سەدام حوسێن سەرۆك کۆماری ئەوسای عێراق برد بەس بۆ ئەوەی سەرەداوێکی پێ بدات، ئاسکەکەی بۆ برد و هیچی دەست نەکەوت. رۆژێکیان لەماڵەوە دانیشتبووین کە ئەو کات ماڵمان لە گەڕەکی رەحیماوەی کەرکوك بوو، پیاوێکی رژێم لە مەرکەزەکەی ئەوێ هاتە ماڵمان وتی تەلەفۆنیان کردووە کوڕەکەتان گەیشتۆتە موصلێ بەیانی دەتوانن بچنە دیدەنی ، قسەیان لەگەڵ باوکم کرد و بێ پەروا پێیان وت کوڕەکەت حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە ئەوەندە ناخایەنێ لەسێدارەی دەدەن. بەو هەواڵە باوکم لەجێوە لەهۆش خۆی چوو، ئێمەش بە دوایەوە دامانە گریان و تا بەیانی کەس لەماڵی ئێمە نەخەوت.

بەیانی کە نەختێ دنیا رووناك بوو، سواری سەیارە بووین و بەرەو مووسڵ بەڕێ کەوتین، دەوروبەری سەعات شەش گەیشتینە جێ. کاتێك دەرگای موهاجە کرایەوە چووینە لای، چ ببینین؟ براکەم لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا نووخان و نینۆکی هەر دوو دەست و پێیەکانیان هەڵکەندبوو، هەموو جەستەی برین و زامدار بوو، نازانم کێمان دەستی گەیاندە سەر شانی، راچڵەکی. جەلادەکان بەدیارمانەوە بوون کە یەك دووەکیان یەزیدی بوون، ئێمە بەو دیمەنە جەرگبڕە خۆمان بۆ نەگیرا، بەکوردی کەوتینە جنێودان بەو حوکمەتە و ئەوانیش بە سۆندە لێیاندابن بەمەیش بەناچاری قرو کپ و بێدەنگیمان هەڵبژارد. فازڵی برام بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە دڵی ئێمەی دەدایەوە دەیوت نامەوێ بگرین بۆچی دەتانەوێ بەو گریانە دڵی ئەو جەلادە خوێنمژانە خۆش بکەن؟ مەگرین با فرمێسك لەچاوانتان نەبارێ.

هەموو مانگێك لە ناوەڕاست و کۆتاییەکەی دەچووینە موهاجەی و نزیکەی پێنج شەش موهاجەمان کرد، وابزانم لە سێیەم موهاجەدا بەنازی کچم جلێکی رەشی لەبەردابوو، فازڵ لەباوەشی گرت و ماچی کرد، پێیوت ها جێی خاڵەت بگرییەوە، ئەگەر جارێکی تر هاتی ئەو جلە رەشە لەبەر نەکەی. تەنانەت جارێکیان وتی توخوا دوگمەی قەمیسەکەم بۆ بکەنەوە با دوژمن لەبەرمی نەکاتەوە.ئەوە دواجاربوو دەستی بەکەلەپچە بوو، دانی بەوە دانا، وتی ئەو دوانەی بەو شەوە رایان کرد، ئەوانە وایان بەسەر ئەو سێیەمان هێناوە و پیاوی رژێم بوون، ئێستاش فەرمان لە سەدامەوە هاتووە سبەی سەعات هەشت گوللەبارانمان دەکەن تکایە بمبەنەوە کەرکووك و هەر لەوێ من و ئەو دووەی تر بنێژن.

کاتێك گوللەباران کرا، زانیمان لەلایەن مەلایەکەوە تەلقین دراوە، خۆمان گەیاندێ شوێنەکەیمان پێ بڵێ، کەچی لە ترسی هەڕەشەکانی رژێم حاشای لەوە کرد تەلقینی ئەوانی دابێت. تەرمەکەیان نەداینەوە و نەیانهێشت بزانین لەکوێی دەشارنەوە، (رەسمیە)ی دایکم قەناعەتی وابوو یەك لەو سێ تەرمە کە لە هەموویان درێژتربوو ئەوە گۆڕی فازڵی جوانەمەرگە، زوو زوو دەهاتە سەر گۆڕەکەی تا دواجار گۆڕەکەمان هەڵدایەوە کە بۆ ئەو کاتە لەناو شووشەیەکدا ناسنامەکەی تێدەکرا و لەگەڵ جەنازەکە دەشاردرایەوە، کە سەیرمان کرد ئەوە ئەو تەرمە نەبوو دایکم پێی وابوو گۆڕی فازڵە.

برایەکەم تا کوشتیان هەر سروودی کوردستانی دەوتەوە، کەچی لەگەڵ ئەو زوڵمەی کە کردیان، هاتن پارەی کفن و دفن و شارەوانی و پارەی ئەو گوللانەی لێیان دابوو بۆ ئەو کات ٣٠٠دیناریان لەباوکم سەند و پێیان راگەیاندین دانانی پرسە قەدەغەیە و ئەوەی سەرپێچی بکات بەتوندترین شێوە سزا دەدرێت، ئێمەیش ناچار بەدزیەوە دەرگامان لەسەر خۆمان گرتبوو هەر دەگریاین و ئەوەی بهاتایە دەبوو بەدزییەوە بێت و سەرەخۆشیمان لێ بکات.

ئەو شوێنەی بۆ موهاجە دەچووینە لای براکەم، لەوێ منداڵێك هێشتا تەمەنی نەبووبووە هەژدە ساڵ، بۆ ئەوەی گوللەبارانی بکەن چووبوون ناسنامەکەیان گەورە کردبوو تا بڕیاری لەسێدارەدان بیگرێتەوە.

لەو سەرووبەندە کابرایەك گیرابوو فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو، کەس و کاری لەدەوری کۆببوونەوە، قسەیانی بۆ دەکرد، دەیوت بەو خوایە من ئەو ئەمنەم نەکوشتووە و ئاگام لێی نییە ڕۆژێکیان لە ئیجازە دەهاتمەوە بەیانییەکی زوو بوو کە بەو کۆڵانەی گوزەرم کرد سەیرم کرد تەرمێك لەو ناوە کەوتووە لێی نزیك بوومەوە بزانم کێیە، داهاتمەوە، هەر ئەوەندەم زانی سەیارەی نەجدە(فریاکەوتن) گەیشتنە سەرم و کاتێ منیان بەو شێوەیە بینی یەکسەر دەستگیریان کردم لەکاتێکدا من ئەوە سزای خۆمە دەبێ هەر لەسەر ئەو دنیایە باجەکەی بدەم، لەبیرتانە هێشتا ماڵمان نەهاتبووە شار زۆر حەزم لە یوسرای ئامۆزام بوو، ئەویش رقی لێم دەبۆوە، لەناخەوە دەمزانی حەزی لە کەسێکی تر کردووە بەڵام نەمدەزانی کێیە؟ ڕۆژێکیان بەتەنیا  بەرەو ناو ڕەزەکەیان شۆڕ دەبۆوە، لەلای چەپەوە  ڕێم لێی گرت و بەخۆشی لێی پاڕامەوە خۆشمی بوێ کەچی هەر نکۆڵی لێ کرد و وتی تۆ وەکو براکانمی هیچ هەستێکم بۆت نییە ببوورە کەسێکی ترم لە دڵدایەو تا مردن هەر ئەو کەسەم خۆش دەوێ. بە بیستنی ئەو قسانە بەری چاوم تاریك داهات، توند پەلاماریمدا و دەمیم گرت و تەعدام لێی کرد، هەر بەوەندە نەوەستام بۆ ئەوەی تووشی کێشمەکێش نەبم، لەجێوە قوڕگیم گرت و چەند بەردێکم بەسەر مێشکی دادا، مێشکیم پرژاند و لەو بەرزاییە فڕێم دایە خوارەوە. کاتێك کەس و کار و ئەو خەڵکە دەگەنە سەری و تەرمەکەی بەو شێوەیە دەبینن، وا گومان دەبەن ڕەنگە لەو بەرزاییە پێی خزابێت و بەربووبێتەوە، مامم بێ ئەوەی تەرمەکەی بباتە (توب عەدلی) یەکسەر کفن و دفنی دەکات و دەیشارێتەوە.دوای تەمەنێك کە تووشی ئەو ڕووداوە بووم، ئێستا چەندی دەڵێم من نەمکوشتووە، باوەڕم پێ ناکەن، تازە کار لەکار ترازاوە ئەگەر ئەو هەقیقەتەشیان پێ بڵێم هەر دەبێ بکوژرێم، بۆیە ئامۆژگاریتان دەکەم قەت لەدەرگای کەس مەدەن بۆ ئەوەی لەدەرگاتان نەدرێتەوە.

## هەستی شەشەم

# پاراسایكۆلۆجی و ئیلهامی خودایی

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَآ أَن تُفَنِّدُونِ ﴾ یوسف: ٩٤

**واتە: كاتێك كاروان ئاوەدانی بەجێهێشت و كەوتە ڕێ، باوكیان وتی: بەڕاستی من هەست بە بۆنی یوسف دەكەم ئەگەر بەبێ هۆش و خەڵەفاوم نەزانن و بڕوام پێبكەن**[٩٣]

هەستی شەشەم لە زانستی پاراسایكۆلۆژی بابەتێكی گرنگ و هەستیارە، زانایان لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەكانیان دركیان بەو راستیە كردووە كە هەموو كەسێك ئەو هەستەی هەیە، لەوەدا كەسانێك هەن هەست بەهەموو شتێك دەكەن بەڵام ناتوانن بەزمان دەریببڕن. هەروەها كەسانێك هەن دڵیان بەتوندی لێ دەدا و لەگەڵیدا ئارەقە دەردەدەن و هەست بەخەوبینی دەكەن. هەیشە شتەكە روو دەدات، ئەوجا بەبیری دێتەوە، بە بۆچوونی منیش دەشێ پێشبینیەكان دوو لێكدانەوەی بۆ بكرێ، یا ئەوەتە هەستی

[٩٣]- لە تەفسیری(الجلالين) واهاتووە: {ولما فصلت العير} خرجت من عريش مصر {قال أبوهم} لمن حضر من بنيه وأولادهم {إني لأجد ريح يوسف} أوصلته إليه الصبا بإذنه تعالى من مسير ثلاثة أيام أو ثمانية أو أكثر {لولا أن تفندونِ} تسفهون لصدقتموني.

هەروەها لە تەفسیری(السعدي) واهاتووە: {وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ} عن أرض مصر مقبلة إلى أرض فلسطين، شمَّ يعقوب ريح القميص، فقال: {إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ} أي: تسخرون مني، وتزعمون أن هذا الكلام، صدر مني من غير شعور، لأنه رأى منهم من التعجب من حاله ما أوجب له هذا القول.

شەشەمە یان ئیلهامێکە و لە خواوەیە، بەر لەڕوودانی ختوورەیەکە مێشك زەنگی بێداری پێ دەدات.

ئەگەر ئێمە لەو تاقیکردنەوانە وردبینەوە کە لەسەر گیانلەبەراندا دەیکەن وەك ئەوەی کاتێ بێچووەکانی پشیلەیەکی دایکانەیان لەدووری ئەودا دەکوشت، ئەو واتا پشیلەکە رادەچڵەکی و دەشڵەژا و هاواری لێ هەڵدەستا. مرۆڤ پەیوەندیەکی روحی بۆ دەدۆزرایەوە لە لای ئەم پشیلەیە (ئەمەیە کە چۆن ئەو هەستەی کاری دەکرد دوور لەبیستن و دیتن؟ بە چ جۆرێك هەست و کاردانەوەی کوشتنی بێچوەکانی دەگوازرایەوە بۆ لای ئەم پشیلە دایکانەیە؟ ئایا جۆرە هەستێکی شەشەم و چاوی سێهەم و پاراسایکۆلۆجیەتێکی[٩٤] لێ بەدی ناکرێ؟) ئەگەر ئەمە لە جیهانی گیانداران بەم جۆرە پەروەردە بووبێ، دەبێ لەلای مرۆڤ چۆن رەنگی دابێتەوە کاتێ مرۆڤ لەنێوان خەوتن و هۆشیاریدا جاری وا هەیە هەست بەرووداوەکان دەکات لەنێوان خۆیی و ئەو کەسانەی لێی نزیك و خۆشەویستن.

چاوی سێهەم بەو هەستەیان دەگوت کە لە دوورەوەی سەدان کیلۆمەترەوە هەستی بە رووداوەکان دەکرد، یان بەهەمان شێوە ناوی هەستی شەشەم بوو لەسەردەمێك لە سەردەمەکاندا.

زانای رووسی فلایل کازناتشوف لە کۆنگرەی جیهانی بۆ بابەتی پاراسایکۆلۆجیا موحازەرەیەك پێشکەش دەکات کە لە ١٩٩٠/١١/٢٩ لە رۆژنامەی (الاتحاد)ی ئیماراتی بلاّو کراوەتەوە، زانای ناوبراو بەمجۆرە موحازەرەکەی پێشکەش دەکات:

---

[٩٤]- پاڕاسایکۆلۆجی لە دوو پەیڤ پێکهاتووە (پاڕا) لەگەڵ(سایکۆلۆجی) پارا: مانای زۆرگەلێ دەگەیەنێ.رەوانبالاًی مانای بەکارهێنانی تواناکانی سەرووی ئاسایی مێشك و ئاڕاستەکردنی تواناکانە بۆ هەر بوارێك لە رەوانبالاًیی وەکو خەواندنی موگناتیسی و هاوبیری و دەروونە کارتێکردن و دەروون جولاّندن و روون بینی و روون گۆیی و پێشبینی و پێش گۆیی و....هتد. فێربوونی پاراسایکۆلۆجی، ئا: ئاماژ جاف، گ: پاراسایکۆلۆجی، ژ٢- ٢٠٠٦، ل٤)

مشك پێش ئەوەی بوومەلەرزە و گڕكان روو بدات، بەچكەكانی لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی ئارامتر دەگوازێتەوە.

پەپوسلێمانی (هدهد) لە ئاسمانەوە لەدووری هەزاران مەتر دەزانێ لەكوێی ژێر زەوی ئاو هەیە.

چاودێری زانستی پاراسایكۆلۆژیا بكەن پێش ئەوەی جیهان بڕووخێت، زانست سەلماندوویەتی كە لەشی مرۆڤ هێز و توانایەكی زیندەگی مەزنی هەیە كە لەدووریی سەدان و هەزاران كیلۆمەتر كار لەبیری خەڵكی بكات، مەترسییەكەی لەوەدایە نەخۆ مافیا و تۆڕە تیرۆریستەكان، یاخود سوپا نیزامیەكان ئەم چەكە زانستیە ترسناكە بەكار بهێنن بەهۆی كارتێكردنی بیریی لەدوورەوە، بۆ نموونە: تێكدانی رشتەی زانیاری، یا بانكی یا هاتوچۆ لە وڵاتێكدا بەتەواوی لەكاربردنی یەكە سەربازیەكان بەهۆی دژە فەرماندان بۆ فەرمانەكانی سەركردایەتی بەكارتێكردنی بیریی لەدوورەوە هەزارەها كەس ویستیان تێكدەچێ و دەكەونە ژێر كارتێكردنی ئەوانەی كە بەهۆی بیریانەوە كاریان تێیان كردووە.

هەروەها لەدرێژەی موحازەرەكەی دەڵێت:

چەند تاقیكردنەوەیەكی گەیاندنی هەستمان لەنێوان بیست شاری وەكو رۆما ئەنجام دا كە ماوەی نێوانیان لەنێوان هەزار تا حەوت هەزاركیلۆمەتر بوو، وێنەیەكی فۆتۆگرافیمان دایە یەكێ لە كەسەكان و داوامان لێكرد كە ئەم وێنەیە بۆ كەسانی تر لەشاری تر بنێرێ، كە ماوەی نێوانیان هەزارەها كیلۆمەتر بوو، ئەنجامەكان لە سەرسورهێنەر زۆر زۆرتر بوون[٩٥].

**فوئاد ئەحمەدی** هونەرمەند بەر لەمردنی لە لایەن رۆژنامەنووسێكەوە پرسیاری لێ دەكەن خەریكی چی؟ ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێ بەتەواوی خۆم كۆ كردۆتەوە خەریكی سەفەری مردنم..ئەوە بوو هەر لەو ماوەیەدا وەفاتی كرد.

---

[٩٥] - ئەو كەسە وێنەكەی لەپێش خۆی دادەنا و لەمێشكی خۆی ئامادەی دەكردن ئینجا بیری لە كەسەكەی تر دەكردەوە كە هەزارەها كیلۆمەتر لەو دوور بوو، ئیتر كەسەكەی تر هەمان وێنەی دەبینی كە لەمێشكی خۆی داینابوو كە پێی دەوترێ(پێشبینی).

**کاک ئەحمەد کەپەنکی** پیاوێك بوو لە تەمەنێکی زووەوە دەستی کردبووە کارو کاسبی و گەلێ پیشەی جۆراو جۆری تاقی کردبۆوە، ماوەیەکی باش چووە هەندەران و لە هەموو تەمەنی خۆی ساتێك ئۆقرەی نەدەگرت و دواجار کاتێك لە شارۆچکەی تەقتەق شوقەیەکی گەورە بە ریزە دوکانێکەوە دروست دەکات، دەڵێت ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەیەکجاری بحەسێمەوە.بە خۆو دوو منداڵەوەدەچێتە ناو مەسعەد(ئاسانسەر)ی شوقەکەو لە کەوتنە خوارەوەیدا خۆی و هەر دوو منداڵەکە دەمرن.

## نازانم چۆن کەبابەکەم لەدەست بەربۆوە؟

***کابرایەك کە نەیویست ناوی بنووسم، بۆی گێڕامەوە، وتی:***

**پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **دەفەرموێت:** (**پەیوەست بن بە راستگۆییەوە، چونکە بەڕاستی راستگۆیی رێنماییت دەکات بۆ چاکە، چاکەش رێنماییت دەکات بۆ بەهەشت، پیاو بەردەوام راست دەکات و بەدوای راستیدا دەگەڕێت تاوەکو لەلای خوا بە زۆر راستگۆ دەنووسرێت، وریاو بەئاگابن لە درۆ، چونکە بەڕاستی درۆ رێنماییت دەکات بۆ ئاگری دۆزەخ، پیاو بەردەوام درۆ دەکات و بەدوای درۆدا دەگەڕێت تاوەکو لەلای خوا بەزۆر درۆزن دەنووسرێت**).[96]

**رۆژێکیان چوومە بازاڕ و لامدایە کەبابخانەیەك بەو نیەتەی لەگەڵ دەستی خۆمدا هەندێ کەباب ببەمەوە ماڵ و لەگەڵ خاو و خێزانەکەم بیخۆم.ئێستایش نازانم زۆر سەیرە چۆن ختورەی ئەوەم بەمێشك داهات کە ئەو کەبابەم لەدەست بەردەبێتەوە، ئەو بیرۆکە سەرقاڵی کردم، دوای ئەوەی کەبابە سەفەریەکەم بردەوە، کاتێك پێم نایە ماڵەوە، یەکسەر کەبابەکەم لەدەست بەربۆوە.**

---

[96]– عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِر ، وَإِنَّ الْبِر يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ ، وَمَا يَزَالُ الرجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحرى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقاً ، وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُور ، وَإِنَّ الْفُجُور يَهْدِي إِلَى النَّار ، وَمَا يَزَالُ الرجُلُ يَكْذِبُ وَيَتَحرى الْكَذِبَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّاباً)) صحيح البخاري رقم : (٦٠٩٤) وصحيح مسلم رقم : (٦٥٨٢) .

## دەی خێرا ئەو دۆشەکانە راخەن، ئەوە میوانەکان هاتن؟

**کاك نەسرەدین عەلی ئیسماعیل باغەجنێری بۆی گێڕامەوە، وتی:**

باوکم لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوو وەفاتی کرد، کەسێکی بۆ خوا سوڵحاو بوو، بەر لەوەی وەفات بکات، دوو رۆژ نەخۆش و ناساغ بوو، لە رۆژ سێیەم لە نەخۆشیەکەی چاك بۆوە، هەستی بەهیچ ناڕەحەتییەك نەدەکرد، تەنانەت لە بیرمە بۆ جەمی نیوەڕۆ کاك مەولودی برام لەگەڵ دەستی خۆیدا دوو سێ شیش کەبابی بۆ هێناو باوکیشم خواردنێکی باشی خوارد، بەرە بەرەی عەسرانێکی درەنگ، بانگی کردین، وتی من دەمرم، دەمەوێ وەسیەتی ئەوەتان بۆ بکەم کە من لە راهی خوای گەورە گەردەنی هەموو ئەوانە ئازاد دەکەم لە ژن و پیاو و ئەوانەی بینیومن، وەسیەتی من بۆ ئێوە ئەوەیە دڵی کەس مەڕەنجێنن.

ئەوجا پێی وتین دەی خێرا ئەو دۆشەکانە راخەن، ئەوە میوانەکان هاتن؟

کە وتمان بابەگیان بۆچی دۆشەك راخەین؟

وتی ئەی ئەوە نابینن ئەو میوانانە وا دێنە ژوورەوە؟

**ئێمەیش کە سەیری دەرەوەمان کرد کەس دیار نەبوو، سەرسام و چاو ئەبڵەق بووین.**

هەر ئەوەندەمان زانی باوکم لەجێوە سەری باداو بەزمانێکی پاراوەوە وتی (وعلیکم السلام و رحمة الله و برکاته) یاخوا بەخێر بێن.

ئەوەندە قسەی کردو یەکسەر گیانی سپارد.

## دایە گیان شەمەندەفەرەکە هاتووە، چاوەڕێم دەکات

**رۆژێکیان باجی نەجیبەی ئامۆژنی خێزانم بۆی گێڕامەوە، وتی:**

چوومە پرسەی ئافرەتێکی بەشەرم و شکۆ و خواناسی ناسیاوم مامۆستا (بوشرا)ماڵیان لە گەڕەکی ئازادی شاری کەرکوك بوو، کاتێکی تەواو لەپرسەکەی مامەوە، لەو ماوەیەدا دایکە جەرگ سووتاوەکەی چەند جارێ لەهۆش خۆی چوو، گەلێ سەردولکەی گوت و گەلێ شیوەنی بۆ گێڕا، دەوەستاو دووبارە نوێی دەکردەوە، خۆم گەیاندە لای لەتەنیشتیەوە دانیشتم و کەوتمە دڵدانەوەی، ئەویش بەدەم نووزانەوە دەیوت کچەکەم

داوای لێکردم نەختێ ئاوی بۆ بێنم، وتی توخوا دایەگیان دەمەوێ دەست نوێژ بگرم و نوێژی چێشتەنگاو بکەم.

ئاوم بۆی هێنا، ئاوم بەدەستی داکرد، دەستنوێژی هەڵگرت لەجێوە نوێژی دابەستا، کە لێبۆوە کەوتە نزا و پاڕانەوە، لەبەر خۆیەوە وەك شتێك ببینێ، بەکزۆڵییەوە دەیوت ئێ دە توخوا زووە، دەهەندێ لێمگەڕێ.

دڵم داخورپا، هەستم کرد شتێك لەئارادایە، هەمان قسەی دووبارە کردەوە، وەکو پاڕانەوە دەیوت دە توخوا هێشتا زووە، جارێ لێمگەڕێ.

خۆم بۆ نەگیرا، بەدەم قوڵپی گریانەوە پێموت کچەکەم ئەوە چی دەڵێی؟

ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا، وتی دایە گیان شەمەندەفەرەکە هاتووە و چاوەڕێم دەکات سوار ببم و بمبات، دایە کوا منداڵەکان؟ لەکوێن؟ دەمەوێ بیانبینم.

بەتەلەفۆنم پیاوەکەیم ئاگادارکردەوە، داوام لێکرد بچێ منداڵەکان لەقوتابخانە بێنێتەوە دایکیان دەیەوێ بیانبینێ.

ئەویش ئەوەندەی پێ نەچوو بەخۆو منداڵەکان هاتەوە ، کچەکەم لەپێش چاوم یەکە یەکە منداڵەکانی لەئامێز گرت و کەوتە ماچکردنیان، دیسان وتیەوە ئای کە ئەو شەمەندەفەرە چاوەڕێم دەکا و وازم لێ ناهێنێ.

بەو قسانەی هەمووومان تاساین، دەستمان کردە گریان، یەکسەر زانیمان ئەو شەمەندەفەرە مەبەستی ئەو سەفەرە دوورو درێژەی دەرچوون لەم دونیایەیە و عیزرائیل لەچاوەڕوانی روح کێشانیەتی، پێنج دەقەی نەبرد بۆ دواجار چاوەکانی لێکنا.

## دایەگیان ئەگەر نەمدیتیەوە گەردنم ئازادکە

**خوشکە سۆزان غازی حەوێز گێڕایەوە، وتی:**

لە شەڕی هەشتساڵەی ئێران و عێراقدا کوڕەکەم سەرباز بوو، هەر جارێ دوای مۆڵەتی ئاسایی دەگەڕایەوە ، حاڵەتەکان ئاسایی بوون، کەچی دواجار خرپەو ختوورەیەکی زۆرم بەدڵ داهات، بێ ئۆقرەیی دەروونی داگرتم، هەستم بە ناڕەحەتیەکی زۆر کرد کە شتێك روو دەدات، تاوەکو گەراج لەگەڵی رۆیشتم، زۆر دەگریام و فرمێسك لەچاوانم دەباری،

پێش ئەوەی سواری سەیارە ببێت و بڕوات، هەر دوو دەستی ماچکردم، وتی دایەگیان ئەگەر نەمدیتیەوە گەردنم ئازادکە؟

هەر هاتە سەر زمانم، پێموت دەبوەستە با بۆ دواجار تەماشات بکەم، تاوێك سەرنجم لێی گرت و رۆیشت، هەفتەیەکی پێ نەچوو جەنازەکەیان هێنایەوە.

## من دەمرم، منداڵەکانم تووشی زڕ دایك نەکەی[97]

[97] - عن ابي هريرة (رضي الله عنه)عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال: ( سبعة يظلهم الله في ظله يوم لا ظل الا ظله: الامام العادل، و شاب نشأ بعبادة الله، و رجل قلبه معلق في المساجد، ورجلان تحابا في الله، اجتمعا عليه و تفرقا عليه، و رجل دعته امرأة ذات منصب و جمال، فقال: اني أخاف الله، و رجل تصدق بصدقة فأخفاها، حتى لا تعلم يمينه ما تنفق شماله، و رجل ذكر الله خاليا ففاضت عيناه). (بخاري/ الجماعة و الامامة/ ٦٢٩٤)

(ابوهريرە) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: حەوت جۆر کەس هەن کە خوا دەیانخاتە ژێر سایە و سێبەری خۆیەوە لەو رۆژەدا کە هیچ سایە و سێبەرێك نییە جگە لە سایە و سێبەری ئەو زاتە: پێشەوایەکی دادپەروەر، لاوێکە لەسەر خواپەرستی گەورە بووبێت، کەسێکە دڵی پەیوەستی مزگەوت بێت، دوو کەس لەبەر خوا یەکتریان خۆش بوێت و لەسەر ئەو بنچینەیە بەیەك گەیشتبن، دوای دوورکەوتنەوە و جیابوونەوەشیان لەیەکتر خۆشەویستیان بەردەوام بێت، کەسێك ئافرەتێکی جوان و ناودار بانگی بکات، ئەویش بڵێت بەراستی من لەخوا دەترسم، کەسێکە خێر دەکات و دەیشارێتەوە، هەتا دەستی راستی نازانێت دەستی چەپی چی بەخشیوە، کەسێکە بەتەنهایی یادی خوا بکات و چاوەکانی ئەسرینیان لێ ببارێت.

گەنجێکی سەرخۆش هەبوو، لە هیچ نەدەگەڕایەوە، شەوێکیان خەونی بینی، لەو خەوەدا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێیوت: تۆ لەگەڵ باوکت خراپی، برۆ لەگەڵی ئاشت ببەوە کاتێك لەخەوەکەی بێدار بۆوە، سەیری کرد باوکی بەو درەنگی شەوە وا لەسەر دووگرد(بەرماڵ) خەریکی شەونوێژە، لێی نزیك بۆوە، پێی وت بابە گیان تکات لێ دەکەم لێم خۆشبە، لێم ببوورە من زۆر لەگەڵت خراپ بووم، چەندی ئامۆژگاریت کردم و بەگوێم نەکردی.باوکیشی پێی وت من کاتێك لێت خۆش دەبم کە واز لە برادەرایەتی ئەو ئارەقخۆرانە بێنی و چیتر ئارەق نەخۆیتەوە.ئەویش بەڵێنی پێدا تۆبەیەکی نەسوح بکات و وازیان لێ بێنێ و چیتر ئارەق نەخواتەوە.کاتێك خەوتەوە، بەیانی باوکی بانگی کوڕەکەی کرد و پێی وت وەرە کوڕەکەم با هەواڵێکی خۆشت بدەمێ، من ئەمشەو خەوێکی سەیرم بینی، لەو خەوەدا پێغەمبەری نازدارم بینی، پرسیاری تۆی کرد و پێیوتم خوا لێت خۆش بووە.

کاك **عەبدولعەزیز عەبدولا** ماڵیان لە گەڕەکی **هەڤالان** بوو، کاتێك خێزانەکەی وەفاتی کرد، چونکە دراوسێی یەك بووین، **هەر** دووو ڕۆژەکە بەشداری پرسەکەم کردو دوو جار لە ماڵەوە چوومەوە سەردانی، خۆی گێڕایەوە وتی شەوێکیان خەوتبووم لەدەنگ و دۆی سەبیحەی خێزانم بێدار بوومەوە، پێم سەیر بوو ئەوە یەکە بە یەکە منداڵەکان ماچ دەکات.لێم پرسی ژنێ ئەوە چییە؟ چ ڕوویداوە؟ بە قووڵی سەرنجی یەکانگیر کردم و وتی پیاوەکە وەسیەت دەکەم ئاگات لە منداڵەکانبێ و تووشی زڕداکیان نەکەی! منیش لە خانەی سوعبەتەوە پێموت ژنێ ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ دەی وەرە بخەوە، خوا کەریمە، **هە**تا ئەجەلمان نەیەت نامرین. بەیانی لەگەڵ زیڕو **هۆ**ری منداڵەکان بەخەبەر هاتم، کاتێك خۆم گەیاندە لای خێزانەکەم، سەیرم کرد گیانی سپاردبوو.

### ( ما شاء الله ) ئەو گۆڕە دەڵێی بۆ من لێدراوە

**کاك فەرمان ڕەئوف گێڕایەوە، وتی:**ڕۆژێکیان لەگەڵ دایکم چووینە سەر قەبران تا لە نزیکەوە سەردانی گۆڕی دایك و باوکی بکات، لەوێ گۆڕێکی حازر لێدرابوو، دایکم وتی (**ما شاء الله** ) ئەو گۆڕە دەڵێی بۆ من لێدراوە ! .سەیرم کرد لێی نزیك بووەوە خەریك بوو بچێتە ناو گۆڕەکە، نەختێ خۆم لێی تووڕە کرد، وتم دایە گیان بەخۆمان دڵمان تەنگە، توخوا ئەو قسانە چییە دەیکەی؟ ئەویش نەختێ سەری باداو وتی کوڕم من دەزانم دەڵێم چی؟ کاتێك چووینەوە ماڵ، ئەوەندە نەبرد، دایکم نەخۆش کەوت. (**ما شاء الله** ) **هە**ر ئەو قەبرەی بەقسمەت بوو کە لەوێ لێدرابوو، دەیوت ماشەلا ئەو گۆڕە دەڵێی بۆ من لێدراوە.

## ئەو بیرە دەتانگرێنێ

کاك حوسێن عەلی[٩٨] بەسەرهاتی خنکانی سێ برا(باوك و دوو مامی) بۆ گێڕامەوە، وتی:

---

**[٩٨] – حوسێن عەلی تەها، ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی سماقولی گرتك لەدایك بووە و خێزاندارەو خاوەنی حەوت منداڵە.**

٢٠٠٦/٩/١٩لەگوندی سماقولی گرتك کاتژمێر نۆی ئێوارە بوو، عەبدولڕەزاقی مامم لەناو خانووەکەیدا بیرێکی دە دوازدە مەتری لێدابوو کە بەقەت بەژنی زەلامێك ئاوی تێدا بوو، بیرەکەی بە بەرد هەڵچنیبوو، پێش ئەو رووداوە بە دە رۆژ پشیلەیەك کەوتبووە ناو بیرەکە و تێیدا خنکابوو، دوای دەرکردنی پشیلەکە و فڕێدانی تا ئاوی بیرەکە خاوێن ببێتەوە و بەکەڵکی خواردنەوە بێت، چەند رۆژێك ئاوی ئەو بیرەیان بۆ خواردنەوە بەکار نەهێنا.

کوڕێکی عەبدولڕەزاقی مامم ناوی پێشڕەو بوو، ئەو کات تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو لە پۆلی دوازدەی ئامادەیی دەیخوێند، مزەخەیەکی ئاو دێنێ و بە گوریس شۆڕی ناو بیرەکەی دەکاتەوە تا ئاوی ناو بیرەکە پاك و بەتاڵ بکاتەوە، ئەو ئێوارەیە من و باوکم لەماڵیان بووین، بەدەم خواردنی (شفتی)یەوە قسەی خۆشمان دەکرد، عەبدولڕەزاق بە باوکمی وت وەستا عەلی وابزانم بەحەیاتی خۆت شفتی وات نەخواردووە. باوکیشم وتی بەڵێ وایە بە حەیاتی خۆم شفتی وا خۆشم نەخواردووە. منیش لەخانەی سوعبەتەوە رووم کردە مامم و پێم وت ئەو شفتیە خۆشانەی تۆ لەماڵی ئێمەدا دەیخۆیت، شفتی خۆمانە.



مامم دوکانێکی بچووکی بە تەك ماڵەوە دروست کردبوو، هەندێ وردەواڵەی تێدا دانابوو، شتی تێدا دەفرۆشت، لەم ئان و ساتە منداڵێك هات لەدەرگایدا، بۆ تۆی چا هاتبوو، مامم لەجێوە راست بۆوە بچێتە دوکانەکە تۆی چا بداتە منداڵەکەو بەڕێی بکات، بەڵام من و باوکم هەر زوو هەستاین بڕۆینەوە. چەندی مامم وتی دەدانیشن وا ئەو منداڵە بەڕێ دەکەم و دێمەوە جارێ زووە. باوکم وتی کات درەنگە رووی کردە فاتمی مامۆژنم و

سەیرێکی پێشڕەوی کرد، وەك دڵی خەبەری شتێك بدات، بەهەڵپەیەکەوە پێی وت توخوا واز لەم بیرە بێنن، ئەو بیرە دەتانگرێنیّ . پاشان بەیەکەوە گەڕاینەوە ماڵ.

من لەماڵەوە چوومە سەربان، بە مۆبایل لەگەڵ مامەکەی دیکەمدا مامم نافیز نامەمان بۆ یەك دەنارد کە ماڵیان لەوبەری گوندی بوو، باوکم بیّ ئۆقرە دیاربوو دەتوت درك بەڕوودانی کارەساتێکی نەخوازراو دەکات، لە حەوشەکە دەهات و دەچوو. چی وای نەخایاند لەسەربانەوە گوێم لەهات و هاواری مامۆژنم فاتم بوو دەیقیژاند کوڕە عەبدولڕەزاق خێرا بگە پێشڕەو، پێشڕەو خنکا.[٩٩]

من یەکسەر بە پەلەپروزیّ لەگەڵ گوێبیستبوونی ئەو قسانە، لەسەربان هاتمە خوارەوە، بەخێرایی لەگەڵ باوکم بەرەو ماڵیان ڕۆیشتین، تا گەیشتینە ئەویّ بینیمان ئەوە عەبدولڕەزاقی مامم بۆ ناو بیرەکە شۆڕ بۆتەوە، بەپەلە پەتی لە پێشڕەوی کوڕی بەست و ئێمەیش بۆ سەرەوە بەرزمان کردەوە کە دەرمانهێنا تەماشامان کرد ئەوە لەهۆش خۆی چووە، هەر زوو هاویشتمانە ناو سەیارە و بۆ هەولێرمان برد، ئەوەی جێی سەرنج بێت بەهۆی سەرقاڵبوونمان بە پێشڕەو ئاگامان لە مامم نەما، سەیرمان کرد ئەوە خەریکە دێتە سەرەوە بەڵام بەهۆی نەبوونی ئۆکسجینەوە، لەهۆش خۆی چوو، بەربۆوە ناو بیرەکە. باوکم کە ئەمەی بینی لەتاوا خۆی بۆ ناو بیرەکە شۆڕکردەوە بچیّ رزگاری بکات، ئەوەندە نەچووبووە خوارەوە، بینیم دەستەکانی بەرز کردەوە وەکو پێمان بڵیّ دەی بمگەنیّ خەریکە دەخنکێم. ئەویش ئەوەندەی نەبرد لەهۆش خۆی چوو، منیش کەوتمە گریان و پڕ بەگەرووم هاوارم دەکرد باوکم خنکا.

لەم سەروبەندە نافیز مامەکەی دیکەم بە شێواوی هات، کە چاوی بەو حەشاماتە کەوت هیچیان بۆ نەکراوە نەختیّ قسەی رەقی کرد و ویستی بچێتە ناو بیرەکە، چەند پێیان وت گوریس لەخۆت بئاڵێنە و ئەوجا بچووە خوارەوە، تەنانەت نازانم یەکێکمان گوریسی

[٩٩] - دیارە پێشرەو بۆ ناو بیرەکە شۆر دەبێتە خوارەوە تاوەکو بزانێت بیرەکە ئاوی تێدایە یان نا، ئەو مزەخەی دوای نیوکاتژمێر کارکردن لەناو بیرەکەدا لەجێوە دەکوژێتەوە و بیرەکە پر لەدووکەڵ دەکات بەمەش ئۆکسجین لەناو بیرەکە نامێنێت.

لەقەد خۆی ئالأند، کەچی گوریسەکەی لەخۆی کردەوە و توند فڕێیدا و چووە ناو بیرەکە ئەویش لەهۆش خۆی چوو، لەدوای ئەو سالح صابر کە پورزامە پەتی لەخۆی خست و چووە ناو بیرەکە دیاربوو تا ئەو کاتە باوکم مابوو، بەلأم عەبدولڕەزاق کەوتبووە ناو ئاوەکەو رۆحی تیا نەمابوو، سالح پەتی لە مامم نافیز خست کە هێشتا زیندوو بوو، بەهەموو لایەك پەتەکەیان هەڵکێشا، کەمتر لە دوو مەتر مابوو بیخەنە سەرەوە، پەتەکە پچڕا و لەو بەرزاییە بەربۆوە و بەسەر لاشەی باوکم کەوت. سالحیش لەهۆش خۆی چوو، کە هەڵمانکێشایەوە ئەویشمان رەوانەی هەولێر کرد. دوای ئەوە ئەسکەندەر مەولود وتی من دەچمە ناو ئەو بیرە. حەبلی لەخۆی ئالأند و شۆڕ بۆوە، ئەویش بەهەموو مەتر و نیوێکی نەبرد هاواری لێ بەرز بۆوە وتی هەڵمکێشنەوە قەلبم تێکچوو. ئەویشمان بەپەلە پروزێ هەڵکێشایەوە. تەلەفۆنمان بۆ ئاگرکوژێنەوەی پیرمام کرد، ئەوانیش کاتێك هاتن، دوو کارمەند خۆیان شۆڕکردەوە ئەوانیش لەهۆش خۆیان چوون و باش بوو زوو هەڵیانکێشانەوە. تاوەکو کاتژمێر ٤ ی بەرە بەیان هیچمان بۆ نەکرا و خەڵکێکی زۆر کۆببۆوە، زیاتر لە پێنج سەد کەس هاتنە ئەو شوێنە و هیچ چارمان نەما، دوا شت بە قولاب تەرمی ئەو سێ برایەمان دەرهێنا و لە رێ و رەسمێکی شایستەو جەماوەریدا هەر لەو گوندە بەخاکمان سپاردن.

# پرۆسەی هاوسەرگیری

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ الروم: ٢١

**واته: یەكێك له نیشانەكانی خوای گەورە ئەوەیە كە لە خۆتان ئافرەتی بۆ دروست كردوون(مەبەست حەوایە كە لە پەراسووی ئادەم دروست كراوە) بۆئەوەی ببن بەهۆی پشوو و ئارامی بۆ پیاوان، وە سۆزو بەزەیی و خۆشەویستی خستۆتە نێوانتانەوە، بەڕاستی لەم شتەدا چەندەها نیشانەی گەورەیی خوای گەورەی تێدایە بۆ كەسانێك كە بیر بكەنەوە.**

**(وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِن يَكُونُوا فُقَرَاء يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيم)سورة النـور: ٣٢. واتە: ئێوە هاوسەرگیری بکەن و لە چاکەکانتان بخوازن لە بەندەی پیاو و ئافرەت، وەئەگەر هەژاربن ئەوا خوای گەورە بەفەزڵ و چاکەی خۆی دەوڵەمەندتان دەکات. بەڕاستی دەوڵەمەندی خوای گەورە زۆر فراوانە، وە زۆر زانایە.**

**پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێت: چاكترین ئافرەت كامەیە؟ فەرمووی: ئەوەیە كاتێك مێردەكەی سەیری دەكات دڵی خۆش دەكات، گوێڕایەڵی دەكات ئەگەر فەرمانی پێكرد، پێچەوانەی ناكات لەخۆیداو لەماڵیدا بەوەی كە پێی ناخۆشە.** [١٠٠]

---

[١٠٠]– قيل لرسول الله (ﷺ) : أي النساء الخير؟ قال: ((التي تسره إذا نظر, وتطيعه إذا أمر, ولاتخالفه في نفسها ومالها بما يكره)) (أخرجه ابو داود). نابێ ماڵ و پارەو ناوبانگی هەڵمان بخەڵەتێنێ، یەكەم شت سووربین لەسەری دەبێ لەسەر دین و ڕەوشتی جوان دامەزراوبین، لە ژیان و كاری ڕۆژانەدا ژن و پیاو تەواوكەری یەكترن، بۆیە خوای پەروەردگار ژن و پیاوی بۆ یەكتر بە پۆشاك وێنە كردووە، چونكە مرۆڤ بەهۆی پۆشاكەوە لە گەرمی و ساردی دەپارێزێ و هۆكارێكیشە بۆ داپۆشینی عەیب و

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رەزای خوای لێبێتعَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ : تَقَبَّلُوا لِي سِتًّا أتكفل لَكُمْ بِالْجَنَّةِ ، قَالُوا : مَا هِيَ ؟ قَالَ : إِذَا حَدَّثَ أَحَدُكُمْ فَلا يَكْذِبْ ، وَإِذَا وَعَدَ فَلا يُخْلِفْ ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ فَلا يَخُنْ ، وَغُضُّوا أَبْصَارَكُمْ ، وَكُفُّوا أَيْدِيَكُمْ ، وَاحْفَظُوا فُرُوجَكُمْ.[101] واتە: ئێوە شەش شتم لێوەربگرن و منیش بەهەشتان بۆوەردەگرم: یەکەم: ئەگەر یەکێك لە ئێوە قسەی کرد، ئەوا با درۆ نەکات. ئەگەر پەیمانی دا ئەوا با پێچەوانەی نەکات. ئەگەر ئەمانەتێك خرایە لای ئەوا با خیانەتی لێ نەکات. چاوتان دابخەن لە نەزەری حەرام. دەستتان بگرنەوە لە کاری حەرام. عەورەت و دامێنتان بپارێزن.

ثلاثة حق على الله تعالى عونهم : المجاهد في سبيل الله ، و المكاتب الذي يريد الأداء ، و الناكح الذي يريد العفاف.[102] واتە: سێ کەس هەن خوای گەورە بە حەقی داناوە لەسەر خۆی یارمەتیان بدات، کەسێك لەپێناوی خوای گەورەدا جیهاد بکات و کۆیلەیەك خۆی ئازاد بکات و ئەو کەسەی دەیەوێت ژن بهێنێت و بەمەبەستی داوێن پاکییە.

*مفتی پێنجوێنی شاعیر لە ژێر ناونیشانی ژنی باش دەڵێت:*

گەر خودا بیدا بەچاکی دەوڵەتی شاهانە ژن
نیعمەتێکە وەك بەهەشت و هاودەمی پیاوانە ژن
بۆ دڵێکی بێ خەم و شەخسێکی بێ دەرد و ئەلەم
گەوهەرێکی شەو چراغی ژوورو بەر هەیوانە ژن
گەر کەم و کوریت لە ماڵیشا هەبێ باکت نەبێ
بۆ کەم و کوری، تەرازووی کۆمەڵی خێزانە ژن

---

عاری جەستەیی، وەك دەفەرمووێت: هن لباس لكم وأنتم لباس لهن. واتە: ژنان پۆشاکن بۆ پیاوەکانیان و پیاوانیش پۆشاکن بۆژنەکانیان

[101]- مسند أبي يعلى الموصلي رقم : (٤ / ١٨٨) وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير رقم : (٢٩٧٨) .

[102]- حسنه العلامة الألباني في : صحيح الجامع ، برقم : ٣٠٥٠ .

**ژن لەلای پیاوی نەزان و سەرسەری نرخی نییە**

**بۆ ژیانی کۆمەڵی باشتر لە میر و خانە ژن**

**بۆ سوپاسی باسی ژاکی، چی بەیان کەم هەر کەمە**

**حووت و ئاش و نان و بەرگ و باخچە و بێستانە ژن**

**باعیسی ئارامی قەلب و مەرهەمی دەرد و برین**

**بۆ هەموو دەردێ دەوا بەخشێکە وەك لوقمانە ژن**

**دەوڵەتێکی پڕ لە شەوق و زەوقە دایم بۆ بەشەر**

**نیعمەتێکی خۆشەویستی و بێ سەرو سامانە ژن**

**کەی گوڵ و گوڵزاری باخاتی ئیرەم وەك ئەو ئەبێ**

**باخی ساحێب زیننەت و پڕ لوئلوئی مەرجانە ژن**

**بۆ کەسێ نووری سولەیمانی لە قەلبا بێ یەقین**

**پایە مەحکەمکردنی هەق دین و هەم ئیمانە ژن**

**زۆرتری عەیشی بەهەشتی –حور العین– کچن**

**لەززەت و خۆشی بەیاناتی لەناو قورئانە ژن**

**بێت و گەر موڵکی کەماڵ و گەنجی حوسنی یەك کەوێ**

**گەر دوو سەد گەنجی لەسەر دانێی ئەڵێم هەرزانە ژن**

هاوسەرگیری ڕێگەیەکە ئیسلام پەسندی کردووە بۆ ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و چاککردن و ڕەحمەت و سۆز لەنێوانیان بەرپا بکات و خوای پەروەردگاریش بەشەرعی داناوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ نەفسی خۆی پاك رابگرێت و پارێزگاری لەسەر مانەوەی وەچەو ڕەچەڵەکی خۆی بکات، هەر بۆیە پلەو پایەو گرنگی هاوسەرگیری لەڕێی شەرعییەوە بەرز نرخاندووەو بۆ هۆکارێکی گەورەو گرنگی زانیوە بۆ خۆشەویستی و نزیکبوونەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر.

**پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ئافرەتە بەهەشتیەکان لە ئێوە ئەوانەن کە زۆر ڕووخۆش و ڕوومەتکراوەن و زۆر منداڵیان دەبێت و زۆر زوو دەگەڕێنەوە لای مێردەکانیان، ئەوانە ئەگەر مێردەکانیان تووڕە بیبێت، دێت بۆ ئەوەی دەستی**

**بخاته ناو دەستى مێردەكەى و دەڵێت چاوەكانم خەويان لىٚ ناكەوێت تاوەكو تۆ رازى نەبيت.**[١٠٣]

**قال النبي(ﷺ): ( إذا سقى الرجل امرأته الماء أجر). السلسلة الصحيحة ٢٧٣٦**

**واته: ئەگەر پياوێك ئاو بەخێزانەكەى خۆى بدات-بيخواتەوە- پاداشت وەردەگرێت.**

عەلى كورى ئەبوتاليب رەزاى خواى لەسەر بێت دەڵىٚ:

ئەگەر هەموو ئافرەتانى دونيا بدەنە پياوێك تەنها يەكێكيان نەبێت، ئەوا پياوەكە حەزى بۆ ئەو تەنها دانەيەش دەچێت، ئەوە سيفاتى پياوانە.

**پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرموويەتى: بەڕاستى دونيا خۆش و دڵڕفێنە، وەلە خۆشيەكانى دونيا شتێك نييە چاكتر بێت لە ئافرەتێكى ساڵحە.**[١٠٤]

ئەگەر لە هەر شتێكدا ناتەواويەكت لە پياودا بينى ئەوە بەدواى ژنێكدا بگەڕىٚ تا ئەو شتەى بۆ تەواو بكات، بەهەمان شێوە بۆ ژنيش. ژن و پياو هەوێنن كە لەچوارچێوەى پەيمان و گرێبەستێكى خواييدا بڕيار لەسەر ژيانێكى هاوبەش دەدەن.

لە سوقراتيان پرسى ئايا ژن بێنم يان ژن نەهێنم؟ ئەويش لەوەڵامدا وتى هەر كامێكيان بكەيت هەر پەشيمانيت.[١٠٥]

---

**[١٠٣]- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ(رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (نِسَاؤُكُمْ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ الْوَدُودُ الْوَلُودُ الْعَؤُودُ عَلَى زَوْجِهَا الَّتِي إِذَا غَضِبَ جَاءَتْ حَتَّى تَضَعَ يَدَهَا فِي يَدِ زَوْجِهَا وَتَقُولَ لاَ أَذُوقُ غَمْضاً حَتَّى تَرضَي) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٨٧) .**

**[١٠٤]-( إنما الدنيا متاع وليس من متاع الدنيا شيء أفضل من المرأة الصالحة ) صححه العلامة الشخ الألباني في : صحيح سنن ابن ماجه ، برقم : ١٨٥٥**

**[١٠٥] - لە گەنجێكى كامڵيان پرسى ئەوە نيەتت نييە ژن بێنى؟ يان دەتەوىٚ ئاوا هەر بەڕەبەنى و زگورتى بمێنيتەوە؟ گەنجەكە لەوەڵامدا وتى من كە ئێستا تەنيام، كەواتە مەسرەفى يەك كەس دەكێشم ئەويش خۆمم، كە ژنم هێنا، مەسرەفەكەم دەبێتە دوو مەسرەف، ئەو كاتە جگە لە مەسرەفى خۆم، دەبىٚ مەسرەفى كەسێكى تر بكێشم. هەروەها گەنجێكى تر كە خواپێداو بوو، پارەيەكى باشى هەبوو بۆ ئەوەى ژنى پىٚ بێنىٚ، كەچى خۆى لەو زەواجە دەدزييەوە، دەيوت دەترسێم بۆيە حەز ناكەم ژن بێنم. كە لێيان پرسى ژنهێنان ترسى بۆ چييە؟ مادام كەسێكى هەبووى بۆچى حەز ناكەى؟**

سوقرات لەم وتەیەدا پێماندەڵێ ژن نەهێنان بەڵایەکی گەورەیەو بەڵای لەوە گەورەتر ئەوەیە ژن و پیاو دەمیان لێك بسوێ و دەمیان لەیەك سپی بێتەوە کە ئارامی و ئاسایش بەتۆزقاڵ لەو ماڵەدا بوونی نەبێت و جەهەننەمێکیان بۆ یەك دروست کردبێ، کەس گوێ بەکەس نەدات. وە ئەگینا هیچ نیعەتێك لەوە گەورەتر نییە کە تیایدا ژن و پیاو بگەنە کەناری ئارامی و لەنگەر بگرن و بزانن چۆن وەك دوو هاوڕێ و هاوژین بژێن و بەختەوەری بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و تای تەرازووی پەیوەندیەکانیان بەجۆرێ هاوسەنگ رابگرن، کەسیان مافی ئەویتر پێشیل نەکات

هاوسەرگیری پرەنسیپ و بنەمای خۆی هەیە ئەویش بەرقەراربوونی ئارامی و ئۆقرەگرتن و حەسانەوەی ژن و پیاوە لەژێر یەك چەتردا کە خۆی لە دەستەبەرکردنی خۆشبەختی و پێداویستە دەروونی و نەفسی و مادیەکان دەدۆزێتەوە، بۆیە نابێ پیاوان بەوای وابەستەبوون بە دینەوە بەجارێ لایان لێ نەکاتەوەو پشتگوێیان بخات و پێیان وابێت ئەرکەکانیان بەتەواوی جێ بەجێ کردووە.

**کابرایەك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ)وتی ژن دەهێنم، ئەویش فەرمووی ئەوەی کە دەیهێنی یەکترتان بینیوە؟ کابراکە وتی کچی فلانە کەسە. ئەویش فەرمووی بڕۆ جوانتر سەیری یەك بکەن، چونکە چاوی کچە ئەنساری خێلیەکی تێدایە نەوەکو بەدڵت نەبێ و دوایی پەشیمان ببیتەوە.کابرا چوو و هاتەوە بەدڵی بوو. دوای چەند رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) سەیری کرد ئەو هاوەڵە هەروەکو جارانە دەڵێی نە بای دیوە و نە بۆران، بەیانی زوو لە ریزی یەکەمی جەماعەتە و نوێژەکانی تریشی بەهەمان شێوە،بۆیە ناردی بەدوای خێزانەکەیدا، فەرمووی هاوسەرەکەت چۆنە؟ وتی باشترین هاوسەرم هەیە شەو تا بەیانی خەریکی نوێژکردنە و**

---

ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی فەرموو ئەوە ژنم هێنا و دوو دەفتەر دۆلارم لێی سەرف کرد، ئەگەر ئەو ژنە شتێکی لێهات و مرد، من ئەو کاتە چیبکەم؟

**بەڕۆژیش هەر بە رۆژووە، پێغەمبەر (ﷺ)بانگی کابرای کرد و فەرمووی بۆ ئەوە ژنمان بۆ نەهێناویت، جارێکی تر وا مەکە.**

هەموو شتێك چوارچێوەو سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، جام پڕ بوو لێی دەڕژێ. مرۆڤ کاتێك مافەکانی دەخورێ، هەقی خۆیەتی دەنگ هەڵبڕێ و گلەیی و گازەندە بکات.

**عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب رەزای خوای لەسەر بێت زاوای پێغەمبەر (ﷺ)بوو، دوای چەند رۆژێك فاتیمەی خێزانی عەلی هاتە ماڵەوە و قسەی کرد و کەمێك بۆڵە بۆڵی کرد. باوکی فەرمووی ئەوە چیتە؟ جلی بۆ نەکردووی؟ وتی بەرێ وەڵا. وتی ئەی نانی نەداویتی؟ وتی بەرێ وەڵا. دوای هەوڵدانێکی زۆر بۆی روون بوویەوە کە لە رووی ژن و مێردایەتیەوە کەمتەرخەمە لەگەڵیدا. پێغەمبەر (ﷺ)بانگی عەلی کرد و وتی لە ماڵەوە خواردن و جل و بەرگ و هەموو شتێکمان هەیە، بەڵام کچەکەی خۆم بۆ ئەوە بە تۆ داوە شتێکی تری گرنگ هەیە لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا، بۆ ئاسوودەیی دەروونی ئێوە پێویستان بەوە هەیە**

**لە فەرموودەیەکی دیکەدا: کاتێ خۆشەویستی خێزان دەگاتە ئەو رادەیەی پاروو دەکەن بەدەمی یەکەوە، خێرتان دەگات، تەنانەت ئەو کاتەی لەگەڵ یەك دەخەون، خێرتان دەگات. هاوەڵێك پرسی ئایا یەکێك لە ئێمە حەزو ئارەزووی خۆی تێر بکات خێری دەگاتێ؟ وەڵامی دایەوە فەرمووی: خوای گەورە تەماشای ئەوە ناکا تۆ حەزو ئارەزووی خۆت لەو شتە حەلاڵە تێر کردووە، ئەی ئەگەر لە حەرامدا تێرت بکردایە، چی لێ دەکردی؟ لەبەر ئەوەی لەبری خراپە رێگای راستت گرتووە و خێرت پێ دەگات.**

کابرایەکی خواناس و لەخواترس هەبوو، ژنێکی هارو سەربەگێچەڵی هەبوو، گەلێ ئازاری دەدا. بە کابرایان وت ژنێك ئەوەندە خراپبێ و کێشەت بۆ دروست بکات بۆچی تەڵاقی نادەی؟ ئەویش وەڵامی دانەوە وتی نەخێر من گوناهێکی لەو جۆرە ناکەم.

کە وتیان ئاخر تەڵاق حەلاڵ کراوە برۆ تەڵاقیدە با تووشی پیاوی خۆی بێت ئەوجا قەدری عافیەت دەزانێ، کابرا وتی هەرگیز شتی وا ناکەم، با بەوای منەوە برایەکی دیکەی موسڵمانم تووشی دەردەسەری نەکات، من بەهەر شێوەیەکبێ بەرگەی دەگرم.

پرسیاریان لە کابرایەکی بەتەمەن کرد بۆچی ئەوە تەمەنت گەیشتە چل ساڵ کەچی هێشتا ژنت نەهێناوە؟ لەوەڵامدا وتی من لەوەتەی خۆم ناسیوە بەدوای ئافرەتێکی باش گەڕام و دواجار توانیم ئەو کەسە بدۆزمەوە، بەڵام نەمهێنا. ئەویش بە تاسەوە لێی پرسی بۆچی نەتهێنا؟ وتی ئاخر بینیم ئەویش وەکو من دەمێکە عەودالی گەڕانە بەدوای پیاوێکی باش و کەچی تا ئێستا دەستی نەکەوتووە.[١٠٦]

[١٠٦]– زۆر جار ئافرەت دەتوانێ حەکیمی خۆی بەزیرەکی لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان دەربڕێت، کابرایەك چووە بازاڕ و لەگەڵ دەستی خۆیدا شفتییەکی بچووکی کڕی و گەڕایەوە ماڵ. ئێوارە میوانی هات بانگی ژنەکەی کردو پێی وت ژنێ بڕۆ ئەو شفتییەم بۆ بێنە.ئەویش لەگەڵ دەستی خۆی شفتییە بچووکەکەی هێناو لەپێش چاوی میوانەکە پێی وت پیاوەکە لەگەڵ ئەم شفتییەت بوو؟ پیاوەکەی خۆی شێلوو نەکرد وتی نەخێر لەگەڵ ئەو شفتییەم نەبوو. ژنەکەی نەیشکاندەوە پێی بلێ پیاوەکە تۆ لەو شفتییە بچووکە بترازێ هیچی ترت نەکریوە، بۆیە بەهێواشی چووەوە ژوورەکەی دیکەو دووبارە هاتەوە هەمان شفتییە بچووکەکەی هێنا، وتی لەگەڵ ئەم شفتییەت بوو؟ پیاوەکە دووبارە خۆی شێلوو نەکرد، وتی شفتییەکەی تر بێنە. کە جارێکی تر ژنەکەی چووەوە ئەم دیو و هاتەوە و هەمان شفتی هێنایەوە، پیاوەکە وتی دیارە قسمەتمان لەو شفتییەدایە، دەی سینی و چەقۆیەك بێنەو بۆمانی بشکێنە.

عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لاَ يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِىَ مِنْهَا آخَرَ) صحيح مسلم رقم : (٣٦٣٣) .

پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت: با پیاوی ئیماندار رق هەڵنەگرێت لە ئافرەتی ئیماندار، ئەگەر رەوشتێکی ئەوئافرەتەی پێ ناخۆش بوو، وە لە هەمان کاتدا رازی بوو لە رەوشتێکی تری.

هەروەها کابرایەکی دیکە چووبووە بازاڕو لەگەڵ دەستی خۆیدا دوو کیلۆ گۆشتی کڕی و گەڕایەوە ماڵ، بەژنەکەی وت ئەو گۆشتەمان بۆ لێنێ ئەم نیوەڕۆیە میوانێکی خۆشەویستم داوەت کردووە و لەگەڵ خۆمی دێنمەوە. ئەوەندە قسەی کرد و دووبارە چووەوە دەرێ و بەرە بەری نیوەڕۆ لەگەڵ برادەرەکەی هاتەوە کە وەختی جەم داهات، ژنەکەی تەماتەو روونی پێدان لەکاتێکدا ئافرەتەکە ئەوەندە رووخۆش بوو، هەر دەهات و دەچوو بەمیوانەکەی دەوت یاخوا بەخێربێی سەرسەرو سەرچاوانم. کابرا هەستی بەشەرمەزاری کرد و دوای رۆیشتنی میوانەکەی، سێ بە سێ تەڵاقی دا.

لە کابرایان پرسی تۆ ژنێکی ئەوەندە رێك و پێکت هەیە، میواندۆستەو ئەوەندەی بەخێرهاتنی میوان دەکات، بەڕاستی هی ئەوەیە لەسەر سەر بیگێڕی، ئیدی چ حەوجە بەوە بوو تەڵاقی بدەی؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی من چی لەو بەخێرهاتنەی بکەم بەبێ ئەوەی هیچ عوزرێکی هەبێت و لەهیچ

هەرگیز بیر لەوە مەکەوە ئەو کەسەی دەیکەیتە هاوسەری ژیانت لەیەك کاتدا خاوەنی کۆمەڵێك سیفەت و خەسڵەتی جوان بێت، چونکە مەرج نییە هەموو ئەو شتانە بەجارێ لە یەك کەسدا کۆ ببنەوە، بۆیە خاڵی گرنگ ئیمان و رەوشتە و شتەکانی تر زینەت و دوڕو گەوهەرن بۆ نیشاندانی رواڵەت و جوانی مرۆڤ.

کابرایەك دەناسم دەیویست ژن بێنێ، بۆ ئەو مەبەستە دەفتەرێکی تێبینیەکانی لەبازار کڕیبوو، هەر پێمان بوتبایە ئەوە هەر دڵت نەرم نەبوو ژنێك بێنی؟ بەدەم زەردەخەنەیەکەوە دەفتەری تێبینیەکانی لە باخەڵ دەردێنا و پێی نیشان دەداین و دەیوت فەرموو سەیرکە بزانە لەم دەفتەرە چیم نووسیووە؟ من دەمەوێ ژنێك بێنم حەفتا و دوو سیفەتی تێدا بێت. لە هەر لاپەڕەیەکی ئەو دەفتەرەدا سیفەتێکی ژنەکەی تێدا نووسیبوو، وەك ئەو ژنەی دەیهێنم دەبێ چاوی شین بێت، ئەو ژنەی دەیهێنم دەبێ بالآی درێژ وەك داری بی بێت، ئەو ژنەی دەیهێنم دەبێ قەڵەو نەبێت و زۆریش لاواز نەبێت، ئەو ژنەی دەیهێنم دەبێ چلێس و زۆرخۆر نەبێت، ئەو ژنەی دەیهێنم دەبێ رەنگی دەموچاوی وەکو بەفر سپی بێت، ئەو ژنەی دەیهێنم دەبێ قژی زەرد بێت، ئەو ژنەی دەیهێنم دەبێ هیچ برایەکی نەبێت، ئەو ژنەی دەیهێنم دەبێ هیچ خوشکێکی نەبێت، ئەو ژنەی دەیهێنم دەبێ دایك و باوکی مردبێت و...هتد. بەم شێوەیە حەفتا و دوو لاپەڕەی پڕ کردبۆوە.

---

شتێکی کەم بێت ئەوجا بچێ بۆ من لەجیاتی گۆشت، تەماتەو روون لەبەردەم میوان دانێ کە ئەوەش کاری یەکەم جاری نییە.

دەڵێن ژنێکی دڵ پیس هەبوو، بەجۆرێ لەپیاوەکەی کەوتبووە گومان، ناوە ناوە دەچووە دایەرەکەی تاوەکو بزانێ کەسی لێ خڕبۆتەوە یان نا؟ یاخود ئەوانەی بەدەوری دادێن کێن و کێ نین؟ نەخاسمە کچانی هۆبەکەیان، بۆیە هەر خۆی دەیگێڕایەوە، دەیوت من بەوەندە دڵم داناکەوێ، هەر جارێ لە دایەرە بێتەوە، لێی نزیك دەبمەوەو بۆنی دەکەم بزانم بۆنی ژنی لێ دێت یان نا؟ ئەگەر حەرەکەیەکی نامۆشی لێ ببینم دەبێ ئەو شتەم بۆ روون بکاتەوە بۆچی وای کردووە؟

دوای تێپەڕبوون و چاوەڕوانی تەمەنێك و بەسەرچوونی ساڵانێك، دواجار گوتیان ئەو کابرایە ژنێکی هێناوە، لەو حەفتا و دوو سیفەتە، تەنها دوو سیفەتی تێدا بووە ئەویش ئەوەبوو کە هیچ خوشکێکی نەبوو، دایك و باوکیشی مردبوون.

هەروەها دەڵێن کابرایەك سی خاڵی ئامادە کردبوو، دەیوت ئەگەر ئەو ژنەی دەیهێنم ئەو سی خاڵەی تێدا بوو، باشە، وەئەگینا نایهێنم. وەلێ دوای بەسەرچوونی تەمەنێك، هێشتا ژنی نەهێنابوو، لەناو مەجلیساندا دەیوت من لەو سی خاڵەدا، وازم لە بیست و نۆ خاڵیان هێناوە. کە پێیان دەوت ئەو خاڵە چییە؟ دەیوت هەر مێ بێت و تەواو.

پێویستە مرۆڤ پێ بەقەد بەڕەی خۆی رابکێشێ، کەسی وا هەیە خاوەنی بچوکترین بڕوانامە نییە، ئەوجا قەپاڵی زل زل دەهاوێ و دەڵێت من ژنە ئەندازیار یان دکتۆرە نەبێ نایهێنم.

کورتە باڵایەك دەناسم کە سەرەڕای کورتی باڵاکەی، ئەوجا پۆزی لێ دەدا، دەیوت من بێزم ناهێنێ هەموو کچێك بێنم، کچێکم دەوێ لەڕووی رێکی و قەشەنگیەوە گەلێ جوان و شۆخ و شەنگ و بەلار و لەنجە و چاومەست و قەد و باڵا بەرز بێت، سەروسیما و روخساری سپی و پەمەیی سێو ئاسا وەکو تابلۆیەکی سروشتی خودایی بێت. کەچی ئەوەندەی خۆی هێناو برد ئەو ژنەی دەست نەکەوت، دواجار ئافرەتێکی بەنسیب بوو، ئەویش وەکو خۆی باڵای کورت بوو.

**عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه)) قَالَ : قَالَ رسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ ، فَإِنَّهُ أَغضُّ لِلبَصرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرجِ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ ، فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ.[١٠٧] واتە: ئەی چینی گەنجان، هەر کەسێك لە ئێوە توانای ژنهێنانی هەیە با ژن بێنێت، چونکە ژنهێنان چاو دەگرێتەوە لە نەزەرکردن و قەلاێکیشە بۆ عەورەت و دەیپارێزێت، وە هەر کەسێك توانای ژنهێنانی نەبوو با رۆژوو بگرێت چونکە رۆژوو دەبێتە پارێزەر بۆی.**

[١٠٧]- صحيح البخاري رقم : (٥٠٦٦) وصحيح مسلم رقم : (٣٣٨٤) .

لەڕێی برادەرێکەوە گەنجێکم ناسی، کەسێکی خواناس بوو، لەکاتی قسەکردن بەشەرمەوە زمانی دەگەڕاند، نازانم لە چیەوە باس هاتە سەر کتێب و خویندنەوە، من کورتە باسێکی بەرگی یەکەمی کتێبی (لە زمانی ئەوەوە بۆمان دەگێڕنەوە)ی خۆمم بۆ باس کرد، دوا قسە پێموت ئەگەر خوا تەمەن بدات بەنیازم بەرگی دووەمی لێ ئامادە بکەم و لەدەرفەتێکدا چاپی دەکەم و دەیخەمە بازاڕەوە.

ئەویش بەزمانێکی شیرینەوە بەسەرهاتێکی خۆی بۆ گێڕامەوە، وتی:

مامۆستا گیان بەسەرهاتێکم هەیە ئەگەر دەزانی بەکەڵکی بڵاو کردنەوە دێت، بۆتی دەگێڕمەوە؟

پێموت هەر شتێکی جوان و باش و پەندئامێز هەبێت، بە سوپاسەوە وەریدەگرم و لەو کتێبەدا بڵاوی دەکەمەوە.

ئەویش وتی:

هێشتا ژنم نەهێنابوو، ماڵەوە ئەوەندەی هەوڵیان لەگەڵ دەدام ژن بێنم، کەچی داواکەیانم رەت دەکردەوەو دەموت بەتەما نیم هەتا ماوم ژن بێنم. کەس لەماڵەوە لەو نهێنییە تێ نەدەگەیشتن چونکە من هەر خەریکی پەیوەندی بەستن بووم لەگەڵ ئەم کچ و ئەو کچ و شەوانە تا بەرەبەیان بەدیار فەیس بووك و سەیرکردنی فیلمی سێکسییەوە بووم، شەوی وا هەبوو مەلای بەیانیش بانگی دەدا هێشتا لەسەر ئینتەرنێت بووم، ئەوجا بێ ئەوەی سەر بەفەرزی خوا دا بگرم و نوێژێك بکەم. بەیانیەکیان خەوێکی ناخۆشم بینی، لەو خەوەدا رۆژی حەشرەو قیامەت هەستا بوو، لە شوێنێك رایانگرتم کە پڕی لە خەڵك بوو، ئەوەندەی چاوم بەملاو بەولادا گێڕا، کەسم لەو خەڵکە نەدەناسی، هەر جارەی بانگی یەکێك دەکرا و دەبوو ئەو کەسە بەپیر دەنگەکەوە بچێت. کاتێك بانگی منیان کرد و ناویان خوێندمەوە، ترسم لێ نیشت، ویستم لە دەنگەکە دوور بکەومەوە، ئەوەندەی هەنگاوم دەنا، هەر لەشوێنی خۆم بووم، هاوارم دەکرد ئەی کوا دایك و باوکم؟ بابەگیان، دایەگیان ئەوە لەکوێن؟ توخوا بگەنە فریام، بەهاوارمەوە وەرن. لەدەنگەکەوە پێیان وتم لە کەس و کار ئەوەی بە هاناتەوە بێت تەنها کار و کردەوەکانتە، تۆ کردەوەی خراپت کردووە دەبێ سزای خۆت وەربگری.دیمەنەکانم بەچاوی خۆم بینی هێندە ترسام تا لە قاو و قیژەی خۆم بەئاگا هاتم.

کاتێك دایك و باوکم هاتنە لام و منیان بینی ئەوە ڕەنگ و ڕووم گۆڕاوەو شەلاَلی ئارەقە بوومە، بەپەرۆشەوە لێیان پرسیم ئەوە چیتە؟ چیت لیَ قەوماوە؟ منیش تەواوی خەوەکەم بۆ گێڕانەوە، هەر لەو کاتەوە تۆبەیەکی نەسوحم کرد و دەستم بە نوێژ کرد و هەر لەو ماوەیەدا تا لە ئینتەرنێت و ئەو پەیوەندیانە دوور بکەومەوە، لە بڕیاری ژن نەهێنان پەشیمان بوومەوە و ژنم هێنا.

ئەوانەی بیانەویَ خۆیان لە پرۆسەیەکی وا گەورەو پیرۆز بدزنەوە، دەکەونە هەنجەتگرتن و هێنانەوەی پاساوی نادروست کە لەگەڵ لۆژیك و واقیعدا ناگونجێت.

**گەنجێك وتی** دەڵێن:

زەواج وەکو دەریایەکی بیَ بن وایە ئەوەی چووەتە ناوی، تەمەنناى ئەوە دەکات هەرچی زووە لیَی بێتە دەر و ڕزگاری ببێت، ئەوانەش کە لە دەرەوەدان لە هەڵپەی ئەوەدان بچنە ناو ئەو دەریایە، بیَ ئەوەی بزانن لەویَ چ باسە، من دەزانم ژنهێنان سوننەتی ژیانە، بەلاَم نامەویَ خۆم بەو ژیانە ببەستمەوە. کە لیَی دەپرسن مەبەستت لەم خۆبەستنەوە چییە؟ بە تاسەوە دەڵێت مەبەستم ئەوەیە حەز ناکەم و نامەویَ بەدەستی خۆم بەندیخانە بۆ خۆم دروست بکەم لەکاتێکدا ئێستا بچمە هەر شوێنێك و بەمانگ نەیەمەوە بۆ ماڵ، کەس لێپرسینەوەم لەگەڵدا ناکات، کەس پێم ناڵیَ ئەوە چوویتە کویَ و لەکویَ بووی؟ ئێستا دڵم چی ببات بیخۆم و نەیخۆم کەس پێم ناڵیَ چیت خواردووە؟ بۆچی لەماڵەوە نان ناخۆی؟ خۆ ئەگەر لەگەڵ هەر کەسێك بدوێم و چاك و چۆنیم لەگەڵی هەبێت کەس پێم ناڵیَ ئەوە کیَ بوو؟ لەگەڵ کیَ قسەت دەکرد؟ باسی چیت دەکرد؟ بەلاَم ئەگەر ژن بێنم لەو ئازادیانە بێبەش دەبم، بۆ نموونە ئەگەر بمەویَ بچمە شوێنێك و نەیەمەوە ماڵ، هەر زوو ژنەکەم تەلەفۆنم بۆ دەکات و لێم دەپرسیَ گیانەکەم ئەوە لەکوێی؟ چاوەڕوانتم، ئەوە بۆ نایەوە؟ ناچار یان دەبیَ درۆی لەگەڵ بکەم، یان دەبیَ لەبەر ئەو بەرپرسیاریەتییە هەڵبێم و لە هیچ شوێنێك نەمێنمەوە، خۆ ئەگەر چوومە شوێنێك و حەزم کرد پارووە نانێکی لیَ بخۆم ئەوە لەبەر ژنەکەم کاتێك لێم دەپرسیَ گیانەکەم ئەوە نانم ئامادە کردووە چاوەڕوانی هاتنەوەتم تا بەیەکەوە نان بخۆین، لەوەشدا ناچار دەبم ئەو خواردنەی دەرەوە نەخۆم و ئەگەر لەماڵەوە حەزیش بەخواردنەکەی نەکەم، لەبەر

دڵی ئەو دەبێ بیخۆم و دەستخۆشی لێبکەم کە خواردنەکەی زۆر خۆشە، ئەگەر بمەوێ بەفسکە فسك لەگەڵ ئەم و ئەو بدوێم لێم دەکەوێتە گومان و لێم دەپرسێ ئەوە لەگەڵ کێ قسەت دەکرد؟ دەبێ وەڵامی بدەمەوە، ئەگەر وتی ئافرەت بوو یان پیاو؟ ئەگەر وتم ئافرەت بوو؟ یەکسەر تا دڵی ئەهوەن بێتەوە، لێم دەپرسێ ئەو ئافرەتە شووی کردووە یان نا؟ ئەگەر بڵێم شووی کردووە. دڵی دادەکەوێ، ئەگەر بڵێم هێشتا شووی نەکردووە، ئەگەر راستەوخۆ ئەو هەستەی دەرنەبڕێت، ئەوە لەناخەوە هەست بەغیرە دەکات.

موفتی پێنجوێنی لە شیعری ژنی خراپ دەڵێت:[١٠٨]

---

[١٠٨] - سەرەتا و کۆتایی ئەم بابەتەمان بەناوی ژنی باش و ژنی خراپ بوو، لەوەدا چونکە هیچ شیعرێکی ئەوتۆم چنگ نەکەوت باس لە پیاوی باش و پیاوی خراپ بکات، بۆیە ئاماژەم پێنەدا و مەبەستم ئەوەیە کە بەبێ جیاوازی کردن لەنێوانیاندا چۆن ژنی باش هەیە، ئاواش پیاوی باش هەیەو چۆن ژنی خراپ هەیە، ئاواش پیاوی خراپ هەیە.

* (ناڵی) شاعیر باس لە کچ دەکات و دەڵێ:

عیشقت کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ، لەیلا کچ، سەلما کچ و عە ذرا کچ
فەرقی کوڕو کچ رۆشن، وەك فەرقی مەه و میهرە
ئەم فەرقی شەو رۆژە وەك فەرقە لە کوڕ تا کچ
مەه مەه لە مەهی سادە: یەعنی لە قەمەر لادە
هەم شەمس و ثورە یا کچ، هەم زوهرەیی زەهرا کچ
کوڕ وەك گوڵی گوڵزارە، ئەمما ثە مە ری خارە
وەك هەنگی جزودارە، هەنگوینی موصەففا کچ
کوڕ زیبی دەبوستانە، کچ شەمعی شەبوستانە

ئەگەر راڤەی ئەم پەیڤانە بکەین، کە مانای شاراوە لەخۆ دەگرن. عیشق: دوو جۆرە١-حەقیقی٢-جنسی. خواهیش: حەز. شیرین، لەیلا، سەلما، عە ذرا بێجگە لە مانای لەفزیەکەی، مانای تری هەیە، ئاماژەیە بۆ عیشقی خوسرەو و فەرهاد یان لەیلا نەشئەی کاتی سەرخۆش بوونە، ئەمەیش ئاماژەیە بۆ لەیلای قەیسی عامری، سەلما واتە ساغی و هێمای دڵدارییە لەنێوان ئەدەبی عەرەبدا، عە ذرا ش واتە پاکیزە، ئیشارەتە بۆدایکی حەزرەتی مەسیح(علیه السلام) یاخود خۆشەویستی (وامیق و عە ذرا )

مەه: مانگە. میهر (خۆر)ە، یانی جوانی کچ لەخۆر دەچێ هی کوڕیش لەمانگ دەچێ.کوڕی بەشەو، کچی بەخۆر شوبهاندیە.مەه مەه: وشەیەکی عەرەبیە واتە دەستبەردار. سادە: بێ مو.ثورە یا:

گەر خودا نەیدا بەچاکی دوژمنی ئینسانە ژن
مارو دووپشك و پڵنگی شاخی هەورامانە ژن
گەر گڵۆپی دوو سەدیش هەڵکەی لەماڵ و مەتبەقا
تۆ دە پەیداکەی لە ڕۆژا ئەو بە سی داناکەوێ
هەر خەریکی قاووچ و قوچ و بردن و تالآنە ژن
گەر نەخۆشیت نەبێ سیلداری و دڵ پڕ لە خەم
چۆتە ناو جەرگت بەدایم ئێش و دەردو ژانە ژن
گەر لەگەڵ ئەودا بەهەشتت پێ بدەن لێی ڕائەکەی
تاوەکو مردن عەزیزم دەردی بێ دەرمانە ژن
گەر شێوەی شۆخ و شەنگ و دووکوڕ و پڕ عیشوەبێ
تۆ لەبەر چاو و دڵت شێوەی وەکو شەیتانە ژن
بۆ خراپی ئەو قەڵەم ئەشکێ و زمانیش کۆل ئەبێ
قابیزیش ڕازی نەبێ هەر ئیشی گیانکێشانە ژن
هەر بژی موفتی کەوا دایم لە ڕێی ڕاستی ئەڕۆی
هەر بڵێ تا مردنت دەردو بەلآی ئینسانە ژن

---

کۆمەڵە ئەستێرەیەکن.زوهرە: ئەستێرە یانی (ناهید). ناڵی شاعیر لەو شیعرەدا لە تافەتی بەکار هێناوە، چونکە قەمەر نێرە (مذکر)ە..شەمس و ثورە ییاو زوهرە: مێن(مؤنث)ە.بێ بێنە (بێ بۆنە).ژاڵە: بۆنی نییە، بەری نییە،زۆر تاڵە، تەشبیهە بۆ کور. خار: درك، چقڵ.موصەففا:پاڵفتە(پاکو بێگەرد).زیب: زیبا، جوان.دەبوستان: شەبوستان، تاریکستان.کور بۆ دامو دەزگاوکاری میری و هەوڵدان و پارەپەیداکردن.کچیش بۆ ڕازاندنەوەی ماڵ و هەمیشە دەرگاداخراو.

# چۆن دەوڵەمەند بووم؟

## چارلی چاپلینگ دەڵێت:

**بەپارە دەکرێ ماڵ بکڕی، بەڵام هێلانە نا**

**بەپارە دەکرێ کاتژمێر بکڕی، بەڵام کات نا**

**بەپارە دەکرێ سەرگەرمیی بکڕی، بەڵام شادی نا**

**بەپارە دەکرێ پێخەف بکڕی، بەڵام خەو نا**

**بەپارە دەکرێ خواردن بکڕی، بەڵام ئیشتیها نا**

**بەپارە دەکرێ دەرمان بکڕی، بەڵام تەندروستی نا**

**بەپارە دەکرێ ئاریش بکڕی، بەڵام جوانیی نا**

**بەپارە دەکرێ خزمەتکار بکڕی، بەڵام هاورێ نا**

**بەپارە دەکرێ پۆست بکڕی، بەڵام ڕێز نا**

**بەپارە دەکرێ مرۆڤ بکڕی، بەڵام دڵ نا**

**بەپارە دەکرێ کتێب بکڕی، بەڵام دانایی نا**

**سەرەنجام بەپارە دەکرێ دڵ بکڕی، بەڵام عەشق نا.**[١٠٩]

## سبحان الذي أعوج القلم

دەگێڕنەوە لەسەردەمی حەزرەتی موسا(عليه السلام) کابرایەکی فەقیر هەبوو، ژیانی لەدەرەوەی ئاوایی لە کەلاوەیەك بەسەر دەبرد. ڕۆژانە حەزرەتی موسا(عليه السلام) بۆ موناجاتی خوای پەروەردگار دەچێتە کێوی(توڕ) ڕۆژێکیان لێی چووە پێش و پێی وت یا

---

١٠٩ - **لە پەیجی کاك ( شەعبان عەلی شەعبان)ەوە وەرگیراوە.** دیارە دەوڵەمەندی تەنها پارەیە، لەکاتێکدا بەراوردکردنی پارە لەگەڵ شتەکانی تر، بۆمان دەردەکەوێ ڕزق و ڕۆزی تەنها پارە نییە. خۆشەویستی، بەختەوەری، منداڵی باش، کاری باش، تەندروستی، پێکەنین لەدڵەوە، هەموو ئەمانە ڕزق و ڕۆزی و دەوڵەمەندین بۆ مرۆڤ، ئاخر نرخی پارە چییە ئەگەر هەمیشە نەخۆش بیت و لە ناخەوە هەست بەخۆشەویستی و بەختەوەری نەکەیت و مناڵی خراپت هەبێت؟ئەگەر ئەمانەت هەبوو، ئەوە دەتوانی بە ئیرادەوە پارەش بەدەست بێنی و دەوڵەمەند ببیت.

موسا بەخوای پەروەردگار بڵێ دەرگای خێری خۆیم لێ بکاتەوە زۆر دەست کورت و نەدارم، هیچم نیە بیخۆم
ئەویش چووە کێوی تور و وتی خوایەگیان تۆ زاناو عەلیمی بە هەموو شتێك، گوێت لێ بوو ئەو عەبدەی تۆ چی وت!
خوای پەروەردگار وەڵامی دایەوە وتی یا موسا بڕۆ پێی بڵێ لە قەلەمی ئەزەلەوە وام بۆی نووسیوە.
کاتێك موسا(عليه السلام) گەڕایەوە، ئەو قسانەی پێ وت. کابراکە رۆژێکی تر بەهەمان شێوە چووەوە پێش موساو پێی وت خوا خوایە، کەس دەستی نەگرتووە، دەمەوێ ئەوجارە پێی بڵێی قەڵەم لەدەستی خۆیەتی با قەڵەمەکەم بۆ با بدات و خواری بکاتەوە.
دووبارە حەزرەتی موسی(عليه السلام) ئەو قسانەی کابرای بە پەروەردگار راگەیاند، خوای پەروەردگار پێی وت برۆ پێی بڵێ ئەوە قەڵەمەکەم بۆی بادا.
حەزرەتی موسا(عليه السلام) بەخۆشحاڵیەوە پێی هەڵێناو گەڕایەوە ئەو هەواڵە خۆشە بەگوێی کابرا بدات، وەلێ کابراکە لەوێ نەمابوو، پرسیاری دیار نەمای لە خەڵکی ئەو دەوروبەرە کرد، وتیان سەردارو گەورەی ئەم مەملەکەتە لێرە تێپەڕی، کاتێك لایدایە کەلاوەی ئەو کابرایە، لەگەڵ خۆی برد، پێی وتبوو تۆ کەسێکی بەهرەمەندی، سەرسام ماوم بۆچی تا ئێستا کەس بە زیرەکی و لێهاتوویی تۆی نەزانیوە، وەرە لەگەڵ من دەست بەکاربە، پلەیەکی باشت دەدەمێ و کچێکم هەیە کچەکەشمت لێ مارە دەکەم.
هەر ئەو رۆژە کچەیان لێی مارە کردو بۆیان رازاندەوە، دوای مەغریب کاتێك دنیا تاریك داهات، کابرا بووکی یەك شەوەی بەجێ هێشت، چووە سەربان و تاوەکو بەیانی نەهاتە خوارەوە هەر سوجدەی شوکری دەبردو دەیوت سوپاس بۆ ئەو خوایەی قەڵەمی بۆ بادام.
بەیانی دەنگوباس بڵاوبۆوە ئەو کابرایە لەپیاوەتی کەوتووە، ئەگینا ماقووڵ نییە لە شەوێوە بووکی تازە بەجێ بێڵێ، بۆیە ناردیانە دوای، پێیانوت وەرە پێمان بڵێ بۆچی ئەمشەو بووکەکەت بەجێ هێشتووە ئەگەر گەورەمان نەبوایە تۆ چی بووی؟ تۆ کەسێکی

پیسکەو نەدار کەس بێزی نەدەهات لێت نزیك بێتەوە، ئەوە گەورەمان بوو ئاوڕی بەخێری لێ دایەوەو ئەوها گەورەی کردی؟.

ئەویش لەوەڵامدا پێیانی وت وەڵاهی تەنها خوای گەورە ئاوڕی لێ داومەتەوە، خوای گەورە قەڵەمی بۆ بادام و بووم بەو کەسە، ئەگینا ئێوە چەندین جار بەم شوێنەدا هاتن و منتان نەدیت، منیش بڕیارمدا ئەو شەوە بۆ ئەو نیعمەتە گەورەی خوای گەورە پێی بەخشیم، سوپاسگوزاری خوای خۆم بکەم.

کابرایەك لە ئەمریکا بەمەبەستی دۆزینەوەی کار دەچێتە کۆمپانیای (مایکرۆ) و داواکاریەك پێشکەش دەکات، دوای چاوپێکەوتن، رەزامەندی دەردەبڕن کە لەو کۆمپانیایە وەکو بەردەست کار بکات و پێی دەڵێن ئیمەیڵی خۆتمان بدەیە بۆ ئەوەی پێداویستیەکان چییە، بۆتی بنێرین و کەی شتەکانت تەواو کرد، وەرە ئێرە و دەست بەکاربە.

کابراکە وتی ئاخر من نە کۆمپیوتەرم هەیە و نە ئیمێڵ.

بەڕێوەبەرەکە بەسەرسوڕمانەوە پێی دەڵێ لەم وڵاتە ئەوەی ئیمێڵی نەبێت وەك ئەوە وایە بوونی نەبێت، کەواتە وەك ئەوەیە کار نەکات، داوای لێبوردن دەکەین.

کابرا تەنها دە دۆلاری لە باخەڵ بوو، بەبێ هیوابییەوە ئەوێی بەجێ هێشت، بەدەم ڕۆیشتنەوە بیری دەکردەوە پەنا بباتە بەر کوێ و چی بکات؟ بەو خەیاڵەوە هەر ڕۆیشت تا گەیشتە شوێنی سەوزە فرۆشان و سندوقێك تەماتەی کڕی و بەماڵان دەسووڕایەوە هەمووی فرۆشت و بەو جۆرە تا سێ ڕۆژ تەماشای کرد سەرمایەکەی بووەتە شەست دۆلار. لەوەوە قەناعەتی ئەوەی لا دروست بوو کە بەو کارە دەتوانێ درێژە بە ژیانێکی تازە بدات، بەیانیان دەچووە سەر کار و درەنگی شەو دەگەڕایەوە، بەرە بەرە وایلێهات عارەبانەیەکی کڕی و ئەوجا سەیارەیەکی بارهەڵگری کڕی و سەرەنجام بووە خاوەنی کەشتیگەلێکی بارهەڵگر. پاش پێنج ساڵ بووە یەکێك لە گەورە هاوردکارانی کەل و پەلی خۆراك. بیری لە کڕینی ئەسپاردەی بیمە کردەوە، پەیوەندی بەگەورەترین کۆمپانیا کردو ئەوانیش دوای رەزامەندی داوای ئیمێڵیان لێی کرد. ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە

پێی وتن دەبێ ببورەن من ئیمێڵم نیە. کە لێی دەپرسن ئەی چۆن ئیمێڵت نییە و بوویتە خاوەنی کۆمپانیایەکی وا گەورە؟ ئەی ئەگەر ئیمێڵت هەبوایە ئێستا چیت لێدەهات؟

ئەویش زۆر بەشێنەیی وەڵامی دانەوە وتی: ئەگەر ئیمێڵم هەبوایە هەتا ئێستا لە کۆمپانیای مایکرۆ هەر بەردەست و خزمەتگوزار دەبووم.

## به نەبوونی دڵتەنگ مەبە

ئەگەر لە وێستگەیەکی ژیانتا تێکشکایت، ورە بەر مەدەو رەشبین مەبە، لە هەوڵ و کۆششدا بەردەوام بە، لەوانەیە خوا شتێکی باشتری بۆ دانابیت، خوای گەورە دەفەرموێ: لیس للانسان الا ما سعی[110]

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: رازیبە بەو بەشەی پەروەردگار بۆی داناویت، دەبیت بە دەوڵەمەندترین خەڵك، وە بەدڵنیاییەوە دەوڵەمەند ئەو کەسە نییە ماڵ و سەروەتی زۆری هەبێت، بەڵکو دەوڵەمەند ئەو کەسەیە دەروونی دەوڵەمەند بێت.[111]**

## دەرووی دوای تەنگانە

ئەم ئێوارەیە رۆیشتمە ژووری کتێبخانەکەو بابەتی (الرزق مقسوم)ەکەی (علی طنطاوی)م دەخوێندەوە، باسێکی سەیر سەرنجی راکێشام، دەڵێ:کاتی خۆی لە (الفرج بعد الشدة)ی تەنوخیدا خوێندمەوە کە بازرگانێکی بەغدادی ئیفلاس دەکات، بەدەست نەبوونییەوە زۆر دەناڵێنێ و سەرباری ئیفلیسیەکەی، قەرزار دەبێت و هیچی بەدەستەوە نامێنێ بیداتەوە. زۆر لە تەنگانەیەکی گەورەدا دەژێ. شەوێك لە خەودا خەون دەبینێ و لە خەوەکەشدا دەنگێك دێ و پێی دەڵێت: رزقی تۆ لە میسرە، لەشارۆچکەی ئەلقەتائیع

---

[110]–ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرموێ: ئەگەر زانیتان سبەی قیامەتە و نەمامێکتان بەدەستەوە بوو، بیچێنن. ئەوەی لەم فەرموودەیە دەفامرێ ئەوەیە من کە نەمامەکەم ناشت و سبەی مردم، ئیدی بەوە راناگەم لەژێر سێبەری دارەکە بحەسێمەوە، هەروەها بەوە راناگەم بەرەکەی ببینم و لەبەرەکەی بخۆم. ئەوەش وەکوئاماژەیەك وایە پێمان دەڵێ گەشبین بین.

[111]–(وَارضَ بِمَا قَسَمَ اللَّهُ لَكَ تَكُنْ أَغْنَى النَّاسِ)( حَسَن: أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيّ فِي السُّنَن (٢٣٠٥)، وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (١٠٠))

كە ئێستا پێی دەوترێ گەرەكی سەییدە زەینەبو گەڕەك و ماڵەكەیشی پێ نیشان دەدەن، ئەمەش چەند جار دووبارە دەبێتەوە، هەندێ پارەقەرز دەكات و خۆی دەپێچێتەوە دەچێت بۆ میسر، پرسیار بە پرسیار، ناوچەكە دەدۆزێتەوە، دەڕواتە ئەو ماڵەی كە لە خەوەكەیدا پیشانیان دابوو، ئەو ماڵەش ماڵی سەرۆكی پۆلیسی ئەو شارە دەبێت. لەو كاتەدا لە نێوان میسرو بەغدادا ناكۆكی دەبێت، ئەحمەدی بن تۆلۆن سەربەخۆیی میسری راگەیاندووەو لە خەلافەتی عەباسی جیابووەتەوە.كابرای بازرگان كە دەڕواتە بەر ماڵەكەو لەدەرگە دەدات، پاسەوانەكانی سەرۆكی پۆلیس دێنە دەرەوەو پرسیاری لێ دەكەن. كە دەزانن لەبەغداوە هاتووە بە تۆمەتی جاسووسی دەیگرن و دەیبەنە زیندان و فەلاقەی بۆ دادەنێن و داركاریەكی باشی دەكەن بۆ ئەوەی راستی خۆی بڵێ. ئەویش هاوار دەكات و هەزار سوێند دەخوات هیچ شتێكی لە ژێر سەردا نییە جگە لەو خەونەی ماوەیەك پێش ئێستا بینیبووی، كاتێك خەونەكەی بۆ سەرۆكی پۆلیس باس دەكات، سەرۆك پۆلیس پێی دەڵێت تۆ پیاوێكی گەمژەو نەفامی، دەنا چۆن دەكەویتە شوێن خەونێكی ئەوها؟ من چەند ساڵێكە خەوێكی وەك ئەم خەونەی تۆ دەبینم و لە خەونمدا پێم دەڵێن رزقی تۆ لە بەغدایە لە فلان خانووداو لە فلان گەڕەك و لە فلان شەقامدا لە بن دار خورمایەكدایە، بەڵام من بایەخم پێی نەداوەو پشتگوێم خستووە.

كابرای كۆنە بازرگان دەبینێ ئەو ناونیشانەی سەرۆكی پۆلیس لەخەوەكەیدا باسی دەكات ناونیشانی ماڵەكەی خۆیەتی، لەبەر ئەوە لێی دەپاڕێتەوەو دەڵێ دەی مادام وایە داوای لێبوردنتان لێ دەكەم، ئەگەر بەرمبدەن بۆ بەغدا دەگەرێمەوە.

كابرا بەڕەڵا دەكرێت و دەگەڕێتەوە بەغدا و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەكەی خۆی، پاچ و خاكەناز هەڵدەگرێت و دەست دەكات بە هەڵكەندنی ژێر دارخورماكە و جەوەنەیەكی پر لە لیرەی زێر دەردێنێت.[١١٢]

[١١٢] –لە (م. حەسەن پێنجوێنی)یەوە وەرگیراوە

## ئەگەر ئەو مامۆستایە نەبوایە دەوڵەمەند نەدەبووم

**کاک** موزەفەری **پینەدۆز بۆی گێرامەوە، وتی:**

بەبڕوانامەی سێی ناوەندی لەڕێی برادەرێکەوە داواکاریم پێشکەشی پەروەردەی گشتی هەولێر کرد، لەماوەیەکی کەمدا رەزامەندیم هاتەوە، بە نووسەر لەیەکێك لە قوتابخانەکانی نزیك ماڵمان و لەوێ دامەزرام و هەر ئەو ساڵە ژنم هێنا، رۆژانە دەوامی ئاسایی خۆم دەکرد، بەڕێوەبەرەکە چ ئیشێکی پێم بسپێردایە بەگورج و گۆڵی رامدەپەڕاندو کەمتەرخەمیم نەدەکرد، بەڕێوەبەرەکەمان تەمەنی بووە شەست و سێ ساڵ و کاتی ئەوەی هات خانەنشین بکرێ و خانەنشین کرا. لە نۆژەندا کەسێکی دیکەیان بە پشتگیری حزبی لەجێی دانا بێ ئەوەی کەم تا زۆر شارەزایی لە ئیدارە هەبێت، بەحزبی دەخوڕی و پۆزی بەسەر هەموان لێ دەداو هەر ئیشێ هەبوایە بە یاریدەدەرەکەی دەکردو خۆیشی تەنها پێی لەسەر پێ دادەناو چای دەخواردەوەو جگەرەی دەکێشا، مامۆستاکان بەگشتی لێی ناڕازیبوون، من خۆم لەو شتانە بەدوور دەگرت لە ژوورێکی تایبەتدا من و دوو کچی تر وەکو نووسەر دەواممان دەکرد، هەستم کرد دەیەوێ پەیوەندی لەگەڵ یەك لەو کچانە ببەستێ لەکاتێکدا وەکو من خاوەن ماڵ و مندال بوو، وەلێ لەبەر من نەیدەوێرا بەئاشکرا هیچ بکات، کەوتە هەراسانکردنم، لێ نەدەگەڕا دانیشم و پشوویەك بدەم، هەموو ئیشێکی پێ دەکردم تەنانەت ئەگەر ئیشەکەش هی من نەبوایە، دواجار پێموت وەرە بزانم چیت لێم دەوێ؟

ئەویش زۆر بەڕەوانی وتی ئەگەر راستیت دەوێ دەمەوێ لەم قوتابخانە نەمێنی و بۆ خۆت بچیە قوتابخانەیەکی دیکە.

وتم: ئاخر بۆچی؟ هیچ خراپەیەکت لێم دیوە؟

وتی: من دوو نووسەرم بەسە و تۆ لێرە زیادی.

وتم: ئەوە چ بیانوویەکە بەمنی دەگری ؟

وتی: ئەوە بۆ من باشترین شتە بۆ ئەوەی لێرەت بگوازمەوە.

وتم: خوا لێت هەڵناگرێ من ماڵم لێرەیەو بۆ شوێنێکی دوورم دەگوازیەوە، لەخوا بترسێ، گوناهت دەگاتێ ئەوهام لێ دەکەی.

وتی:گوناهم بگاتیَ و نەگاتیَ ئەوەیە دەبیَ بۆ خۆت قوتابخانەیەکی دیکە بدۆزیەوە، وەئەگینە ناچاردەبم بەبیَ پرس نەقلت بکەم.

وتم: تۆ بەئاشکرا پێم دەڵێی دەرت دەکەم لەکاتێکدا خۆت دەزانی مووچەکەم ئەوەندە نیە.

وتی: ئەوەیە و تەواو.

وتم: ئاخر واز دێنم.

وتی: جا کیَ دەستی گرتووی؟

بە رەقەوە وتم خوا دەمژێنیَ و تۆ لەپێناو حەز و ئارەزووەکانت نانبڕاوم دەکەی، من مووچەکەم بەهەمووی ١٦٧دینارە و خراپ نیە، دەڵێم موستەقبەلە و لەپاڵیەوە ئیشێکی تر دەکەم، بەڵام هەر دەڕبی خۆت هاویشت، ئەوە رۆیشتم.

وازم لەدەوام هێنا، دوو مانگ بیَ ئیش لەماڵەوە بووم ، رۆژێکیان خاڵێکم لەماڵمان مایەوە، پرسی ئێستاش هەر دەوام دەکەی؟

وتم: ماوەیەکە وازم لێی هێناوە.

وتی: بۆ نایەی تەگبیرێکت بۆ بکەم

وتم چی؟

وتی: لەم شارە تەنها یەك کابرا هەیە بەدرێشە پیلاو چاك دەکاتەوە و سندانی هەیە بۆ بزماڕڕێژکردنی پێلاو، برادەرێکم هەیە سیَ چوار مەکینەی لە (دارەمانی) کەرکوك هێناوە، بەهەرزان دەیفرۆشیَ.

وتم: بەچەند؟

وتی: وابزانم بە حەوت سەد دینار، رەنگە لەبەر من بەهەرزانتریشی بدات.

ئەو رۆژە بەیەکەوە چووینە لای کابراکەو بە شەش سەد دینار مەکینەیەکمان لێی کڕی، هەر ئەو رۆژە سەفەرێکی هەولێرم کردو پێداویستیەکانی دوکانەکەم لە ناوکەف و بزمار و سندان و قایش و ئەو وردەواڵانە کڕی و دوکانێکم بەکریَ گرت، ناوی خوام لێی هێنا و دەستم بەکار کرد.

سالأنی ١٩٩٢تا١٩٩٦ گرانی بوو، هەموو کەس پارەی نەبوو هەر پێلاوەکەی بدڕایە پارەی کڕینی پێلأوی نوێی نەبوو هەر بۆیە بەناچاری دووجارو سێ جار پێلأوەکانیان دێنایە لام پینەیان بۆ بکەم، لەو گرانیەدا بەشی زۆری ئەو خەڵکە پێلاوی لاستیکیان لەپێ بوو، چونکە من بەتەنها لەو شارە مەکینەی پینەدۆزیم هەبوو، پێت سەیر نەبێ ڕۆژانە ٢٥٠تا٣٠٠ دینارم دەهاتە دەست. بەماوەیەکی کەم و لەماوەی چەند ساڵێك بوومە خاوەن خانووی خۆم و سەیارەم کڕی و یەك دوو دوکانم کڕی و بەکرێم دا، ڕۆژێکیان ئەو مودیرەی منی بە دەرکردندا، هاتە لام پێلاوەکەی دڕابوو تا بۆی بدوورمەوە، پیلأوەکەم بۆی دوورییەوە هەرچەندە بەناچاری و لەبەر بێ پارەیی بە شەرمەوە هاتە دوکانەکەم، کاتێك دەستی بۆ باخەڵی برد و هەندێ پارەی دەرکرد وتی وەستا فەرموو.

وتم تاوەکو من لێرەبم پێلاوی تۆ بەبەلاش چاك دەکەمەوە، چونکە چاکەیەکی گەورەت لەگەڵ کردم هەرگیز ناتوانم هەقی ئەو چاکەیەت بدەمەوە.

وتی: من جگە لەکاری خراپە، هیچ ئیشێکی باشم نەکردووە؟

وتم: مامۆستا مووچەی مانگانەت چەندە؟

وتی ٢٤٥دینار.

وتم ئێ کەوابوو چۆن مەمنوونی تۆ نەبم لەکاتێکدا ئەگەر بەوای تۆوە نەبوایە وازم لە قوتابخانە نەدەهێنا، پێت سەیر نەبێ داهاتی یەك ڕۆژم بەقەت مووچەی مانگێکی تۆیە.

ئەویش ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا وەك هەست بەشەرمەزاریەکی زۆر بکات، پارەکەی خستە باخەڵیەوە، سوپاسی کردم و دوکانەکەی بەجێ هێشت.

## دەموت: ڕەنگە نەتوانم ژن بێنم

کاك جابر جەلعوت خەڵکی پارێزگای سامەرا بوو، ساڵی ١٩٨٩بۆ ماوەی دوو مانگ لە سەربازگەی تاجی بەغدا بەیەکەوە بووین، کەسێکی نوێژکەر و ڕووخۆش و دەم بەخەندە بوو، گەلێ بەسەرهاتی خۆشی لا بوو، ڕۆژێکیان سەرگوزشتەی خانەوادەکەی بۆ گێڕامەوە، وتی باوکم پێش ئەوەی ژن بێنێ، کەسێکی نەدارو دەست کورت و هەژار بوو، ڕۆژانە دەچووە بازاڕو حەمباڵی دەکرد. کاتێك کابرایەکی دەوڵەمەند کە ناوی ئەنمار بوو ڕووی لێ دەنێ کە دوو سەد سەر مەڕو بزنی هەیەو شوانەکەی لەسەر نادەست پاکی

دەرکردووە، حەز دەکا ببێتە شوانکاریان. باوکم واز لە کۆڵبەری دێنێ و دەچێتە ماڵیان کە کاتی خۆی ئەو کابرایە لەسەر کوشتنی پیاوێك بەناهەق لە بەغدا رایکردبوو لە سامەرا نیشتەجێ ببوو،[113] باوکم ئەوەندە دەست پاك بوو، لەو روانگەوە ئەویش یەك لە کچەکانی خۆی لێ مارە دەکات و دەیکاتە زاوای خۆی.

رۆژێکیان یەك لە کورەکانی ئەنمار لەگەڵ چەند برادەرێکی خۆی تا درەنگی شەو لە دەرەوەی شار دەخۆنەوە، کاتێك لەگەڵ یەك لەهاورێکانی لێی دەبێتە دەمەقاڵێ، لەو کاتە چەقۆی لە باخەڵ بوو، چەقۆی لێ دەردەکات و نووکە چەقۆیەکی لەسەر دڵی دا، خوێن فیچقە دەکات و دەم و دەست روحی دەردەچێ و دەمرێت، هەر ئەو شەوە کەس و کاری کوژراوەکە هەڵدەکوتنە سەریان و هەموویان قەتل و عام دەکەن.

لەو خێزانە گەورە تەنها تاقە کچێکی مایەوە ئەویش خێزانی باوکم بوو، هەرچی سەروەت و سامانی ئەو خانەوادە هەبوو، لە خانوو و مەڕومالاَت و زەوی، هەمووی بەمیرات بۆ باوکم مایەوە. باوکم تا ئەو رۆژەی وەفاتی کرد، زۆر جار دەیوت گەورەیی هەر بۆ خوایە، من لە هەڕەتی لاوی زۆر جار بیرم دەکردەوە، دەموت زۆر زەحمەتە بتوانم لەبەر بێ پارەیی ژن بێنم، کەچی خوا دەرگای بەختی لێ کردمەوەو بوومە خاوەن ژن و منداڵ و ئەوهاش دەوڵەمەند بووم.

---

[113] – ئەو کابرایە سەرەڕای ئەوەی ماڵ و منداڵی هەبووە، حەزی دەچێتە سەر کچێك و داوا لە باوکی کچە کردووە بیداتێ و باوکی کچە ئامادە نەبووە کچەکەی سەربەهەوێ بەشوو بدات و هەڕەشەی لێ دەکات ئەگەر ئەوجارە بەبەر دەرگای ماڵیاندا بڕوات، ئەوە پۆلیسی لێ بانگ بکات و بەگرتی بدات، ئەویش لەداخان پەلاماری قوڕگی دەدات و هێندە بەتوندی دەیگوشێ، یەکسەر گیان لەدەست دەدات و دەمرێت.

# دەست پاکی مرۆڤ، دەروون پاکی بەدواوەیە[114]

## خودا لەکەس غافڵ نییە

ساڵی ٢٠٠٦ لە خولێکی پەروەردەیی، مامۆستا نەجیب لە بەغداوە هاتبووە شاری هەولێر، وەکو دوو هاوڕێی دڵسۆز بەیەکەوە بووین، یەك لەو ڕۆژانە باسی بارودۆخی ڕژێممان کرد، مامۆستا نەجیب بۆی گێڕامەوە، وتی:

ئامۆزایەکی باوکم نوری ناو بوو، لە جەنگی (ئێراق ئێران)لەسەر دەواجینی کابرایەك ئیشی دەکرد، دەواجینەکە لەسەر ئەو بوو ئاگای لە فەرخە مریشکەکانبێ تا بەتەواوی پێ دەگات، کابرای خاوەن دەواجن شیعە مەزهەب بوو کاتێك لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە فەرمانی دەسگیرکردنی بۆ دەردەچێ، وەك مام نوری گێڕایەوە وتی:

خاوەن دەواجینەکە پێی وتم کەس هەقی بەسەرتەوە نیەو ئەوان دەزانن تۆ سوننەی، تکاکارم چاودێریەکی باشی ئەو مریشکانە بکەیت، کەی پێگەیشت بیفرۆشە و ئەگەر یەکمان بینیەوە ئەوا با لە خێرەکەی نیوەی بۆ تۆو نیوەکەی دیکەیش بۆ من بێت. بەخاوخێزانەوە خۆی بزر کرد، چووە کوێ و چی لێهات ئاگام لێی بڕا، ئەوەی لەسەر من بوو بیکەم ئەوەبوو لەسەر بەڵێنی خۆم بمێنمەوە.دوای ئەوەی مریشکەکان پێگەیشتن، بازاڕم بۆی دۆزییەوە، هەموویم فرۆشت و لەداهاتەکەیدا پارەکەم کردە نیوە و دەستم لەپارەی ئەو نەدا. بەو پارەیە کەوتمە مامەڵە کردن و پارەکەی ئەویشم خستە ناوی و قازانج لەدوای قازانج بەڵام ترسی خوا وایلێکردبووم کە دەفتەرێك بکەمەوە لەو دەفتەرەدا چیم قازانج بکردایە هەموویم تێدا دەنووسی.

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی٢٠٠٣ جارێکی تر بە ڕێکەوت یەکمان بینیەوە، ئەوە لەکاتێکدایە نە من ئەوان نەدەناسمەوە، نە ئەوانیش دەزانن من کێم؟ چونکە ئەو کاتەی ئەوان رایانکرد، منداڵەکان زۆر بچووك بوون، یەك لە کوڕەکانی خەریکی سواڵ و سەدەقە بوو، کاتێك هاتە بەردەمم و دەستی پان کردەوە خێرێکی پێ بکەم، پێموت بۆچی لەو

[114]-مارکۆ تەرزاکی دەڵێت: ئێمە ئەسکەندەری مەقدۆنیمان هەبوو، کوردیش وەك ئیسلام سەرکردەیەکی وەك سەلاحەدینی ئەیوبی هەبوو کە ئازاو خاوەن وەعد و پەیمان بوو

تەمەنە سوالْ دەکەیت؟ بە شەرمەوە وتی باوکمان پێش ئەوەی بمرێ خاوەنی دەواجن بوو، کاتێك رامانکرد هەرچیەکی هەمانبوو هەموویان بەجێ هێشت و نەمانزانی چی لێهات؟دوای ئازادی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، دڵمانخۆش بوو خانووەکەمان ماوە، کە خۆمان گەیاندە خانووەکە، تەماشا دەکەینماڵێکی تێدایە کە ئەوان چوارەم کەس بوون ئەو خانووە بکڕن و کاتێکیش خۆمان گەیاندە کیلگەی دەواجینەکە، ئەویش هیچ شوێنەوارێکی ئەوتۆی نەمابوو.

خورپەیەکم بەدڵ داهات، کە وتم ئەگەر ئەو کابرایە ببینی دەیناسیەوە کە کاتی خۆی باوکتان دەواجینەکەی بە ئەمانەت لەلای بەجێ هێشتبوو؟ وتی من نایناسمەوە، بەلأم دایکم هەمیشە لەخوا دەپاڕێتەوە کە ئەو کەسە ببینینەوە، تەنانەت باوکم پێش مردن، هەمیشە دەیوت دەواجنەکەم رادەستی کەسێکی دەست پاك کردووە ئەگەر ئێوە بیدۆزنەوە ئەوە هەقەکەتان بۆ دەگەڕێنێتەوە.

منیش پێموت ئەی ماڵتان لەکوێیە؟ وتی وا لەکەلاوەیەکدا ژیان بەسەر دەبەین. وتم دەی وەرە لەگەڵم با بیانبینم. چەند وتی تۆ کێی، بۆ ناتناسم؟ وتم جارێ زووە بزانی من کێم. کە چوومە ماڵیان بینیم ئەوە ژیان لەناو کەلاوەیەك بەسەر دەبەن، لێمپرسین ئەی دایکتان؟ وتیان نەخۆشە و پێویستی بە چارەسەریە وا لە ژوورەوە کەوتووە، پارەمان نییە بیبەینە لای دکتۆر. منیش وتم دەی خێرا هەر ئێستا ئامادەی بکەن. بەپەلە سەیارەم بۆی گرت و بردمە باشترین نەخۆشخانەی بەغدا و مەسرەفی هەموو شتەکانم لێی کرد تا چاك بۆوە. ئەوجا خانوویەکم بۆیان کڕی و وتم دەی جارێ بڕۆنە ناو ئەو خانووە، کە دایکتان تەواو چاك بۆوە ئەو کاتە دوو قسەی تر دەکەین.لێیان بووبووە مەراق دەبێ من کێبم، بۆچی ئەو چاکەیان لەگەڵدا دەکەم؟ کاتێك دایکیان چاك بۆوە، پێیان وتبوو کابرایەك ئەو چاکەیەی لەگەڵدا کردووین. ئەویش وتی ناوی چیە؟ وتیان نازانین.کاتێك خۆی پێی نیشانداو چاوی بەمن کەوت شاگەشکە بوو، چاوی پڕ فرمێسك بوو، وتی من دەمزانی مرۆڤی دەست پاك و لەخواترس جێی ئەوەیە پشتی پێ ببەستی، باوکتان هەتا مرد هەر دەیوت ئەگەر بگەنە ئەو پیاوە، دڵنیابن لەو بارودۆخەتان رزگار دەکات.

زۆر خۆشحالْ بووم، وتم من تا ئەمڕۆ بەرامبەر بەو ئەمانەتە هیچ شەوێك بە ئاسوودەیی نەخەوتووم، بەلاّم وا نەمردم و ئێوەم دۆزیەوە. جانتایەکی پڕ لە پارە کە ئەمانەت بوو بردمە مالّیان و دامە دەست دایکی مندالّەکان. دایکی مندالّەکان وتی ئەوە چیە؟ وتم ئەوە تەنها پارەی ئەو قازانجەیە کە من لەپارەی ئێوە خستوومەتە ئیشەوە، لە بەیانیەوە دەبێ هەموو ئەوانەتان پێ بدەمەوە کە من چەند سالّە بەنیوەیی ئیشم تێدا کردووە.

دایکەکە وتی: ها مندالّینە چیم وت؟ نەموت خوا لەکەس غافلْ نییە و نابێت.

## بەسەرهاتی دوو قازەکە

**هاوەڵی خۆشەویست أَبِی هُرَیْرَةَ رەزای خوای لیّ بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پیاوێك خانوویەك یان زەوی لەپیاوێکی تر کڕی، ئەو پیاوەی زەویەکەی کڕیبوو، کوپە ئاڵتوونێکی لە زەوییەکە دۆزییەوە، ئینجا ئەو پیاوەی کە زەوییەکەی کڕیبوو، بەپیاوە فرۆشیارەکەی وت وەرە ئاڵتوونەکەت ببەوە لای من، چونکە من زەویم لە تۆ کڕیوە نەك ئاڵتوون.پیاوە فرۆشیارەکەش وتی من زەویەکەو ئەوەی تێیدایە بەتۆم فرۆشتووە. پاشان هاتن بۆ لای پیاوێك بۆ ئەوەی چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە، پیاوە دادوەرەکە وتی ئایا مندالّتان هەیە؟ یەکێکیان وتی من کوڕێکم هەیە، ئەوی تریشیان وتی منیش کچێکم هەیە، ئینجا پیاوە دادوەرەکە وتی کەواتە تۆ کچەکەت بدە بە کوڕەکەو ئەومالّەش خەرج بکەن بۆیان، وەخێریشی لیّ بکەن.**[115]

**باوەڕی راستەقینە خۆشەویستی لەناخ دەڕوێنیّ کە هیچ شتێك لەو ئیشقە گەورەتر نەبێت.**

[115] - عَنْ أَبِی هُرَیْرَةَ رەزای خوای لیّ بێت قَالَ: قَالَ: رسُولَ اللَّهِ (ﷺ)« اشْتَرى رجُلٌ مِنْ رجُلٍ عَقَارا لَهُ فَوَجَدَ الرجُلُ الَّذِى اشْتَرى الْعَقَار فِى عَقَارهِ جَرةً فِيهَا ذَهَبٌ فَقَالَ لَهُ الَّذِى اشْتَرى الْعَقَار خُذْ ذَهَبكَ مِنِّى إِنَّمَا اشْتَريْتُ مِنْكَ الأَرضَ وَلَمْ أَبْتَعْ مِنْكَ الذَّهَبَ. فَقَالَ الَّذِى شَرى الأَرضَ إِنَّمَا بِعْتُكَ الأَرضَ وَمَا فِيهَا قَالَ: فَتَحَاكَمَا إِلَى رجُلٍ فَقَالَ الَّذِى تَحَاكَمَا إِلَيْهِ أَلَكُمَا وَلَدٌ فَقَالَ أَحَدُهُمَا لِى غُلاَمٌ وَقَالَ الآخَر لِى جَارِيَةٌ. قَالَ أَنْكِحُوا الْغُلاَمَ الْجَارِيَةَ وَأَنْفِقُوا عَلَى أَنْفُسِكُمَا مِنْهُ وَتَصَدَّقَا »( أَخْرجَهُ الْبُخَاريُّ (٣٤٧٢)، ومُسْلِمٌ (٤٤٧٢)).

**مامۆستا جەمیل بەرزنجی[116] بۆی گێڕامەوە، وتی:**

ڕۆژێكیان لەگەڵ یەك لەو خاوەن تەكسییانە سواربووم كە لە هەولێرەوە بۆ شەقلاوە نەفەری دەگواستەوە، خاوەن تەكسییەكە زۆر بەدەم و لفت و زمان شیرین بوو. كاتێك گەیشتینە نزیك شارۆچكەی كۆڕێ، بەهەڵپەیەكەوە سەری باداو وتی سوبحانەڵڵا من هەرچی جارێ بەم شوێنە گوزەر بكەم، دیمەنی ئەو ڕەوە قازەم بەبیر دێتەوە.

لێم پرسی بەسەرهاتی ئەو ڕەوە قازە چییە؟

بەدەم زەردەخەنەیەكەوە وتی دەوروبەری سەعات یەك بۆ دووی پاش نیوەڕۆ بوو، چلەی هاوین دنیا لەقرچە قرچی گەرما دەكولا. نازانم بە چ هۆكارێكەوە بەپەلە بووم بگەڕێمەوە، كاتێك گەیشتمە ئەو ڕاستە، ڕەوە قازێك لەسەر جادەكە لەمبەر بۆ ئەو بەر دەپەڕینەوە، چەندی هۆڕینم لێدا، خۆم بۆ نەگیرا هێواشی بكەمەوە دوو لە قازەكانم پان كردەوە. سەیارەكەم لادایە سەر خۆڵەكە و لەسەیارەكە دابەزیم بزانم ئەگەر قازەكان مردار نەبووبنەوە ئەوە چەقویان بەملدا بێنم هەرنا گۆشتەكەی بەكەڵكی خواردن بێت نەك فڕێدانی، بەڵام بە چەقۆ ڕانەگەیشتم و ویژدانم قبوڵی نەكرد قازەكان فڕێ بدەم و خۆیشم وەك بەرزەكی بانان بۆی دەرچم، لەكاتێكدا تاق و لۆقی لێ دەرچێ وەئەگینە كەس لەدەرەوە نەبوو، ئەوەی تێبینیم كرد ئەوە بوو كە من نابێ گوناهی ئەو قازانە لە ئەستۆ بگرم لەكاتێكدا كێ دەڵێ هی ماڵە هەژارێك نییە بۆ خۆیان بۆ هێلكە و بەچكە ڕایان گرتووەو منیش لێمداو پانم كردنەوە؟ بڕیارمدا بكەومە گەڕان و سۆراخ تا ئەو ماڵە بدۆزمەوە بۆ ئەوەی گەردنی خۆمیان پێ ئازاد بكەم، یان ئەوەتە قازەكان بەپارە بقرسێنین و پارەكەیان بدەمێ، دوكاندارێك لەو نزیكانە هەبوو هێشتا دەڕابەكەی دانەخستبوو، هێدی هێدی خۆم گەیاندە لای، دوای سڵاو و چاك و چۆنی، بە پەرۆشەوە پێموت قوربان من خاوەنی ئەو تەكسییەم و بەپەلە بووم بۆ گەڕانەوە، ئەو قازانە هاتنە سەر ڕێم و منیش خۆم بۆ نەگیراوە دووانیانم شێلاو پان و فلیقم كردەوە، ئێستاش دڵم

116 - مامۆستا جەمیل مەغدید قادر بەرزنجی لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٣ی هەولێرە، بەكالۆریۆسی لە یاسا هەیە.

ئاسودە نییە بڕۆم ئەگەر نەچم و گەردنی خۆمی پێ ئازاد نەکەم، هەرنا پارەی قازەکانی بدەمێ.

خاوەن دوکانەکە بەدەم قاقای پێکەنینەوە وتی جا کێ لەدەرەوەیە بتبینێ و بتناسێ؟ ئەگەر بەقسەم دەکەی یەکسەر دەڕۆی خۆ بە دەستی ئەنقەست ئەو کارەت نەکردووە، بڕۆ ئەو قازانە فڕێ بدە ئەو چاڵەوە، کێ بە کێیە؟ کێ دەزانێ کێ پانی کردونەتەوە؟

وتم ئاخر دەزانم کەس نامناسێ و کەس منی نەبینیوە، بەلام ئەی خوا نامانبینێ؟ ئەی لە رۆژی قیامەت چ وەلامی خوای پەروەردگار بدەمەوە ئەگەر پرسیارم لێکرا بۆچی لەو قازانەتدا و هەلاتی و سەیارەکەت رانەگرت؟

دوکاندارەکە وەکو گاڵتەی بە ئەقڵم بێت، نەختێ سەری لێ بادام و وتی دەی مادام ئەوەندە بەتەنگ قیامەتەوەی، فەرموو کەیفی خۆتە چی دەکەی بیکە، ئەوەی من بیزانم رۆژانە ئەو قازانە دێنە ئێرە، وابزانم هی پیرەژنێکی بەساڵا چووە و ماڵیان لەو سەری ئاواییە.

منیش سوپاسیم کرد و بەو گەرمایە بە خۆ و دەستی دوو قازی مردارەوەبوو، رێگاکەم بەپێیان بۆ سەرەوەی ئاوایی کوتایەوە، ئارەقەی شین و مۆرم دەردا، لە دەرگای چەند ماڵێکی پێشەوەمدا و پرسیای خاوەنی ئەو قازانەم لێیان کرد، یەك دەیوت من هیچ پەلەورێکم رانەگرتووە و هیچی لێ نازانم.یەکێکی تر دەیوت وابزانم ئەو ماڵانە هیچیان قازیان نییەو زیاتر ئەو ماڵانەی سەرەوە پەلەور بەخێو دەکەن.

بەهۆی لەدەرگادانی ئەم و ئەوەوە منداڵگەلێکی زۆرم لێ کۆبۆوە، سەیریان دەکردم و بەدوامەوە بوون، وەك کارەساتێکی گەورە قەوما بێت، خەڵکەکە پێیان سەیر بوو ئەوە لاشەی دوو قازم بەدەستەوە گرتووەو بەدوای خاوەنەکەی دەگەرێم. یەك دوو گەنجی ئەو شوێنە وتیان: چما ئەو دوو قازە ئەوەندە دێنێ ئەوەندە خۆتی بۆ ماندوو بکەیت لەکاتێکدا تۆ لەخۆڕاو بە دەستی ئەنقەست وات نەکردووە؟

خەڵکەکە نەیاندەزانی شت بە گەورەیی و بچووکی نییە، تاوان زۆر جار لە شتێکی بچووکەوە سەر بۆ تاوانی گەورە دەکێشێ وەك چۆن منداڵێك لە هێلکە دزینەوە فێری

مریشك دزین بوو، لەوەوە شتی گەورەی کرد و سەرەنجام بووە پیاوکوژ و دواجار بەسزای خۆی گەیشت.

لە پرسیارکردن و رۆیشتنی خۆم نەکەوتم تا یەك لە منداڵەکانی ئەو شوێنە دەستی بۆ خانوویەك درێژ کرد، وتی ئەو قازانە قازی ئەو پیرەژنەی سەرەوەی ئاواییە.

بەم هەواڵە دڵم ئاسوودە بوو وا خاوەنەکەی دەدۆزمەوە، خۆم گەیاندە خانووەکە ئەوەندەی لەدەرگامدا کەس دەرگای لێ نەکردمەوە. ژنە دراوسێکەیان وتی کاکە پیرەژنی ئەو ماڵە گوێی تەپ و کەڕە، هەتا بەیانی لە دەرگا بدەی گوێی لێ نییە بۆیە راستەوخۆ بچووە ژوورەوە، لەوێش ئەگەر بەدەنگی بەرز لەبن گوێی هاوار نەکەی، دیسان گوێی لێت نابێ.

دەرگاکەم خستە سەر پشت و چوومە ژوورەوە، یەك دووو گەنجی ئەو شوێنە لەگەڵم هاتنە ژوورەوە، یەك لەگەنجەکان دەمی لە گوێی پیرەژنەکە نزیك کردەوە و باسی ئەو قازانەی بۆ کرد، ئەویش کە لە بابەتەکە حاڵی بوو، بەدەم و زاری وشك بوویەوە سەری بۆ لەقاند و وتی من تەنها قازی خۆم دەوێتەوە، قازی ترم ناوێ.

گەنجەکە وتی ئاخر هەردووکیان مردار بوون و شتەکە بەدەستی ئەنقەست نەبووە، ئەوە ئەو کابرایە خاوەنی سەیارەکەیە هاتووە تۆ چ فەرمان دەکەی لە خزمەتت دایە، گەردنی ئازا دەکەی یان قازەکان دەقرسێنی ئەوە ئامادەیە پارەکەیت بەزیادەوە بداتێ.

پیرەژنەکە وتی من پارەم ناوێ تەنها ئەو قازانەم دەوێ، من بەس قازی خۆم دەوێ.

چەند بەبنە گوێیان چرپاند کە هەڵەیەك لەو کارەدا هەیە، پیرەژنەکە هەر لەسەر ئەو قسانەی سوورِ بوو، هەر ئەو قسانەی دەوتنەوە من پارەم ناوێ تەنها ئەو قازانەم دەوێ، من بەس قازی خۆم دەوێ.

منیش نزیکەی یەك سەعات زیاتر بەو گەرمایە لێرە بۆ ئەوێ ئەو رێیەم کوتایەوە کەچی رێزی لێ نەنام. لەناخەوە دەهری بووم، بە تووڕەییەوە وتم ئاخر من پیاوێکی خراپم، ئەگەر بڕۆیشتمایە ئەوە ئەم شتە رووی نەدەدا.

خەڵکەکە دڵیان دامەوە، وتیان کاکە تۆ گوناهت نەکردووە و زویر مەبە، ئەو پیرەژنە چووەتە ساڵەوە، هەر ئەوەندە تێ دەگات.

تەنانەت کابرایەکی بەتەمەنی ئەو شوێنە وتی برا هەر گوێی مەدەرێ تازە تۆ خێری خۆت کرد و هەڵوێستی مرۆڤانەی خۆت نواند، ئەوی تر حەواڵەی خوای بکە، خوا بە نهێنی دڵەکان ئاگادارە.

بەڵام دڵم بەرایی نەدا هەروا بەجێی بێڵم، هەرچۆنێك بوو پارەی دوو قازم دایە گەنجێك کە لەجیاتی من دوو قازی پێ بکرێ و بۆی بگەڕێنێتەوە.

## دوو هەزار دۆلار قەردار بوون، کوڕەکەی سێ هەزارو چوارسەد دۆلاری دۆزییەوە



ڕۆژی پێنج شەممە ٦/١/ ٢٠١١بەبۆنەی ساڵوەگەری دامەزراندنی سوپای ئێراقەوە لەسەرجەم فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان پشووی فەرمی بوو، منیش لەجیاتی چوونە دەرەوە و دەوام، ئەو ڕۆژە لەماڵەوە خۆم بەخوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و تەماشاکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن سەرقاڵ کردبوو، دوای نانی نیوەڕۆ ، چەند کاتژمێرێك خەوتم.

ئێوارە کە بانگی خەوتنانی دا، لەگەڵ مامۆستا ڕەشید سالح کۆیی و مامۆستا عومەری برای بەیەکەوە چووینە مزگەوتی مەلا عەبدوڵڵا و نوێژمان بە جەماعەت کرد.

سەعاتێك پاشتر ئاوات فاتیح تۆماری لە دارەتووەوە تەلەفۆنی بۆ ماڵەوەمان کردبوو، پێی وتبوون مام نامیق ڕەفیق تووشی ڕیخۆڵە کوێرە بووە، داخیل کراوە و نەشتەرگەرییان بۆی کردووە، بەقسان ئێستا لە نەخۆشخانەی ڕزگارییە.

چونکە بەیانی هەینی بوو، ترسام نەوەکو سەفەرێکم بێتە پێش یاخود میوانمان بۆبێ و دەرفەتی ئەوەم نەبێ بچمە سەردانی، هەر ئەو وەختە کە ماڵمان لەگەڕەکی ٧ی حەسارۆك[١١٧] بوو، (گەلاوێژ)ی خێزانم باری تەندروستی ناتەواو بوو، وتم دەی کەوایە ئەوە خۆم دەچمە سەردانی.

[١١٧] – لەشارەوانی ئەم گەرەکە ناوی چوارچرا یە

مناڵەکانم بەناوی شایەن و شادە و ئەحمەد و ئادەم وتیان دەبێ لەگەڵ خۆمان ببەی، تۆ برۆ بۆ نەخۆشخانە، ئێمەش بۆ خۆمان لەپارکەکەی بەرامبەر رزگاری یاری دەکەین.

پێیانموت مەرجم هەیە، خۆتان دەزانن بێ سەیارەین و تاقەتی گرتنی تەکسیم نییە، ئەگەر بەپێیان دێن باشە، ئەگینا کەستان نابەم.

بەو مەرجەی من رازی بوون، بەپێیان ئەو رێیەمان بڕی و لە نەخۆشخانەی رزگاری نزیك بووینەوە، شایەنی کچم وتی بابە لەگەڵت دێینە نەخۆشخانە، کەی هاتینە دەرەوە ئەوجا دەچینە پارکەکە.

بەیەکەوە پەڕینەوە ئەوبەری سەد مەتری و لەو عارەبانەی لە بەردەم نەخۆشخانەکە وەستابوو، قتوویەك چوکلێتم کڕی و بەرەو تەواری رۆیشتین، وەلێ لەبەر قەرەباڵغی ئەو شوێنە، تەواوێ وەستاین تا رێیاندا بچینە ژوورەوە، تەنها دوو کەس، من و شادەی کچم رۆیشتین، ئەوانی تر لەپرسگەکە مانەوە.

پێکەوە هەردوو نهۆمی تەواریەکەمان بەسەر کردەوە، گەلێ پرسیارمان کرد وتیان هیچ کەسێك بەم ناو داخل نەکراوە.

لەوێ دەرچووین، سووڕاینەوە چووینە نەخۆشخانەی رزگاری، لەوێش شوێن نەما نەگەڕێین، دیسان ئەم ناوە لەوێش نەبوو، بەناچاری گەڕاینەوە پرسگە و تەلەفۆنەکەم کە لای شایەنی کچم دانابوو، لێموەرگرت، پەیوەندیم بە مام عەلی باوکی وەستا شوان کەرکوکی کرد و پرسیاری (مام نامیق)م لێی کرد، وتی مام نامیق لە تەواری جمهورییە.

هەموو ئەو پارەی لەباخەڵمدا بوو ٣٠ی هەزار دینار بوو، بەمناڵەکانم وت من دەبێ بچمە نەخۆشخانەی جمهوری، ئەگەر ئێوە بەپێیان دێن باشە، ئەگەرنا هەر لێرەوە برۆنەوە ماڵێ.

بەیەك دەنگ وتیان ناچینەوە و بەپێیان دێین.

گەیشتنە تەواری جمهوری، لەوێش جارێکی تر شایەن و ئەحمەد و ئادەمم لەپرسگە بەجێ هێشت، پێکەوە من و شادە چووینە نهۆمی دووەمی تەواری، بەپرسیار ژوورەکەیمان دۆزییەوە، کە لەوێ مام فایەقی برای لەلابوو، تۆزێك دانیشتین. کاتێك هەستام، هیوای چاکبوونەوەم بۆی خواست و هاتینەوە خوارەوە.

کاتێکیش نەخۆشخانەکەمان بەجێ هێشت، بەرەوماڵەوە هەنگاوماننا، (ئەحمەد)ی کوڕم ئەو کات لەپۆلی دووەم و ئادەم لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتی دەیخوێند، ئادەم چونکە هێشتا منداڵ بوو، زوو زوو هەستی بە ماندووبوون دەکرد، هەر نەختێ دەڕۆیشتین، هاواری لێ هەڵدەستا، دەیوت بابەگیان ماندوو بووم، با دانیشین.

منیش لەگەڵیان لەشوێنێکەوە دەوەستام. کە ماندوێتی دەحەسایەوە، دووبارە بەڕێ دەکەوتینەوە ، بەجادەی (بەستەپیازە) رووەو سۆپەر مارکێتی (کۆك) هەڵکشاین، بەرەو نەخۆشخانەی رزگاری شۆڕبووینەوە. بەدەم رۆیشتنەوە بەڵێنم پێیاندا کە بگەینە شیرینی و قەنادی (شاهانە)، سەروو کێکێکیان بۆ بکڕم. پێش گەیشتنمان، کتوپڕ ئەحمەدی کوڕم وتی بابە، بابە ئەو شتەم دۆزییەوە.

تەماشام کرد قاشێك و زنجیرێکە، پەتێکی مەیلەو قاوەیی پێوە بەسترابوو، یەك دووجار پێموت کوڕم خۆ تۆ کچ نی، ئەوەت بۆ چیە، دەی فڕێی دە؟ وەلێ فڕێی نەداو کردیە باخەڵی.

کاتێك گەیشتینە راست قەنادی شاهانە، دوکانەکە داخرابوو، کات لە ١١ی شەو تێپەڕی کردبوو، پێموتن دەی لەو بیست مەترییەی لای خۆمان دوکانێك هەیە لەوێ کێکتان بۆ دەکڕم. بەڵام کە چووینە ئەوێ ئەویش داخرابوو، کات بۆ ١٢ی شەو دەڕۆیشت کە گەڕاینەوە ماڵ، ئەحمەد قایش و زنجیرەکەی بەر باخەڵی دەرێناو بە دایکی نیشاندا، ئەویش بەقووڵی تێڕاما، وتی ئەوە رەنگە زێڕبێت.

زیاتر لێی ورد بۆوە، وتی ئەوەتانێ عەیارەکەی لێ نووسراوە، عەیار (٢١)ە، ئۆۆۆۆی بزانە ئەوە هی چ بەستەزمانێکە؟ خوا ئەو کەسەی خۆشویستووە، کەوتۆتە دەستێکی ئەمین و پاك.[١١٨]

---

[١١٨] – پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لە ١٧ی رەمەزانی ساڵی (٢)ی کۆچی تووشی شەڕی بەدر بوون، لەم شەڕە قورسەدا کە بەم رەمەزانە بەزمانی بەرۆژووەوە هیچیان نەبوو بیخۆن، تەنها قەسپە رەشەی مەدینەیان لەگەڵ خۆدا بردبوو. ئەوەی شەهید بوو شەهید بوو، ئەوەی مایەوە بۆ بەربانگ قەسپە رەشەیان خوارد لەگەڵ ئاوی ئەو گۆماو و گۆلاوانەی بە ئاوی باران دروست ببوو لە حەوزەکانی بەدر، جارێك ئیمامی ئەبوبەکر هاواری کرد و دەستی کرد بەگریان و هاوەڵە بەڕێزەکان

بیرم بۆ ئەوە رۆیشت بەیانی هەینییە، بێ شك خاوەنی ئەو زێڕە بەدوایدا زوو دێتە دەرەوە، واباشە زوو خۆم بگەیەنمە ئەو شوێنە و بیدۆزمەوە.

بەیانی زوو هەستام، لەسەر بیست مەترییەکەی نزیك ماڵمانەوە سواری پاسی ناو بازاڕ بووم، لەنزیك چوارڕیانی چل مەتری نزیك نەخۆشخانەی رزگاری دابەزیم، راستەڕێ دەستم بەگەڕان کرد، سەرەتا لە بەنزینخانەی سان دەستم پێ کرد، گەنجێکی رەشتاڵەی لێبوو لەوە دەچوو فلیپینی بێت، هەتا تێیمگەیاند، قیرم سپی کرد کە نەختێ زێڕم دۆزیوەتەوە، ئەوجا ژمارەی مۆبایلەکەم پێی دا ٤٤٨٢٢٣٧، پێموت تکایە هەر کەسێك پرسیاری زێڕی کردو زێڕی بزر کردبوو، با پەیوەندی بەم ژمارەوە بکات.

نزیکەی ١٢ دوکانم کرد و ژمارە مۆبایلەکەم لای هەموویان دانا، کاتێ گەیشتمە نووسینگەیەکی خانووبەرە، چەند کەسێکی لێبوو، مەبەستی هاتنەکەم پێ وتن، رەقەمەکەمیان وەرگرت، یەك لەوانە تەلەفۆنی بۆ مام سمایل و پلکە عەیشێ کرد بەڵام مۆبایلەکەی داخرابوو، دواتر ژمارەی رادیۆی مەڵبەندی دامێ کە لەدەرفەتێکدا پەیوەندیان پێوە بکەم.

یەك لەوانە وتی دڵنیام ئەو کەسە ماڵی لەو دەوروبەرەیە، پێم باشە ئاگاداری مەلای ئەو مزگەوتانە بکەیەوە بانگەوازێ بکەن ئەگەر کەسێ هەبوو دوای خوتبە ئەو ژمارەی تۆیان بداتێ، من دەچمە ئەو مزگەوتەی ئەو بەرەوە، ناوێکی هێنا لەیادم نیە، وتی مزگەوتێکیش لەلای بەنزینخانەی رزگاری هەیە.

کە وتم: ئەو مزگەوتە لە رێمدایە.

---

**رایان کردە لای و پێیان وت خێرە ئەوە بۆچی دەگری؟ وتی: ئاوی ساردم خواردەوە، پێغەمبەر ئاوی سارد نەبوو بیخواتەوە، زۆر دەترسم خوای گەورە لە رۆژی دوایی لەسەر ئەو ئاوە ساردە لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکات تا وای لێ بێت بەهەشت جێی منی تێدا نەبێتەوە. وتیان باشە ئەم بیرکردنەوەیەت لەکوێ هێنا؟ وتی ئەی خوای گەورە نافەرموێ : ( ثم ليتسالون يومئذ عن النعيم) واتە: پاشان لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێ لەسەر هەموو نیعمەتێك.**

کابراکە بەسەیارەکەی خۆی منی گەیاندە بەردەم مزگەوتەکە. لەوێ دابەزیم، چوومە ناو حەوشەی مزگەوتەکە، کابرایەك بەجلی کوردییەوە لەسەر کورسیەك دانیشتبوو، دوای سەلام و کەلام کە وتم قوربان نەختێ زێڕم دۆزیوەتەوە، هاتووم..

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم دەستی بۆ کابرایەك درێژکرد کە تازە بە تازە بۆ دەرەوە دەڕۆیشت، وتی ئەوە خاوەنەکەیەتی، ئەو کابرایە زێڕی بزر کردووە. کابراکە ناوی کاك مەغدید بوو، ماڵی لەگەڕەکی برایەتی بوو، نووسینگەی عەقاراتی هەبوو. خۆم گەیاندێ، کە وتم قوربان هیچ زێڕت بزر کردووە؟

وتی بەڵێ.

کە پێموت دەکرێ وەسفی زێڕەکەم بۆ بکەی؟

لەمۆبایلەکەیدا وێنەی زێڕەکەی نیشاندام، وتی ئەو زێڕە هی کچەکەمە بەسەردان هاتۆتەوە، دوێنێ ئێوارە نەختێ نەخۆش بوو، ماڵەوە بردیان بیبەنە نۆڕینگە، لەڕێ نازانم چۆن زێڕەکەی لێ بەر بۆتەوەو هەستی پێ نەکردووە کە داوێکی مەیلەو قاوەیی پێوە بوو، ئەو کچەم ماوەی دوو مانگێك دەبێ شووی کردووە، ئێستاش ناچارم ئەگەر زێڕەکەی نەدۆزمەوە دەبێ بچمە بازاڕو بۆی بکڕمەوە تا لەماڵەوە کێشەی بۆ دروست نەبێ.

کە پێموت زێڕەکەتان وا لای منە و لە ماڵەوەم داناوە.

بەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بوو، بەسەیارەکەی چوو کچەکەی هەڵگرت و منی بردەوە ماڵ، بەئەمانەتەوە زێڕەکەم رادەستی کرد و ئەویش وەکو پاداشتێك سەد دۆلاری ئەمریکی بەدیاری پێشکەش بە ئەحمەدی کوڕم کرد.



# مامۆستا مەلا جەمال بەگ مەلۆکی

## گیانت شادو گۆرت پڕ نوور

ساڵی١٩٣٧ لە گوندی مەلۆك چاوی بەدونیا هەڵێناوە، مرۆڤێکی باش و خواناس و پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی هەبوو.

حەکیمی لەوەدا بوو لەگەڵ هەر کەسێك وتوێژو گفتوگۆی بکردایە، یەکسەر ئەو کەسەی دەخوێندەوە، وەکو دەیوت: (کلم الناس علی عقولهم) بەپێی بیرکردنەوەو ئەقڵی مرۆڤەکە، روو بەرووی ئەو کەسە دەبۆوەو دەیدواند.

سەخاوەتی لەوەدابوو جگە لەنانی بەیانیان مەگەر چۆن بەتەنیا نانی نەدەخواردو ماڵی بووبووە کاروانسەراو دیوەخانێکی ئەوتۆ کە بێ میوان نەبووە.

ویژدانی لەوەدابوو دەیوت زگت بەو کەسە بسووتێ زوڵمت لێ دەکات، زوڵم کارێکی خراپە دەبێ خۆمانی لێ بەدوور بگرین، لێکدانەوەی بۆ ئەو قسەیە ئەوەبوو ئەوانەی زوڵم دەکەن نازانن و بێ ئاگان لەوەی خوای گەورە چ لێپرسینەوەیەکی توندیان دەرهەق دەکات.

کەسایەتی لەوەدابوو بەهرەکانی بۆ سەرنجی بەرامبەر بێ وێنە بوو، ئامانجی خۆیان دەپێکا، وەك گەوهەرێکی بەنرخ زمانێکی شیرینی هەبوو بەئاسانی هەست و نەستی خەڵکی بەلای خۆی رادەکێشا، بۆیە سەردانی هەر دام و دەزگایەکی میری یا سەربازی و حزبی بکردایە و هەر داوایەکی هەبوایە، داواکەی رەت نەدەکرایەوە لەکاتێکدا هیچ کاتێك بۆ داوای خۆی لەهیچ دەرگایەکی نەداوە.

گەلێ جار بەرپرسی باڵا سەردانی کردووەو کاتێك پێیان وتووە مامۆستا ئەمرکە چیت دەوێ بۆتی بکەین؟ دەیوت تەنها داوایەکم هەیە ئەگەر بۆمی جێ بەجێ بکەن.کە دەیانوت ئەمرکەو لەخزمەتداین، ئەو داوایە چی یە؟ دەیوت چاکە بکەن و خراپە مەکەن، چونکە هەموو شتێك کاتییە، هەر شتێکت زۆر خۆش بوێ ئیللا لێت دادەبڕێ یان تۆ بەجێی دێڵیت، یان ئەو تۆ بەجێ دێڵێت.

مامۆستا مەلا جەمال تا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد، مووچەی لە یەك حزب و تەنانەت لە حکومەتیش نەبوو، دەیوت ئەگەر مووچە لەهەر شوێنێك وەربگرم دەبێ پابەندی یاساو ڕێساکانیانبم بۆیە نابمە خاوەن بڕیاری خۆم. ئەوەتا ڕۆژێکیان کاك عەدنان نەقشبەندی وەزیری ئەوقافی ئەو کاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گوندی سماقوڵی سەردانی دەکات و پێشنیاری ئەوەی دەخاتە بەردەست کە ئەگەر ڕازیبێ ئەوا بە پێش نوێژو وتارخوێن دایدەمەزرێنێ، وەلێ پێشنیارەکەی ڕەت دەکاتەوە.

مامۆستا لە هەر شوێن و گوند و گەڕەکێك ژیابێت، خۆشەویستی خەڵکی ئەو شوێنە بووە، ئەوەی چووبایەتە ماڵی لە باوەڕدارو بێ باوەر، لە مەسئول و حیمایە، چەندە ڕێزی مەسئولەکەی بکردایە، ئەوەندەیش ڕێزی حیمایەکەی دەکرد و بەردەوام لەپشت سەری پاکەتە خورمایەك هەبووە، ئەگەر بەدەنکە خورمایەکیش بووبێت، دەمی میوانەکانی شیرین کردووەو هەمیشە ئامۆژگاری گەنجانی دەکرد بەتایبەت ئەوانەی چەند فەرموودەو سوورەتێك فێر دەبوون و لەخۆیانەوە فتوایان دەدا، دەیوت ئیسلام دەریایەکی لەبن نەهاتووەو زانستەکەی وەك بیری بە دەرزی وایە، تکایە لەخۆتانەوە بەبێ زانست بڕیار مەدەن، ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك زانای پایە بەرز و چەندین مەزهەبین کە هەموویشیان تەواون و بۆ ئەوە نییە ئێمە ململانێ و بەربەرێکانیان لەسەر بکەین.

ڕۆژێکیان سەرکردەیەکی هێزی پێشمەرگە بەکاری سەربازی دێتە ئەو سنوورە کە نوێژی نەدەکرد، بە دوو دیدارو دیدەنی مامۆستا دەگەڕێتەوە، دەست بە نوێژکردن دەکات و بەڕۆژوو دەبێت، هەر لەو ماوەیە جارێکی تر دێتەوە لای جەنابی مامۆستا، بەڵام ئەوجارەیان لەناو مزگەوت یەکتر دەبینن، سەرکردەکە قورئانێك دەست دەداتێ و لەناو کۆشی دادەنێ و دەڵێت مامۆستا دەمەوێ فێری قورئان خوێندنم بکەی دەمەوێ فێری خوێندنەوەی قورئان ببم. مامۆستاش بەدەم پیاسەوە کە لەناو مزگەوتەکە دەهات و دەچوو، سەیرێکی دەکات و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات. بەرپرسەکە پرسیاری ئەو زەردەخەنەی لێ کرد. ئەویش وەڵامی دایەوە وتی خوا ئەو خوایەیە کە تۆی کردۆتە قوتابی من.

خواناسی ئەو مرۆڤە بەجۆرێ بوو، دۆست و برادەرو خزم و کەسە نزیکەکان و ئەوەی بیناسیایە، هەموو ئەوانەی ئاگاداری کردبۆوە کە لە سەعات نۆی شەو بەدواوە نایەوێ کەس بێتە ماڵی بۆیە ئەگەر لەدەرگای ماڵیشی بدەن ئەوا دەرگا لەکەس ناکاتەوە، مەبەست لەو قسانەی ئەوە بوو تاوەکو لەو کاتە بنووێ بۆ ئەوەی لە نیوەی شەو خەبەری بێتەوە هەڵسێ و شەونوێژ بکات. شەوێکیان مام ئەنوەر کاتژمێر نۆ چارەگی دەویست چوو لەدەرگای ماڵیانی دا، کاتێك مامۆستا جەمال دەرگای لێ دەکاتەوە، بەڕوویەکی گرژەوە پێی دەڵێ ئەوە بەو شەوە بۆچی هاتووی، ئەی من نەموت لەسەعات نۆی شەو دەرگا لەکەس ناکەمەوە؟ کاك ئەنوەر بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێی دەڵێ مامۆستا رووی خۆت گرژ مەکە هێشتا چارەگێك ماوە بۆ سەعات نۆ، من ئەو چارەگەی خۆم لەلات دادەنیشم و دواتر هەڵدەستم و دەگەڕێمەوە ماڵ.

بەداخەوە مردن ئەو شتەی کەس دەرەقەتی نایەت، دوای بەسەربردنی تەمەنێك، بەهۆی نەخۆشییەوە دەکەوێتە ناو جێ و خەڵکێکی بێشومار دەستە دەستەو پۆل پۆل دەچنە سەردانی، ئەگەر پێیان بوتبایە خوای گەورە شیفات بدات.دەیوت دوعای ئیمانم بۆ بکەن من شیفام ناوێ، ئەگەر ئەو جارەیش چاك ببمەوە، ئیدی مردنم هەر لەپێشەو دەبێ بمرم. ساڵی ٢٠١١ لە نەخۆشخانەی رزگاری بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان کردو لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لەشاری هەولێر بەخاك سپێردراو لە رێو رەسمی بەخاکسپاردنیدا زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایانی ئایینی ئامادەبوون شاهیدی ئیمان وتەقوایان بۆی دەدا. گیانت شاد و گۆرت پڕ نوور.

**قسە خۆشەکانی مەلا جەمال تا ئێستایش بە نموونە دەگێڕدرێتەوە، وتی:**

فەقێیەك هەبوو دوای تەواوکردنی نەحو سەرف و باقی کتابەکانی تر، مامۆستاکەی پێی وت ئێستا تۆ خاوەنی دوازدە عیلمی بەڵام عیلمێك ماوە پێویستە بیزانی؟ وتی ئەو علیمە چییە؟ وتی عیلمی ئیدارە. فەقێیەکە وتی پێویست بەوە ناکات مادام خاوەنی دوازدە عیلم بم. مامۆستا ناردیە گوندێك کە مامۆستاکەی کاتی ئەوەبوو خانەنشین بکرێ، کە چووە حوجرەو خۆی بەمەلاکە ناساند، لەو کاتەدا کێشەیەکی تەڵاق هەبوو، مەلاکە دەیزانی تەڵاقەکە نەکەوتووە، بۆیە بەخاوەن کێشەکەی وت بۆ چاککردنەوەی ئەو تەڵاقە

دەبێ بزنێکی ڕەشم بۆ بێنن، بچم بزنەکە لەماڵەوە سەر ببڕم و لەسەر خوێنەکەی ڕاکێشم و نزا بکەم بزانم خوای پەروەردگار چ بیرۆکەیەکم بۆ دێنێ تا ئەو تەلاقەی پێ چاك بکەمەوە. فەقێیەکە خۆی بۆ نەگیرا وتی مامۆستا کەی ئەوە لە دیندا هەیە؟ مەلایەکە بەو قسەیە رقی لێ داگرت، دوو کاغەز و دوو قەڵەمی هێنا کاغەزێکی لای خۆی و ئەویتری دایە فەقێیەکە وتی دەی با هەر یەکەمان لەسەر کاغەزەکەی بنووسێ مار. فەقێیەکە لەسەر کاغەزەکەی خۆی نووسی مار و مەلاکەش چوو رەسمی مارێکی دروست کرد، ئەوجا کاغەزی فەقێیەکەی بەخەڵکەکە نیشانداو وتی سەیرکەن ئەوە چییە؟ خەڵکەکە کەس خوێندەواری نەبوو، وتیان نازانین ئەوە چییە؟ کە کاغەزەکەی خۆی پێ نیشاندان وتی ئەی ئەوە چییە؟ هەمووان وتیان ئەوە مارە هەر ئەوەندە روحی لەبەر نییە. ئەویش وتی ئەو گەنجە هاتووە لە دینتان هەڵگەڕێنێتەوە ئێوە بەوە رازی دەبن؟ هەمووان لێی راست بوونەوە، وەرگەڕانە سەروگوێلاکی فەقێیەکەو تێروپڕیان لێی داو رەوانەیان کردەوە بۆ ئەوشوێنەی لێی هاتبوو، فەقێیەکە چووە لای مەلاکەی جاران و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، مامۆستاکەی وتی من چیم پێ ی؟ نەموت عیلمی ئیدارەت پێویستە؟ ماوەیەك مایەوە، دووبارە بۆ هەمان شوێنی ناردەوە. کە چووە حوجرەکە، مەلاکە ناسیەوە وتی ئەوە خێرە هاتوویەوە؟وتی ئەوەی راستیبێ خەونم بینیوە بۆیە هاتوومەتەوە ئێرە. خەڵکەکە هەستیان لێی راگرت، مەلاکە وتی خەونی وەك چیت بینیوە؟ وتی لە خەونمدا رۆژی حەشر بوو، بانگ کرام دوای لێپرسینەوە لە چاکە و خراپەکانم، تەرازوویان دانا، خراپەم زۆر بوو، تەرازووی خراپەم بەرز بۆوەو تەرازووی چاکەم دابەزی، پێیان وتم تۆ تەنها یەك شت بەفریات دەکەوێ، وتم جا ئەو شتە چییە؟ وتیان برۆ یەك تاڵە موو لە ردێنی ئەو مامۆستا بکەوە چونکە مامۆستایەکی پیرۆزە، یەکسەر تەرازووی چاکەت بەرزدەبێتەوە و بە وهۆیەوە دەچیتە بەهەشت. مەلاکە کەیفی بەو قسانە هات و تەڵە موویەکی لە ردێنی کردەوە. ئەو خەڵکەی ئەوێ وتیان تۆ ئەوەندە پیرۆزبیت دەبێ تاڵە موویەکیش بدەیە ئێمە، وەرگەڕانە سەر مەلاو بەپەندیان برد. فەقێیەکە وتی ئەوها تۆڵەت لێ دەکەمەوە.

# كێن ئەوانەی وەكو سەگ وان ؟

قَالَ تعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ وَإِذۡ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِيٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَأَشۡهَدَهُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَلَسۡتُ بِرَبِّكُمۡۖ قَالُواْ
بَلَىٰ شَهِدۡنَآۚ أَن تَقُولُواْ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنۡ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾ أَوۡ تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أَشۡرَكَ ءَابَآؤُنَا
مِن قَبۡلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةٗ مِّنۢ بَعۡدِهِمۡۖ أَفَتُهۡلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ﴿١٧٣﴾ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ
وَلَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿١٧٤﴾ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ
فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ
فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ
ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۚ فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾ سَآءَ مَثَلًا ٱلۡقَوۡمُ ٱلَّذِينَ
كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَأَنفُسَهُمۡ كَانُواْ يَظۡلِمُونَ ﴿١٧٧﴾ مَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلۡمُهۡتَدِيۖ وَمَن يُضۡلِلۡ
فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿١٧٨﴾ ﴾ الأعراف: ١٧٢ ـ ١٧٨

**واتە: خوا هەر بە فیترەت ئیمانی لە دڵی ئادەمیزاد جێگیر كردووە، بەو فیترەتە پەیمانی لە پشتاوپشتی نەوەكانی ئادەم وەرگرتووە كە ئیمانی پێ بێنن، وە كردویەتییە شایەت لەسەر خۆیان، وە شایەتیان بە خوداو بە تاك و تەنهایی خودا هێناوە، تا لە رۆژی دواییدا نەڵێن ئێمە لە خودایەتی تۆو تاك و تەنهاییت بێ ئاگا بووین و نەمانزانی. جا پەیمان بەم مانایە، رای هەندێك لە موفەسیرەكانە، وەك شێخ حەسەنی بەصری و ابن كثیر (١٧٢) هەروەها تا بەهانەتان نەبێت و نەڵێن بێگومان باو و باپیرانمان بتپەرست بوون و هاوەڵ و وێنەیان بۆ خودا دادەنا، ئێمەیش لە نەوەی ئەوان بووین، وە لەسەر بیروباوەڕی ئەوانین.ئایا بە كردەوەی ئەو بەهەڵەدا چووانە سزامان دەدەیت كە ئێمە بە**

نەزانین ڕێگاو بیروباوەڕی ئەوانمان گرتبوو؟(١٧٣) وەکو ئەو پەیمانە فیترییە کە لە نەوەی ئادەم وەرگیراوە. شایەت و بەڵگەی روونی زۆریش لەم بوونەوەرەدا دەخەینە روو کە هەموویان دەیسەلمێنن خودا تاك و تەنهایە، ئەمە جگە لە پێغەمبەران کە هەر یەکەیان ڕێگای راستی ئایینی خودای بۆ گەلەکەی رووناك کردوەتەوە. خودای میهرەبان رەگی ئیمانی لە دڵی هەموو ئادەمیزادێکدا بە فیترەت چەقاندووە. جا بەهۆی ئەو ژیری و هۆشەی کە خودا بە ئادەمیزادی بەخشیوە ئەم راستیەی بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەتی کاتێك سەرنج بدات لەم گەردوونە کە عەقڵی مرۆڤ تیایدا سەرسام و حەیرانە، بۆی دەسەلمێنێ هەرگیز ئەم گەردوونە لە خۆیەوە دروست نەبووە، بەڵکو دەبێ خاوەن تواناو دەسەلأتدارێکی گەورە دروستی کردبێت، چونکە چوار خشت بەجوانی و بەڕێك و پێکی ناکەونە سەر یەك، ئەگەر کەسێکی زاناو لێزان لەسەر یەکتر داینەنابن، ئیتر چ جای ئەم بوونەوەرە گەورەو سەرسورهێنەرە؟ ئەو هەستەش لە ئادەمیزاددا پێی دەوترێت (فطرة)، جا ئاشکرا بوونی خودایەتی خودا، بە پەیمانی فیترەت لەناو نەوەی ئادەمیزاد، وەکو ئەوە وایە خودا شایەتی بدات بە ئادەمیزاد و پێی بفەرموێت مەگەر من خودای ئێوەو خوڵقێنەرتان نیم؟ ئەوانیش بڵێن بەڵێ ئێمەش شایەتین. بەداخەوە کە کانگای فیترەت لای زۆرینەی خەڵك کوێر دەبێتەوەو، پەیمانی ئیمان لەبیر دەچێتەوە، هەروەك چۆن کانییەك سەرچاوەکەی کوێر بکرێتەوەو ئاوەکەی دابپۆشرێت، ئەمیش وایە. فەرموودەی پێغەمبەری ئازیزیشمان هەیە (ﷺ) کە لەم بارەیەوە دەفەرمووێت: کل مولود یولد علی الفطرة، فأبواه یهودانه أو ینصرانه أو یمجسانه. واتە: هەموو منداڵێك لەسەر فیترەی ئیمان لەدایك دەبێت، بەڵام باوك و دایکی دەیکەنە جولەکە، یاخود دەیکەنە فەلە یاخود مەجوسی و ئاگرپەرست، هەروەها هاوڕێی خراپ و بیروباوەڕی خراپی ناو کۆمەڵگەش کاریگەرییان لەو گۆڕانکاریەدا هەیە(١٧٤) ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەو بێ باوەڕانەی باوەڕت پێ ناهێنن، باسی ئەو کەسەیان بۆ بگێڕەوە کە ئەندازەیەك زانست و زانیاریمان پێدا بوو، بەڵام ئەو

**زانستەکەی لە خۆی دامالّی، هەروەکو ماریّك خۆی لە بەرگەکەی دادەمالّیّت. ئینجا شەیتان شویّنی کەوت و چووە ریّزی گومڕاو سەرلیّشیّواوانەوە، ئەوە ئەو کەسەیە کە خۆی لە فیترەتی ئیمان دادەمالّیّت و پشتی تیّ دەکات(١٧٥) ئەگەر بمانویستایە ئەو کەسەمان بلّند دەکردەوەو ریّزمان لیّدەنا، بەلاّم خۆی ئەمەی نەویست وەکو کەسیّك کە خۆی بدات بە زەویداو نەیەویّت راست ببیّتەوەو، بۆ شویّنکەوتنی ئارەزووەکانی خۆی، هەمیشە لە پەلاماردان و هەلّپەدا بیّت، جا ویّنەی ئەو کەسە وەکو سەگیّکە ئەگەر دەریبکەیت یاخود لیّی بگەڕیّیت و وازی لیّ بیّنیت، هەر هەناسە بڕکیّیەتی، ئەمەیە ویّنەی ئەو کەسانەی ئایات و فەرمانەکانی خودا بەدرۆ دەزانن. ئەی پیّغەمبەر(ﷺ) تۆ ئەم جۆرە باسانە بۆ بیّ باوەڕان بگیّڕەرەوە، بەلّکو بیریّك بکەنەوەو پەند وەربگرن(١٧٦)خراپترین نموونە، نموونەی ئەو کەسانەیە کە فەرمانەکانی ئیّمەو ئایەتەکانمان بەدرۆ دەزانن و خۆیان لە ئیمان دادەڕنن، جا ئەوانە بەو بیّ باوەڕی و کردەوە خراپانەیان تەنها ستەم لە خۆیان دەکەن(١٧٧) هەر کەسیّك خودا هیدایەتی بدات بە شویّنکەوتنی فەرمانەکانی و بیرو ژیری خۆی بخاتە کار بۆ دۆزینەوەی ریّگای راست، ئەوە ئەو کەسە لەسەر ریّگای راستەو هیدایەتدراو و شادو بەختەوەرە، بەلاّم ئەوەی یاخی بیّت و پشت بکاتە پەیمانی ئیمان و خراپەکار بیّت، ئەوە خودا بە کردەوەی خراپی خۆی ریّگای لیّ ویّلّ دەکات، جا بەڕاستی ئەوانە مالّویّران و زەرەرمەندن(١٧٨).**[١١٩]

ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم ئایەتانەی سەرەوە دەبیندریّ:

مرۆڤ دەبیّ هەمیشە لەبیرو باوەڕەکەی بترسیّ با بەردەوام بەرۆژوو بیّت و شەونویّژ بکات. چونکە شەیتانیّك هەیە بۆی لە بۆسەدایە، لەهەموو لایەکەوە بۆی دیّ و لە دۆزینەوەی خالّی لاوازی ئەو کەسەدا زەفەری پیّ دەبا و لەخشتەی دەبات و دنیای لەپیّش چاو جوان دەکات و سەرەنجام ئیمانەکەی لیّ وەردەگریّتەوە. دەگیّڕنەوە

---

[١١٩] –**تەفسری گولّشەن**

لەسەردەمی حەرزەتی موسا (علیه السلام) کابرایەك ناوی بەلعەمی کوڕی باعورا[120] بوو، پیاوێکی ساڵح و خواپەرستێکی گەورەو مەزن بوو، شوێن و مەکانەتی لەلای خوای پەروەردگار بەجۆرێ بەرز و خۆشەویست بوو، هەر نزاو دوعایەکی بکردایە، قەبوڵ دەبوو. کاتێك موسا بۆ بڵاوکردنەوەو گەیاندنی پەیامی خوا دەینێرێتە شاری مەدیەن و دەچێ ئامۆژگاری پاشای مەدیەن بکات، پادشاکە رێزێکی زۆری لێ دەگرێت و تەماحێکی زۆری پێ دەدات، تام و خۆشیەکانی ژیان هەستی دەجووڵێنن، لە ئەنجامی ئەو قسەو رێزگرتنە دەکەوێتە دوای هەواو ئارەزووەکانی و سەرگەردان دەبێت و دەچێتە سەر ئایینی ئەوان و ناگەڕێتەوە لای پێغەمبەر موسا. جا مەبەست لەو ئاینە ئەو رێبازو رێچکە خوارو خلیچکەیە کە خەڵکی مەدیەن پەیڕەویان دەکرد، ئەویش دەکەوێتە زەلکاوی سەرلێشێوایی و خۆی بەزەویەوە دەنووسێنێ. خوای پەروەردگاریش نموونەی ئەو کەسانە بەو سەگە دەچوێنێ کە ئەگەر تاری بنێیت و بۆی بچیت، ئەو لە ماندوویی خۆیدا زمانت لێ دەردەێنێ و ئەگەر وازیشی لێ بهێنی هەر زمان دەردێنێ و خەریکی هاسکە هاسکی خۆی دەبێت.بە واتایەکی دیکە ئەگەر زۆرت بۆی هێنا، هەڵدێ و هاسکە هاسکی پێ دەکەوێ، خۆ ئەگەر وازت لێی هێنا، هەروایەو دێتەوە سەرت، کەسێك ئەمە رەفتارو هەڵسوکەوتی بێت، ئەوە سروشتی هەقیقی تێکچووەو هەرگیز ناگۆڕێ و هەر رۆژەی لەسەر پەتێك یاری دەکات، ئەوەش زیاتر لەسەر ئەو کەسانە جێ بەجێ دەکرێ کە

[120] -عەبدوڵلای کوڕی مەسعود دەڵێت ئەو کەسە بەلعەمی کوڕی باعوراه،. ئیبن مەسعود دەڵێت ریوایەتەکان لەسەر ناوی ئەو کەسە جیاوازەو ئاڵۆزی زۆری پێوە دیارەو ئاماژە بە بەلعەمی کوری باعورا دەکات. هەندێکی تر دەڵێن ئەو کەسە پیاوێکی عەرەب بووە بەناوی ئومەییەی کوڕی سەڵت و هەندێکی تر دەڵێن ئەو کەسە ناوی أبو عامر الفاسق بووە و بۆچوونێکیش هەیە کە ئەو کەسە هەر لە پاش حەزرەتی موسا بووە ، بەڵام گونجاوترین بۆچوون ئەوەیە مادام قورئان ئاماژەی بە ناوەکەی نەکردووە، ناکرێ لەسەر ناوەکەی جەوهەری بابەتەکە کورت بکەینەوە، بۆیە گرنگ ئەوەیە بزاندرێ کە ئەوانەی بڕوا ناهێنن و ملکەچی ئایەتەکانی خوا نابن دوای ئەوەی هەموو شتیان بۆ روون کراوەتەوە، ئەوە هەر لە دوودڵی و رارایی و ئەمبەرو ئەوبەر دەبن و حاڵیان وەك حاڵی سەگێکی ماندوو وایە کە هەرگیز سروشتی خۆی تێك نەداوەو هەر هاسکە هاسکی خۆی دەکات و هەر رۆژەی دەچێتە سەنگەرێك و هەر رۆژەی لە دەرگایەك دەدات و لەمبەرو ئەوبەری خۆی ناکەوێت.

باوەڕیان بەخواو پەیامبەرەکەی هێناوەو دواتر ستەمیان لەخۆیان کردووە و ڕێگەی هەقیان گوم کردووە و ئایەتەکانی خوای پەروەردگاریان بەدرۆ هێناوەتەوەو کاریان پێی نەکردووە. مەبەست لەهێنانەوەی ئەو نموونانە ئەوەیە بیر بکەنەوەو ئامۆژگاری وەربگرن و لەڕێی راست لا نەدەن.

## قورئان خوێن بوو حاشای لە قورئانەکە کرد

**عن ابي هريرة(رضي الله عنه)عن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال: ( ان العبد اذا أخطأ خطيئة في قلبه نكتة سوداء فاذا هو نزع واستغفر وتاب سقل قلبه واذا عاد زيد فيها حتى تعلو قلبه وهو الران الذي ذكرالله** ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ المطففين: ١٤) **حسن رواه الترمذي(٣٣٣٤)**

**واتە: بێگومان ئەگەر بەندە گوناهێکی کرد خاڵێکی رەش لە دڵی دا دروست دەکرێ جا ئەگەر دەستی هەڵگرت و داوای لێخۆشبوونی کردو تۆبەی کرد، دڵی سپی و ساف دەبێتەوە بەڵام ئەگەر گەڕایەوە، خاڵە رەشەکان لە دڵیدا زیاد دەکرێ تاوەکو دڵی دادەپۆشێ ئەوە ئەو (ران)ەیە کە خوا باسی کردووە کە دەفەرموێ:** ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ المطففين: ١٤ **واتە: ئەو وانییە، بەڵکو ئەوەی کە دەیانکرد لەخراپە پەردەی هێناوە بەسەر دڵیاندا.**

برادەرێکم گێڕایەوە کە حەزی نەکرد ناوی بێنم، وتی:

باوکم کەسێکی خواپەرست و خواناس بوو. دوای بەسەربردنی تەمەنێك تووشی نەخۆشی بوو. کەوتە ناو جێ و لە کۆتا ساتەکانی ژیاندا بوو، هەر ئەوەتە روحەکەی دەرنەدەچوو، بە ئیشارەت داوای لێکردین لەدەوری کۆ ببینەوە. ئێمەش هەموومان چووین لە تەکیەوە دانیشتین. وتی برۆن قورئانم بۆ بێنن. ئێمەیش دڵمان خۆش بوو ئەوە باوکمان لە دوا ساتەکانی ژیانیدا داوای قورئان دەکات، ئەگەر بمرێ ئەو قورئانە شاهێدی بۆ دەدات.

یەك لە براکانم بەخێرایی چووە ژوورەکەی دیکەو ئەوەندەی پێ نەچوو، قورئانەکەی هێناو هاتەوە، بۆی راگرت. باوکم بەهەڵپەیەکەوە قورئانەکەی لەدەست وەرگرت و وتی

کوڕینه ئێوه به شاهید دهگرم، من لهم لهحزهوه لهم قورئانه بێ بهریم و باوهڕم بهو قورئانه نییه،

قسهکهی تهواو نهکرد، لرخه لرخێکی لێوههات و گیانی دهرچوو.

## فهقێیه مهسیحیهکه

لهیهکێك له مزگهوتهکانی شاری ههولێر، چهند فهقێیهك ههبوون، بۆ درێژهدان بهخوێندنی ئایینی له حوجرهی فهقێیاتی دهرسیان دهخوێندو شهو و ڕۆژ ههر لهو مزگهوته دهمانهوه.

فهقێیهکان بههۆی نهبوونی بڵندگۆوه، لهکاتی بانگدان دهچوونه سهر منارهو بانگیان دهدا. یهك لهو فهقێیانه ههرچی جارێ بۆ بانگدان بچووبایه سهر منارهکهو بانگی بدایه، ڕێك له بهرامبهر مزگهوتهکه ماڵه مهسیحییهك ههبوو، کچێکی جوانیان ههبوو له یهکهم تیله نیگاو گواستنهوهی نیگاکانیاندا هۆگرو متووی یهك بوون. له دهرفهتێکدا کچهکه ملوانکهیهکی به خاچی دهداتێ و داوای لێ دهکات له ملی بکات. ئهویش له ملی دهکات و بهڵێنی پێ دهدات له داهاتوودا بیهێنێ و ئهگهر پێویست بکات ئهوه واز له دینی ئیسلام دێنێ و دهبێته مهسیحی.کهس بهو نهێنیهی نهدهزانی تا دواجار لهسهر منارهکه بهدهم بانگ دانهوه ههر دێته پێش و بههۆی ئهوهی ههر چاوی لهسهر ئهو کچه بوو، ئاگای لهخۆی خۆی نامێنێ و بهردهبێتهوه و دهمرێت. کاتێك دهیانهوێ بیشۆن، سهیر دهکهن ملوانکهیهکی به خاچی لهملدایه.

## چووه حهج و لهسهر مێزی ئارهقخواردنهوه گیانی دهرچوو

**حاجی عهباسی حهمهرهش گێڕایهوه، وتی:**

مهحمود ناوێك ههبوو، لهم ساڵانه وهفاتی کرد، ئهو کابرایه ههر لهمنداڵیهوه له گهڕهکێك بهیهکهوه بووین، ههڕهتی لاوێتی به قومارو ئارهقخواردنهوه بهڕێ کرد و لهڕێی چهند کهسێکی موسڵمانهوه خوا هیدایهتیدا، گهڕایهوه، بووه موسڵمانێکی پابهند و ههر لهو ماوهیهدا خوا حهجی بهنسیب کردو بووه حاجی.کهچی بهو دواییه برادهرایهتی ئهو کهسانهی دهکرد که کاتی خۆی لهگهڵیاندا قوماری دهکرد و ئارهقی دهخواردهوه. وایلێهات بهوای ئهوانهوه وازی لهنوێژکردن هێناو کهوته قومار کردن و ههر بهوه نهوهستا

دووبارە گەڕایەوە سەر سفرەی مەشروبات و دەستی کرد بە ئارەق خواردنەوەو دواجار لەکاتی مەست بوونیدا، بەسەرخۆشی دەکەوتە سەر مێزی ئارەقخواردنەوەو گیانی دەردەچێ.

# ببەخشە چونکە بە بەخشین ماڵ زیاد دەبی

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ﴾ فاطر: ٢٩

**واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە پەیامی خوا، قورئان دەخوێننەوەو نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجامداوەو لەو رزق و رۆزی و سامانە جۆراو جۆرانەی پێمان بەخشیوون، بەخشیوویانە، بەنهێنی و بە ئاشکرا (بەنهێنی بۆ ئەوەی ریاو رووپامایی تێکەڵ نەبێت، بە ئاشکراش بۆ هاندانی خەڵکی) ئەوانە بە ئومێدی بازرگانیەك ئەو کارە دەکەن کە هەرگیز نائومێد و زەرەرمەند نابن).**[121]

بەخشین جگە لەوەی پێچەوانەی خۆپەرستیەو مرۆڤەکان لەجیاتی دەست قوچان، لەپی دەستیان دەکەنەوە و دەبەخشن. لەتەکدا نیشانی دەدەن ئەم کارە بەهایەکی بەرزە و

[121]– پێغەمبەران دروودی خوایان لەسەربێ، هەموویان بۆ وشیاری کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی دادگەری و بەرقەرابوونی ئاسایش و چاکەکاری و خواناسی نێردراون و هەر یەکەیان بە پەیامێکەوە چووەتە ناو کۆمەڵگا داخراو و گومڕاکان، بۆ نموونە عیسا پێغەمبەر بەهۆی شاکارە نایابەکانییەوە کە لەبەردەمی جووەکاندا دەینواند، کەسانێکی زۆری نووساندبوو بەخۆیەوە. خودای گەورە دەسەڵاتی دابوویە کوێر و شەل و گڕوی چاك دەکردەوە، هەر نەخۆشێکیان ببردایە لای بەدەست پیاهێنانێکی ئەو بەسەر جێی نەخۆشیەکەیدا چاك دەبووەوە، گەلێك مردوویشی زیندوو کردەوە، ئارەزووی بکردایە بەچەند کولێرە و چەند ماسییەك هەزاران کەسی تێر دەکرد.
جارێکیان شاگردەکانی داوایان لێی کرد لە ئاسمانەوە نان و چێشتیان بۆ بهێننە خوارەوە، خوای گەورە بۆی ناردن. بەرامبەر ئەم هەموو یارمەتیانەش کە دەیدا بەو هەژار و داماو و لێ قەوماوانە، یاخود بەو دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندانە هیچ شتێکی وەرنەدەگرت، بەخۆڕایی بۆی دەکردن، لەڕێی خوادا دەیکرد، تا جووەکان باوەڕ بە پێغەمبەرێتیەکەی بێنن و پەیڕەوی بکەن لە ئایینە تازەکەیدا، بەهەزارانیش دەهاتنە سەر ئایینی مەسیحی.

مرۆڤ بۆ لوتكەی بەرزی مرۆڤایەتی بەرز دەكاتەوە، رێز و خۆشەویستی راستەقینە بەوانە دەدات كە لە رابردوودا ئێش و ئازاریان بینیوە. جا ئەو كەسانەی بەڕاستی لەپێناوی خوا دەبەخشن، ئەوەی ئەنجامی دەدەن نایكەنە منەت بەسەر كەس و بیّ هیچ بەرامبەرێك ئەو كارە دەكەن. هەر ئەو سیفەتە جوانانەیە وایكردووە بەكەسی بەخشەر بلّێن ئەو مرۆڤانەی دەبەخشن نموونەیان وەك دار مێوە، دار مێو بەرێكی بێشومار دەدات و میوەیەكی بەپێز و بەتام و چێژیش دەبەخشێت.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ئەگەر یەكێكتان ئیسلامەتیەكەی بەباشی ئەنجامدا، هەر چاكەیەك دەیكات دەقات بۆی دەنووسریّ هەتا حەوت سەد قات، هەر خراپەیەكیش كە دەیكات بەقەد خراپەكە بۆی دەنووسریّ هەتا دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە.

چاكە و خواترس مرۆڤ دەكاتە پایەی خواناسی.چاكەكردن هیچ سنوورێكی نیە و لەهیچ خالّێكدا ناوەستیّ لەكاتێكدا هەمووما‌ن خۆشترین خواردن دەخۆین كە دەگەینە ئاستی تێر بوون، دواجار دەست بەرداری دەبین و دەست هەلّدەگرین. تاقە شتێك پیاوی چاك و پیاوی خراپ لەسەری كۆكبن ئەوەیە كە بەشتێك نەوتریّ خراپ ئەگەر لە ئەسلّدا ئەو شتە چاك بێت، بۆیە چاكەكردن دلّ رادەكێشیّ و بەرد نەرم دەكات بەوەی مرۆڤە قین لەدلّەكان، دلّیان بەرامبەری بگۆڕیّ لە دوژمنایەتییەوە بۆ دۆستایەتی ئەگەر ریایی نەبێت، وە ئەگینا ئەو كارانە تەنها لەو كەسانە دەوەشێتەوە كە كردەوەی جوان و پەسند و مەردانە پیادە دەكەن و ئەو چەكەیان بەدەستەوەیە بتوانی هەموو تەنگژە و كێشەكانی ژیانی پیّ لەبەین ببەن، ئەوەش كورتترین رێگەیە بۆ نزیك بوونەوە لەخوای پەروەردگار، جا ئەگەر كەسێك بیەویّ لەم ژیانە سەرفرازو سەركەوتوو بێت، ئەوە جگە لە چاكە و چاكەكاری، بیر لەكارێك ناكاتەوە دژ بە چاكە بێت، بۆیە ئەگەر بیەویّ چاكەیەك لەپێناوی خوا بكات، چاوەڕوانی پاداشت لەكەسی بەرامبەر ناكات چونكە هەر چاكەیەك بۆ خوابێت ئەوە خوای پەروەردگار دەقات و زیاتر چاكەی دەداتەوە، هەر ئەوانەش لەپێناوی خوا چاكە دەكەن و دەبەخشن كە خوا دەناسن و خوایان خۆش دەویّ. ئەگەر چاكەت بەرامبەر بە كەسێك كرد و ئەویش بەخراپە پاداشتی دایتەوە،

دڵتەنگ مەبە وابزانە خوای پەروەردگار بەرامبەر بەکارەکانت تاقیت دەکاتەوە.لە ژیان تاقە شتێك بۆ مرۆڤ بمێنێتەوە، کردەوە چاکەکانیەتی.

## هەر چاکەیەك بۆ موسڵمان بە دە چاکە دەنووسرێت[١٢٢]



**مامۆستا فەرمان مستەفا رایەتی گێڕایەوە، وتی:**

برادەرێکم وتی من لەوەتەی خۆم ناسیوە هیچ بڕوانامەیەکی ئەوتۆم نەبوو تا لەو رێیەوە لەدام و دەزگاکانی حکومەت دابمەزرێم، بەناچاری رووم کردە کرێکاریی و لەو رۆژەوە ئەوە بۆتە پیشەی من.

[١٢٢]- چاکەکردن لەوەدایە ئەگەر دوو کەس قسەیان نەبوو کامەیان زوو ئاشت دەبێتەوە. نێوەندگیری بۆ هەر کارێکی خێر بەخێر دادەندرێ، تەنانەت ئەگەر هەنگاوەکانیان بۆ ئاشت کردنەوەی دوو کەس بێت کە بەشەڕ هاتبن، یان قسەیان لەگەڵ یەك نەبووبێت.

دەگێڕنەوە دوو گەنجی گیانی بەگیانی هەر لە منداڵیەوە لەگەڕەکێك پێکەوە گەورە ببوون، هەمیشە دڵیان بەرامبەر یەك گەردی نەدەگرت، بێ یەك هەڵیان نەدەکرد و نەدەحەوانەوە، رۆژێکیان هەر لە دەمەتەقێی نێوانیان، قسەیەك لەم و قسەیەك لەو، لێك هەڵگەڕانەوە، وەها گرژینەوە خەریك بوو دەست لەیەك بوەشێنن و لەیەك بدەن، بەلاّم هەر زوو لەلایەن چەند کەسێکی ئەو دەوروبەرە، نەیانهێشت کێشەکەیان لەوە زیاتر گەورەتر ببێت. هەر یەکەیان بەلایەکدا رۆیشت و لەو رۆژەوە قسەیان لەگەڵ یەك پچڕاند، بەلاّم هەر دووکیان گەلێ دڵتەنگ بوون بەوەی لەیەك دوور کەوتنەوە، تەنانەت یەکێکیان کە زۆر پەرۆشی دیتنی هاوڕێیەکەی بوو، لەناو هەندێ لە برادەرەکانی وتی دەبزانە بێ نرخێك نییە ئاشتمان بکاتەوە. ئەوەندەی نەبرد دوای چەند رۆژێك کابرایەکی کاملی گەڕاوەی خواناس بانگی سێ لە هاوڕێکانی کرد بچن بەیەکەوە قسە لەگەڵ ئەو دوو گەنجە بکەن و پێکیان بهێننەوە، کاتێك پرسیاریان لێ دەکەن ئەوە بۆ کۆبوونەتەوە، بەتەمای چین؟ وتیان بۆ کارێکی وا کۆبووینەتەوە. بەکابرایان وت قوربان ئەگەر بەقسەمان دەکەی هەقت بەسەر ئاشتبوونەیان نەبێت. وتی بۆ، چی بووە؟ وتیان ئێمە بەگوێی خۆمان گوێمان لێ بوو ئەو گەنجە دەیوت دەبزانە بێ نرخێك نیە ئاشتمان بکاتەوە، جا یەکێك ئەوە قسەو باسی بێت ئیدی هەقت چیە؟ کابرا دایە قاقای پێکەنین و وتی ئێمە بۆ ئەو کارە خێرە گوێ بەوە نادەین چی وتوە و چی نەوتووە، ئێمە چونکە چوار کەسین بێ نرخیەکە هەمووی بۆ من نییە، سەروو هەندێ لەو بێ نرخیەمان بەر دەکەوێ بەمەش بێ نرخییەکە ئەوەندە کاریگەری نابێت.

ڕۆژێکیان خێزانەکەم نەخۆش بوو، وێڕای مەسرەفی ئەو ڕۆژە، تەنها دە دینارم لە باخەڵدا مابوو، ویستم خێزانەکەم ببەمە بنکەی تەندروستی مەلا فەندی لەگەڕەکی باداوە، سوبحانەڵڵا لەو کاتەدا کە دەمانویست بچینە ژوورەوە، کابرایەکی هەژار و نەدار هاتە پێشم و بەدەم نەزاکەت و پاڕانەوە گەلێك نووزایەوە خێرێکی پێبکەم، دڵم جەم بوو لەجێوە دەستم بردە باخەڵم و ئەو دە دینارەی لە باخەڵمدا بوو دەرمهێنا و پێمدا، ئەوجا رووم کردە خێزانەکەم و پێموت ژنەکە دەبێ بمبووری هەر ئەوەندەم لە باخەڵدا بوو با بچینەوە خوا گەورەیە بەیانی ئیشەڵڵا دەچمە ئیش و بۆ ئێوارەکەی دێینەوە.

خێزانەکەم هیچ ناڕەزاییەکی دەرنەبڕی لێم بێتە جواب و بڵێ پیاوەکە ئەوە کەی ئیش بوو کردت، بۆچی ئەو پارەت دایە ئەو کابرایە؟ روومان وەرچەرخاند بگەڕێینەوە ماڵ، پازدە بیست مەترێك نەڕۆیشتین، تووشی هاوڕێیەکی هەبووی خۆم بوو، لە دوورەوە کە منی بینی بزەیەکی نایە سەر لێو و کە گەیشتە لام، دوای چاك و چۆنی و هەواڵپرسین، بێ ئەوەی هیچ بابەتێك بکاتەوە، لەجێوە دەستی نایە باخەڵی و هەندێ پارەی ژمارد و وتی ئەوە چەند ڕۆژێکە لە خەیاڵمی و نەمدەزانی چۆن بتبینم، فەرموو ئەوە ئەمانەتیەکە بۆ تۆم داناوە وەری بگرە.

منیش پارەکەم لێی وەرگرت و دوعای بەخێرم بۆی کرد، دوای ڕۆیشتنی، پارەکەم ژمارد سەیرم کرد سەد هەزار دینار بوو، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە بەخێزانەکەم وت ئەوە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە هەر چاکەیەك لای خوا بە دە چاکەیە، من دە هەزارم بەخشی و خوا سەد هەزاری پێدام. زۆر سوپاسی خوای پەروەردگارم کرد و دووبارە رووومان وەرگێڕا و یەکسەر بردمە لای دکتۆری پسپۆر و دوای وەرگرتنی چارەسەری، بەخۆشحاڵی گەڕاینەوە ماڵ.

## دە هێلکەی بەخشی و نەوەت هێلکەی بۆ هاتەوە

بانگخوازی بەناوبانگی جیهانی ئیسلامی محەمەد راتب نابلسی لە محازەرەیەکیدا سەبارەت بەو فەرموودەیەی باس لەوە دەکات کە هەر چاکەیەك لەلای خودا بە دە چاکە دەنووسرێت، دەگێڕێتەوە:

ڕۆژێکیان کابرایەکی هەژارو داماو لەدەرگای ماڵێك دەدات، خاوەن ماڵەکە کەسێکی خواناس بوو، بە کچەکەی دەڵێت کچم بڕۆ ئەو دە هێلکەی هەمانە هەمووی بۆ ببەو بیدەرێ.

کچەکەی هێلکەکانی بۆ دەبات و پێی دەدات.کاتێك گەڕایەوە لای باوکی، پێی وت بابەگیان نەدەبوو هەموو ئەو هێلکانەت بەجارێ پێ بدایە؟

باوکی وەڵامی دایەوە وتی خوای گەورە وەڵامی چاکە بە چاکە دەداتەوە.

بۆ ئێوارە لەدەرگایاندا.کاتێك دەرگایان کردەوە، بینیان ئەوە سەبەتە هێلکەیەکیان بۆ هێناوە.

کاتێك باوکی کچەکە هێلکەکانی ژمارد، سەیری پێ هات نەوەت هێلکە بوو، بۆیە ڕووی کردە کچەکەی و وتی من شتێك لەم بابەتە دەخوێنمەوە، لەجیاتی نەوەت هێلکە بۆچی سەد هێلکە نەبوو لەکاتێکدا لەلای خوای پەروەردگار هەر چاکەیەك بە دەچاکەیە؟

کچەکەی هەر زوو وەڵامی دایەوە وتی بابە گیان بۆ ئەوەی ڕاستیەکانت لێ نەشارمەوە، ئەو کاتەی پێتوتم هێلکەکانی بۆ ببەم، حەزم چووە هێلکەو لەنیوەی ڕێگە هێلکەیەکم لەو دە هێلکەیە بۆ خۆم گێڕایەوەو دواتر بەدزی تۆوە خواردم.

## ماڵ بە بەخشین زیاد دەکات

**پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێت: هیچ ڕۆژێك نیە کە بەندەکان بەیانی تێدا بکەنەوە ئیللا دوو فریشتە دێنە خوارەوە، یەکێکیان دەڵێت ئەی خودایە ئەوەی کە دەبەخشێ بۆی لەجێ دابنێوە، ئەوەی تریشیان دەڵێت ئەی خودایە ئەوەی دەست دەگرێتەوە لەماڵ بەخشین، ماڵەکەی لەنێو بەریت و بیفەوتێنیت.**[١٢٣]

**مامۆستا مەلا عەزیز سۆفی بۆی گێڕامەوە، وتی:** ڕۆژی هەینی بوو، لەسەر مینبەر وتارمداو پێش تەواو بوونی وتارەکە، ڕووم کردە ئامادەبووان و داوام لێکردن بۆ

[١٢٣] - **عن ابي هريرة (رضي الله عنه)أن النبي(ﷺ) قال: ما من يوم يصبح العباد الا ملكان ينزلان فيقول أحدهما: اللهم أعط منفقا خلفا ويقول الاخر: اللهم أعط ممسكا تلفا)رواه البخاري(١٤٤٢) ومسلم(١٠١٠)**

پێداویستی مزگەوتەکەو نۆژەنکردنەوەی بەشی پێشەوەی مزگەوتەکە، ئەوەی دەیەوێ سەدەقەیەکی نەبڕاوە بۆ خۆی مسۆگەر بکات، دەتوانێ بە ٢٥٠دینار بەشداری لەو خێرە بکات. دوای نوێژ، ئەو خەڵکە هەر یەکە بەپێی توانای خۆی بڕە پارەیەکی دادەناو دەڕۆیشت، وەلێ گەنجێکم دەناسی سەوزەو میوەی لەسەر عارەبانە دەفرۆشت و گەلێ جار بە کۆڵانەکەماندا دەهات و تێ دەپەڕی، ئەوەندەی نەبرد گەنجەکە رۆیشت و گەڕایەوە لەگەڵ دەستی خۆیدا دەخیلەیەکی قوتووی هێنا و وتی فەرموو مامۆستا. پێموت ئەوە چییە؟ وتی مامۆستا تۆ دەمناسی و دەزانی عارەبانەی دەستیم هەیە و تەڕە و میوە دەفرۆشم. لەو رۆژەوەی ئەو عارەبانەم کڕیووە، بەڵێنم بەخوای خۆمداوە، وتم خوایە گیان من و تۆ لەو کاسبیەدا شەریکین و هەر خێرێکم کرد دەیکەمە نیوە. نیوەی بۆ ماڵ و منداڵم و نیوەکەی تریش بۆ تۆ، بۆیە رۆژانە چەند خێر بکەم قازانجەکەی دەکەمە دوو بەش، بەشێکیان بۆ ماڵەوە دادەنێم و بەشەکەی دیکەیش دەکەمە ناو ئەو دەخیلەبە، فەرموو ئەو پارەیە هی خوای پەروەردگارەو لەوەتەی ئەو پەیمانەم لەگەڵ خوای خۆم بەستووە، قەت رۆژێ لە رۆژان هەستم بەوە نەکردوە لەم کارەدا زەرەرم کردبێت. کاتێك دەخیلەکەمان کردەوە، (سبحان الله) پارەیەکی ئەوەندە زۆری تێدا بوو بەقەد نیوەو زیاتری ئەو پارەیە بوو کە ئەو خەڵکە لەو رۆژە بەخشیان.

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت: کێ ئەم پێنج وتەیەم لێ وەردەگرێ و کاریان پێ بکات و کەسانێك فێر بکات کەوا کردەوەی پێ بکەن؟**

**(أبو هريره) فەرمووی: وتم من وەریاندەگرم ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەریش(ﷺ) دەستمی گرت و فەرمووی:**

**١- لە حەرامکراوەکان خۆت بپارێزە، دەبیتە خواپەرسترینی خەڵك.**

**٢- رازی بە بەوەی کە خوا بەقسمەتی کردوویت، دەبیتە دەوڵەمەندترینی خەڵك.**

**٣- چاکە بکە لەگەڵ دراوسێکەتدا، دەبیتە ئیمانداریکی تەواو.**

**٤- ئەوەت بۆ خەڵك پێ خۆشبێ کە بۆ خۆت پێت خۆشە، دەبیتە موسڵمانێکی تەواو.**

**٥- زۆر پێمەکەنە، چونکە زۆر پێکەنین دڵ دەمرێنێ.**

# بەرهەمی ئارامگرتن

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ قُلۡ يَٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞۗ وَأَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌۗ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾ الزمر: ١٠

**واتە: بەو بەندانەم بڵێ کە خاوەن باوەڕن: لە پەروەردگارتان بترسن و خواناسبن، بێگومان بۆ ئەوانەی لەم دنیایەدا چاکە دەکەن، پاداشتی چاك هەیە، زەوی پەروەردگاریش فراوانە ئەگەر لە شوێنێك دنیاتان لێ تەنگ کرایەوە کۆچ بکەن بۆ شوێنێکی تر بەراستی تەنها خۆراگران پاداشتیان بێ سنوورو بێ ئەندازەیە.**

**ئارامگرتن سێ جۆرە:** ئارامگرتن لەسەر فەرمانبەریی(الطاعة). ئارامگرتن لەسەر نەکردنی گوناه.ئارامگرتن لەسەر ناخۆشی و نەخۆشی و ناڕەحەتییەکان.

پێغەمبەر (ﷺ)دەیفەرموو:**خوایە رزق و رۆزی ماڵی خێزانەکەی محەمەد هەر ئەوەندەبێ نە زیاد لە پێویستی بێ و نەکەمیش.**

**لوقمانی حەکیم دەڵێت:** خەڵکی خۆڕاگر لەکاتی تووڕەبوون دەناسرێت، ئازاش لەکاتی جەنگدا، کەس وکاریش لەکاتی تەنگانەدا.



**د. بەختیار سەعید دەڵێت:** ئارامگرتن پێویستیەکی بەردەوامی مرۆڤە بۆ ئەوەی ژیانی خۆی پێ جوان بکات.ئارامگرتن بەرهەمی هەیە و هەستی پێ دەکەین. ئەوەی لە ئارامگرتن دەست دەکەوێ هەرگیز لە تووڕەبوون دەست ناکەوێ.کورد وتەنی سەبر تاڵە بەڵام بەرهەمەکەی شیرینە، پەشیمان بوونەوەی دوای تووڕەبوون ئەو هەستەیە زیاتر ئەوانە درکی پێ دەکەن کە دەبینن لەبێ ئارامیدا چ هەڵەیەکی گەورەیان ئەنجامداوە. ژیانی هەمووومان ئارامی پێویستە، ئەوەتا تەمەنە دوورو درێژەکان لە خوێندن، خێزانداری، پیشەگەری، شوفێری و...هتد. ئەگەر ئارامگری تێدا

بەرجەستە نەبێت، کەس ناتوانێ بەردەوامی پێ بدات. ئایینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی زۆری بەم بابەتە داوەو هەمیشە هانی موسڵمانان دەدات ئارامگربن کە لە بەرامبەردا خوای پەروەردگار پاداشتیان بداتەوە.[١٢٤]

**ئەفلاتون دەڵێت:** ئەوانەی وانەی ژیانێکی بەختەوەریان دەوێت، پێویستە لەسەریان ئارامگربن و بەهەموو توانایەکەوە لە توندڕەویی هەڵبێن، ئەمە ئەو ئامانجەیە مرۆڤەکان دەکاتە برا، پێویستە لەم پێناوەدا هەموو تواناکان و تواناکانی دەوڵەتیش بەگەڕ بخرێ. ئارامگرتن بەشێکە لە دادوەری و لەهەمان کاتیشدا شادومانییە، بۆیە ناکرێ ئارەزووەکان بەڕەڵا بکرێن کە هەرگیز تێر نابێت و مرۆڤ دەخاتە دۆخێکەوە کە ژیانی وەکو دزی لێدێت. ئەم ئایدیاڵە هەرگیز نابێتە هاوڕێی مرۆڤ و خودا، چونکە توانای بەشداری نییە و توانای هاوڕێیەتی نییە.[١٢٥]

---

[١٢٤] - د. بەختیار سەعید مەحمود ساڵی ١٩٨١ لە شاری کەرکوک لەدایك بووە، ساڵی ٢٠٠٣بەشی مێژووی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردووەو ساڵی ٢٠٠٨ لە هەمان کۆلێژو لە هەمان بەشدا ماستەری بەدەست هێناوەو ساڵی ٢٠١٢ لەزانکۆی کۆیە لە بەشی مێژوو دکتۆرای تەواو کردووە، پلەی زانستی پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد.ئێستاش مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، بەشی کۆمەڵایەتی.

[١٢٥] - مامۆستا تاریق عەبدولقادر باپیر لە قوتابخانەی ئاوێزەی بنەڕەتی هەبوو، ڕۆژێکیان بەڕێوەبەرەکەی باس لە خەمخۆری و دڵسۆزی ئەو مامۆستایە دەکات و بەسەرهاتێکی ئەوی بۆ گێڕامەوە، منیش داوای بینینیم کردو ئەویش بۆی گێڕامەوەو وتی: ساڵی ٢٠٠٨ لە پەروەردەی شەقلاوە لە قوتابخانەی (دوین) مامۆستا بووم،ماڵمان لە هەولێر گەڕەکی کووران بوو، کاتێك منداڵێکی شەش مانگیمان مرد، بەیانی بوو، بەیانیانیش دەبوو بە کۆستەر لەگەڵ مامۆستاکاندا بچمە دەوام. بەخێزانەکەم ڕاگەیاند تەلەفۆن بۆ دایکی بکات کە ئەو کات ماڵیان لە شارەدێی خەلیفان بوو تا دەچمە دەوام و دێمەوە لەسەر ئەو موسیبەتەدا لەلای کچەکەیانبن، لەبەر قوتابییە چاوگەشەکان ئامادە نەبووم ئیجازە وەربگرم لەکاتێکدا قوتابییەکان چاوەڕێیان دەکردم. منداڵە مردووەکەم لە سەر پەنجەرەی ماڵەوە دانا و چوومە دەوام و هاتمەوە هەر لەوێ بوو، دواتر شاردمانەوە ، ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنبێ بەناوی ئۆفەوە(نەبوونی دەوام) لەساڵی ٢٠١٦-٢٠١٧ کاتێك سەردانی ناوبراوم کرد وەك یاریدەدەر لەو قوتابخانەیە، بۆم دەرکەوت یەك ڕۆژ نە ئیجازەو نە ئۆفی وەرنەگرتووە.

خاتوو عائیشه دەیفەرموو:( **ما شبع ال محمد من خبز الشعير يومين متتابعين حتى قبض**) واته: ماڵ و خێزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا ئەو کاته پێغەمبەر گیانی سپارد، دوو رۆژ بەدوای یەك لەنانی جۆ تێر نەبوون.

هەروەها پرسیاریان له سەهلی کوڕی سەعد کرد ئایا پێغەمبەر (ﷺ) نانێکی وای خواردووه ئاردەکەی شتێکی تیا نەبێ؟ واته وەك گەنمی رووت بێ، گوتی لەو کاتەوەی بوو به پێغەمبەر و تا گیان سپاردنی نانێکی ئاوای نەبینی.[١٢٦]

له ریوایەتێکی دیکەدا (عائیشه)ی دایکی ئیمانداران به عەروه دەڵێت: ئەی کوره براکەم! لەماوەی سێ مانگ لەماڵەکەی پێغەمبەری خوا، ئاگر بۆ چێشتلێنان نەکراوەتەوه. عەروه گوتی پووریێ خواردنات چی بوو؟ ئەویش گوتی: خورماو ئاو، بەڵام ئەوه نەبێ که پێغەمبەر (ﷺ)دراوسێیەکی ئەنصاری هەبوو مەڕیان هەبوو دەیاندا بۆ خواستن(الاستعاره) تا سوود له شیرەکەی وەربگرن، جا لەشیری مەڕەکان بەشی پێغەمبەریان دەدا.[١٢٧]

پێغەمبەر زۆرجار که دەچووه ماڵەوه داوای خواردنی لەخێزانەکانی دەکرد، ئەگەر خواردنیان نەبوایه پێغەمبەر دەیفەرموو من به رۆژووم، رۆژووی (تطوع).[١٢٨]

---

[١٢٦] – سئل سهل بن سعد: هل اكل النبي النقي؟ فقال ما رأى رسول الله النقي منذ ابتعثه الله حتى قبضه. رواه البخاري.

[١٢٧] -( يا ابن اخي! انا كنا ننظر الى الهلال ثم الهلال، ثلاثة اهلة في شهرين، وما اوقدت في ابيات رسول الله نار! فقلت: يا خالة ما كان عيشكم؟ قالت: اسودان التمر والماء! انه كان لرسول الله(ﷺ)جيران من الانصار لهم منائح وكانوا يمنحون رسول الله (ﷺ)من البانها فيسقينا) رواه البخاري.

[١٢٨] – رۆژێکیان فاتیمه هاته خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)تاوەکو سکاڵای ئەوەی لەلادا بکات که بەهۆی دەستاڕەوه دەستی تلۆقاوه، پێشی گەیشتبوو پێغەمبەر(ﷺ) کۆیلەی بۆ هاتووه بۆ ئەوەی بەندەیەکی بداتێ ئیشی بۆ بکات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ)لەوێ نەبوو، ئەمەی لەلای خاتوو عائیشه باس کرد، خاتوو عائیشه ئەم هەواڵەی بەپێغەمبەر(ﷺ) راگەیاند.ئیمامی عەلی رەزای خوای لێ بێ دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ)هاته ماڵمان ئێمه راکشابووین، جا که هات هەستاین، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی هەڵمەستن هەر لەشوێنی خۆتان بن، ئینجا لەنێوان من و فاتیمه دانیشت هەتا

ئەگەر ئوممەتێك بیەوێ بەنەمری و سەربەرزی بژێ و لاپەڕەکانی لە مێژوودا پڕشنگدار و ڕووناك بێت، دەبێ سەرکردەکانی ژیانێکی وایان نەبێ خەڵك برسی بن و خۆشیان تێربن. ئەمە پەیامێکە ئاڕاستەی سەرکردە و لێپرسراوەکانی دەکات کە بەرامبەر سامان و ماڵی گەل خۆیان پاك رابگرن. ئاخر چۆن دەبێ پێغەمبەر و خێزانەکەی لەوپەڕی خۆشی و تێریدابن، هەزارانی موسڵمانیش بە برسیەتی ژیان ببەنە سەر؟ خۆ پێغەمبەر (ﷺ)دەیتوانی بەهۆی ماڵی موسڵمانانەوە لە غەنیمەدا خۆی دەوڵەمەند بکات، بەڵام ئەوە سیفەتی پێغەمبەران نەبووە.

## ئارام دەگرم و پێم خۆشە بەیەکەوە بچین بۆ بەهەشت

**ئافرەتێك هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: من فێم[129] لێ دێ، کەف لەدەمم دێتە دەرەوە و دەکەوم، کاتێ وام لێ دێ ئاگام لەخۆم نامێنێ وجلەکانی خۆم لەبەر دادەکەنم و خۆم رووت دەکەمەوە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دوعات بۆ بکەم چاك ببیتەوە یاخود لەسەر ئەم نەخۆشیەت ئارام دەگری تا بەیەکەوە بچین بۆ بەهەشت؟ ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە، وتی بێگومان ئارام دەگرم و پێم خۆشە بەیەکەوە بچین بۆ بەهەشت بەڵام داوات لێ دەکەم دوعام بۆ بکەیت چیتر لەکاتی بێهۆشیدا جلەکانم دانەکەنم. ئەوە بوو پێغەمبەر(ﷺ) دوعای بۆ کرد، ئافرەتەکە لەو ڕۆژە بەدواوە چیتر لەکاتی بێهۆشیدا خۆی رووت نەکردەوە.**

## ئیمامی عوسمانی کوری عەففان ئارامی گرت و دواجار روقیەی کچی پێغەمبەری بەقسمەت بوو

پێش ئەوەی پێشەوای مرۆڤایەتی(ﷺ) سروشی بۆ بێتە خوارەوە، ئەبولەهەبی مامی سەردانی دەکات و خوازبێنی روقیەی کچی پێغەمبەر بۆ عوتبەی کوڕی دەکات، پێغەمبەر و دایکی ئیمانداران سەرەڕای پێخۆش نەبوونیان بەو زەواجە و لەترسی دەم و دووی ژنە بەلبەلیەکەی ئەبولەهەب، بەناچاری ڕەزامەندی دەردەبرن و کچەکەی خۆیانی پێ دەدەن،

---

**ساردایی پێیەکانی لەسەر سکم هەست پێ کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: شتێکتان لەوە چاکتر پێ بڵێم؟ ئەگەر چوونە سەر جێگەی خەوتن و راکشان ٣٣جار بڵێن سبحان الله، ٣٣ جار بڵێن الحمدلله، ٣٣جار بڵێن الله اکبر، ئا ئەم وێردانە بۆ ئێوە لە خزمەتکار باشترە.**

[129] **--ڤێ واتە: پەلکەم- سەرع.**

وەلێ عوتبە زۆر لەگەڵی خراپ دەبێ و تەنانەت خەسووشی گەلێ ئازاری جەستەیی دەدا و جەنگی دەروونی لەگەڵ بەرپا دەكات. كاتێكیش گوێبیستی ئەوە دەبن موحەممەد (ﷺ)جاڕی پێغەمبەرایەتی داوە، هێندەی دیكە كەف و كوڵی خۆیان بەو كچە بەستەزمانە دادەمركێننەوە و هێندەی دیكە لەگەڵی خراپ دەبن تا كار بەوە دەگات روو بكەنە عوتبەی كوڕیان و داوای لێبكەن روقیەی كچی پێغەمبەر تەڵاق بدات و ئەویش بێ یەك و دوو تەڵاقی دەدات.

خەلیفەی سێیەمی موسڵمانان عوسمانی كوڕی عەفان(رضي الله عنه) پێش ئەوەی ببێتە ئیسلام كاتێك هەواڵی شووكردنی روقیە بە عوتبەی كوڕی ئەبی لەهەب پێ دەگات، گەلێك پەرێشان و خەمبار و دڵتەنگ دەبێ چونكە حەزی دەكرد بۆ خۆی بێت، بەڵام ئارامی گرت تا رۆژی خۆی داهات و بوو بە موسڵمان و بوو بە قیسمەتی، لەكاتێكدا خەلیفە عوسمان كەسێكی قۆزی بەقافیە و خاوەن رەچەڵەك و دەوڵەمەند بوو كچانی مەككە هیوایان دەخواست شووی پێبكەن.

خەلفە عوسمانی كوڕی عەفان(رضي الله عنه) یەكێك بوو لەو هەشت كەسەی لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا، موسڵمان بوونی خۆی راگەیاند و یەكێك بوو لەو دە كەسەی لەسەر دنیا مژدەی بەهەشتی پێدرا، كاتێك بیستی روقیەی كچی پێغەمبەر تەڵاقدراوە چووە داخوازی و زۆریش دڵخۆش بوو كە دەبێتە زاوای پێشەوای مرۆڤایەتی، هەرچەندە ئەوەی دەزانی كە خزم و دەوروبەر و موشریك و قورەیشەكان بە ( ئەبی لەهەب)یشەوە بەو زەواجە قەڵس و ناڕەحەت دەبن، بەڵام گوێی بەهیچ نەداو گواستیەوە و هەردووكیان رەزامەندی خوایان لەهەموو شتێك پێ گرنگتر بوو، تا بەیەكەوە ژیان، زۆر دڵخۆش بوون.

## بیست و سێ ساڵ زیندانی بووم، پەنجا رۆژ دەرەوەم نەبینی و ئارامم گرت

شەوێكیان ماڵە دراوسێكەمان بەخۆ و ماڵ و مناڵەوە هاتنە ماڵمان و تا كاتێكی درەنگ لامان مانەوە، كابرا خاوەن تەكسی و كرێچی بوو، ژیانی حەوت سەرخێزانی بەملەوە بوو. بەو تەكسییەی هەیبوو گوزەرانی ماڵ و مناڵەكەی پێ دابین دەكرد. گێڕایەوە، وتی: رۆژێك سرەی بەنزینم بوو، بۆ وەرگرتنی بەنزین بە كۆبۆن، بەیانی زوو دوای نانخواردن چوومە بەردەم یەك لەو بەنزینخانانەی دەرەوەی شار، كە گەیشتمە بەنزین خانە بووە

سەعات حەوت، وەکو ئەو خەڵکەی ئەویٚ چاوەڕوانی کرانەوەی بەنزینخانە بووم، کەچی کارمەندەکانی تاق و لۆق دەردەکەوتن و دەهاتنە سەر کارەکەیان، پێنج شەش دەقە تێپەڕی، خاوەن تەکسییەکان لەو شوێنە گرد بووینەوە، ئاگرمان لەناوچەوان دەباری، هەر یەکە لەجێی خۆیەوە وەکو جگەرە قسەیەکی بەبا دەکرد:

**یەك دەیوت:** حکومەت گەندەڵە، حکومەت بە ئەنقەست وادەکات و هەروا نایەویٚ قەیرانی بەنزین لەم هەرێمە چارەسەر بکات.

**ئەویتر دەیوت:** ئەوە چاوەڕێی چین، بۆچی خۆپیشاندان نەکەین؟ وەرن با تەلەفۆن بۆ تەلەفزیۆنەکان بکەین بێنە ئێرە و لێرە حەیای حکومەت ببەین.

**یەکێکی تر دەیوت:** باشترین شت بۆ بەئاگاهاتنەوەی حکومەت ئەوەیە بچین جادە بگرین و نەهێڵین یەك سەیارە بەو رێیەدا تیٚ بپەڕیٚ.

کابرایەکی بەتەمەن وەکو ئێمە بەخۆ و تەکسیەکەیەوە نۆرەی گرتبوو، لەسەیارەکەی دابەزی، هاتە لامان و گوێی قولاّغ کرد، گوێی لە هەموو ئەو قسانە بوو، بە زمانێکی هێمن و لەسەرخۆوە سەری لیٚ باداین و رووی تێکردین، ئەوجا بەدەنگێکی بەرزەوە وتی براکانم تکا دەکەم بەرگە و تەحەمولی شەش حەوت خولەکێکی تر بگرن و هەڵمەچن. بەس یارمەتیم بدەن تا بەسەرهاتێکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە ئەوجا بڕیار بدەن ئایا دواکەوتنی چەند دەقەو خولەکێك ئەوەندە دێنیٚ یان نا؟

یەکێك لەولاوە بەجواب هات خاڵەگیان ئەوە چ قسەیە دەیکەی؟ دەڵێی دەنگت لەتێرییەوە دیٚ؟

ئەویش بەداوای لێبوردنەوە وتی توخوا روخسەتم بدەن با سەرەتا من قسەی خۆم بکەم، دواتر ئێوەش قسەی خۆتان بکەن.

بەجاریٚ گوێمان بۆی راگرت و ئەویش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاینەوەو وتی:

براینە هەمووتان دەزانن جەنگی ئێراق _ ئێران لەساڵی١٩٨٠ روویدا، بەهەموو چەند مانگێك بووبوومە سەرباز، کاتێك رەوانەی بەرەکانی شەڕیان کردین، لەیەکەم هێرش بۆ سەر پاسدارانی ئێران، من و کۆمەڵیٚ سەربازی دیکە بەدیل گیراین، ئەوە لەکاتێکدایە

ماڵمان لەگەڕەکی تەیراوە بوو کە جگە لەدایك و باوکم، تەنها برایەکم هەبوو ئەویش تەمەنی تەنها یازدە مانگ بوو.

نزیکەی بیست و سێ ساڵ زیاتر ژیانم لە ژێر زەمینێ بەسەر برد، نەمدەزانی ئەو شوێنە کوێیە. لەهەموو ئەو ماوەیەدا پەنجا رۆژ دەرەوە و بەر خۆرم نەبینی، گێڕانەوەی ئەو قسانە بەدەم خۆشە، وەئەگینا هیچ شتێ لەچاوەڕوانی ناخۆشتر نییە. شەو و رۆژ لەخەمی ماڵەوە بووم، بەخەیاڵ وێنای دایکە جەرگ سووتاوەکەم دەکرد ئەوە لەبەر من خەو و خۆراکیان لەخۆیان حەرام کردووە و بەردەوام بۆم دەگرین.

ئەو شوێنەی لێی بەند کرابووم، پڕی سیخور بوو، کەس لەدەست و زوبانی خۆی دڵنیا نەبوو. قوڕ بەسەر ئەوەی بەخراپە باسی ئیمامی خومەینی و کۆماری ئیسلامی ئێرانی بکردایە، دەیانگرت و لەفەلاقەیان دەدا و ئەوەندەیان ئازار دەدا کە جارێکی تر نەوێرێ زمانی بەخراپە بگەڕێ.

ئەوەندە ساڵە ئارامم گرت و چاوەڕوان بووم نەك وەك ئێوە کە ناتوانن چاوەڕوانی چەند خولەکێك بکەن. رۆژێکیان وتیان دەی خۆتان کۆ بکەنەوە دەتانبەینەوە عێراق.

بەخۆو ئەو تراکسۆتەی لەبەرم بوو، من و ئەوانەی لەو شوێنە بوون، هەمومانیان سواری فڕۆکە کرد و لە فڕۆکەخانەی بەغدا دایانگرتین بێ ئەوەی کەس لێمان بپرسێ ئەرێ ئێوە کێن؟ پێویستیتان بە چییە؟ چیتان دەوێ؟ ئەوە ئێوە لەکوێ بوون؟ لەکوێوە هاتوون؟ دەتانەوێ بچنە کوێ؟

هەر ئەوەندەم زانی سەیارەیەکی پڕ چەکدار هاتن و بەدوایەوە سەیارەیەکی دیکەیش هات، دڵم داچڵەکی ترسام ئەوانە هەبێ و نەبێ لیوای حەرەس جمهوری سەدام حوسێنی سەرۆك کۆماربن، لەدەروونەوە بەخۆمم وت بەخوای ئێستا بمگرن بەخیانەتکاری جەنگم لەقەڵەم دەدەن، ئەگەر نەمکوژن ئەوە دوای ئەوەندە ساڵەو ئەو تەمەنەی ماومە دەبێ ژیان لە بەندیخانە بەسەر ببەم.

یەك دینارم لەباخەڵدا نەبوو پێی بچمەوە هەولێر، سەیرم پێ هات یەك لەو سەربازانە بەکوردی وتی دەی لێرە مەوەستە؟

كە بەكوردی قسەی كرد دڵم خۆشبوو كوردێك هەیە ئەگەر نەشمگرێ ئەوە هەر پرسیارێكی لێ بكەم وەڵامم دەداتەوە، بەهەڵپەیەكەوە پێموت قوربان من بیست و سێساڵ زیاترە لە ئێرانم و ئەسیری شەڕی قادسییەم، ئێستایش ئێمەیان هێناوەتەوە لێرەیان بەڕەڵا كردووین و یەك فلسم لەباخەڵدا نیە و لێرە كەس ناناسم، ئایا دەتوانن یارمەتیەكم بدەن پێی بچمەوە هەولێر؟

سەربازەكە وتی ئێستا كاتی ئەو قسانە نییە، جەنابی سەرۆكی هەرێم هاتووە دەبێ ئاگامان لەو دەوروبەرە بێت.

بەسەرسوڕمانەوە وتم ئەوە یەعنی چی؟ سەرۆكی هەرێم مانای چیە؟ تۆ بڵێی ئەم وڵاتە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ؟ ئەی هەر سەدام حوسێن لەفاوەوە تا زاخۆ سەرۆك كۆماری هەموو عێراق نییە؟

كاتێك ئەو سەربازە چووە لای بەرپرسەكەی و ئەو قسانەی منی بۆ گێڕایەوە، بانگی كردم، وتی ئەوە سەرۆكی هەرێم هاتۆتە بەغدا نەختێ چاوەڕوان بكە، لەدەرفەتێكدا دەتبەمە لای.

ئەوە قسەیەكی خۆش بوو. كە وتم دیارە لەگەڵ سەرۆك سەدام كۆبوونەوەی هەیە؟

بەپێكەنینەوە وتی سەدامی چی؟ سەدام لەسێدارە درا و بەهەقی خۆی گەیشت، رژێمی بەعس كۆتایی پێ هاتووە، ئێمەی كورد خۆمان حوكمی خۆمان دەكەین.

ئەوجا تێگەیشتم، دنیا بەشێوەیەكی دیكە گۆڕاوە و منیش ئاگام لەهیچ نیە (لەخۆشیان خۆم بۆ نەگیرا دامە پرمە گریان و فرمێسك لە چاوانمدا فوارەی كرد)

كەوتمە چاوەڕوانی تا دەرفەت هاتە پێش و منیان بردە لای سەرۆكی هەرێم. كاتێك باسی ژیانی خۆمم بۆی كرد، زۆر نیگەران بوو كاغەزێكی نووسی و پێیدام، وتی: جارێ هەندێ ئیشم لێرە ماوە دەیكەم. كەی هاتمەوە هەولێر، وەرە لام دەتبینم.

هەندێ پارەیشی پێدام. سوپاسم كردو هاتمەوە هەولێر، چ هەولێر؟ وامزانی ئەوە لە شارێكی ئەوروپیدام، بەراوردی سەرەتای ساڵانی هەشتا بەو ساڵانە جیاوازی عەرد و ئاسمان بوو، جادەكان گۆڕابوون. جوانی خانووەكان و دەرو دووكانەكان بەجارێ سەرسامی كردم خوایە گیان دەبێ ئێرە هەر بەڕاستی هەولێربێ؟

تەكسییێكم بەرەو گەڕەكی تەیراوە گرت، هێشتا بیر و مێشكم زیندوو بوو دەمزانی كاتی خۆی ماڵمان لەكوێ بوو؟ چوومە بەردەرگای ماڵمان و دڵم خۆشبوو ئێستا دەچمە ژوورەوە و بەدیداری دایك و باوكم شاد دەبمەوە، لەدەرگامدا. هەر ئەوەندەم زانی ژنێك دەرگای لێ كردمەوە، وتی فەرموو برا؟

پێموت: ئەوە ماڵمانە، هاتوومەتەوە ماڵی خۆمان.

ژنەكە چاوی زەق بۆوە، پرسی كاكە تۆ تەواوی؟ ماڵی چی؟ ئەوە ماڵی ئێمەیە و ناتناسم، تۆ كێی؟

لە نووكەوە بەسەرهاتی خۆمم بۆی گێڕایەوە، كەچی وەكو هێشتا لێم بەگومانبێ نەوەكو سیناریۆم بۆی دانابێت، وتی من بەبێ پرسی پیاوەكەم ناتوانم رێگە بەكەس بدەم بێتە ژوورەوە، خۆ ئەگەر دەتەوێ هەر قسە لەگەڵ پیاوەكەم بكەی، ئەوە دوای عەسر وەرەوە، ئەو لە بەیانییەوە چووەتە سەر ئیش، لێرە نییە.

دڵم داخورپا شتێك رووی دابێت و دایك و باوكم نەمابن، بەفكرو خەمێكی زۆرەوە چوومە بازاڕ و لەچاوەڕوانی ئەوەدا وەستام تا عەسر دابێ و بچمەوە ئەو شوێنە بۆ ئەوەی پیاوی ئەو ژنە ببینم و بزانم كێیە و ناوی چییە؟ خۆ ئەگەر دایك و باوكم خانووەكەیان پێی فرۆشتبێ، ئەوا پرسیاری شوێنەكەیان لێ بكەم بزانم بۆ كوێ باریان كردووە تاوەكو بچم بە شوێنیان و بیاندۆزمەوە؟

گەلێ گەڕام و سووڕام، دەتوت خەون دەبینم، ئەوە منم نەمردم و خۆم لەشارەكەی خۆم دەبینمەوە؟

دوای نوێژی عەسر چوومەوە هەمان شوێن و دووبارە لەدەرگای ماڵیانمدا، ئەوەندەی نەبرد كابرایەك دەرگای لێ كردمەوە كابرام نەناسی. دوای چاك و چۆنی و ئەهواڵ پرسین، خۆمم پێی ناساند. گەنجەكە وتی دایك و باوكم تا لەژیان مابوون هەمیشە دەیانوت تۆ برایەكت هەیە و ئەسیری ئێرانە، بەڵام ئێستا دایك و باوكم هیچیان نەماون بانگیان بكەم بتبینن و بتناسنەوە، منیش دڵم ئۆقرە ناگرێ بەبرای خۆمت دابنێنم تا نەزانم هەر بەڕاستی برای منی یان نا؟ نازانم بەچی بزانم برای منی؟ ئەو تەمەنەش گەلێ زۆرە تا مرۆڤ رەنگ و رووی بگۆڕێ و نەناسرێتەوە.

بە هەواڵی کۆچی دوایی دایك و باوکم گەلێ گریام، کە کەف و کوڵی خۆم دامرکاندەوە، پێموت ئەگەر حەز دەکەی برۆ بانگی ئەو خزمانە بکە، تۆ بڵێی لەو هەموو خزمانە کەسێك من نەناسێتەوە.

ئەویش بانگی خزمەکانی کرد، هەموویان کۆبوونەوە بزانن بەڕاستی من ئەو کەسەم؟ هەندێ باسی سەردەمی گەڕەکی تەیراوەم بۆ کردن، یەك لەمامەکانم کە تەمەنێکی باشی هەبوو رووی کردە ئەو خەڵکە و وتی خزمینە من لەمنداڵیەوە ئەو کورە دەناسم و گەلێ گەمە و یاریم لەگەڵی کردووە نیشانەیەکی هەیە ئەگەر ئەوەی هەبوو ئەوە خۆیەتی.

بەپێی ئەو وەسفە کە تەماشایان کردم هەمان ئەو نیشانەم بەسەر لەشەوە بوو، خەڵکەکە بەجارێ دایانە گریان و زۆریش دڵخۆش بوون. پێکەنین و گریان تێکەڵ بەیەك ببوون، من و برایەکەم باوەشمان بەیەك دادا وەکو تازە لەدایك بووبم خۆشیەکەمان باس ناکرێ.

ماوەیەك تێپەڕی، کە زانیم سەرۆکی هەرێم گەڕاوەتەوە کوردستان ، بەو کاغەزەی پێیدام چوومە لای. باسی گەڕانەوەی خۆمم لە هەولێر و گەڕەکی تەیراوە بۆی کرد، فرمێسك لەچاوانی داباری، وتی فەرموو قسە بکە، دەتەوێ چیت بۆ بکەم؟

وتم ئەوەی تۆ بەباشی بزانی، من پێی رازیم.

وتی حەزت لە چ دایەرەیەکە تەعینت بکەم و هەموو ئەو ساڵانەی لەئێران ئەسیر بووی وادەکەم ئەویشت بۆ بەخزمەت حیساب بکەن.

هەموو ئەو بەڵێنەی پێیدام جێ بەجێ کرد و پارەیەکی باشی پێ دام، چووم بەو پارەیە خانوویەکم پێ کڕی و بەوەی مایەوە ژنم هێنا، ئەوە بەسەرهاتی چاوەڕوانی بیست و قسور ساڵەی منە و ئێوەش ناتوانن چەند دەقیقەیەك چاوەڕوانبن.

بەو قسانە خاوەن تەکسییەکان هەموویان تاسان، بەبێ دەنگی نە جادەمان گرت و نە تەلەفۆنمان بۆ تەلەفزیۆنەکان کرد و نەجوێنیشمان بەحکومەت دا، هەموومان چووینەوە لای تەکسییەکانمان کە ئەوەندەی نەبرد بەنزینخانە کرایەوە و دەست بەدابەشکردنی بەنزین کرا.

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: خوای گەورە لەسەرخۆو نەرم و نیانە، نەرم و نیان و لەسەرخۆشی خۆش دەوێت، چونکە ئەوەی لە نەرم و نیایدا**

**دەیبەخشێت هەرگیز لە توندو تیژی و زبریدا نایبەخشێت، وە لە هیچ شتێکی تردا وەك نەرم و نیانی نایبەخشێت.**[130]

کاتێك مرۆڤ پەتی ئارامی لەدەست دەداو ڕق و تووڕەیی باڵی بەسەردا دەکێشێ، ئیدی شتێك نامێنێتەوە بۆ گوێگرتن و لێبوورەیی و زاڵبوون بەسەر تووڕەیدا.

## کچەکەتان دووگیانە

ئافرەتێك بەسەرهاتی خۆی و کچەکەی دەگێڕێتەوە، دەڵێت:[131]

ڕۆژێکیان کچەکەم زوو لە قوتابخانە گەڕایەوە ماڵ، ڕەنگی دەم و چاوی گۆڕابوو، دەستی بە سکیەوە گرتبوو دەگریا، هەر دەیگوت دایکە گیان بگە فریام بەرگەی ئەو ئازارە ناگرم، خەریکە شێت دەبم. لێی چوومە پێش، کەوتمە شێلانی، هەستم کرد سکی ئاوساوەو ئەستوور بووە. کە بینیم ئەو شێلانە بێ سوودە، بەپەلە پەیوەندیم بە

[130] - عن عائشة –رضي الله عنها– أن النبي (ﷺ)قال: يا عائشة ان الله رفيق يحب الرفق ويعطي على الرفق ما لا يعطي على العنف، و ما لا يعطي على ما سواه) رواه مسلم في كتاب الصلة والاداب، باب الفضل الرفق برقم٢٥٩٣

[131] - منداڵێکی نابینا هەبوو، بەهۆی ڕووداوێکەوە چاوێکی لەدەست دابوو، یەك لەو منداڵانەی ئەو گەڕەکە هەرچی جارێ تووشی بوایە گاڵتەی پێ دەکردو دەیوت خۆزگە منیش وەکو تۆ بوومایە، تۆ هەمو دونیا بەیەك چاو سەیر دەکەی.ئەویش چۆن بێدەنگی هەڵبژاردبوو، خۆی لە گوورە نەدەبردو وەڵامی نەدەدایەوە. ڕۆژان هات و تێپەڕی، ئەو منداڵەیش بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلەوە چاوێکی لەدەست داو هەر کەسێك پێی بوتبایە وەرە کوڕە با یاری کەین؟ یەکسەر هەڵدەچوو، کام جنێو پیس و ناشیرینە بەو کەسەی دەداو ئەوەش وایکردبوو خەڵکێکی تر بۆ پێڕابواردن هەمان قسەی پێ بڵێن و ڕۆژ نەبوو شەڕێك و دووان لەگەڵ ئەم و ئەو نەکات. ڕۆژێکیان چاوی بەو منداڵە کەوت کە ئەو پێشتر گاڵتەی پێ دەکرد، چووە لای و داوای لێبوردنی لێ کرد بۆ ئەو هەموو ماوەیە کە گاڵتەی پێکردوەو پێی وت من سەرسامی تۆم سەرەڕای پێ وتنی ئەو هەموو قسانە، ئەوجا خۆت شێلو نەدەکردو وەڵامت نەدەدامەوە، کەچی ئەوەی ئێستا بەسەر من هاتووە ناتوانم بەرگەی بگرم و هەر بەو هۆیەوە ڕۆژ نییە لەگەڵ ئەم و ئەو شەڕ نەکەم. ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێی وت هیچ شتێك لە تووڕەیی سەوز نابێت و تووڕەیی بێ بەرەو سەبرگرتن جوانترین بەروبوممان پێ دەبەخشێ، من بە ئارامگرتن خۆم لەشەڕوشۆ پاراستووەو تۆش بێ ئۆقرەو ئارامی بۆیە ڕۆژ نییە لەگەڵ ئەم و ئەو بەشەڕ نێی.

باوکیەوە کرد. ئەویش کاتێك هاتەوە، بەیەکەوە بردمانە نەخۆشخانە. کاتێك دکتۆرەکە پشکنینی بۆی کرد، رووی تێکردین و وتی کچەکەتان دووگیانە.
بەم قسانە حەپەساین دووگیانە؟ ئاخر ئەو کچە هێشتا هاوسەرگیری نەکردووە، چۆن دووگیانە؟ ئاگری توورەیی یەخەی گرتین، بەبێدەنگی بردمانەوە ماڵ. باوك و براکەی کەوتنە سەری لێیان دەدا و منیش وەکوئەوان لێم دەدا و پێم دەوت دەی قسە بکە بزانم چیت کردووە؟ کێ ئەوەی پێ کردووی؟ ئەویش لە تاو ئێش و ئازاری ژانەکەی هەر دەگریا و دەیوت سوێند بەخوا هیچم نەکردووە. تکایە بڕوام پێبکەن و بەزەیتان پێما بێتەوە خەریکە دەمرم. من دووگیان نیم و کەسیش لێم نزیك نەبوویتەوە، تکایە باوەڕم پێبکەن، تکایە بگەنە فریام خەریکە لەتاو ئێش و ژانی سکم دەمرم.
منیش پێم وت چما تۆ مریەمی تاوەکو بەبێ پیاو دووگیان بیت؟ دەی قسەبکە بزانم لەگەڵ چ کوڕێك خەوتووی؟بەو خوایە لەبن دەستم رزگارت نابێ و هەر دەتکوژم.
ئەویش هات و هاوارو گریانی رۆژە رێیەك دەڕۆیی و دەیوت دایە گیان من پەروەردەی بەردەستی تۆم. چۆن کاری وا لە من دەوەشێتەوە ؟چۆن من کاری وا دەکەم؟
باوکی پێیوت تۆ شەرەف ونامووست بردین، هەموودنیا هەستێ هەر دەتکوژین.
براکەیشی دوو تفی خاسی کردە چاوی و پێی وت حەیاو ئابرووت بردین، ئیدی لەمەولا چۆن بچمە ناو هاوڕێکانم و بە چ چاو و روویەکەوە قسەیان لەگەڵ بکەم؟
ئەویش هەر دەیوت ئاخر من دووگیان نیم، بەخوا سوێندتان بۆ دەخۆم دووگیان نیم.
دوای ئەو هەموو لێدان و دارکارییە، خستمانە ژوورێکەوە لەدەرەوە دەرگامان لەسەری کلیل دا و نانی نیوەڕۆ و نانی ئێوارەمان پێی نەداو ئەویش لەتاو ئێش و ژانی خۆی هەر دەگریا و هاواری دەکرد بەفریای بکەوین و یارمەتی بدەین.
من چەند جارێ ویستم نانی بۆ ببەم، بەڵام لەبەر توورەیی پیاوەکەم نەموێرا. پێشنیاری ئەوەم خستە بەردەمی کە ئەگەر ناوی ئەو کوڕەمان پێ بڵێ با لەیەکیان مارە بکەین و کۆتایی بەم وەزعە بێنین. پیاوەکەم هەر دەیوت من سەرشۆڕی قەبوڵ ناکەم، هەتا نەیکوژم ئیسراحەت ناکەم.

سەعات دوازدەی شەو کاتێك دەرگاکەم کردەوە بینیم ئەوە هێشتا دەگریێ و تەواو شەکەت و ماندوو بووە ئەوەندەی بگریێ، پێموت وەرە بتبەمە دەرەوە بۆ لای خاڵت وابێ ئاگای لێتبێ، باوك و براکەت بەنیازی ئەوەن بتکوژن.

لەو قسانە دابووم، ئەوەندەمزانی هەردووکیان بەدەستی بەچەکەوە بەژوور کەوتن و منیش چەندی هاوارم کرد ئەو تاوانە نەکەن و دەستی لێ نەدەن، گوێیان لێ نەگرتم. کچەکەش بەدەم گریانەوە هەر دەیوت دایە، بابە، کاکە من خوام لە پشتەو هەر ئەو دەزانێ من بێگوناهم و ئاگای لێتانە دەتانەوێ چیم بەسەر بێنن. یەکسەر بوورایەوە، کە بەسەریانم نەڕاند و بەپیاوەکەم وت سوێند بەخوا شتێکی لێ بکەی لەم ماڵە دەڕۆم و جارێکی تر نامبینیەوە. بەم قسانە نەختێ هێور بووەوە، بەپەلە خستمانە سەیارەو بۆ نەخۆشخانەمان فڕاند.کاتێك دکتۆری پسپۆر پشکنینی بۆ کرد، وتی بەداخەوە بەهۆی ئازارەکەیەوە گیانی دەرچووە.کە پرسیمان ئەی منداڵەکەی سکی؟ وتی ئەوە چ قسەیەکە دەیکەن؟ کچەکەتان دووگیان نییەو ئەوەی وای پێ وتوون درۆ دەکات.

بەم قسانە هەمووومان بەجارێ ئەژنۆمان شکا.ئەوەی مایەوە هەمووومان لەجێوە خۆمان خستە سەر تەرمەکەی و بۆی گریاین. من گەلێ لە سینگی خۆمداو پرچی خۆم بۆی رنیەوە هەرچەندە لەرووی شەرعەوە دروست نییە، کەچی جار نا جارێ پڕ بەگەرووم هاوارم دەکرد: هۆ کچە بێ تاوانەکەم، من وباوك و برا دڵڕەقەکەت چیمان بەسەر هێنای؟ دەك خوا تۆڵەمان لێ بستێنێ و تۆڵەی تۆمان لێبکاتەوە.

لەو رۆژەوە هەموو دونیام لەپێش چاو تاریك بووە، سەیری کوڕەکەم و پیاوەکەم ناکەم. ئەوانیش شەوانە خەون دەبینن و بەدەم ئێش و ژانەوە ژیانیان لێ تاڵ بووە. پیاوەکەم لەسەر سفرەی نانخواردنی نیوەڕۆ و ئێوارە کە کچەکەی بەبیر دێتەوە، خۆی بۆ ناگیرێ و دەگریێ و من و کوڕەکەیشم دەست بەگریان دەکەین کە چۆن نەمانهێشت ئەو کچە بەستەزمانە جەمی نیوەڕو ئێوارە نانەکەی بخوات و لە ژوورەوە بەدەم ئێش و ژانی سکیەوە بەندمان کرد؟

## ئارامی نەگرت و بەتەلەفۆنێك ژنەکەی کوشت[١٣٢]

گەنجێکی سەرەڕۆ هەبوو، بۆ پێڕابواردن بەم و بەو، لەجێوە دەست بۆ تەلەفۆنەکەی درێژ دەکات و بەکەیف و هەوەسی خۆی ژمارەیەك لێدەدات، ئیتر گرنگ نییە ئەو کەسە کێیە؟ رۆژێکیان لەخۆوە ژمارەیەکی لێدا، منداڵێکی پاچەرە هەڵیگرت و وتی: ئەلوو. ئەویش یەکسەر لێی پرسی ئەی کوا دایکت؟ دایە لە کوێیە؟ وتی تازە لە گەرماو دەرچووە، خاڵە گیان ئەوە تۆی؟ ئەویش واخۆی نیشان دەدات خاڵی ئەوە، لێی دەپرسیێ دایکت ئێستا چی لەبەرە؟ سروشتی منداڵ ئەوەیە درۆ ناکات، رەپ و راست پێی دەڵێ مەکسیەکی سوورو خاولیەکی سپی لەسەرو ملی ئاڵاندوە. لەو قسانەدا بوون پیاوی ژنەکە هاتەوە ماڵ و کە تەلەفۆنەکەی لەدەست وەردەگرێ، دەڵێ فەرموو. گەنجە سەرەڕۆکە پێی دەڵی تۆ چی ئەو منداڵەی، ژنەکەت ناوی چیە؟ ئەویش بەتووڕەییەوە پێی دەڵێ هەی بێ ئەدەبی هیچ و پووچ ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ من باوکی ئەو منداڵەم ئەی تۆ کێی؟. ئەویش پێی دەڵێ کەمێ ئاگات لەدەمتبێ، تۆ دەزانی من کێم؟. کە دەڵێ نەوەڵا بێ رەوشتێکی ناکەس بەچەی وەکو تۆ ناناسم.ئەویش پێی دەڵێ دەی کەوایە بۆ ئەوەی بمناسی و بزانی کێم، من گەنجێکم زۆر نابێ لەماڵتان دەرچووم،

---

[١٣٢] - **یەکەم: ژنێك بەهەڵە، نامەی کەسێکی بۆ هات، نووسرابوو لەچاوەڕوانیتدام، خۆشتم دەوێی دەزانم تۆش منت خۆش دەوێ و هەرگیز ئەو ماچەی ئەو رۆژەم لەبیر ناچێتەوە. کاتێك پیاوی ژنە نامەکە دەخوێنێتەوە وادەزانێ ژنەکەی ناپاکی بەرانبەر کردووە. بێ یەك و دوو یەکسەر تەڵاقی دەدات. سەیرەکەی لەوەدابوو هەر دوای ئەو تەڵاقدانە بەپێنج دەقە، دووبارە هەمان کەس نامەیەکی دیکە بۆ مۆبایلی ئەو ژنە ناردەوە، نووسیێ تۆ هەر کەسێکی ببوورە من ئەو نامەیەم بۆ خۆشەویستەکەم ناردبوو کەچی بەهەڵە بۆ تۆ هات، دووبارە ببوورە.**

**دووەم: کابرا لەو ساڵانەی رابردوو تەلەفۆنی بۆ برادەرێکی کرد، بەهەڵە بۆ ژنێك چوو بوو، کاتێك پیاوی ژنەکە بەتەلەفۆنێکی دیکە پەیوەندی بەو ژمارەوە دەکات، دەڵێ: بێ زەحمەت لەکوێی؟ ئەویش پێی دەڵێ: وا لەبازار لەنزیك ئەسواق سیروانم، فەرموو چ ئیشتان هەیە؟ پێی وت: ئیشێکی بەپەلە هەیە دەکرێ پاش دە دەقەی دیکە لەو شوێنە یەکتر ببینین؟ ئەویش هیچ شتێ لەخۆی شك نابات، دەڵێ: زۆر ئاساییە، جارێ وا لەوێم. ئەوانیش دوو کەس دێنە ئەو شوێنە و کە بەتەلەفۆن دەچنە لای کابراکە، بێ هیچ قسەیەك، بە چەند فیشەکێك لەجێوەی ساردی دەکەنەوە و دەیکوژن.**

لەماڵەوە لەگەڵ ژنەکەت بەیەکەوە رامانبوارد جا بۆ ئەوەی قەناعەت بەقسەکانم بێنی دوای ئەوەی پێکەوە لە حەمام خۆمان شووشت و من زوو ڕۆیشتم، ئەوم لەماڵەوە بەجێ هێشت، شاهێد بەو شاهێدە ژنەکەی تۆ دوای ئەوەی خۆی شووشت و هاتە دەرەوە، مەکسیەکی سوور و خاولیەکی سپی لەسەرو ملی ئاڵاندوە.

ئەو قسانە دەکات و تەلەفۆنەکەی لەسەر دادەخات. کابرا کە سەیری ژنەکەی کرد قسەکەی کابرا تەواوەو ژنەکەی هەمان ئەو شتانەی لەبەرە، بەرچاوی تاریك دادێ، بەسەر نەفسی خۆی زاڵ نابێ و پەلاماری دەدات و دەیخنکێنێ. کاتێك پۆلیس لێکۆڵینەوە لەسەر رووداوەکە دەکات و قسەی منداڵەکە وەردەگرێت ، بۆیان دەردەکەوێ کابرا بەوای ئەو قسانەوە ژنەکەی خۆی کوشتووە کە گەنجەکە لەڕێی ژمارە تەلەفۆنێکی علوجەکەی لە منداڵەکەی وەرگرتووەو بۆ ئەوەی بەری دڵی ئەو پیاوەی پێ بگرێ، ئەو قسانەی پێ وتووە.

خودا رزق و رۆزیت دەدا و هەر خۆیشی لێت دەسێنێتەوە:

# دەستەوسانی دارمانی ئەشکەوتێك لە دێگەڵە

**رۆژی شەممە ٢٠١٤/٨/٢ رۆژێکی نائاسایی بوو بۆ دوو مەرداری گوندی ( سماق شیرینی بچووك )ی سەر بەناحیەی دێگەڵە. کارەساتەکە وەك هەواڵێکی سەیر و موعجیزەئاسا بۆ ئێوارەی هەمان رۆژ لە کەناڵە ئاسمانیەکانی خۆمان بلاّوکرایەوە.**[١٣٣]

سەید هێمن خەشمان لەدایکبووی ١٩٨٠ی گوندی ناوبراوە و خودان خێزانە، لەزمانی ئەوەوە بەسەرهاتەکە بەم شێوەیە دەگێڕینەوە:



رۆژی شەممە ٢٠١٤/٨/٢ کاتژمێر یازدەی سەرلەبەیانی بوو، وەکو هەر رۆژێکی ئاسایی برا و ئامۆزایەکەم شاخەوان و فەرهاد فەخرەدین بەخۆو ١٥٠ سەرمەڕەوە بۆ ئاوخواردنەوە مەڕەکان دەبەنە سەر رووباری دێگەڵە و ئاویان دەدەن. بۆ پشوودان مەڕەکان پێش دەدەن دەیانبەنە ژێر سێبەری ئەشکەوتی بن بلّند که ئەشکەوتێکە دەکەوێتە ئاقاری سنووری سماق شیرینی بچووك و سماق شیرینی گەورە و شارەدێی دێگەڵە که لەوەتەی باب و باپیرانمان بەبیریاندێ ئەو ئەشکەوتە هەر هەبووە.



ئەشکەوتەکە لەناوەوە بەرزییەکەی ٣٠مەتر و پانییەکەی ٤٠ مەتر درێژە. تەمەنی بۆ سەد ساڵ و زیاتر دەگەڕێتەوە. لەناوەوە بەدووری پێنج مەتر شاخەوان و فەرهاد لەو مەڕانە بەدیوی دەرەوە سەرقاڵی چا لێنان و نانخواردن دەبن، کە هەمیشە ئەو شوێنە وەك کاروانسەرا بۆ مەڕداران جێی حەسانەوەی مەڕو ماڵات بووە، چ بە زستان یا هاوین

---

[١٣٣]- ئا: شاخەوان عەلی – گۆڤاری: نواڵەی نویّ – ژ١١٧– س٢٠١٣– ل٢٣

یاخود وەرزەکانی تر، وەلێ ئەفسووس بێ ئەوەی زستانی پڕ سەرماوسۆڵ و باوبۆران بێت. لەقرچە قرچی گەرمایەکی بەتیندا بێ ئەوەی ئەو ئەشکەوتە شێدارو تەڕەشوعی هەبێت و تەڕاتی بدات، لەناکاو بەشێکی ناوەوەی دادەتەپێ و زیاتر لە پەنجا سەرمەڕ دەکەوێتە ژێرییەوە.

دەنگی داتەپینەکە وەکو تەقینەوەی بۆمبێکی گەورە هاتە بەرگوێ، خۆشبەختانە دەمودەست خەڵکی ئاوایی گوندەکانی دەوروبەر لە تەلوار و حاجی وسوو و گۆمەتاڵ و هەردوو گوندی سماق شیرین دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە.

وەلێ لەچاو ترووکانێکدا پەنجا سەر مەڕ[134] بووە قوربانی و زەرەرو زیانی چەندیان بەرکەوت. ئەوەی شوێنەکەی بینیبێ هەرگیز بڕوا ناکات ئەو ئەشکەوتە بەو گەرمایە و بەبێ ئەوەی شێدار و تەڕایەتی بدات و هیچ مەترسییەکی لەسەربێت، چۆن کەوت و چۆن داڕما؟ ئەوە وەکو موعجیزەیەك وابوو ڕووداوەکە پێمان دەڵێت خودا رزق و رۆزی دەدات و هەر خۆیشی ویستی لەسەربێت لێمانی دەسەنێتەوە. ژیانی ئەوانە لەسەر بەخێوکردنی ئەو مەڕومالاّتە بوو. ئەگەرچی زەرەر تاڵە بەلاّم هەر شوکرانەبژێون ستایشی خوای پەروەردگار دەکەن ، تەواوی کەس و کارمان بەوە دڵخۆشن کە لەو ڕووداوەدا شاخەوان و فەرهاد هیچیان لێ بەسەر نەهات و ساغ و سەلامەتن، چونکە رۆژەکانی تر هەموو جارێ ئەوان ڕێك لەشوێنی ئەو مەڕانە بگرە زیاتریش بەرەو ژوور لێی دادەنیشتن، نانیان دەخوارد و دەحەسانەوە و سەرخەویان دەشکاند، ئەوانە بەردەوام ئەو پرسیارە لەخۆیان دەکەن ئاخۆ ئەگەر ئەوان لەجیاتی ئەو مەڕانە لەو شوێنە بوونایە، چیان لێ بەسەر دەهات و ئەو کاتە کەس و کاریان چ جوابی خۆیان دەدایەوە؟ دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێت ئەگەر خوا رزقت بدات بەخۆت نازانی چۆن دەتیداتێ و ئەگەر بیەوێ لێتی بسەنێتەوە دیسان نازانی چۆن لێتی دەسەنێتەوە.

[134] - سروشتی مەڕومالاّت ئەوەیە هاوینان لەبەر تین و تاوی گەرما لە شوێنێك خڕ دەبنەوە و دەچنە ناو یەك و سەرلەبنی یەك دەنێن، بن لاقیان بۆشە تاوەکو فێنکیان ببێتەوە.

# دوو نموونەی هەرگیز لەیاد ناکرێن

## دوژمنانی ئیسلام ئاشتیان بۆ ئیسلام ناوێ[١٣٥]

کاتێك مامۆستا بە قوتابیەکەی دەڵێ ٢+٢=٤ ئەوە ڕێژەیەکی نەگۆڕە دەبێ قوتابی پێیەوە پابەند بێت، چونکە ئەو مامۆستایە پسپۆڕی ئەو بابەتەیە و شارەزایی تەواوی هەیە و ئەویش پێشتر ئەو شتەی نەخوێندووە.

قورئان ئەو بەرنامەیە لەلایەن زاتێکەوە داندراوە کە بۆ ژیان بێ هەڵە و پەڵە و ڕێژەکی نەگۆڕە، هیچ گفتوگۆ و قسەیەکی زیاد هەڵناگرێت بۆیە بەرنامەی کار لە ئیسلامدا وەك دین بریتیە لە پەیڕەو و پرۆگرامی ژیان تا ئادەمیزاد بتوانێ لەسەر زەمینەیەکی چاك و باش و گونجاو هەنگاو بنێ و بەپێی نەخشەو وتەو ئاڕاستەو ئامانجەکانی ئەو پەیڕەو و پرۆگرامە پیادەی جێنشینی خۆی بکات کە خوای پەروەردگار بۆی فەراهەم هێناوە کە ئەویش بنیاتنان و ئاوەدانی زەوی و ملکەچ بوون و گوێڕایەڵی و بەندایەتیکردنی خوای گەورەیە.

دوژمنانی ئیسلام هیچ کات چاویان بەم دینە هەڵنایەت کە پەیامی ئاشتی و ئاشتەوایی و بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتی هێناوە و هەموو یاسا و ڕێساکانی جگە لە چاکەکاری و بڵاوبوونەوەی دادپەروەری و دادگەری کۆمەڵایەتی، لە ژێر سایەیدا سەرتۆپی مرۆڤایەتی بە باوەڕدار و بێ باوەڕەوە، تەنانەت ئەوانەش باوەڕیان بەهیچ ئاینێکی ئاسمانی نییە، بەڵام ئەوانی نەزان و ناهەقبێژ و لادەر لەگشت بەها پیرۆزە جوانەکان لە دەستڕۆیشتویی خۆیاندا، بۆ سڕینەوەی ئەو پەیامە پەنا بۆ هەموو چەکێك دەبەن و ئەوەی لەدەستیان بێت بۆ ژێردەستەکردن و زەلیل و ریسواکردنی ئیسلام ئەنجامی دەدەن بێ ئەوەی سڵ

---

[١٣٥] – لە٢٥ی ئابی٢٠١٧ ەوە زیاتر لە نیوملیۆن موسڵمانی رۆهینگیا لە وڵاتی بوڕما(میانمار) لەلایەن بوزیە بتپەرستەکانەوە ئاوارەی وڵاتی بەنگلادیش بوو تەنها لەبەر ئەوەی موسڵمان بوون. بوزیەکان بەئاشکراو لەپێش چاوی هەموو دونیا بەزیندوێتی ئەو خەڵکە موسڵمانەیان دەسوتاندو بەزیندوێتی دەست و قاچیان لێدەکردنەوەو کوێریان دەکردن، کەچی پارێزەرانی ماڤ مرۆڤ لەو خەوە بەئاگا نەهاتن دوو قسە بکەن، تەنها بە بەیانێك داوایان لە سوپای ئەو وڵاتە کرد دەست لە پێشێلکارییەکان هەڵبگرن.

له هیچ بکەنەوە، نموونەگەلێکی زۆرمان هەیە ئەو هەقیقەتە دەسەلمێنن، مشتێك لەنموونەی ئەو خەرواره سوپای هیندۆسەکانه.

ئەگەر بەیەکەوە چاو بدەینە چەند دیمەنێکی ئەو پەلامار و کوشت و بڕەی لەسەر دەستی ئەو سوپایە دەرهەق بە موسڵمانەکان پیادە کرا، ئەوجا دەزانین قین لەدڵ و ناحەزانی دژ بەم ئیسلامە چەند بێ ویژدانن؟ چەند دڕندە ئاسا هەڵسوکەوت دەکەن:

سوپای هیندۆسەکان نزیکەی چارەگە ملیۆنێك موسڵمانی وڵاتەکەیان کوشت کە دەیانویست لەو وڵاتەوە بەرەو پاکستان کۆچ بکەن. پاش بردنەوەو سەرکەوتنیان لەو شەڕەدا، قۆڵی نامەردایەتیان لێ هەڵکردو کەوتنە وێزەی کەسانی سڤیل و بۆ دامرکاندنەوەی رق و کینەی دەروون بۆگەنیان لەهەموو ئەو کەسانەی خۆیان بە موسڵمان دەزانی و بەرەچەڵەك هیندی بوون، وێڕای کوشت و بڕی نزیکەی دە هەزار زانای ئایینی ، نزیکەی سەد هەزار قوتابی پەیمانگا ئیسلامیەکانیشیان قەتل و عام کرد. هەر بەوەش نەوەستان، لە هێرشێکدا پەلاماری نیمچە دورگەی کشمیریان دا و ئەوێشیان خستە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان و لەوێش کەوتنە گیانی ئەو کەسانەی خۆیان بە موسڵمان دەزانی، بەتایبەت لەلایەن رێکخراوە هێندۆسە چەکدارەکانەوە سووکایەتیەکی زۆریان پێ کرا، ئەم وڵاتە کەوتۆتە نێوان پاکستان و هیند و چین و ئەفغانستانەوە، رووبەری گشتی ٢٣٦ر٢٢٢کم٢ یە و (سرینجار) پایتەختی ئەو وڵاتەیە و ، لەساڵی ١٩٦٠ دوو رێکخراوی هیندۆسی بە زەبری چەك و زۆرەملێی خۆیان، وایان لە دوو سەد ئافرەتی موسڵمان کرد جلەکانی بەریان دابکەنن و بە رووتی بەشەقامەکاندا بسووڕێنەوە، دوای ئەوەی بەکۆمەڵ تەعەدای ناموسیان لێ کردن، چوون دارێکی زۆریان هێنا و ئاگرێکی گەورەیان کردەوە و هەر بەبەر چاوی خەڵکەوە بە زیندوێتی یەك لەدوای یەك ئافرەتەکانیان سووتاند و ئەو دیمەنە بەجۆرێ هێندۆسەکانی خۆشحاڵ کرد، کەسێك دەماری پیاوەتی و ویژدانی مرۆڤانەی نەجولا پێیان بڵێ دەك رووتان رەشبێ بۆ کار و کردەوەتان، بەسە بوەستن فەرموو ئەوە جلەکانتان پێیان داکەند و بەڕووتی بەشەقامەکاندا سووڕاندتانەوە و تەعەدای ناموستان لێ کردن، ئەی ئەو سوتانەتان لەپای چی؟ تەنانەت مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە هەر لەلایەن ئەو گروپانەوە لەساڵی ١٩٦٣دا دەچنە ناو گەورەترین

مزگەوتی شاری (جاندوی) و زۆر لە مەلای ئەو مزگەوتە دەکەن بانگ بدات، ئەویش لەژێر هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەی ئەو گروپەدا بانگ دەدات، چونکە پێیان وت ئەگەر هەر ئێستا بانگ نەدەی ئەوا دەتکوژین. ئەویش بەناچاری لە بڵندگۆی مزگەوتەکەوە بانگی دا، ئەوەی خۆی بە موسڵمان زانی، بۆ بەرپاکردنی نوێژی بەکۆمەڵ هاتنە ناو مزگەوتەکە و ئەوانیش چواردەورەیان گرتن و هەموویان کۆمەڵکوژکردن، ئەوجا چوون هەرچی قورئانێك لەو مزگەوتە دابوو هەموویان هێنا و بۆ ریسواکردنی زیاتر ئەم ئیسلامە، ئافرەتگەلێکیان هێنا و لە سەر قورئانەکاندا بەزۆر تەعەدای ناموسیان لێ کردن و پاشان هەر هەموویان کوشتن، تەنانەت دوای ئەوەی مەلای مزگەوتەکە دەکوژن و ئەتکی دەکەن، تەرمەکەی هەڵدەواسن و قورئانێك دێنن لە سەر سەری دەبەستن و بەدەم پێکەنین و گاڵتەجاڕییەوە، پێی دەڵێن فەرموو مامۆستا ئەوجا خوتبەکەت تەواو کە.

# ئەی پێغەمبەری خوا، ڕێگام بدە زینا بکەم

قَالَ تَعَالَىٰ:

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا ﴾ الإسراء: ٣٢

**واتە: ئەی خەڵکینە توخنی داوێن پیسی مەکەون و خۆتانی لێ بەدوور بگرن، داوێن پیسی بەدڕەوشتیەکی زۆر زەقەو ڕێگایەکی زۆر خراپە. بێگومان داوێن پیسی جۆرە کوشتنێکە چونکە زۆر جار ئەو منداڵەی لێ دەکەوێتەوە کە لەو کردەوە چەپەڵەوە پەیدا دەبێت، جا پێش لەدایکبوونی بێت یاخود پاش لەدایکبوونی. هەروەها ئەم کردەوە پیسە دەبێتە هۆی بزربوونی رەچەڵەك(نسب)و پچڕانی شیرازەی خێزان و مانەوەی زۆری ئافرەتان بەبێ مێرد و پەیدابوونی دیاردەی قەیرە کچی و تەشەنەکردنی فەسادو بەدڕەوشتی.ئەمە جگە لە چەندین زیانی ترو پەیدابوونی جۆرەها نەخۆشی ترسناك بەهۆی داوێن پیسییەوە.**

ئەم ئایەتە بێدارکردنەوەی مرۆڤە لە کارێکدا پێویستە پێش کەوتنە داو و تەڵەی تاوانەوە، خۆی لێ بەدوور بگرێت. خوای پەروەردگار فەرمانمان پێ دەکات نزیکی داوێنپیسی نەکەوین، بەجۆرێ بژین کە هێشتا ئەم بابەتە لە هزر و زەینماندا پانتاییەکی ئەوتۆی داگیر نەکردووە لێی بچینە پێش و تێوەی بگلێین و مەبەست ئەو ڕێ وشوێنانەیە کە بەو هۆیەوە مرۆڤ تووشی داوێنپیسی و بەدڕەوشتی دەکات و سەرەتایەکە بۆ نزیك بوونەوەو ئەنجامدانی ئەو کارە، وەك بینین و نەزەر[١٣٦] لە خۆدەرخستنی ئافرەت و جێ

[١٣٦] - ئەحمەد شەوقی شاعیر دەڵێت:

**کل الحوادث مبداها من النظر**

**ومعظم النار من مستصغر الشرر**

**کم نظرة بلغت من قلب صاحبها**

**کمب، ،لغ السهم بین القوس والوتر**

التفسير القيم لابن القيم - ( ج ٢ / ص ٣٣٤ )

**دوو جۆرە نەزەر هەیە:**

یەکەم: نەزەری راستەوخۆ.

دووەم: نەزەری ناراستەوخۆ.

**نەزەری راستەوخۆ:** ئەو بینینەیە کە بەهۆی پەیوەندی ناشەرعیەوە بەناوی خۆشویستن و لەشفرۆشی و تەنیایی نێر و مێ چ لەدایەرە یان دەرەوەی شار و شوێنێك روودەدات. رەنگە هەر یەکەیشیان هۆکاری تایبەت بەخۆی هەبێت.

رۆژێکیان لە دەمەتەقێیەکی شێنەییدا کە باس هاتە سەر زیناو گەورەیی ئەو تاوانە. کابرایەکی چاولەدەرو خوانەناس وتی پەیوەندیەکی ناشەرعیم لەگەڵ ژنێك هەیە. ناوی ژنەو پیاوەکەی هێنا. منیش لە نزیکەوە پیاوی ئەو ژنەم دەناسی، لێیمپرسی باشە ئەو ژنە پیاوێکی قیت و قۆزی هەیە، باشە حیکمەت چییە لەپشت ئەوەوە خیانەت و ناپاکی بەرامبەر دەکات؟ ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دامەوە، وتی سروشتی مرۆڤ وەکو یەك نییە. ئەو ژنە خاوەنی دوو منداڵە، رۆژێکیان منیش هەمان ئەو پرسیارەم لێی کرد پێموت تۆ لەم کارەت پەشیمان نی کە ناپاکی لەهەمبەر پیاوەکەت دەکەیت؟ بەپێکەنینەوە وتی پیاوەکەم بایەخ بەخۆی نادات لەکاتێکدا من هەموو جوانی خۆم پێی نیشان دەدەم. پیاوەکەم ماسیگرە، جگەرە دەکێشێ، کاتێك دێتەوەماڵ هەر لەدوورەوە لەبەر بۆن و بەرامەی جگەرە و بۆن ساردی ماسی حەز ناکەم لێم نزیك ببێتەوە، گەلێ ئامۆژگاریم کردو زۆرم لەگەڵی رێست تاوەکو لەبەر کەس نا لەبەر من نەختێ بایەخ بەخۆی بدات، بەڵام قسەکردن لەگەڵی بێسوود بوو، بۆم دەخنایەوەو هیچی نەدەوت، منیش وەکو هەر مرۆڤێك نەفسم هەیە، هەست بە بۆشاییەکی گەورە لەژیانی ژن ومێردایەتی دەکەم وادەزانم پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە تەنها ئەوەیە کاتێك دەچێتە دەرەوە تەلەفۆن بۆ تۆ بکەم و بانگی ماڵەوەت بکەم.

هەروەها ژنێکی تر دەناسم، ئەویش کاری لەشفرۆشی دەکات، دەیوت پیاوەکەم کە ئەوهەقە بەخۆی بدات خیانەتم لێ بکات و لەگەڵ ئەم و ئەو رابوێرێ، ئیدی منیش وەکو ئەو نەفسم هەیە هەرچەند حەز بەو کارە قێزەونە ناکەم، بەڵام وەك پەرچەکردار هەرچی جارێ ئەو کارە دەکەم پێم وایە بەم بەدڕەوشتییە تۆڵەی خۆمی لێ دەکەمەوە.

**نەزەری ناراستەوخۆ:** ئەو نەزەرەیە زیاتر لەڕێی وەسف و پیاهەڵگوتن و گێرانەوەی چیرۆك و بەسەرهات و بەدزییەوە سەیرکردنی فیلمی سێکسی و پەیداکردنی برادەری خراپ و..هتد روو دەدات نەخاسمە وەسفی خراپ وەکو هاتووە زۆرجار بەهۆی وەسفێکەوە کوڕ ئاشقی کچ و کچ ئاشقی کوڕ بووە. کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ ( المرء علي دين خليله)مرۆڤ لەسەر دین و بەرنامەی دۆست و هاوڕێیەکەیەتی.

من ساڵی ١٩٨٩ جلی سەربازیم پۆشی لە ئۆردوگای تاجی بەغدا بۆ ماوەی دوو مانگ لەگەڵ کۆمەڵێك سەربازی خەڵکی هەولێرو کەرکوك و سلێمانی و شارەکانی تری عێراق لەوێ ماینەوە. دوو لەو کەسانەی ئەوێ ببووینە هاوڕێ کە خەڵکی سلێمانی بوون، ئەو ماوەیە من لەنێوان هەفتەیەك و دوو هەفتەدا جارێك پێنج شەممەو هەینی دادەبەزیم و دەگەڕامەوە ماڵ، هەرچەندە ئەو وەختە موسڵمانێکی ئەوەندە پابەندو مولتەزیم نەبووم، بەڵام شوکر بۆ خوا بەهەموو جۆرێ خۆم لە گوناهە گەورەکان دەپاراست. ئەو دوو کەسەیش بەپێچەوانەی من لەجیاتی بگەڕێنەوە ماڵ و بچنە ناو خاووخێزانیان، ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی بۆ ناو شار دادەبەزین و دەچوونە شوێنی ڕابواردن. کاتێك تووشم دەبوون بەشانازییەوە وەسفی ڕابواردنەکەیان بۆ دەگێڕامەوە. قسەکانیان بەجۆرێ لە بیرو هزرو مێشکم دەخولایەوە، هەندێ جار ختوورەی ئەوەم بەخەیاڵ دادەهات بکەومە دوایان و وەکو ئەوان بکەم، ئەوە لەکاتێکدایە هێشتا ڕەبەن بووم و ژنم نەهێنابوو.. ئەوان بەمنیان دەوت وەرە یەك جار تاقی بکەوە هەرگیز لەیادی ناکەیت و بەژیانت دەستبەرداری نابیت. بەڵام کە بیرم لە گەورەیی سزای زینا دەکردەوە، لەبەر خۆمەوە دەموت خۆ من دەتوانم بەدزییەوە ئەو کارە ئەنجام بدەم ، بەڵام خوا ڕەقیب و چاودێرە بەسەرمەوە، لە ڕۆژی دوایی چ وەڵامی خوای خۆم بدەمەوە؟هەر ئەو ماوەیە بڕیاری خۆمدا و وردە وردە لێیان کشامەوە.

برادەر ڕێنیشاندەرە بۆ هەر یەك لە دیوی باش یان خراپ. هەر برادەرە ڕێی ڕاستت لێ دەشارێتەوەو بەدەیەها نموونەی زیندوو هەن کە چۆن مرۆڤی خواناس لەڕێی برادەری خراپەوە تووشی زینا و ئارەقخواردنەوە و دزی و پیاوکوشتن بووە؟ چۆن چۆنیش مرۆڤی هاوشێوەی ئەوانە خراپ و بەدعەمەل لەڕێی مرۆڤی دەست و داوێن پاکەوە، گەڕاوەتەوەو بەڕێی ڕاست و بەختەوەری و ڕەزامەندی خوای پەروەردگار گەیشتووە . هاوڕێیەتیم لەگەڵ مامۆستا عەزیزی برایم هەیە. ڕۆژێکیان لە بابەتی هاوڕێی باش و خراپ، وتی کاتی خۆی قوتابی بووم، ڕۆژانە ئەو پارەی لەماڵەوە وەرمدەگرت یەك دوو برادەرم هەبوون لەگەڵیان دەچوومە بازاڕ پارەکەم لە بلیارد و ئەتاری و قومارکردن خەرج دەکرد، سەرەڕای ئەوەش لەقوتابخانە خەمساردبووم و سەرم بەکتێبەکان دانەدەگرت. باوکم و دایکم دەمیان شل بوو ئەوەندەی سەرزەنشت و ئامۆژگاریم بکەن. تاوەکو چەند ساڵێ بەم شێوەیە تەمەنی خۆم بەڕێکرد، نازانم لەچیەوە کەسێکی زیرەك و ڕێك و پێکم بووە هاوڕێ کە سەیری هەڵسوکەوتیم دەکرد، بێزم لەڕابردووی خۆم دەکردەوە پێم سەیر بوو کاتێك وتی ئەوەندە ملیۆن دینارەم کۆکردۆتەوە بەتەمام سەیارە بکڕم. کە بیرم لەو شتانە کردەوە ئەوجا لەخۆم گەیشتم هاوڕێیەتی بۆ مرۆڤ چەند گرنگە بۆیە بەرە بەرە خۆم لەو برادەرانە بەدوور گرت و وازم لەو شتانە هێنا و ماڵەوەمان سەرسام ببوون ئەوە من لەکاتی خۆی لەجیاتی درەنگی شەو بێمەوە لەئان و ساتی خۆی لەماڵەوەم و دەرس دەخوێنم.

ژووان لەڕێی ئینتەرنێت و مۆبال[١٣٧] و یەكتر بینین لە تەنیایی و یەكتر دواندن لەڕێی تەلەفۆن و...هتد.

[١٣٧] -ئەو كار ئاسانییەی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان، وە بەدیاریكراوی ئەوەی دەزگاكانی مۆبایل نواندویەتی كە شەوانە دوای ١٢ی شەو قسەكردن بەخۆڕاییە، ئەوە جۆرێكە لە بڕەودان بە پەیوەندی ناشەرعی نێوان كچ وكوڕو بەرپرسی ئەو دەزگایانە لەهەر گوناهێك بەشدارە كە كچ و كوڕێك لەو رێیەوە تووشی لادان و كاری ناشەرعی ببێت. ئافرەتێكی شوودار بۆ یەك لە خوشكەكانمی گێڕایەوە، وتی هێشتا شووم نەكردبوو، لەڕێی كوڕە گەنجێكی نەناسەوە تەلەفۆنێكم بۆ هات پرسیاری ماڵێكی كرد. منیش بەدەنگێكی نەرم و نیانی ناسكەوە بێ ئاگا لەوەی قورئان باس دەكات ( فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ) الأحزاب: ٣٢ كە لەكاتی قسەكردندا ناز نەكەین بۆ ئەوەی دڵە پیس و بۆگەن و نەخۆشەكان تەماحگیرمان نەبن، بۆیە پێموت ببوورە ئەو ماڵە نییەو من چ ماڵێكی بەم ناوە ناناسم. زمان ئێسقانی نییە بەلاّم دڵ دەشكێنێ. ئەو درێژدادڕیەی من و بەم دەربڕینە هەست ئامێزە وای لە كوڕەكە كرد چەند جارێكی تر تەلەفۆنم بۆ بكاتەوە بەبێ ئەوەی لەدەمی بدەمەوەو پێی بڵێم چیتر تەلەفۆنم بۆ نەكاتەوە. بۆیە نواندنی ئەو بێدەنگیە و گوێگرتنم لێی، شەیتان لێم هاتە پێش و بەجۆرێ وەسوەسەی خستە دڵمەوە، وام هەست دەكرد ساڵەهایە ئەو كوڕە دەناسم كە لە ئەسڵدا نەمدەزانی ڕەنگ و روخسارو سروشتی چۆنە و چی لە ناخدایە! ئەوكوڕە هەر لەسەرەتاوە خۆی وا نیشان دەدا نیەتی پاكە و دەیەوێ لەداهاتوودا هاوسەرگیریم لەگەڵ ئەنجام بدات.بەردەوام ئەو قەوانەی لێ دەداو منیش لەساویلكەیی خۆمدا بەم وشە باق و بریقانە، قەناعەتی تەواوم بۆ دروست بوو درۆم لەگەڵ ناكات و كەسێكی راستگۆیە. لەو رۆژە شەیتان بووە نامەبەری نێوانمان كە لەڕێی گۆڕینەوەی نامەو نامەكاری و تەلەفۆنەوە زیاتر لەیەك نزیك ببینەوەو كاتێك بۆ یەكتر بینین دیاری بكەین. لەو روانگەوە بەدزی ماڵەوە هەر جارەی بەدرۆ و دەلەسەو بیانوویەكەوە گوایە دەمەوێ سەردانی ئەم دەستە خوشك و ئەو دەستە خوشكەم بكەم، دەچوومە دەرەوەو بەنهێنی لەگەڵ ئەو كوڕە یەكترمان دەبینی و دیسان بێ ئاگا لە فەرموودەكەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)كە دەیفەرموو: لا يخلون رجل بامرأة إلا كان الشيطان ثالثها_( صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة : ١ / ٧٩٢ ، برقم : ٤٣٠ ) واتە: (هەرگیز پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێك بەتەنها نابن، ئیللا شەیتان سێیەمیان دەبێت). ئەو وشە ریزكراو و رازاوانەی شەیتان بۆی دەهۆنیەوەو ئەویش بۆی دەردەبڕیم تۆ مانگی، تۆ جوانترین كچی تا ئێستا بینیبێتم، هەرگیز ناهێڵم ببیتە هاوسەری كەسێكی تر، من قوربانی بەگیانی خۆم دەدەم تەنها بەتۆ بگەم تۆ بۆ من ببیت و زۆرم خۆش دەوێی. ئیتر بەوای دەستەمۆ بوونم بۆ ئەو هەستە چەواشەكارییەی چەواشەی پێ دەكردم. كاتێ دەیوت وێنەیەكم لەگەڵ بگرە. بێدەنگیم بەرامبەر دەنواندو نەمدەوت نا، نەخێر حەز ناكەم وێنەم لەگەڵ بگری، بۆیە چۆنی بویستایە ئاوا وێنەم لەگەڵی دەگرت.دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر ئەو

**(أبی سەعید)ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرمووێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (إن الدنيا حلوة خضرة وإن الله مستخلفكم فيها فينظر كيف تعملون فاتقوا الدنيا واتقوا النساء فإن أول فتنة بني إسرائيل كانت في النساء) رواه مسلم (٦٨٨٣).**

**واتە: بەڕاستی دونیا شیرین و سەوزە، ئێوە جێنشینی خوای گەورەن، تەماشاتان دەکات بزانێ چ کردەوەیەك ئەنجام دەدەن، بۆیە خۆتان بپارێزن لە دونیا و خۆتان بپارێزن لە ئافرەت، چونکە بەڕاستی یەکەم فیتنەو بەلاَ پەیدابوو لەناو ئیسرائیلدا بەهۆی ئافرەتەوە بوو.**

خوای کارجوان هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاوی دروست کردووە، هەر خۆی دەزانێت چ کاریگەریەکیان بۆسەر یەکتر هەیە لە پێکدادانی هەردوولاو راکێشانی ئارەزوو لە نێوانیاندا.

عبدالله بن مسعود ڕەزای خوای لەسەربێت دەفەرموێ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: **المرأة عورة فإذا خرجت استشرفها الشيطان.** واتە: ئافرەت هەموو لاشەی عەورەتە، هەرکات چووە دەرەوەی ماڵ، شەیتان سەرپەرشتی دەکات. بە

---

**پەیوەندیە، داوای لێکردم دەستی لەگەڵ تێکەڵاو بکەم و منیش بەتوندی ئەو داوایەم ڕەتکردەوە. بەمەیش کەوتە هەڕەشەو گوڕەشە، دەیوت ئەگەر قایل نەبی ئەوە لای هەموو خەڵك و خێزانەکەت ئابرووت دەبەم و هەموو وێنە و گفتوگۆکانی نێوانمان بڵاو دەکەمەوە کە هەموویم لای خۆم و لەناو تەلەفۆنەکەم تۆمار کردووە.منیش پێموت ڕێم پێ بدە بیرێکی لێ بکەمەوە، لەو ڕۆژانە وەڵامت دەدەمەوە.**

**بەدزییەوە گەلێ گریام و فرمێسکێکی زۆرم داباراند. دوای چوار ڕۆژ کاتێك کوڕەکە نامەی ناردو داوای چاوپێکەوتنی کرد، تەلەفۆنم بۆی کردو پێموت ناوی تەواوی تۆو ماڵتان و ژمارەی مۆبایلەکەت و هەموو ئەوانەم لە سیدیەك تۆمار کردووە کە هەر شتێك بزانمەوە ئەوە پێش ئەوەی ماڵەوە بمکوژن، سیدیەکەیان پێ دەدەم و خۆم دەسووتێنم، ئەوجا خۆت دەبینیەوە.**

**سوپاس بۆ خوا لەو ڕۆژەوە ئەو گەنجە لە ترسی خۆی، نە تەلەفۆنی کردەوەو نە شتەکانمی بڵاوکردەوە.منیش تۆبەیەکی بەهەقم کردوەو سیم کارتەکەم شکاند و تا شووم کرد ئێستاش کە خاوەنی سێ چوار منداڵم، تەلەفۆنم نیە، چەندە پیاوەکەم پێم دەڵێ با تەلەفۆنێکت بۆ بکڕم؟ تەلەفۆن بۆ تۆ زەرووره؟ پێی دەڵێم ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانی و تا ماوم نامەوێ تەلەفۆنم هەبێت.**

مانایەکی دیکە شەیتان دەچێتە ناخ و دڵیەوە تاوەکو خۆڕازاندنەوە و جوانکاری و فیزلێدانی پێ ئەنجام بەدات. ئەوەتا بەپێی سەرژمێریەك هاتووە کە لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ١٩ملیۆن ئافرەت بوونەتە قوربانی دەستدرێژی کردنە سەر شەرەف و نامووسیان. بەو پێیە لەهەر کاتژمێرێکدا ٧٨ئافرەت دەستدرێژیان کراوەتە سەر، ئەوەتاجۆرج بالوش دەڵێت رۆژانە بەدەیەها تەن بۆمبی سێکسی دەتەقێتەوەو دەرەنجامەکەیشی مایەی سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێیە، ئەمەیش لەبواری رەوشتدا هەر منداڵەکانمان ناکاتە دڕندە، بەڵکو سیماو روخساری کۆمەڵگاش دەشێوێنێ.

ئەو پیاوانەی لە ئافرەتان دەڕوانن وەکو ئەو دڕندانەن کە شالآو بۆ نێچیرەکانیان دەبەن و بەدەوریاندا دەسووڕێنەوە. دەم لە کەلاکەکانیان وەردەدەن، ئەگەر پارێزکارەکان ئەو گۆشتانە لەدەمی درندەکان نەپارێزن ئەوا دەخورێن و بەبەلاش و حەلاش و بەبێ بەرامبەر لووش دەدرێن.

**پێغەمبەری خوا (ﷺ)لە (ئیسراو میعراج)دا خەڵکانێکی بینی گۆشتی سوور و جوانیان بۆ داندرابوو کەچی دەمیان لەکەلاکی بۆگەن دەدا، کە پرسی ئەوانە کێن؟ وتیان ئەو کەسانەن خاوەنی ژن و ماڵ و منداڵی خۆیانن کەچی لەدەرەوەی خێزان داوێنپیسی دەکەن.**

**پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێت: هەر کەسێك لەبەر خوای گەورە واز لەکارێك بهێنێ ئەوا خودا کاروبارێکی چاکتری بەنسیب دەکات.**

## چاوداخستن لە حەرام دەبێتە هۆی بەختەوەری

زۆر جار چوونە بازاڕ و بینینی ئافرەتی سفوور و ئەلمۆدە کە مرۆڤ نەیتوانی چاوی خۆی بگرێ و چاوی بەرەڵا کرد، ئەوا هەست بە بۆشایی گەورەی دەروونی دەکات کە ئەگەر ژنیشی هەبێت پەنا بۆ حەزە شێتەکانی دەبات و بەرامبەر ژنەکەیشی سارد و سڕ دەبێت.[١٣٨]

---

[١٣٨] - نموونەی باوەڕدار وەك ئەو خواناسەیە، دەڵێت بەردەوام لەماڵەوە پێداویستی خۆم تێر دەکەم بۆ ئەوەی کە چوومە بازاڕو دەرەوە، ختوورەو هەستم بۆ هیچ ژنێك نەجووڵێ.

هەروەها کاتێك مرۆڤ گوێ بۆ نوکتە و دیمەنە وروژێنەرەکان رادەدێرێ، ئەو شتانەی لە مێشکدا خەزن دەبن و بەدزییەوە بەدوای بەتاڵکردنەوەی حەزو ئارەزووە برسیەکانی دەگەڕێت. ئەوەتا باسکردنی مەساج لای گەنجان و خودی هەندێ لە پیاوانی ژندار بووەتە شتێکی باوی سەردەم کە بەپاساوی ئینزیلاق و تەشەنوج و ژان و ژاری لا بەلا زۆربەی زۆریان لەو سەردانەیاندا بەدزیماڵەوە دەچنە ئەو سەنتەرانەی بۆ کاری مەساجکردن داندراون و لەتەکدا لەشفرۆشیان تێدا ئەنجام دەدرێت و ئەو دەرفەتە بۆ تێرکردن و کپکردنەوەی حەزەکانیان دەقۆزنەوە.

**گەنجێك گێڕایەوە، وتی:**

برادەرێکم هەیە ژنی هەیە و خاوەنی سێ چوار منداڵە، کەچی بەناوی ئەوەی پێویستی بە مەساجە دەچێتە ئەو سەنتەرانە و حەزەکانی لەو شوێنانە دادەمرکێنێتەوە، کەچی ئەوە ناشارێتەوە کە لەو شوێنە چی کردوە و چی نەکردووە، بەڵام بەدرۆ واخۆی نیشانی ماڵەوە دەدات گوایە بەوای ئەو مەساجەوە هەست بە باشبوون دەکات.

**بیلالی کوڕی سەعرس دەڵێت:** دوو جۆرە زیکر کردن هەیە، یەکەمیان زیکرێکە بە زمان ئەنجام دەدرێ کە چاك و جوانە.دووەمیان زیکری خوای پەروەردگارە لەو شتانەی حەلاڵ و حەرامی کردووە، خۆگرتنەوە لێیان چاکترە.

کاتێك مرۆڤ بە ژن و پیاو چاوی خۆی لە ئاست حەرامکراوەکان داگرت، لە گوناهوتاوان دوور دەکەوێتەوە، ئەوەش لەو فەرمایشەی خوای پەروەردگار سەرچاوە دەگرێ کە دەفەرموێت:

﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ

ٱلتَّٰبِعِينَ غَيۡرِ أُوْلِي ٱلۡإِرۡبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفۡلِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يَظۡهَرُواْ عَلَىٰ عَوۡرَٰتِ ٱلنِّسَآءِۖ وَلَا يَضۡرِبۡنَ بِأَرۡجُلِهِنَّ لِيُعۡلَمَ مَا يُخۡفِينَ مِن زِينَتِهِنَّۚ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٣١﴾ النور: ٣٠ - ٣١

**واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بەپیاوانی ئیماندار بڵێ چاویان بپارێزن لە سەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم هەروەها نامووس و عەورەتی خۆیان لەحەرام بپارێزن، بێگومان ئەوە پاکترو پوختترە بۆیان بۆ دڵ ودەروون و رواڵەت و رۆح و لاشەیان، بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵس و کەوت و رەفتارانەی دەیکەن(٣٠) بە ئافرەتانی ئیمانداریش بڵێ چاویان بپارێزن لە تەماشای نامەحرەم، داوێنی خۆیان بپارێزن لە گوناهو جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە وەك دەم و چاو و دەست، با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیانداو جوانی و زینەتی خۆیان دەرنەخەن بۆ هاوسەرەکانیان نەبێت، یان باوکی خۆیان یان باوکی مێردەکانیان، یان کوڕی خۆیان، یان کوڕی مێردەکانیان، یان بۆ براکانی خۆیان، یان برازاکانیان، یان خوشکەزاکانیان، یان ئافرەتێك کە پەیوەندیان پێکەوە هەیە، یان ئەوانەش کە کەنیزەکانیان کە لە بارودۆخی تایبەتدا هەبوون یان ئەوانەی کە لە ماڵەکانتاندا دەژین و پێویستیان بە ئافرەت نییەو (ئارەزووی جنسیان بۆ دروست نەبووەو نازانن باسی عەورات بکەن) نابێت ئافرەتانی ئیماندار قاچیان دەربخەن و پێیان بدەن بە زەویدا تا دەنگی خشڵ و پاوانەکانیان بێت و بزانرێت کە زینەتدارو خشڵدارنچونکە جوانی بەئافرەتان دەدات، کەواتە هەمووتان ئەی ئیمانداران بەرەو لای خواو بەدەستهێنانی رەزامەندی ئەو بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی رزگاروسەرفرازبن(٣١).**

**حەسەنی بەسری دەڵێت:** هەر کەسێك چاوەکانی بەڕەڵا بکات و بەملاولادا بیگێڕێت، ئەوا غەم و پەژارەی زۆر دەبێت.

**العين تزني و زناها النظر، واليد تزني، والفم يزني، والقلب يزني، والفرج يصدق ذلك أو يكذبه[١٣٩] چاو زینا دەکات و زیناکەشی سەیرکردن و نەزەرە، وە دەم زینا دەکات، وە دڵ زینا دەکات،وە داوێنیش ئەوە بەڕاست دەگرێت واتە: دەکەوێتە زینای تەواوەو یان بەدرۆی دەخاتەوە( لێی دوور دەکەوێتەوە)**

ئەگەر لۆژیکانە ئەو فەرموودەیە شرۆڤەو شی بکەینەوە، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرمان چنگ دەکەوێت ئەویش ئەوەیە کاتێك چاو وەك یەکەم ئامراز بۆ ئەو پرۆسەیە سەیری دەکات و پێی سەرسام دەبێت، ئەوە لە مێشکیدا وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی کەسی بەرامبەر دەگرێت، ئەوجا زیاتر هەنگاو دەنێت کە بەهۆی دەمەوە[١٤٠] لەڕێی قسەو گفتوگۆو پێکەنینەوە زیاتر لێك نزیك بوونەوە لەنێوانیان روو بدات ئەمەیش پەردەی

---

[١٣٩] – **البخاري (٥٨٨٩)، مسلم (٢٦٥٧).**

**کاتێك پێغەمبەری خوا پرسیاری لێ دەکرێت لەخزمی مێرد کە ئەگەر بەتەنیا لەگەڵ براژنەکەیدا بمێنێتەوە، دەفەرموێت: (الحمو الموت)البخاري-٤٩٣٤-، مسلم-٢١٧٢- عن عقبه بن عامر برای مێرد مردنە. مردن: ئەم دەستەواژەیە کاریگەری چەندە زۆرە کاتێك ئەم قسە بەکەسێك دەوترێت..خۆ ئەگەر پێتوترا رات چییە بەرامبەر فلانە کەس؟ ئەگەر لێی بێزار بیت و بتەوێ هەر باسی نەکرێ، لە خراپیدا دەڵێیت مردن. واتە مردن باشترە لەوحاڵەی کە هەیەتی.**

[١٤٠] **–زۆر جار لەڕێی دەمەوە مرۆڤ نەك هەر تووشی زینا، بگرە تووشی گوناحی دیکەیش دەبێت وەك بوختان و هاندان بۆ کوشتن و دزی و تێکدانی کۆمەڵگا، دەڵێن جارێکیان کابرایەکیان لەسەر دزی لەسێدارە دەدا، پێیانوت دوا وەسیەتت چیە؟ وتی دەمەوێ دایکم ببینم.کاتێك ناردیانە دوای دایکی، وتیان فەرموو ئەوە دایکت ئەوجا چ قسەیەکت لەگەڵی هەیەو دەتەوێ چی پێبڵێی، بە ئازادی قسەی لەگەڵ بکە.ئەویش وتی دایەگیان من بەهەموو ژیانم خۆم بەقەرزاری تۆ دەزانم، بۆیە دەمەوێ زمانت دەربێنی و ماچێکی بکەم ئەوە دوا وەسیەتی منە.دایکیشی بۆ بەجێهێنانی ئەو داوایە، زمانی بۆ دەرێناو ئەویش توند سەری زمانی دایکی گرت و تا نەیقرتاند وازی لێ نەهێنا. کە لێیان پرسی ئەوە دایکت بوو ئەو ناماقوڵیە چی بوو کردت؟ وتی ناماقوڵیم نەکردووە ئەگەر بەوای زمانی دایکمەوە نەبوایە ئەوە لە سێدارە نەدەدرام، ڕۆژێکیان هێلکەیەکم دزی ئەگەر ئەو کاتە نەیهێشتایە و ئامۆژگاری چاکەی بکردمایە، ئەوهام بەسەر نەدەهات، لەجیاتی سەرزەنشتم بکات، دەستخۆشی لێکردم و وتی ئافەرین کوڕی خۆم، ئەو جارەیان ئەگەر بۆت کرا لەجیاتی هێلکەیەك، دوو هێلکە بێنەوە، ئیدی وردە وردە دزی کردنەکەم زیادی کرد و گەورە بوو هەتاوەکو ئەو دزیەی ئێستا لەسەری لەسێدارە دەدرێم.**

شەرم ناهێڵێ کە زۆر بە ئاسایی پەیوەندی لەگەڵ یەك ببەستن لەکاتێکدا ئەگەر بەرپەرچدانەوە رووی نەداو هەردوو لا بەوە رازی بوون یەکتر ببین و بەیەکەوە قسە بکەن، هەنگاوی پاشتر دەبێتە رێخۆشیەك کە دڵی ئەو کەسە ئیعاز بۆ داوێنی بنێرێت بەوەی هەمووشت تەواوە و کاتێك داوێنیشی هەموو ئەمانەی سەرەوە بەڕاست وەردەگرێت، ئیدی بڕیاری خۆی دەدات و زینای هەقیقی لەنێوانیان دروست دەکات.

پێویستە ئافرەتان جوانی و رازاوەیی خۆیان بەدەر نەخەن چونکە دەرخستنی جوانییان هۆکارێکی کاریگەرە بۆ داڕوخانی کۆمەڵگاو لەڕێ دەرچوونیان.هەڵبەتە بەپێی یاساو رێساکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئافرەتان ئەگەر خۆیان دانەپۆشن ئەوا دوو جار تاوانبار دەبن.یەکەم شت فەرمانی خوایان شکاندووە.دووەم شت بەو کارەیان سەرنجی پیاوان بەلای خۆیان رادەکێشن و ئەوانیش زیاتر تووشی تاوان و سەرگەردانی و لەڕێ دەرچوون دەبن.[١٤١]

---

[١٤١]- رۆژێکیان عیسا (علیه السلام) لە پەیکەرگاه (هیکل)ەکەی شاری قودسدا خەریك بوو پەندو ئامۆژگاریەکانی ئایینی مەسیحی فێری ئەو کەسانە دەکرد کە لەوێدا کۆ ببوونەوە. لەپڕ چەند کەسێك هاتنە بەردەمی و لەگەڵ خۆیاندا ئافرەتێکیان راپێچ کردبوو، پێیان گوت کە هاتین بەسەر ئەم ژنەدان داوێنپیسی دەکرد.ئایینی موساش دەڵێ: بەردەبارانی بکەن، ئەی تۆ چی دەفەرموویت؟ فروفێڵەکانی جووەکان ئەم داوەیان بۆ عیسا نابووەوە تووشی کوشتنی بکەن، چونکە بەپێی تەوراتی موسا ئەگەر عیسا بیگوتایە: بەردەبارانی مەکەن دەبێ خۆی بکوژرایە! چونکە پێچەوانەی تەورات دەجووڵایەوە. عیساش کە چاوێکی بەو چەند کەسەدا خشاند کە ئافرەتەکەیان راپێچ کردبوو، دانەوییە سەر زەوی و بە پەنجە دەستی کرد بەنووسین لەسەر خۆڵەکە، ئنجا پێی گوتن هەر کامێکتان گوناهی نەکردووە، بام بەردێکی تێ بگرێ.پاشان دانەوییەوە و دەستی کردەوە بەنووسین لەسەر گڵەکە.هەر کامێکیان دەهاتە پێشەوە و خۆی ئامادە دەکرد فەرمانەکەی تەورات جێ بەجێ بکات، سەیری ئەوەی دەکرد کە مەسیح لەسەر زەویەکە بۆی نووسیوە، کە دەیدی گوناهەکانی خۆی لەسەر خۆڵەکە نووسراوە و دەیخوێندەوە، دەگەرایە پاشەوە و سەری دادەخست و لە بەردەباران کرد وازی دەهێنا! بەم رەنگە هەر کەسێ لەوێدا بوو بەپیر و جوانەوە، یەك لەدوای یەك کشانە دواوە بێ ئەوەی یەکێکیان بتوانێ بەردێك لەم ئافرەتە بگرێ. ئینجا کە حەزرەتی مەسیح لە ژماردنی گوناهەکانی ئەو کەسانە بووەوە، سەری هەڵبڕی، تەماشای کرد کەس لەوێ نەماوەتەوە ئافرەتە داوێنپیسەکە نەبێ. ئەویش بەچاوێکی رێز و خۆشەویستی و بەزەیی پێداهاتنەوە سەیرێکی

## ئەی پێغەمبەری خوا( ﷺ ) ڕێگام بدە زینا بکەم

ئەم قسەیە داواکاری لاوێك بوو وەك هەموو لاوەکانی ئەم سەردەمە، بەڵام ئاڕاستەی کەسێکی ئاسایی نەکرد، بەڵکو ئاڕاستەی پاکترین و زاناترین کەسی سەر زەوی، ئاڕاستەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)ی کرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

**ئەبو ئومامە((خوا لێی رازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە لاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)پێی فەرموو ئەی پێغەمبەری خوا ڕێگام بدە زینا بکەم. هاوەڵانی پێغەمبەر چوون بە گژیا و سەرزەنشتیان کرد و پێیان وت بێدەنگ بە، بێدەنگ بە. پێغەمبەری خوا بەلاوەکەی وت نزیك بەرەوە لێم. لاوەکە لێی نزیك بوویەوە و لە تەنیشتی دانیشت. پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەلاوەکەی وت ئایا پێت خۆشە کەسێکی تر ئەم کارە (زینا) لەگەڵ دایکت بکات؟ لاوەکە فەرمووی‌گیانم فیدات بێ پێغەمبەری خوا سوێند بەخوا پێم خۆش نییە.پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی بە هەمان شێوە خەڵکیش بۆ دایکیان پێیان خۆش نییە. پاشان فەرمووی ئایا پێت خۆشە کەسێکی تر ئەم کارە(زینا) لەگەڵ کچەکەت بکات؟ لاوەکە فەرمووی گیانم فیدات بێ پێغەمبەری خوا سوێند بەخوا پێم خۆش نیە. پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی بە هەمان شێوە خەڵکیش بۆ کچەکانیان پێیان خۆش نییە. پاشان فەرمووی: ئایا پێت خۆشە کەسێکی تر ئەم کارە (زینا) لەگەڵ خوشکەکەت بکات؟ لاوەکە فەرمووی گیانم فیداتبێ پێغەمبەری خوا**

---

**ئافرەتەکەی کرد و بەرووییەوە پێکەنی، لێی پرسی: کوان ئەوانەی دەیانویست بەردەبارانت بکەن؟ ئاخۆ کەسیان بەردیان پێداماڵیت؟**

**ئافرەتەکەیش گوتی: نە، گەورەم کەس بەردی پێدا نەماڵیم.**

**حەزرەتی مەسیحیش گوتی دەبرۆ منیش بەردت پێدا ناماڵم، بەڵام نەکەیت جارێکی تر گوناهی وا بکەیتەوە.**

**ئافرەتەکەیش لە خۆشیدا شاگەشکە ببوو، گەرایەوە ماڵی خۆی. قسە جوانەکانی حەزرەتی مەسیح و کردەوە جوانەکانی کاری لە دڵی کردبوو، وازی لە داوێنپیسی هێنا.شاکر فەتاح- ئاهەنگی رۆشنبیرانل٨٢-٨٣**

سوێند بەخوا پێم خۆش نیە. پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی بە هەمان شێوە خەڵكیش بۆ خوشكەكانیان پێیان خۆش نیە. پاشان فەرمووی ئایا پێت خۆشە كەسێكی تر ئەم كارە (زینا) لەگەڵ خوشكی دایك و باوكت بكات؟ لاوەكە فەرمووی گیانم فیداتبێ پێغەمبەری خوا سوێند بەخوا پێمخۆش نیە. پێغەمبەری خواش(ﷺ)فەرمووی بە هەمان شێوە خەڵكیش بۆ پوورەكانیان پێیان خۆش نیە. لە كۆتایدا پێغەمبەری خوا دەستی خستە سەر سینگی لاوەكە و فەرمووی خوایە لە تاوانەكانی خۆشبە و دڵیشی پاك بكەوە لەتاوان و لە داوێن پیسی بیپارێزە. لەپاش ئەم گفتوگۆیە، ئەم لاوە تا لە ژیان دابوو، هیچ تاوانێكی نەكردەوە.[١٤٢]

---

[١٤٢] – عَنْ أَبِى أُمَامَةَ (ڕەزای خوای لێبێت) قَالَ : ((إِنَّ فَتًى شَابًّا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ)فَقَالَ يَا رسُولَ اللَّهِ : ائْذَنْ لِى بِالزِّنَا ، فَأَقْبَلَ الْقَوْمُ عَلَيْهِ فَزَجَروهُ وَقَالُوا : مَهْ مَهْ !
فَقَالَ : ادْنُهْ ، فَدَنَا مِنْهُ قَرِيْبَاً ، قَالَ : فَجَلَسَ .
قَالَ : أَتُحِبُّهُ لأُمِّكَ ؟
قَالَ : لاَ ، وَاللَّهِ جَعَلَنِى اللَّهُ فِدَاكَ .
قَالَ : وَلاَ النَّاسُ يُحِبُّونَهُ لأُمَّهَاتِهِمْ .
قَالَ : أَفَتُحِبُّهُ لابْنَتِكَ ؟
قَالَ : لاَ ، وَاللَّهِ جَعَلَنِى اللَّهُ فِدَاكَ .
قَالَ : وَلاَ النَّاسُ يُحِبُّونَهُ لِبَنَاتِهِمْ .
قَالَ : أَفَتُحِبُّهُ لأُخْتِكَ ؟
قَالَ : لاَ ، وَاللَّهِ جَعَلَنِى اللَّهُ فِدَاكَ .
قَالَ : وَلاَ النَّاسُ يُحِبُّونَهُ لأَخَوَاتِهِمْ .
قَالَ : أَفَتُحِبُّهُ لِعَمَّتِكَ ؟
قَالَ : لاَ ، وَاللَّهِ جَعَلَنِى اللَّهُ فِدَاكَ .
قَالَ : وَلاَ النَّاسُ يُحِبُّونَهُ لِعَمَّاتِهِمْ ؟
قَالَ : أَفَتُحِبُّهُ لِخَالَتِكَ ؟
قَالَ : لاَ ، وَاللَّهِ جَعَلَنِى اللَّهُ فِدَاكَ .
قَالَ : وَلاَ النَّاسُ يُحِبُّونَهُ لِخَالاَتِهِمْ .
قَالَ : فَوَضَعَ يَدَهُ عَلَيْهِ ﴿عَلَى صَدْرِهِ﴾ ، وَقَالَ : اللَّهُمَّ اغْفِرْ ذَنْبَهُ ، وَطَهِّرْ قَلْبَهُ ، وَحَصِّنْ فَرجَهُ .

ئەوەی نیەت و نیازی زینای هەیە لەگەڵ دایك و كچ و خوشك و پوورو خزمی خەڵكی، دەبێ بەرچاو روونبێ كە رەنگە رۆژێك لە رۆژان هەمان شت بەسەر دایك و كچ و خوشكی بێت ، ئەوجا ئەو كاتە ئازارو ناسۆری ئەو كارە دەزانێت چەندە ناخۆش و قورس و گرانە.

## هەموو رۆژێك مردنێك بەچاوی خۆم دەبینم

**كابرایەك باسی هاوڕێیەكی خۆی بۆ گێڕامەوە، وتی:**

برادەرەكەم بەتەمەن و هەندێكیش قەڵەو بوو، دوو جار جەڵتەی لێدا و كەمتر لە ساڵێك ژیاو وەفاتی كرد .جاری یەكەم لەلای چەپیدا، دەست و قاچێكی مرد و دەمی خوار كردەوە و دوای ماوەیەك دەیتوانی قسە بكات بەڵام پچڕ پچڕ و لەجاری دووەمدا بەجاریَ لە قسەكردن كەوت. رۆژێكیان بەدەمی خۆی بۆی گێڕامەوە، وتی من خەم لەوە ناخۆم لەبن جێ كەتووم، شوكور تەمەنێكم بەسەر بردووە، وەلێ ئێستا هەموو رۆژێك مردنێك بەچاوی خۆم دەبینم لەكاتێكدا شەوانە خەوم نیە و كچەكەم بەدزی منەوە كوڕی خەڵكی دێنێتە ماڵەوە و باش دەزانێ توانای هەستانم نیە و ناتوانم لەگوڵ كاڵتری پیَ بڵێم نەوەكو پشتگوێم بخات و خزمەتم نەكات كە ئەگەر دایكیان بمابوایە چ حەددو وجوودی هەبوو لاتجمێ بكات و پێی بەخواری دانێ، بەڵام ئەوەی دەیبینم هەموو ئەو دیمەنانەن كە لە كاتی خۆی دا من دەرهەق بە ژنی ئەم و ئەو ئەنجامم داوەو نەمتوانی تۆبەی لەسەر بكەم و جارێكی تر بۆی نەگەڕێمەوە.

## لە قەرزەكەی خۆش بووم تا ئەو گوناهە نەكەم

**دكتۆر هەرێم بۆی گێڕامەوە، وتی:**

مانگی رەمەزان بوو، بەهۆی تین و تاوی گەرمای خۆر و لەتەكدا بەهۆی بەڕۆژوو بوونمەوە،ئەو نۆرینگەی هەمبوو بە رۆژ نەمدەكردەوە ئێواران دوای نوێژی عیشا و لە دەرۆژی كۆتایی شەوانی قەدر تا بەرە بەری نوێژی بەیان دەمكردەوە. شەوێكیان ئافرەتێك هاتە نۆڕینگەكەم كە دەمناسی و چەندین جار لەلام داو دەرمانی دەبرد و

قَالَ : فَلَمْ يَكُنْ بَعْدُ ذَلِكَ الْفَتَى يَلْتَفِتُ إِلَى شَيْءٍ)) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٣٧٠) .

بەهۆی نەدانی پارەوە دەیوت جارێ پارەم نیە ئەگەر لەلای خۆت بینووسی و منیش لە دەفتەرێكدا رۆژ و بەروار و ناوی ئەو دەرمان و پشكنینەم تێدا تۆمار دەكرد كە هەر كاتێك ویستی قەرزەكەی بداتەوە ئەوە من لەبیری نەكەم و بزانم بڕی پارەكەی چەندەو چی بردووە.

ئەو ئافرەتە كاتێك هات، بەسەردا نەخۆشێكی تر هات، كە پێموت فەرموو. بەدەم زەردەخەنەیەكەوە وتی قەینا من پەلەم نییە جارێ ئەو نەخۆشە بەڕێ كە.

نەخۆشەكەم بەڕێ كرد، كە رووم تێیكرد و پێموت فەرمووو؟

بە هەڵپەیەكەوە وتی هاتووم ئەگەر حەزت لێیە دەمەوێ ئەو قەرزەی لەلامە ساف بكەم.

سەرەتا لەمەبەستی تێ نەگەیشتم، وتم هاتووی دەتەوێ هەموو پارەكە بەجارێك بدەی؟

بۆم خنایەوە، وتی چیە دەڵێی تێم ناگەی؟ پارەم نەهێناوە تا قەرزەكەتی پێ بدەمەوە، هاتووم پێت بڵێم ئەگەر حەزت لێیە خۆمت رادەست دەكەم.

بەم وەڵامە تاسام و لەدەروونەوە بەخۆمم وت ئەوە مانای چییە؟ منێك بە رۆژ بەڕۆژوویم، بەشەو نوێژی تەراویح و شەونوێژ بكەم ئەوجا بچم زینای لەگەڵ بكەم، نا هەرگیز ئەو گوناهە لەئەستۆ ناگرم.[١٤٣]

[١٤٣] – یەكێك ترسی خوای لەدڵ بگەڕێ ئامادەیە قوربانی بە هەموو شتێك بدات بۆ ئەوەی خۆی لەو تاوانە بەدوور بگرێ.بەپێچەوانەوە مرۆۋ ویژدانی نەجولاو ترسی خوای لە دەروون نەبوو، لەهیچ ناگەڕێتەوەو سڵ لەهیچ ناكاتەوە. كەسانێكی زۆرمان هەیە دەسەڵات و دەوڵەمەندی و پارەو پولیان ئەوەندە زۆرە وادەزانن ژیان بەڕەڵاییە دەبێ تەمەنی خۆیان لە رابواردن ببەنە سەر لەكاتێكدا مەزرەعە دروست دەكەن، هەیە ژن و ماڵ و منداڵی هەیە ئەوجا بەپاساوی جۆراو جۆر خۆی لەماڵ ومنداڵی دەدزێتەوە، ئافرەتی سۆزانی بانگێشتی مەزرەعەكەی دەكات و شەوی خۆی لەرابواردن و داوێنپیسی ئەو شوێنە بەسەر دەبات.

كارەسات لەوە گەورەتر چییە لە گرانیەكەی ١٩٩٣-١٩٩٦ی هەرێمی كوردستان كەسێكی دەسترۆیشتووی دەوڵەمەند كاتێك ئافرەتێك لەدەرگای ماڵی دەدات و داوای لێ دەكات یارمەتیەكی بدات، پێی دەڵێ كچت هەیە؟ دەڵێ بەڵێ. پێی دەڵێ ئەگەر دەتەوێ بژێی، برۆ كچەكەتم بۆ شەوێك بۆ بێنە سی هەزار دینارت پێ دەدەم. ژنەكەش لەجیاتی مەردایەتی خۆی بنوێنێ، دەچێتەوە ماڵ و كچەكەی بۆ شەوێك و بۆ برە پارەیەك دەكاتە پاروویەكی چەوری ئەومرۆڤە دڕندە.

ناوچەوانم لێی گرژ کرد، بەتووڕەییەوە دەستم بۆ دەفتەرەکە برد و بە قەڵەم جافێك خەتم بەسەر تەواوی قەرزەکەی هێنا. کە دەفتەرەکەم پێی نیشاندا، پێموت فەرموو بەگەردن ئازایی چەندی من قەرزار بووی، ئەوە هەموو قەرزەکەتم رەش کردەوە یەك دینارم لێت ناوێ، بەڵام نەخەڵەتێی جارێکی تر بێیەوە ئەم نۆڕینگەیە.

ژنەکە چاوەڕوانی ئەو قسەی نەدەکرد پێی وابوو بە جوانیەکەی دەتوانێ فریوم بدات و بەرامبەر بەو قەرزە دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکەم و منیش ئەو کارەم رەت کردەوە. ژنەکە وەکو هەست بەتاوانێکی گەورە بکات، سەری خۆی شۆڕ کرد و چۆن نۆڕینگەکەمی بەجێ هێشت، نزیکەی دوو ساڵی رەبەق ئەوەندەی نەخۆش بوایە بەتەك نۆڕینگەکەم تێ دەپەڕی و دەچووە نۆڕینگەکەی سەرەوە، بەڵام دواجار وەك لەو کارەی پەشیمان بووبێتەوە، هاتە لام و داوای لێبوردنی کرد، منیش لێی خۆش بووم و پێموت تۆ دەبوایە بزانی من نوێژ دەکەم و لەو کەسانە نیم، نەدەبوو داوای شتێکی وام لێبکەی.

دوای ئەو لێبوردنە، هەرچی جارێ بەناوی نەخۆشییەوە بهاتایەتە نۆڕینگەکەم، لەگەڵ پێدانی داوو دەرمان و چارەسەری، یەکسەر پارەکەی دەداو نۆڕینگەکەمی بەجێ دەهێشت.

## بۆ ئەوەی تووشی گوناە نەبم، عارەبانەکەم فرۆشت

***عەزیز عەبدولرەحمان بۆی گێڕامەوە، وتی:***

هێشتا سەرم ماش برنج نەبووبوو، گەنجێك بووم بەمانای وشە.باب و باپیرانم چونکە مەلا بوون، دەستمان بەم دینەوە گرتبوو تاوەکو لە هەڵە وپەڵەو تاوان بەدوور بین. ماوەیەکی زۆر کرێکاریم دەکرد و ماوەیەکیش لە دوکانی عەلافان کۆڵبەر و کۆڵکێش بووم، دواتر عارەبانەیەکی سێ تایەم کڕی و شووشەوات و وردەواڵەم کردبووە سەرو لە کۆڵانان دەسووڕامەوە، دەفتەرێکم هەبوو ناوی ئەوانەم تێدا دەنووسی کە شتیان بەقەرز لەلا

---

کارەسات لەوە گەورەتر چیە پۆستەکەی بۆ لەخشتەبردن بەکاربێنێ، وەزیر هەبووە بۆ ئیمزایەك کە لەبەردەمی دابووە و دەیتوانی بەچاونوقانێك بیکات، چونکە کچەکە جوان بووە پێی وتوە وەرە فلان شوێن لەوێ ئیمزاکەت بۆ دەکەم.

دەبردم. مامەڵەكردن هەندێ جار لەگەڵ ژن ناخۆشە، ئەوەی چاوەڕوانم نەدەكرد خەریك بوو روو بدات. رۆژێكیان لەیەك لەو گەڕەكانە ئافرەتێكی كڕیارم دوای ئەوەی هەندێ شتی هەڵگرت، بانگی ژوورەوەی كردم وتی وەرە با پارەكەت بدەمێ.

كە وتم دەی ئەوە لێرە چاوەڕوانم.

وتی فەردە ئاردێكمان لە بایەعی وەرگرتووە و لە حەوشەكەمان كەوتووە، بەنیەتم حەوشەی ماڵەوە بشۆم و كەسمان لەماڵەوە نییە یارمەتیەكم بدە لەسەر پارچە بلۆكێكی دانێم كە ماڵەوەم شووشت ئاردەكە تەڕ نەبێت.

چوومە ژوورەوە قسەكەی تەواو بوو، فەردە ئاردێك لەحەوشەكە فڕێ درابوو، تێی روو بووم بەراكێشان لە بلۆكەكەم نزیك كردەوە و خستمە سەری، ژنەكە سوپاسی كردم و گلاسێ ئاوی بۆ هێنام، ئاوەكەم خواردەوە، وتی بوەستە ئێستا پارەكەت بۆ دێنم. چوو ژوورەوە. كاتێك هاتەوە بەخۆو دەستی پارەوە دەركەوت.سەرسام بووم بۆچی بەو شێوەیە خۆی رازاندۆتەوە؟ پارەكەی بۆ راگرتم و منیش لێیم وەرگرت و رووی خۆم وەرگێڕا بچمە دەرەوە، بەدەنگێكی ناسكەوە وتی ئەوە بۆ كوێ؟ فەرموو وەرە ژوورەوە ئەوە خۆم بۆ تۆ رازاندۆتەوە ئەگەر بەتەنگ داواكەمەوە نەیەیت، ئەوە دەدەمە قیژە و ئەو كۆڵانەت بەسەر وەردەكەم و دەڵێم هاتۆتە ماڵمان و دەیەوێ تەعدای ناموسم لێ بكات. ئای خوایە گیان تووشی چی بووم؟ چۆن خۆم لەو بەڵایە قوتاركەم؟ تووشی ئەمری واقیعێك بووم لەبەردەم دوو رێگەدا یان دەبێ لەگەڵی رابوێرم یان دەبێ حەیای خۆم ببەم و هەرچییەك بكەم رەنگە كەس باوەڕم پێ نەكات، ئەگەر خوا لە شتێك بتپارێزێ بەخۆشت چاوەڕوانی ناكەی، دامە قوڵپی گریان و وتم خۆزگە شتێكم پێ بكرایە بەڵام هیچم پێ ناكرێ، من كاتی خۆی كە بوومە سەرباز بوومە مورافیقی ئەفسەرێك و بۆ سەركاری كاروباری ماڵەوەیان، دەوامم لەماڵیان دەكرد، ئیشی من لەو ماوەیە تەنها ئەوە بوو ژنی ئەو ئەفسەرە ببەمە بازاڕ و ئەو شوێنانەی دەیویست و زۆربەی كات بۆ شت كڕین خۆم شتەكانم دەكڕی و بۆیم دەهێنایەوە ماڵ، لە بێ بەختی من ژنی ئەفسەرەكە هۆگرم بوو، ئەمڕۆ بە سبەی، وردە وردە وەها لێم نزیك بووەوە كار بەوە گەیشت بەیەكەوە رامان دەبوارد، خیانەت هەتا سەر نییە، رۆژێك دادێ ئاشكرا دەبێت، بەڵام ئەوە منم گوێم پێی نەدا، چوزانم ئەفسەرەكە لە من و ژنەكەی كەوتۆتە بۆسە و دواجار

چۆن من و ئەوی بەیەکەوە بینی، ئەوەی تووشی هاتم بەناوی سەردانی نەخۆشەوە منی لەگەڵ خۆی برد و منی بردە لای دکتۆرێکی ئەوێ و ئەوەندەم زانی دکتۆرەکە دەرزیەکی ئامادە کرد، کە پرسیم ئەوە چییە؟ ئەفسەرەکە وتی دەی خۆتی بۆ ئامادە بکە شتێکی وا نییە. منیش چوزانم ئەوە چ دەرزیەکە؟ کە دەرزەیەکەی لێدام، ئەوجا وتی دەی لە بەیانیەوە دەچیەوە سەربازگەکەت و من کەسی خیانەتکارم خۆش ناوێ، دەبێ زۆر مەمنوونیش بیت کە نەمکوشتی. ئیدی لەو رۆژەوە بەهۆی ئەو دەرزەییەی کە لێیان دام لە پیاوەتی خستووم، ئەوەی پیاوەتییە لەمندا نەماوە.

چەند دڵۆپە فرمێسکێکم داباراند، نازانم چۆن ئافرەتەکە دڵی جەزب بوو، لەجێوە نەرمی نواند و وتی دەی مادام پیاوەتیت نەماوە خێرا بۆ دەرەوە، دەی لێرەت نەبینمەوە.

بەپەلە پرووزێ تێم تەقاند و لەو ناوە دوور کەوتمەوە، هەر ئەوەش وایلێکردم تاوەکو جارێکی تر تووشی تاوان و گوناه نەبم، عارەبانەکەم فرۆشت و شتەکانی ناویم بەنیوە قیمەت فرۆشت و وازم لەو کارە هێنا.

## رەقبوونەوەی خۆم پێ لەو تاوانە خۆشتر بوو

مامۆستا (مەهدی صالح)ی هاوڕێم باسی خزمێکی خۆیانی بۆ کردم و وتی:

خزمێکمان محەممەدی ناوە، لە زانکۆی موستەنسەریەی بەغدا دەیخوێند، گێڕایەوە، وتی: ئەو چوار ساڵەی زانکۆ، من و دوو برادەری سلێمانی و یەکێکی شاری هەولێر لەجیاتی مانەوەمان لە بەشی ناوخۆیی، بەیەکەوە خانوویەکمان بەکرێ گرتبوو، هەر یەکەمان کلیلێکی لا بوو، ئیدی ئەوەی دەگەڕایەوە ماڵ بەتایبەت پێنج شەممە و هەینی، ئیدی مەرج نەبوو بەیەکەوە بچینەوە، شەوێکیان شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی بەتەنیا لە خانووەکە مابوومەوە، ئێوارەیەکی نیمچە درەنگ لەدەرگایاندا، دەرگاکەم خستە سەر پشت، تەماشا دەکەم ئافرەتێکە هەموو لەشی بەهۆی بارانەوە تەڕ بووە، کە بە عەرەبی پێموت فەرموو.

وتی بێ زەحمەت کێتان لەماڵەوەیە؟

منیش وەك هەر پرسیارێکی دیکە بە پرسیارێکی ئاسایم وەرگرت، وتم بەتەنها من لەماڵەوەم ئێرە ماڵ نییە، من و سێ قوتابی دیکە بەکرێمان گرتووە.

وتی گەلێکم سەرمایە دەتوانم بێمە ژوورەوە نەختێ خۆم گەرم بکەمەوە؟

وتم فەرموو فەرموو.

لەگەڵمدا بۆ سەرەوە هەڵکشا و لە ژوورەوە لەتەنیشت سۆبەکە دانیشت خۆی گەرم کردەوە.من بەخەیاڵی خۆم وامدانابوو رەنگە ماڵیان تەواوێ لەم کۆڵانە دووربێ و بیەوێ پشوویەك بدات و دواتر بڕوات.

لێیم نەپرسی ئایا نانت خواردووە یان نا. خۆم قڕوکپ کردو سەرم بەکتێبەکان داگرت. کاتێکم زانی لێم نزیك بۆوە، وتی حەز دەکەم ئەم شەو لەلات بمێنمەوە دەزانم پێویستیت پێمە.

کە وتم خوشکێ ئەو کەسەی بەدوای دەگەڕێی، ئەو کەسە من نیم، تکا دەکەم بەخۆشی لێرە بچووە دەرەوە.

هەوڵەکانم بێ سوود بوو، هەڕەشەی لێکردم ئەگەر داخوازیەکەی جێ بەجێ نەکەم ئەوە هات و هاوار بکات و ئەو ماڵانەم بێنێتە سەر. نەمدەزانی چیبکەم؟ چی نەکەم؟ چۆن خۆم لەدەستی قورتار بکەم، پێموت باشە من رازیم بەڵام با بچم شتێکت لەو دوکانەی سەرەوە بۆ بکڕم، دەزانم سەرمات بووە و گەڵکیش برسی.

یەکسەر باوەڕی بەو قسانە هات و وتی چاوەڕێت دەکەم و تا دێیەوە خۆمت بۆ سازو ئامادە دەکەم.

خۆم گۆڕی و خۆم پێچایەوە، پارەیشم ئەوەندە پێ نەبوو پێی بچمە هوتێلێك، بەناچاری بۆ ئەوەی ئەو گوناهە گەورە ئەنجام نەدەم، چوومە دەرەوە تا درەنگی شەو بە باو بۆرانە لەبەر دەرگا وەستام و چاوەڕوانی ئەوە بووم بێتە دەرەوە. کە بیرم لێی کردەوە پێمخۆش بوو سەرمام ببێ زۆر باشترە لەوەی ئەو زینایە بکەم. چووم لە سووچێکەوە هەڵتروشکام، چاوەکانم نایە سەر یەك، هەتا بەیانی لەسەرما خەبەرم دەبۆوە و دەخەوتمەوە، چەندە خەوتم و نەخەوتم، ئاگام لەو ماڵە نەما ئاخۆ ئەو ئافرەتە لەوێ ماوە یان نا، چونکە شتێکی وامان لەو خانووە نەبوو ، بۆیە ترسی ئەوەم نەبوو شێکی لێ بدزێ. کاتێك دنیا رووناك بۆوە، سەرم هەڵبڕی و سەیری دەرگای حەوشەکەم کرد بینیم دەرگاکە کرابۆوە. لەجێوە هەستام و چوومە ژوورەوە. کە تەواو دڵنیا بووم کەسی

لێ نییە، بەخێرایی دەرگای حەوشەکەم داخست و تا وەختانێکی درەنگ چوومە بن جێ و لێی نووستم. بەهۆی سەرماو سۆڵەی ئەو شەوە نەخۆش کەوتم، سێ ڕۆژی رەبەق لە خوێندنی زانکۆ دابڕام. کاتێك برادەرەکانم گەڕانەوە و منیان بەم شێوەیە بینی، پرسیاری ئەو نەخۆشکەوتنەیان لێ کردم و منیش بەسەرهاتی ئەو شەوەی خۆم و ئافرەتەکەم بۆ گێڕانەوە.

# تووڕەیی ئاگرێکە بەدەستی خۆت خۆتی پێ دەسووتێنی

**تووڕەیی بەشێکە لەشێتی، چونکە کەسی تووڕە پەشیمان دەبێتەوە، ئەگەر هاتوو پەشیمان نەبووەوە ئەوا شێتێکی تەواوە (ئیمامی عەلی)**

**دەشتەکییەك لەبەر نەزانی لەناو مزگەوت و لەپێش چاوی پێغەمبەر(ﷺ)و هاوەڵان میزی کرد، ئەمەش وای لە هاوەڵان کرد پەلاماری بدەن بۆ ئەوەی میزەکەی پێ ببڕن. بەڵام پێغەمبەر پێی فەرموون: وازی لێ بێنن و پاشان دۆلکە ئاوێك بەسەر میزەکەیدا بکەن چونکە پێغەمبەری(ﷺ) خوا باش دەزانێ تووڕەبوون لە کەسێکی وەها و لە حاڵەتێکی وەهادا خراپەی گەورەی لێ دەکەوێتەوە و ئاشکراشە کە میزراگرتن شتێکی گرانە، دووریش نەبوو بە تووڕەبوون دڵی لە ئیسلام بڕەنجایە و ببوایەتە هۆی هەڵگەڕانەوەی لە دینی ئیسلام، لەوەش جوانتر ئەوە بوو کاتێك کابرا لێبۆوە پێغەمبەر(ﷺ) بانگی کرد و بە نەرم و نیانی بۆی روون کردەوە کە مزگەوت شوێنی میزکردن و پیس کردن نییە بەڵکو شوێنی زیکرو نوێژ و قورئان خوێندنە.**

**لوقمانی حەکیم بەکوڕەکەی وت:**

ئەو کەسە درۆی کردووە کە دەڵێ شەڕ بەشەڕکردن نەبێت ناکوژێتەوە، جا ئەو کەسە ئەگەر راست دەکات با ئاگرێك لەتەنیشتی ئاگرێکی تر بکاتەوەو بۆی بڕوانێت و بزانێ دەکوژێتەوە،؟ بەڵام شەڕ تەنها بەخێر نەبێ ناکوژێتەوە، هەروەکو ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە.

تووڕەیی ئەوەیە ئاگر لەخۆت بەر بدەی چونکە بیر لەوە ناکەیتەوە ئەو ئاگرەی کردۆتتەوە دەتسوتێنێ. کاتێك تووڕە دەبین، بەخێرایی جووڵەیەکی دەروونیمان بۆ دەرەوە هەنگاو دەنێت بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە لەکەسی بەرامبەر. ئەوانەی تووڕە دەبن، دوو شتیان تێدا دەگۆڕێ، ئەوانیش:

**یەکەم:** کاتێك دەروونی تێك دەچێ و دەگۆڕێت، هەڵدەچێ و کاریگەری خراپی دەکەوێتە سەر کە جۆرەها وشەی نەشیاوی بەسەر زمان دادێ، بێ ئەوەی بیر لە باشە و خراپەی ئەو وشانە بکاتەوە.

**دووەم:** زۆر جار شێوەی دەروونی ئەو کەسە بەتەواوی دەگۆڕێ و ئەوەش لە رەفتارو کردەوەکانیدا سەرچاوە دەگرێ وەکو چۆن شێت دەست دەوەشێنێ.

مامۆستایەك لە قوتابییەکانی دەپرسێ بۆچی کاتێك تووڕە دەبین هاوار دەکەین؟ بۆچی ئەو خەڵکە کاتێك تووڕە دەبن، دەنگیان بەرز دەکەنەوەو بەسەر یەکدا هاوار دەکەن؟

قوتابییەکان بیریان کردەوە، یەکێکیان وتی لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا ئارامگریی خۆمان لەدەست دەدەین.

مامۆستا پرسی ئەوەی کە ئارامگریمان لەدەست دەدەین راستە، بەڵام بۆچی لەکاتێکدا کەسی بەرانبەر لەبەر دەممانە هاوار دەکەین؟ئەی بۆ ناتوانین بەدەنگێکی نزم و لەسەرخۆ قسە بکەین؟

هەر یەك لە قوتابیەکان وەڵامێکی دایەوە، بەڵام وەڵامی هیچ کامیان مامۆستاکەی رازی نەکرد، بۆیە مامۆستاکە بەم شێوەیە باسی کرد:

کاتێك دوو کەس لە یەکتر تووڕە دەبن، دڵەکانیان لەیەك دوور دەکەوێتەوەو ئەوانیش بۆ ئەوەی ئەم مەودایە قەرەبوو بکەنەوە، هاوار دەکەن. هەرچەندە رێژەی تووڕەبوونەکە زیاتر بێت، ئەم مەودایە زیاترو لە ئەنجامیشدا دەنگیان زیاتر بەرز دەکەنەوە.

**بەپێی هەندێ لە فەرموودەکانی پێشەوای مرۆڤایەتی بۆ چارەسەری خووی تووڕەبوون:**

***پیاوێك بەپێغەمبەری وت ئامۆژگاریم بکە، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی تووڕە مەبە، چەند جارێکی تر وتی ئامۆژگاریم بکە، پێغەمبەر فەرمووی تووڕە مەبە**[١٤٤]

[١٤٤] – عَنْ أَبِی هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رجُلاً قَالَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ): أَوْصِنِی ، قَالَ : ((لاَ تَغْضَبْ)) ، فَرَدَّدَ مِراراً ، قَالَ : ((لاَ تَغْضَبْ)) صحیح البخاری رقم : (٦١١٦) .

***ئەگەر یەکێك لە ئێوە تووڕە بوو، ئەوا با بێدەنگ بێت**[145] زانستی سەردەم ئەوەی سەلماندووە مرۆڤ بەهەڵبژاردنی بێدەنگی، لەشی ئاسایی دەبێتەوە، چونکە لەکاتی تووڕەبووندا ئەندامەکانی لەشی لەیەك دوور دەکەوێتەوە.

***ئەگەر پیاوێك لەکاتی تووڕەبووندا بڵێت(أَعُوذُ بِاَللَّهِ) ئەوا تووڕەییەکەی دادەمرکێتەوە**[146] مەبەست لەو پەناگرتنە پارانەوەیە لەخوای پەروەردگار کە ئارامی پێ ببەخشێت و لەو شەڕوشۆڕەی بپارێزێت، بێگومان هەر پەروەردگارە بەهانای بەندەکانیەوە دەچێ و یارمەتیان دەدات.

***ئەگەر یەکێك لە ئێوە تووڕە بوو، وە لەو کاتەدا لەسەر پێ ڕاوەستابوو ئەوا با دابنیشێت، جا ئەگەر تووڕەییەکەی ڕۆیشت و نەما ئەوا باشە، ئەگینا با ڕاکشێت**[147] ئەوەش بۆ ئەوەیە تاوەکو هێمن و ئارام ببێتەوەو لە هەڵگیرسانی شەڕوئاشووب بەدوور بێت. هەروەها واباشە دەست نوێژ بگرێ، یان خۆی بشوات، چونکە لەرووی زانستی و پزیشکییەوە ئاوی سارد فشاری خوێن دادەبەزێنێ وئاگرو فتیلەی شەڕوفیتنە دەکوژێنێتەوە.

هەتا دەکرێ لەخوا بپاڕێوە بڵێ خوایەگیان تووڕەبوونی ناهەق لەنێو دڵ و دەروونمان لاببە کە بوغزو قینەمان بەرامبەر بەیەك نەبێت و بمانکەیتە برای ڕاستەقینە.

لە تووڕەیدا دڵ بێ ئاگا فەرمانی خراپ دەردەکات و زمانیش جاڕی دەدات و دەست و پێیەکانیشی فەرمانەکە جێ بەجێی دەکەن.

دەسەڵاتدارێك بانگی لوقمانی حەکیم دەکات و بەرخێکی پێ دەدات، پێی دەڵێت دەمەوێ ئەو بەرخەم بۆ سەر ببڕیت و پاکترین و پیسترین شوێنیم بۆ بێنی.

---

[145] – عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه)عَنِ النَّبِيِّ ( صلى الله عليه وسلم ) أَنَّهُ قَالَ : ((إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْكُتْ)) مسند الإمام أحمد رقم : (٢١٧١) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٦٩٣)

[146] – عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): ((إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ فَقَالَ : أَعُوذُ بِاللَّهِ سَكَنَ غَضَبُهُ)) صحيح الجامع الصغير رقم : (٦٩٥) .

[147] – عَنْ أَبِى ذَرٍ(رضي الله عنه)قَالَ : إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم)قَالَ : ((إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ وَهُوَ قَائِمٌ فَلْيَجْلِسْ فَإِنْ ذَهَبَ عَنْهُ الْغَضَبُ وَإِلاَّ فَلْيَضْطَجِعْ)) صحيح أبى داود رقم : (٤٧٨٢) .

لوقمانی حەكیم بەرخەكەی بۆ سەربڕی و دڵ و زمانەكەی بۆ هێنا. دەسەڵاتدارەكە لە هۆكاری هێنانی تەنها ئەو دڵ و زمانەی لێ پرسی.ئەویش وەڵامی دایەوە وتی ئەگەر دڵ و زمان پیس بوو، ئەوە هیچ شتێك لەم دوانە پیستر نییە، ئەگەر دڵ و زمان پاك بوو، ئەوە هیچ شتێك لەم دوانە پاكتر نییە.

**دەڵێن**: زمان لە ئەندامی جەستەی پرسی ئەرێ چۆنن؟

ئەوانیش پێكرا وەڵامیان دایەوەو وتیان ئەگەر لێمان بگەڕێی زۆر باشین.

**دەڵێن**: یەكێك هاتە لای پیاوێكی دەسەڵاتدار، وتی: قوربان دەمەوێ هەندێ نهێنیت بۆ بدركێنم، گەر فەرمان بدەی ئەوەی لێرەیە بچنە دەرەوە.

گەورە پیاوەكە، فەرمانیدا ئەوەی لێرەیە بچێتە دەرەوە.

پیاوەكە هاتە پێش ویستی قسان بكات و نهێنییەكەی بۆ بدركێنێ، پیاوە گەورەو بەدەسەڵاتەكە وتی جارێ بوەستە:

١-گەر پیاهەڵدان و ستایشی منبێ ئەوا پێویستیم پێی نییە، چونكە من خۆم باشتر دەناسم.

٢-گەر بوختانیش بێ بەخەڵكان، ئەوا هەرگیز گوێی پێ نادەم.

٣-گەر درۆی هەڵبەستراوە، ئەوەشم قبوڵ نییە.

گەورە پیاوەكە هەموو رێگایەكی لێ بڕی، بۆیە كابرا شڵەژا، وتی قوربان مادام وایە رێم پێ بدە لە خزمەت جەنابتان موڕەخس بم.

پیاوە گەورەكە وتی دەرگا والأیە دەتوانی بڕۆی، بەڵام ئاگاداری زوبانی خۆت بە.

# کەشکۆڵی بەسەرهاتەکان

## تاجی سەرمان ئەی پێغەمبەر

ئەوەی عاشقی تۆیە
هەست و سۆزی بۆ تۆیە
تۆ دووڕی، تۆ گەوهەری
تۆ شانی و تاجی سەری
ئەستێرەی پرشنگداری
بۆ هەمووومان سەرداری
بۆن وبەرامەی عەتری
گوڵزاری نێو بەهاری
سۆمای چاوی چاومانی
دیاری دڵی یارانی
تۆ سەروەری جیهانی
لەجوانیدا زۆر جوانی
ئەوەی عاشقی تۆیە
هەست و سۆزی بۆ تۆیە
تۆ دووڕی، تۆ گەوهەری
تۆ شانی و تاجی سەری

***

ئەی خۆشەویستی خوا
وەرە فریامان توخوا
کە تۆ کەسی کەسمانی
لەجێی دایك و بابمانی
مەشخەڵ هەڵگری دانا

**خەمی دنیات لە کۆڵنا**

**پەیامی خوات ڕاگەیاند**

**دیواری زوڵمت ڕوخاند**

**ڕقت لە دڵ دەرهێنا**

**ئاشتیت بۆ جیهان هێنا**

**تا مردن بڕیار دەدەین**

**ڕێی ئەو دینەت بەر نەدەین**

**پەروەردگارمان دەناسین**

**سوژدەی شوکری بۆ دەبەین**[١٤٨]

ئەگەر دەتەوێ دەم و چاوت نوورانی بێ، ئەوە بەردەوام شەونوێژ بکە. ئەگەر دەتەوێ لە ئێش و ئازاری نێو گۆڕ بەدووربی، خۆت لە ئارەزووەپەرستی و خۆشیەکانی دنیا بپارێزە و نزیکی خواردنێك مەکەوە لێی دڵنیا نەبی حەلاڵە یان حەرام. قەناعەت دەوڵەمەندی مرۆڤە و سوود گەیاندن بەخەڵك سەلماندنی چاکە و باشەیە وەك چۆن ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ خوای پەروەردگار وات لێ دەکات ئەو کارانە ئەنجام بدەی کە فەرمانت پێ کراوە و لەو کارانە دوور بکەویەوە کە نابێ بیکەی. زوڵم نەکردن لە تاریکی ڕۆژی حەشر بەدوورت دەگرێ . ئەگەر حەز ناکەی خوای پەروەردگار لێت تووڕەبێ و تووڕەیی خوات لەسەر نەمێنێ، لەکەس تووڕە مەبە و لە تووڕەییدا ناخی خۆت بخۆوە تا بەسەر تووڕەییەکەت زاڵبی، لەوەشدا زۆر خێر بکە چ بەئاشکرابێ، چ بەنهێنی و سیلەی ڕەحم بۆ کەس مەپچڕێنە. پشت بەستن بە خوا هێزو ئیرادەت توند و تۆڵ دەکات. ئەگەر دەتەوێ نزاکانت گیرابن ئەوە خۆت لە سوێندخواردنی زۆر و بەدرۆ و وەرگرتنی ڕیبا بپارێزە و عەیب و عاری ئەم و ئەو دەرمەخە وەك چۆن حەزناکەی کەس باسی عەیب وعارت بکات و تا گوناهەکانت کەم ببنەوە زۆر (أستغفرالله) بکە.

پیاوێك بەمامۆستایەکی ئایینی وت مامۆستا(سبحان الله) بکەم یان(استغفرالله)؟

---

[١٤٨] –شیعری: شاخەوان عەلی – وەفایەك بۆ تۆ..

مامۆستاش فەرمووی: كوڕی خۆم ئەگەر جلەكانت پیس بوون دەیشۆی یان بۆنی لێ دەدەی؟

ئەویش وتی: بێگومان دەیشۆم.

مامۆستا وتی: دەی مادام وایە بڕۆ (استغفرالله)بكە، خۆت پاك كەوە ئەوجا(سبحان الله) بكە، چونكە (سبحان الله) وەكو بۆن و بەرامە وایەو تەقدیس و پیرۆزی خوا نیشان دەدات.

چەند زانایەك لێكۆڵینەوەیان لەسەر گرنگ و بایەخی نوێژ و بەتایبەت خشوعی نێو نوێژكردن ئەنجامدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی كاتێك مرۆڤ دەگاتە پلەی خشوع لە نوێژدا، ئەوە لەشی هۆرمۆنێك دەردەدات پێی دەڵێن (ئیندرۆفین) كە بەرامبەر بە شەش حەبی مۆرفینە، ئەو حەبەی كە بۆ چارەسەری دڵتەنگی و كەئابە بەكار دێت و بەدەردانی ئەو ماددەیە مرۆڤ لەشی ئاسوودە و باری دڵ و دەروونی هاوسەنگ دەبێت و هێمنی و ئارامی بەلەش دەبەخشێت و ئازارەكانی كەم دەكاتەوە. پێغەمبەر(ﷺ) داوای لە بیلال دەكرد بانگ بدات و دەیگوت بانگ بدە و با نوێژ بكەین تا بحەسێینەوە.

هەروەها درك بەوە بكە لەكاتی قسەكردندا خوای پەروەردگار ئاگای لێتە و هەر قسەیەك بكەیت بە چاك و خراپ، دەیبیسێ و لەسەرت حیسابە ( أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرهُمْ وَنَجْوَاهُمْ بَلَى وَرسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ ) الزخرف [٨٠] **واتە: ئایا وادەزانن ئێمە نهێنی و چپەچپتان نابیستین؟بەڵێ دەیبیسین و نێردراوەكانیشمان لەلایاندان و دەینووسن.**

كاتێك مرۆڤ هەستی بەوە كرد چاودێرێك هەیە گوێبیستی وتەكانی دەبێ و فریشتەكانیش وشە بە وشە دەینووسنەوە، كەواتە چاوەڕوانی چی دەكات؟ خۆت لە وتەو قسەی درۆو خراپ بەدوور بگرە، ئەگەر حەزت كرد قسە بكەیت، بزانە چۆن قسە دەكەیت ( **هەر**

**کەسێك باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە با قسەی چاك و خێر بکات، یان بێدەنگ بێت)**[149].

کەسێك دەم بەزیکر و یادی خواوە بێت، جگە لە دەربڕینی وتەی جوان و ڕێك و پێك و باسکردنی چاکەو خێر، زمانی بەدرۆ ناگەڕێ چونکە دەزانێ درۆکردن تاوانێکی گەورەو مەترسیدارەو سزاکەی سەختە و سەرەنجام بەرەو دۆزەخی پەلکێش دەکات و بەپێچەوانەوەش دەچێتە بەهەشت.کەواتە لەو شوێن و مەجلیسانە دامەنیشە کە سەرچاوەن بۆ درۆو دەلەسەو قسەی پڕوپووچ  کە هیچ شتێکی بەسوودی لێ سەوز نابێ.ئایا مرۆڤ شوێن و جێگەیەکی دەست دەکەوێ درۆی تێدا بکات کە موڵکی خوا نەبێت؟یاخود لە شوێن و جێگەیەك قسە بکات کە خوا نەیبیستێ؟ بێگومان نەخێر. کەوابوو درۆ مەکەو زمانت بەخراپ مەگێڕەو هەمیشە لەخوا بپاڕێوە بڵێ خوایە گیان پەنات پێ دەگرم لەدرۆکردن و یارمەتیم بدە بەهەموو شێوەیەك واز لەدرۆکردن بێنم.

**خودای مەزن و دلۆڤان دەفەرموێ:**﴿ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾ ﴾ ق: ١٨

**واتە: هەر وتەو بێژەیەك لەقسەکردندا لەزوبانی دەرچێ، ئەوا چاودێرێکی ئامادەی بەسەرەوەیەو دەینووسێ.**

**پێغەمبەری خوا** (ﷺ)**دەفەرموێ:  فەوتان و تیاچوون بۆ ئەو کەسەی قسە دەکات و درۆ دەکات تاوەکو خەڵکی پێی پێبکەنن، فەوتان و تیاچوون بۆ ئەو کەسە، فەوتان و تیاچوون بۆ ئەو کەسە.**[150]

بەڕاستی درۆکردن ڕەوشتێکی خراپ و ناشیرینەو مرۆڤ بەرەو خراپە دەبات. لە ئیسلامدا ئەگەر سوعبەت ڕاست بێت، ئەوە حەڵاڵە و ڕێ پێدراوە، ئەوەتا **پێغەمبەر**

---

[149] – **مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْراً أَوْ لِيَصْمُتْ صحيح البخاري رقم : (٦٤٧٥) و (٦٠١٩) وصحيح مسلم رقم : (١٧١)**

[150] – **وَيْلٌ لِلَّذِي يُحَدِّثُ بِالْحَدِيثِ لِيُضْحِكَ بِهِ الْقَوْمَ فَيَكْذِبُ وَيْلٌ لَهُ وَيْلٌ لَهُ صحيح أبي دواد رقم : (٤٩٩٠) وصحيح سنن الترمذي رقم : (٥٥٧)**

**(ﷺ)دەفەرمویٚ: من سوعبەت دەکەم، بەلاٌم هیچ نالٌیم ئیللا حەق و راستی نەبیٚت.**[151]

**پیرەژنیٚك هاتە لای پیٚغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پیٚغەمبەری خوا((ﷺ)دوعام بۆ بکە خوا بمخاتە بەهەشتەوە؟ پیٚغەمبەریش(ﷺ)فەرمووی: ئەی دایکی فلانە، بەهەشت پیرەژنی تیٚ ناچیٚت. ئەویش بەگریانەوە رۆیشت، ئینجا پیٚغەمبەر(ﷺ) فەرمووی هەوالٌی بدەنیٚ کەوا بەپیری ناچیٚتە بەهەشتەوە، خوای پایە بەرز فەرموویەتی ئیٚمە ئافرەتانی بەهەشتمان دروست کردووە، کراون بە کچەعازەب، خۆیان خۆشەویست دەکەن لای میٚردەکانیان و هەموویان هاوتەمەنن.**[152]

**غاندی دەلٌیٚت:**

من دەتوانم باش بم، خراپ بم.خائین بم، وەفاداربم، فریشتەبم یا شەیتان. من دەتوانم تۆم خۆش بوویٚ یاخود رق و قینم لیٚت بیٚ. دەتوانم بیٚدەنگبم، زانابم یان نەزان، واتە من مرۆڤیٚکم ئەم هەموو سیفەتانەم تیٚدایە، تۆش لەبیرت نەچیٚت ئەم شتانە بزانە:

هیچ پیٚویست ناکات من ئەو کەسەبم کە تۆ دەتەویٚ. من ئەو کەسەم کە خۆم دەمەویٚ، من منم. من دەبیٚت ئەو کەسەبم کە خۆم دەمەویٚ دروستی بکەم.تۆ ئەگەر بەنیازی ئەوەبی بە ئارەزووەکانت بمجوولیٚنیت، ئەوە مەحالٌە.

بیرکردنەوەو ئیشکردن، خۆشی بەژیانی مرۆڤەکان دەدات نەك ئارەزووەکانی.من مەجبوور نیم ئەو کەسەبم کە تۆ دەتەویٚ. تۆش دەتوانی ئەوە هەلٌبژیٚری ئایا منت دەویٚ، یان نا؟ بیرت نەچیٚ ناتوانی بریار بدەیت کە دەبیٚت من چۆن بم.دەتوانی خۆشت بویٚم. بەوجۆرەی کە هەم دەتوانی بیٚزار بیت لیٚم بەبیٚ ئەوەی شتیٚکم کردبیٚت، بەهەمان شیٚوە

---

[151] – **عَنِ ابْنِ عُمَر (رضي الله عنه)قَالَ : قَالَ رسُولُ اللّهِ (ﷺ) : ((إِنِّي لأَمْزَحُ وَلا أَقُولُ إِلا حَقًّا)) صحيح الجامع الصغير رقم : (٢٤٩٤) .**

[152] – **عَنْ الْحَسَنِ (رضي الله عنه)قَالَ : (أَتَتْ عَجُوزٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَتْ : يَا رسُولَ اللَّهِ ادْعُ اللَّهَ أَنْ يُدْخِلَنِي الْجَنَّةَ ، فَقَالَ : يَا أُمَّ فُلَانَةَ إِنَّ الْجَنَّةَ لَا تَدْخُلَهَا عَجُوزٌ ، قَالَ : فَوَلَّتْ تَبْكِي ، فَقَالَ : أَخْبَروهَا أَنَّهَا لَا تَدْخُلَهَا وَهِيَ عَجُوزٌ ، إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَالَ : ( إِنَّا أَنْشَأْنَاهُنَّ إِنْشَاءً فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارا عُرُبًا أَتْرَابًا ) ﴿الواقعة ٣٥– ٣٦ – ٣٧﴾) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٩٨٧)**

منیش ئەوە دەتوانم، دەزانی بۆ؟ چونکە هەردووکمان مرۆڤین، ئەم دنیایە هی مرۆڤەکانە، بەلاّم ئەو دنیایە هی ئەوانەیە کە هەستیان جوانە.

تۆ ناتوانی خۆت بسەپێنی بەسەر منداو خۆت بەسەرمدا فەرز بکەیت.منیش هەروەها.

هاورێیان: من بەو جۆرە خۆم پەروەردە کردووە، حەسوودەکانم خۆش ناوێن، بەلاّم حەز دەکەم ئیدی حەسوود نەبن. دوژمنەکانم کەیفیان بەوە دێت لەناوم ببەن بەلاّم نەیانتوانی.

بیرتان نەچێ ئەگەر من هەقی ئەوەم نەبێت ستایشم بکەن، مەیکەن. بەهەمان شێوە مافی ئەوەم نەبێ خۆشتان بوێم، خۆشتان نەوێم.هەر بەو سادەییەوە تکایە نەحەسوودبن، نە دوژمن، نە چاودێر بەسەر کەسەوە.

من لایەق بەستایشم و تۆش بەهەمان شێوە.بیرت نەچێ ئەگەر چاوت بەم نووسینە کەوت، هەموو رۆژێك بیخوێنەوەو بیهێنەوە بیری خۆت کە هەموومان مرۆڤین و تایبەتمەندی خۆمان هەیە، دەبێ یارمەتی یەکتر بدەین و بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان بکەین.مرۆڤ شایەنی رێزو ستایشە.بیرت نەچێ ئەمە باشترین کلیلی دەرگاکانی ژیانە

## ئەوە بە أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ دەچێت

**د. جەمال باجوری گێڕایەوە، وتی:**

ساڵی ١٩٥٩ پۆلیسێکی نەخوێندەوار[١٥٣] هاتە گوندی تاڵەبان، رووی لەو خەڵکەی ئەوێ کردو وتی دەی خوێندەوارێکم بۆ بانگ بکەن ئەم تەبلیغەم بۆ بخوێنێتەوە. خەڵکەکە پێیان وت لەم گوندە یەك کەس خوێندەواری نییە **(ئەوەی ئەو وەختە خوێندەواری هەبوو تەنها مەلا محەمەدی باوکم بوو، ئەویش چونکە چووبووە حەج، کەس نەبوو بزانێ شت بخوێنێتەوە)**.منیش ئەو کاتە تەمەنم هەر شەش حەوت ساڵێك بوو، لە خۆمەوە وتم من دەزانم کێ خوێندەواری هەیە؟ وتی کێ؟ وتم مام حاجی سمایلی میکایل.بەم قسەیە من و پۆلیس و خەڵکەکە بەرەوە ماڵی مام سمایل رۆیشتین. کاکی پۆلیس تەبلیغەکەی

[١٥٣] –پۆلیس: ئەو وەختە پێیان دەوت جەندرمە

دایە دەستی و وتی مامسمایل فەرموو ئەو تەبلیغەمان بۆ بخوێنەوە. مام سمایل سەرەڕای ئەوەی خوێندەواری نەبوو، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا وەك ئەوەی خوێندەواربێت، لە كاغەزەكە وردبۆوە، وتی ئەوە بە أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ دەچێت.

ئەوی تریان هی بنەوەیان دوای أَعُوذُ بِٱللَّهِ دەبێ ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ نووسرابێت و ئەوەی خوارەوەش من ئەقلّم هەبێ، عومەری كوڕم كاتی سەربازی هاتووە، ئەو تەبلیغە بۆئەو هاتووە.(**مام سمایل هەر لە خۆوە ئەو قسانەی كرد و دواتر هەر وا دەرچوو، ئەو تەبلیغە بۆ عومەری مام سمایل هاتبوو).**

## جارێكی تر بەزمانەوانی قسە مەكە

**د. مقداد حوسێن تەها گێڕایەوە، وتی:**

پیاوێكی شارەزا لە زمانی عەرەبی، بانگی كوڕەكەی دەكات و پێی دەڵێ كوڕی خۆم ئەگەر ویستت لەبارەی شتێكەوە قسە بكەیت، سەرەتا بیری لێبكەوە، ئەوجا لێكدانەوەی بۆ بكەو پاشان قسەكە دەرببڕە ( وەك كورد وتەنێ: قسە بچێژە، بیبێژە، ئینجا بیهاوێژە).

لە رۆژێكی سەختی زستاندا هەردووكیان بەیەكەوە لەبەر ئاگردان دانیشتبوون، پەنگرێكی ئاگر پەڕی و بەسەر جوبەی زانا زمانەوانیەكە كەوت. كوڕەكەی كە ئەوەی بینی بێدەنگ بوو.بۆ تاوێ بیری لێكردەوە و دواتر بەباوكی وت باوكە گیان دەكرێ شتێكت پێ بڵێم؟ وتی شتی وەك چی، بڵێ بزانم دەتەوێ بڵێی چی؟

كورەكەیش وتی دەمەوێ هەقبێژبم.

باوكی وتی مەبەستت لەو قسانە چییە؟

ئەویش وتی: ئەوەی راستیبێ من شتێكی سوورم لەسەر جوبەكەت بینی.

وتی چی؟

وتی پەنگری ئاگر.

ئەویش بەپەلە سەیری جوبەكەی كرد، جوبەكەی سوتا بوو. بەكوڕەكەی وت ئەی بۆ زوو دەنگت نەكرد؟

کوڕەکەی بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی ئاخر من سەرەتا بیرم لێی کردەوە، دوایش لێکدانەوەم بۆی کرد، ئینجا قسەکەم دەربڕی وەك چۆن فێری زمانەوانیت کردبووم.

باوکیشی پێی وت کوڕی خۆم جارێکی تر بەزمانەوانی قسە مەکە.

## درۆزنەکان چۆن خۆیان کردە پێغەمبەر؟

### مامۆستا ئەبوبەکر شوان [١٥٤] دەگێڕێتەوەو دەڵێت:



پاش کۆچی دوایی حەزرەتی موحەممەد (ﷺ) بەتایبەت لەسەردەمی عەباسییەکان ئەو کات لەبەر ئاژاوەو ناتەبایی موسڵمانەکان، چەندین کەس داوای پێغەمبەرایەتیان دەکرد، لەوانە:

## بەسەرهاتی یەکەم

لەبازاڕی بەغدا، کە ئەو کات پایتەختی دەوڵەتی موسڵمانان بوو، کابرایەك هاواری دەکرد، دەیوت خەڵکینە من پێغەمبەرم، وەرن باوەڕم پێ بێنن.

هەواڵەکە گەیشتە خەلیفە(ئەمیرولموئمنین) ئەویش فەرمانیدا کابرا قۆڵبەست بکەن و بیگرن.کابرایان هێنایە بەردەم خەلیفە.

_ وایە خۆت کردۆتە پێغەمبەر؟

بەڵێ قوربان.

خەلیفە کت و پڕ کارێکی هاتە پێش، فەرمانیدا کابرا ببەنە مەتبەقی کۆشك.مانگێکی خایاند، خەلیفە کابرای بەبیر هاتەوە، وتی بڕۆن کابرام بۆ بانگ بکەن.

کابرا هاتە ژوورەوە، سەروسیمای جوان و قەڵەویش ببوو.

---

[١٥٤]- مامۆستا (ئەبوبەکر ئیسماعیل محەمەد) ناسراو بە (ئەبوبەکر شوان) ساڵی١٩٥٤ لە هەولێر لەدایك بوو، خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە، ساڵی١٩٩٢ بووەتە سەرپەرشتیاری کارگێڕی پەروەردەیی، لەکاری رۆژنامەگەریدا سەرنووسەری رۆژنامەی پێشکەوتن و سەرپەرشتیاری رۆژنامەی برایەتی و خەبات و کادر و ئەندامی دەستەی نووسینی گۆڤاری مامۆستا بووە، خاوەنی سێزدە بەرهەمی دەگمەن و دانسقەیە.

_ سلاّوتان لێبێ.

سلاّو لە خۆتان.

_ ئەتوو بووی وتبووت من پێغەمبەرم؟

بەڵێ قوربان.

_ باشە ئیلهام و وەحیت بۆ دێ؟

بەڵێ قوربان.

_ چی دەڵێ؟

دەڵێ شوێنت زۆر باشە، لەکیس خۆتی مەدە.

_ دەی باشە هەر لەشوێنی خۆت بمێنەوە.

## بەسەرهاتی دووەم

یەکێکیان قۆڵبەست کردبوو هێنایانە لای خەلیفە، خەلیفە وتی ئەو کابرایە چی کردووە؟

وتیان ئەو کابرایە دەڵێ من پێغەمبەرم.

خەلیفە وتی راستە ئەو قسەیەت کردووە؟

بەڵێ قوربان.

یەك لە وەزیرەکان وتی: قوربان لێمگەڕێ با بەو شمشێرە سەری پەلدەم.

_ وەزیر جارێ راوەستە با من هەندێ پرسیاری لێبکەم، باشە تۆ داوای پێغەمبەرایەتی دەکەی، وەکو حەزرەتی یونس دەتوانی؟

باشە حەزرەتی یونس چی کردبوو؟

_ حەزرەتی یونس کەوتە ناو سکی نەهەنگ و لەوێ مایەوە، پاشان بەئەمری خوا لەدەمی هاتە دەرو نەمرد.

وەڵڵا ئەوە زەحمەتە.

_ باشە ئەی وەکو حەزرەتی موسا.

ئەو چۆن بوو؟

_ دەریای نیلی شەق کرد.

بەخوای ئەمەش زەحمەتە.

_ باشە وەکو حەزرەتی ئەیوب.

قوربان ئەو چۆن بوو؟

_ ئەو نەخۆش بوو، لەش و جەستەی هەموو برین و زام بوو، بەڵام خۆی بە ئاو شۆردو چاك بۆوە.

وەڵڵا قوربان ئەوەش ئاسان نییە.

ئەو کابرایە جار نا جارێ نیگایەکی دەدایە ئەو وەزیرە نەوەکو زەبرێکی لێ بوەشێنێ.خەلیفە لەپرسیارەکانی بەردەوام بوو: ئەی وەکو حەزرەتی عیسا.

ئەو چۆن بوو؟

_ مردووی زیندوو دەکردەوە.

بەڵێ قوربان دەتوانم، ئا دەی ئەو شمشێرەم بەرێ ئێستا سەری وەزیر پەل دەدەم و زیندووی دەکەمەوە.

وەزیر وتی من بڕوام بەتۆ هێنا.

هەر لەوێ بوو بە پێکەنین و خەلیفە داوای لێکرد جارێکی تر ئەوقسانە نەکات، چونکە پێغەمبەری ئیسلام دواین پێغەمبەرە.

کابراش وتی قوربان بمبەخشە، تۆبە.

## بەسەرهاتی سێ یەم

یەکێکیان هێنایە خزمەت پاشا، پاشا پێیوت کابرا تۆ چی؟

من پێغەمبەرم.

_ نیشانەی پێغەمبەرایەتیت چییە؟

زۆرن.

_ وەکو

دەزانم تۆ ئێستا لەدڵی خۆت دەڵێی من درۆزنم.

_ راست دەکەی.

پاشان بڕیاریدا بخرێتە زیندان و پاش چەند مانگێك، پاشا پێیوت ئێستا سروشت(وەحی)ت بۆ دێ؟

نەخێر قوربان، چونکە فریشتە نایەتە ناو زیندان.

پاشا پێکەنی و ئازادی کرد.

## بەسەرهاتی چوارەم

لە ئازەربایجان پیاوێکیان هێنایە لای خەلیفە.خەلیفە بە یەك لە وەزیرەکانی وت بڕۆ گفتوگۆی لەگەڵ بکە.

وەزیرەکە وتی ئەم رۆژگارە پێغەمبەرانی چەند زۆر کردییە، کە رووی کردە کابراکە، وتی تۆ بەڕاست پێغەمبەری؟

بەڵێ.

_ بەڵگەت چیە؟

بەڵگەم ئەوەیە تۆ ژنی خۆت بێنە تا لەپێش چاوی خەلیفە سواریبم، راستەوخۆ سك و منداڵی دەبێ و قسانیش دەکات.

وەزیرەکە وتی راست دەکەی تۆ پێغەمبەری.

خەلیفە وتی ئەوها بەپەلە باوەڕت پێهێنا؟

وەزیر وتی بڵێم چی قوربان، بۆ بچم ژنەکەم بهێنم و لەپێش چاوی جەنابتان سواریبێ؟

بوو بە پێکەنین و کابراش تۆبەیەکی نەسووحی کردو ئەویش رەوانەی زێدی خۆی کرایەوە.

## هەر موویەك لە بەراز کەم بێتەوە باشە

**مامۆستا مەلا میرزا محەمەد تاڵەبانی گێڕایەوە، وتی:**

ساڵی ١٩٧٧ مانگی رەمەزان بوو، لە یەك لە گوندەکانی دەشتی کۆیە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زەکات، کە ساڵانە لەو مانگەدا وەردەگیرێ، کابرایەکی مەڕدار هەبوو، نزیکەی ٤٠٠سەر مەڕی هەبوو، سەیرم کرد لەگەڵ دەستی خۆیدا لەو هەموو مەڕوماڵاتە زۆرە، کاوڕێکی خراپ و پیسی چرچی هێنا، وتی مامۆستا ئەوەم بۆ زەکات هێناوە ئەگەر لێمی قەبوڵ بکەیت.

لەناخەوە لێی دەهری بووم، پێموابوو ئەوە دەیەوێ سووکایەتی بەمن و بەو ئیسلامە بکات، ئەگینا لەو هەموو مەڕە زۆرە دەبێ چەند سەرمەڕێك وەك زەکات بدات و

مەڕەکانیش نابێ سیس و پیس و لاواز بن. بە نیچمە تووڕەبوونێکەوە پێموت من ئەوە قەبوڵ ناکەم و خواش قەبوڵی ناکات، تو ویژدانت ئەوە چییە هێناوتە؟ من ئەو شتە بەملی خۆم دا ناهێنم. قسەیەك لەم و قسەیەك لە من، دواجار وتم هەر وەری بگرم باشترە لەوەی وەری نەگرم. چونکە زانیاری تەواوم نەبوو ئایا ئەو کاوڕە بەزەکات دەچێ یان نا؟ لە دەروونەوە بڕیاری خۆم دابوو بیبەمە لای مەلا محەمەد ئەگەر بەزەکات وەریگرت باشە، ئەگەرنا سەیارەی بۆ دەگرم و ڕێ و ڕێ بۆی دەگەڕێنمەوە.کاتێك چوومە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەد و مەسەلەی ئەو کابرا ڕەزیل و قرچۆکەم بۆی باس کرد، پێیوتم دەی چاکت کرد هێنات، گوێی مەدەیێ هەر موویيەك لە بەراز کەمبێتەوە باشە.

ساڵان هات و ساڵان سووڕایەوە، ئەم کابرا دەوڵەمەندە ئیفلاسی کرد و بە دەرۆزە کەوت. ڕۆژێکیان تووشی بووم، کاوڕە لەڕو پیسەکەی ئەو ساڵەم بەبیری هێناوە، سەری باداو وتی ڕاست دەکەی وابوو.پێموت تۆ دەتویست بەو کاوڕە فێڵ لەخواو لەو دینە بکەی، ئاخر ئەوە تاقیکردنەوەی خوایە کە ماڵی پێتدا و زەکاتت لێی نەدا، ئەوەش ئەنجامەکەیەتی.

## بۆچی قورئان باسی خانەنشینی نەکردووە؟

ئەوە پرسیاری کابرایەکی بەتەمەن بوو، ڕۆژێکیان چووە لای مامۆستا عەبدولمەجید شەقلاوەیی و پێی وت مامۆستا من دەمێکە پرسیارێکم لە مێشکدایە، نازانم بیلێم یان نا؟.ئەویش وتی فەرموو چیت هەیە بپرسە، کابرا پرسی ئەوەی من تێی بگەم قورئان شت نەماوە باسی نەکردبێ، ئەی بۆچی باسی خانەنشینی نەکردووە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە وتی قورئان باسی خانەنشینی کردووە بەڵام تۆ نەتزانیوە، فەرموو ئەی ئەوە نیە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ ١ وَطُورِ سِينِينَ ٢ وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ ٣ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ٤ ثُمَّ رَدَدۡنَٰهُ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ ٥ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ ٦﴾ التين: ١ ــ ٦ ئەو فَلَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ ئەوە باسی تەقاویتی و خانەنشینی دەکات.

## هەر سێ ژنەکەی بەیەك شەو تەلاقداو رۆژی پاشتر ژنێکی تریان بەدیاری بۆی هێنا

**مامۆستا عەبدولمەجید محەمەد تەیب گێڕایەوە، وتی:**



خوالێخۆشبوو حاجی خدری مام دەروێش سالح تالەبانی ناسراو بە حاجی خدر خرابەیی بۆی گێڕامەوە، وتی دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی هەبوون، یەکێکیان مالی لە دەشتی کۆیە و ئەویتر مالی لە ناوچەی سالەیی بوو.سالانە لە وەرزی پایز هاموشۆی یەکیان دەکردو لەگەڵ دەستی خۆیان چ شتێك هەبوایە دەیانخستە سەر پشتی گوێدرێژو بۆ یەکیان دەبرد، ئەوجا چەند شەوێك لەلای یەك دەمانەوەو پاشان دەگەڕانەوە.

سالێکیان کابرای سالەیی بەهۆی نەخۆشیەوە بۆی نەکرا بچێتە سەردانی هاوڕێکەی، بۆیە کوڕە گەورەکەی خۆی راسپارد و بەدەست و دیارییەوە رەوانەی کردو کابرای دەشتی کۆیە سێ ژنی هەبوون، رووی کردە هەموویان و پێی وتن میوانێکی ئەزیزو خۆشەویستم هاتووە دەمەوێ بۆ ئێوارە سێ مریشکی باش سەرببڕن وابێ لەپالەوە بانگی یەك دوو دراوسێش بکەم.

ژنەکان تاوەکو بەرە بەری ئێوارە کەوتنە قەسەڵ کێشانەوە.ئێوارە داهات بە سێ ژن هیچ ئامادە نەکرابوو، هەر یەکە ئەو لەبەر ئەو دەستی لە هیچ نەدا..کابرا کە ئەو دیمەنەی بینی هێشتا هیچ لێ نەنراوە، خەریك بوو دلی بوەستێ ، لەخەفەتان کەوتە پشی خواردنەوە، بەسەر خۆی نەهێناو بەهێواشی چوو سێ مریشکی لە کۆلیتەکەیان دەرکردو هەر سێکیانی کوشتەوە، ئەوجا بردیە مالی دراوسێکەیان و رووی لێنان بەخێرایی بەساوەر بۆیانی لێ بنێن و هەندێکیش بۆ خۆیان بگێڕنەوە.

ئێوارە نان خورا و کابرا لەناخەوە هەر خەمی لەژنەکانی دەخوارد، کە دواجار خۆی بۆ نەگیرا، بانگی ژنە گەورەکەی کردو سێ بەسێ تەلاقیداو رەوانەی مالی باوکی کردەوە، ئەوجا ژنە ناوەنجیەکە و ژنە بچووکەکەشی تەلاقداو ئەویشی رەوانەی مالی باوکی کردەوە.

کوڕی کابرای ساڵەیی لە نزیکەوە ئەو شتەی بینی، زانی کەڵکی مانەوەی نییە، بەیانی زوو ماڵئاوایی کردو گەڕایەوە.کاتێك باوکی بینی ئەوە کوڕەکەی وا زوو هاتۆتەوە، پرسیاری ئەو گەڕانەوەی لێ کرد.ئەویش لە سیرێ تا پیوازێ ڕووداوەکەی بۆ باس کرد.

ئەویش بەو هەواڵە گەلێ خەفەتی لێ خوارد، کچێکی قەیرەی هەبوو قسەی لەگەڵ کرد کە وەزعێکی ئەوها ڕوویداوە، بە زۆرنا بە ئارەزووی خۆی ئەگەر رازییە حەز دەکات لەو کابرایەی مارە بکات. کچەکەی رازی بوو، کوڕەکەی راسپارد بەیانی لەگەڵ خوشکەکەی بچێتەوە دەشتی کۆیە و بە وەکالەتی ئەو، چەند کەسێك لە خەڵکی ئاوایی کۆ بکاتەوەو دوای ئەوەی خوشکەکەی لێ مارە کرد، ئەوجا بگەڕێتەوە.

ڕۆژی دواتر کوڕی گەورە دەستی خوشکە قەیرەکەی گرت و بەیەکەوە کەوتنە ڕێ و چوونە دەشتی کۆیەو لایاندایە ماڵی کابرا.ئەویش بەو هاتنەیان سەرسام بوو، پرسی ئەوە خێرە هەر ئەو دوانەتان بەیەکەوە هاتوون و باوکتان نەهێناوە؟

کوڕەکە وەڵامی دایەوە، وتی باوکم سڵاوی بۆت هەبوو، بەو ڕووداوەی دوێنێ شەوی تۆو ژنەکانت، ئەم شەو لە خەفەتان خەو نەچووەتە چاوی و هەر لەخەمی تۆدا بووە، بۆیە ئەو خوشکەمی پێشکەش کردووی و منی راسپاردووە بەوەکالەتی ئەو، چەند کەسێك لەخەڵکی ئاوایی کۆبکەیتەوەو مارەی بکەی، ئیتر من بەدوعاو ئێوە بەسەلامەت.

کچەکەیان لەڕێ و ڕەسمێکدا مارە کرد و کوڕەکەش بەدڵخۆشی گەڕایەوە.[١٥٥]

---

[١٥٥] - مامۆستا مەلا عبدالمجید محمد طیب ساڵی ١٩٥١ لە گوندی تاڵەبانی گەورە لەدایك بووە، لە تەمەنی پێنج ساڵی چووەتە حوجرەی فەقێیاتی و لای مەلا محەمەدی فەقێ ڕەسول دەرسی خوێندووە. لەساڵی١٩٦٢ تا ١٩٧٢ بۆ درێژەدان بەخوێندنی ئایینی، باوکی دەینێرێتە شاری کۆیە و لای مەلا عەلی پشت کوڕ کتێبی (فتح القریب)و(بیناء ) لە صرف دەخوێنێ و لە ساڵی ١٩٧٤ بە پێش نوێژ ووتارخوێن چووەتە گوندی قوڕەبەرازە و ساڵی ١٩٧٨ دەچێتە گوندی کەپەنەك و لەساڵی ١٩٨٠ بەفەرمی لە مزگەوتی کوێتی لە هەولێر بە خادم و مؤذن دادەمەزرێ و تا ساڵی ١٩٨٥ لە گوندی تیمارۆك دەمێنێتەوەو پاشان دەگەڕێتەوە شارۆچکەی تەق تەق و ساڵی ١٩٩٧ دەچێتە هەولێر و بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەمزگەوتی حاجی سەلیم پێش نوێژی دەکات و سێ ساڵیش لە هەر یەکە لە مزگەوتەکانی بەدر و مەلا عەلی لە گەڕەکی شوڕتاوە دەمێنێتەوە و لە ٢٠١٢/١/١٥ەوە دەچێتە مزگەوتی(عومەر فاروق).

## ئەمڕۆ ژنم لێی مارە کرد، بەیانی هات داوای پارەکەی کردەوە

**هەر مامۆستا مەلا عبدالمجید گێڕایەوە، وتی:**

ساڵی ١٩٩٨ تازە ماڵم هێنابووە هەولێر، ڕۆژێکیان کابرایەك هاتە لام و دوای لێکردم ژن بەژنێیەکیان بەدەستەوەیە حەز دەکەن بچم مارەیان بکەم ، منیش چووم ئیشەکەم تەواو کردو دوای تەواوبوونی ڕێ و ڕەسمەکە هەستام بگەڕێمەوە، یەك لەو دوو گەنجەی ژنم لێی مارەکردبوو، خۆی گەیاندمێ و وتی مامۆستا گیان ئەزیەتماندای ئەمرکە خزمەتت بکەین. منیش وتم کەیفی خۆتانە، چەندتان لەدەست دەبێتەوە قسە ناکەم. ئەویش گەلێ ئیلحاحی کرد، وتی مامۆستا تۆ چەندت پێ باشە داینێ ئێمە قسە ناکەین. منیش وتم ئەوەی ڕاستیبێ لە شارۆچکەی (تەق تەق) مارەکردن بە سەد دینارە، ئێوەش کەیفی خۆتانە، حەز دەکەن هیچم مەدەنێ، حەزیش دەکەن دە دینارم بدەنێ، سەد دینارم بدەنێ، سەدو پەنجا دینار، دوو سەد دینار، وەك وتم کەیفی خۆتانە ئەگەر هیچیشم نەدەنێ هەر قسە ناکەم.

ئەویش دەستی بۆ باخەڵی درێژکرد، سەدو پەنجا دیناری ژماردو پێدام. ئەو کاتە ماڵمان لە گەڕەکی باداوە بوو، لەپێش دەرگاکەماندا قۆڵتێکی قوڕ هەبوو، کونی بۆڕی سەرەکی کەوتبووە ئەو شوێنە کە ئەگەر ئاو بهاتایە، لەڕێی پەمپدانەوە ئاوەکە دەچووە قۆڵتەکەو ئاوەکەمان بۆ ماڵەوە بەستڵ دەکێشایەوە، بۆیە ئەوەم بەخەیاڵ داهات و بیرم کردەوە ڕۆژی پاشتر بچم بەو سەدو پەنجا دینارە هەندێ قوم و چیمەنتۆی پێ بکڕم و قۆڵتە قوڕەکەی پێ لەبغ بکەم و ناویشی سەب بکەم، وەلێ ڕۆژی دوایی بەیانی زوو لە دەرگایاندا. دەرگام کردەوە تەماشا دەکەم هەمان ئەو کەسەیە کەدوێنێ ژنم لێی مارە کردبوو. کە وتم فەرموو؟ وتی وەڵا هاتووم سەدو پەنجا دینارەکەم بدەیتەوە، چما تۆ قوڕکاریت کردووە ئەوەندە پارەمان لێ وەردەگری؟ پێکەنیم بەو قسانەی هات، وتم بۆ من بە زۆر پارەم لێ وەرگرتوون؟ ئەی نەموت کەیفی خۆتانە حەز دەکەن هیچم مەدەنێ، حەز دەکەن دە دینار پەنجا هەتا دوو سەد دینارم بدەنێ. وتی مامۆستا پەنجا دینار بۆ

خۆت بگێڕەوەو ئەویترمان بدەوە.زۆر لێی دەهری بووم، وتم یەك فلس چەند بێ قیمەتە ناتاندەمەوە، وەڵاهی ئەگەر بمزانیبایە ئەو نەوعە پیاوەن، ئەسڵەن هەر ژنم لێ مارە نەدەکردن.گەنجەکە بەناچاری ڕۆیشت و هەر دوای ئەوە خۆم گۆڕی، چوومە ماڵیان و هەموو پارەکەم بۆیان گەڕاندەوە، وتم فەرموو ئەوەش سەدو پەنجا دینارەکەتان هەتا گڕوو نەبوومە.

لەو ڕۆژەوە بڕیارمداوە ئەگەر ئەو کەسە نەناسم و نەزانم کەسێکی چۆنە و موسڵمانی ڕاستەقینەیە یان نا، ژنی لێ مارە ناکەم، ئەو ئیشەش کە دەیکەم بێ بەرامبەرە و هیچی لێ وەرناگرم.

## کابرایەك هەبوو وەکو تۆ نەخۆش بوو، مرد

**مامۆستا مەلا میرزا بۆی گێڕامەوە، وتی:** ڕۆژێکیان چەند کەسێك کۆبووینەوە، بەهۆی نەخۆشیەوە چووینە سەردانی مامۆستا فەیسەڵی حاجی تەڵوب تەق تەقی ماوەیێ لەلای ماینەوە، مامۆستا فەیسەڵ ڕووی تێکردم و وتی مامۆستاگیان تکات لێ دەکەم ئەگەر لە وتارەکانتدا نەختێ باسی ئادابی سەردانی نەخۆش بۆ ئەو خەڵکە بکەیت خراپ نییە، ئەو خەڵکە لە زۆر شت بێ ئاگان. منیش لێمپرسی مەبەستت لەو قسانە چییە؟ وتی من دوای ئەو نەشتەرگەریەی بۆم ئەنجام درا، ڕۆژێکیان کابرایەك هاتە سەردانیم، ورد ورد کەوتە پرسیارکردن ئەرێ نەخۆشیەکەت چی بوو؟ لەکەیەوە تووشی ئەو نەخۆشیە هاتووی؟ لەکوێ نەشتەرگەریان بۆ کردوی و زۆر پرسیاری تر. جا ئەوەی لەو کابرایەم بیست لەجیاتی قسەی خۆشم بۆ بکات و دڵم بداتەوە و دوعام بۆ بکات، زراوی بردم و پێمی وت پوورزایەکم هەبوو وەکو تۆ گرێیەکی ئەوهای لێ هاتبوو، نەشتەرگەریشیان بۆی کرد، کەچی هەر کوشتی.

## لەبەر وەزارەتی ئەوقاف و ترسی مووچەکەم نەبێت، هەر نوێژ ناکەم[١٥٦]

[١٥٦]- لەگەڵ ڕێزو حورمەتمان بۆ سەرجەم مامۆستایانی ئایینی، پەنجەی دەست وەك یەك نییەو مەبەستمان زیاتر ئەو کەسانەیە کە بەبێ هیچ پێشینەیەکی ئایینی و خولق و خۆیەکی ئیسلامەتی، دروستیان کردوون و دایانمەزراندوون کە ڕەنگە حەزیشیان بەو ئیش و پیشە نەبووبێت، بەڵام بۆ بژێوی ژیانی خۆیان، ئەو داوایەیان قەبوڵ کردوە.



**مامۆستا مەلا نەهرۆ عەلی** [١٥٧] **دەڵێت:** کابرایەکی خواناس پێش ئەوەی وەفات بکات، بانگی کوڕەکانی کردو پێی وتن من دەزانم دەمرم، ئەگەر ئێوە بەڕاستی کوڕی منبن، وەسیەتی من بۆ ئێوە ئەوەیە دوای مردن دوو مەڕ سەر ببڕن و هەر یەك لەو مەڕانە بدەنە ئەو کەسەی لەهەمووان زیاتر بەتەقوایە.

باوکیان گیانی سپاردو دوای ڕێورەسمی پرسەکەی، کوڕەکانی کۆبوونەوە وەسیەتنامەی باوکیان جێ بەجێ بکەن، بەیەکەوە چوونە بازاڕ و دوو مەڕیان کڕی و هاتنەوە، دووبارە کۆبوونەوە ئاخۆ چۆن بەتەقواترین مرۆڤ لەو شوێنە بدۆزنەوە، دوای گفتوگۆیەکی زۆر، گەیشتنە ئەو رایەی بچنە یەك لەو مزگەوتانە، چونکە مزگەوت شوێنی تەقواو خواپەرستییە، یەك لە کوڕەکان چووە ناو مزگەوتەکەو لەگەڵ مەلای مزگەوتەکە دانیشت و پێی وت بێ زەحمەت هاتووم بزانم کێ لەم مزگەوتە لەهەمووان بەتەقواترە، ئیشێکی خێرمان پێیەتی.

مەلاکە دەست بۆ کابرایەکی حاجی بەساڵاچوو درێژ دەکات، دەڵێ ئەو پیاوە لەهەموومان بەتەقواترە.

ئەویش خۆی گەیاندە لای کابراکەو فسکە فسکێکی لەگەڵ کرد و لەگەڵ خۆی برد، بەڵام کەس نەیزانی چ ئیشێکی پێی بوو و بۆ کوێی برد؟

کابرای لەگەڵ خۆی بردەوە ماڵ و لەپێش چاوی، مەڕەکەی کوشتەوەو بۆی پارچە پارچە کردو هەموو گۆشتەکەی پێداو بەڕێی کرد.بۆ دۆزینەوەی دووەم پیاو، دووبارە هاتەوە هەمان مزگەوت، بەڵام ئەوجارەیان هەموو لەشی بەخوێن بوو، چووە لای مەلاکەو پێی وت قوربان هاتووم پیاوێکی دیکەم پێ بڵێی وەکو ئەو مام حاجیە بەتەقوا بێت.

مەلاو ئەو خەڵکەی ئەوێ ئەو کوڕەیان بینی هەموو لەشی بەخوێنە، وایانزانی مام حاجیەکەی بردوەو کوشتویەتی، بۆیە هەموویان روویان کردە مەلاکەو پێیان وت لەو

مەلایە بەتەقواترمان نییە، چونکە هەموو فەڕزەکان لەمزگەوتەو نوێژەکان بەجەماعەت دەکات.

مەلاکە ترسی لێ نیشێت، بەهەڵپەیەکەوە وتی وەڵڵاهی من لە ترسی وەزارەتی ئەوقاف و بڕینی مووچەکەم نەبێت، هەر نوێژ ناکەم.

## دوعاکەی پوورە نەخشین[158]

لەم مەملەکەتەی لای خۆمان دوو ژنی هەوێی یەك، تەمەنێکیان لە ژیان بردبووە سەر، گەورەو بچووك وەکو ڕێزێك بە (پوور)ە بانگیان دەکردن، یەکێکیان ناوی پوورە نەخشین و ئەویتریان ناوی پوورە ئایش بوو.

هەرچی پوورە نەخشین بوو گەلێ هار و هاج و کراوە، بەدەم و لفت و قسەزان بوو، لەتەکدا پوورە ئایش فەقیرحاڵ، مێشی لەدەمی خۆی نەدەکردەوە، هێندە گێل بوو بەڵام بەوە خۆی خۆشەویست کردبوو بەدەگمەن نەبوایە دەمی هەڵنەدەپچڕی، ئەمەش وایکردبوو هەمیشە سەنگی خۆی لەدەست نەدات. زۆر شتی سەیر لەم دوو ژنە هەوێیە دەگێڕنەوە:

دەڵێن ڕۆژانە پوورە نەخشین و پوورە ئایش چونکە لە یەك خانوو دەژیان و کوڕ وکچیان گەورەو بەماڵ و مێرد بوون تا ئەو کاتە لەسەر یەك سفرە نانیان دەخواردو پێکەوە دەچوونە سەردانی و بەجۆرێ دەژیان کەس هەستی نەدەکرد ئەم دوانە هەوێی یەکدین.

لەکاتی نوێژکردن هەریەکەیان بەجۆرێ نوێژی دەکرد، پوورە نەخشین پێش ئەوەی نوێژ بەرپا بکات بەپێوە لەسەر دوو گرد رادەوەستاو بە زمانێکی پاراوەوە دەیگوت خوایە گیان ئەوە پشتم لە شەیتانی بەدفەڕ و نەفرەتلێکراو کرد، خوایە گیان ئەوە رووم کردە بەر قاپی رەحمەت و بەرەکەتت بە نیەتێکی پاك و بێگەردەوە بەرەو رووت وەستاوم دەمەوێ نوێژ بکەم. ئەوجا نیەتی دەهێنا و نوێژەکەی دەکرد.

پوور ئایش ئەو قسانەی نەدەزانی هەر دەچووە سەر دووگرد(بەرماڵ)، یەکسەر نیەتی لێ دەهێنا و نوێژەکەی لەتەنیش پوورە نەخشین دادەبەستا.

---

[158] - گەلاوێژ ناسیح مەجید- ژمارە (١١١)ی گۆڤاری نواڵەی نوێ، تشرینی یەکەمی٢٠١٢، ل١٥

پووره نەخشین کاتێك سەلامی لای راست و سەلامی لای چەپی دەدایەوە، بەخشوعەوە دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە، بەدڵێکی دامەزراوەوە چ دوعایەك هەیە دەیکرد و دەیگوت خوایە گیان لێت دەپاڕێمەوە یارمەتیمان بدەی بۆ جوانکردنی عیبادەتەکانمان. خوایە گیان لە شەڕو فیتنەی شەیتان بمانپارێزی. لە حەسودی و حەسادەت و رەزیلی بمانپارێزی. یاڕەببی خوایە بچینە بەهەشت و دوورمان بکەیتەوە لە ئاگری دۆزەخ و وەسیلە و فەزیلە بەنسیبی پێغەمبەر بکەیت و رەزیلی بەردەستی ئەم و ئەومان نەکەیت و یارمەتیمان بدەی لەسەر زیکرەکانت و ئەو نوێژ و نزایانەی کە کردم ئەی پەروەردگار لێت دەپارێمەوە هەموویم لێ قەبوڵ بکەیت.

کە دەیویست هەڵبستێتەوە، تەماشای پووره ئایشی دەکرد ئەوە دەمی بەش کردۆتەوە، نەدەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە، نە لەخوا دەپاڕێتەوە، بۆیە رووی تێ دەکات و پێی دەڵێت ئایش گیان جایز نییە دوای نوێژ نزا نەکەی، دەی دەستەکانت بەرز بکەوە، بزانە چیت بەمێشك دادێ ئەو نزایانە بکە.

ئەویش نەیدەزانی لاسایی ئەو بکاتەوە بۆیە دەستەکانی بەرز دەکردەوە و دەیوت خوایە گیان لێت دەپاڕێمەوە ئەوەی بۆ پووره نەخشینت حیساب کرد، ئەوەش بۆ من حیساب بکەی.

## هێندە باسی دزی کرد، تا پێڵاوەکەیان دزی

**مامۆستا مەلا عەبدولمەجید محەمەد وتی:**

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان ، لە کۆڕێکی جەماوەریدا، بەرپرسی یەك لەحزبە سیاسیەکان هاتە مزگەوتی گەورەی تەق تەق کە خەڵکێکی زۆری لێ کۆ ببۆوە، ئەو سەردەمە هۆڵی بۆنەکان و ئەو شتانە نەبوو.کابرای بەرپرس، دەستی پێکردو پێ داهات، کەوتە تەزرەکوتی بەرپرسان و بەقسەکانی وەرگەڕایە سەروگوێلاکی کاربەدەستان، هەموویانی بە گەندەڵ و دز و رابردوو پیس ناوزەد دەکرد، ئەوەندە باسی دزی بۆ ئەو خەڵکە کرد، کاتێك کۆڕەکەی تەواو بوو، یەك لە پاسەوانەکانی بەهەلەداوان خۆی گەیاندێ و پێی وت قوربان ئەوەندە باسی دزیت بۆ ئەو خەڵکە کرد تا پێڵاوەکەیان دزی.

بەرپرسەکە چاوئەبڵەق بوو، وەلیٚ بەسەرخۆی نەهێناو زۆر بەشێنەیی وتی کەواتە قسەکانم کاریگەری خۆیان نەبوو، ئەگینە پێڵاوەکەیان نەدەدزیم.

## ئایا سەیری فڕۆکەت کردووە؟

**هەمووما‌ن رۆژانە بەدەیەها فڕۆکە دەبینین بەسەر ئاسمانی شارەکەمان دەسووڕێتەوە، فڕۆکەی بارهەڵگر هەیە دووسەد، سیٚ سەد نەفەر لەخۆ دەگریٚ و بەو بارە قورسەوە لە ئاسمان دیٚ و دەچیٚ.**

**ئەو رۆیشتن و بەرزبوونەوە و فڕینە بەهۆی هێزێکی پاڵپێوەنانەوە ئەنجام دەدریٚ کە یاسایەکە ئەگەر ئەو هێزە بەقەت چرکەیەك تێکبچیٚ ئەوە لەجێوە فڕۆکەکە بەردەبێتەوە. کاتێك خوای پەروەردگار دەفەرمویٚ:** ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلْفُلْكَ تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ الحج: ٦٥

**واتە:** أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ **دیسانەوە هەر لەسەر بەڵگەهێنانەوە دەڕوات و دەفەرمویٚ ئەی نەتزانیوە کە بەڕاستی هەرچی لە زەویدایە کانگاو گڵ و هەواو توخمەکان و ئاوێتەکراوەکان،زیندەوەران،بیٚ گیانەکان، گژوگیا، خوا بۆ ئێوەی دەستەمۆو رام کردووە؟** وَٱلْفُلْكَ تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ **هەر ئەوەندە بەڵکو یاسای دەریاکانی وا دامەزراندووە کەشتیەکان هەر بە فەرمانی ئەو، بەو هەموو بارو بارخانەوە بەنێویدا بڕۆن** وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِۦٓ **ئەو ئاسمانەش رادەگریٚ تا بەسەر زەویدا نەکەویٚ، مەگەر بە فەرمانی خۆی، بۆیە بەیناوبەین مۆڵەت دەدات هەندیٚ(نیازك) دێنە خواریٚ بۆ زەوی** إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ **بەراستی خوا بەرامبەر بەم خەڵکە، زۆر میهرەبان و دڵاوایە، ئەوەتا هەموو یاسای بوونەوەری بۆ رامکردووە، نایشهێڵیٚ ئاسمان بەربێتەوە بەسەریاندا.**

کەواتە بڵندبوون و چەسپان و ڕاوەستانی ئاسمان، بەڵگەیەکی گەورەیە کە هێزێکی مەزن و گەورە هەیە ئەو ئاسمانەی بەرزکردۆتەوە و ڕایگرتووە ئەویش خوای پەروەردگارە کە زیندووە و هەرگیز نامرێ، چونکە بەپێی ئەو یاسایەی کە هەیە ئەگەر ئەو هێزە نەما، ئەوا هەرچی لە ئاسماندا هەیە هەموو بەسەر یەکدا بەردەبێتەوە.

## هەموو نامەکانم خستە بەریدی گەورەو جێی خۆی گرت

*خزمێکم بۆی گێڕامەوەو وتی:* سەرباز بووم، ئەوەی لەحکومەت وەرمدەگرت تەنها دوو دینار بوو، ڕۆژێکیان سرەی گەڕانەوەم بوو کە بە ئیجازە بچمەوە ماڵ، کۆمەڵێك لەو دۆست و برادەرانەی بەیەکەوە لەو یەکەیە بووین، ئەو نامەی دەنووسی و دەیخستە زەرفەوە و دەهاتە لام، دەیوت: بێزەحمەت ئەگەر لەگەڵ دەستی خۆتدا ئەو نامەیە بخەیتە سندوقی بەریدەوە مەمنوون دەبم. نە یەك و دوان و دە، نزیکەی بیست سی نامەیان دامێ بۆیان ببەمە دایەرەی پۆستەو گەیاندن و بۆیان ڕەوانە بکەم، جا لەو خەڵکە زۆرە کەسێك نەبوو بڵێ فەرموو براکەم ئەوە دە فلس هەقی ئەو پۆلەی لە زەرفەکەی دەدەی. بۆیە وەك سەیرمکرد دەبوو هەموو پارەکەم بدەمە پوول و لە زەرفی ئەو خەڵکەی بدەم، هەر وتم بەسەرچاو بەسەرچاو. سەرەنجام لەسەر ڕێی خۆم کە گەیشتمە سەر زێی دیجلە، جامی سەیارەکەم کردەوە و هەموو نامەکانم فڕێ دایە ناو ئاوەکە و دوای گەڕانەوەم ئەوەی لێی دەپرسیم ئەرێ نامەکەمانت خستە سندوقی بەریدەوە؟ بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێمدەوت خەیاڵت ئاسوودەبێ، هەموو نامەکانم خستە بەریدی گەورەو جێی خۆی گرت و ڕۆیشت.

## مرۆڤ لەم ( ئێسك )ەوە دروست بووە و هەر لەمیشەوە زیندوو دەبێتەوە

**پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت: (ان الانسان عظما لا تأكلة الارض ابدا، فية يركب يوم القيامة، قالوا: أي عظم هو يا رسول اللة؟قال: عجب الذنب) رواه البحارى و مسلم.**

**واتە: هەموو بەشێکی مرۆڤ زەوی دەیخوات و دەیڕزێنێت تەنها ئێسکێك نەبێت کە هەرگیز زەوی ناتوانێت بیڕزێنێت. مرۆڤ لەم ئێسکەوە دروست بووە و هەر**

**لەویش زیندوو دەکرێتەوە، پرسیان ئەم ئێسکە کامەیە؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمووی: بەشێکی کلێنچەیە.**

**(عجب الذنب) ( COCCYX) بەواتا زانستیەکەی کە ئەویش دواهەمین بڕبڕەی پشتە لە مرۆڤدا.چەند زانایەکی بیّ باوەڕ بۆ ئەوەی ئەم فەرموودەیە بەدرۆ بخەنەوە، دواجار بۆیان دەرکەوت ئەم ئێسکە بەتەواوی نافەوتیّ ئەویش بە تواندنەوەی لەناو بەهێزترین ماددەی ترش بەلاّم بینیان هەر بەتەواوی نافەوتیّ و ماددەی زیندووی تێدا دەمێنیّ. پاشان سوتاندیان لەناو بەهێزترین ئامێرو لە کۆتایدا ئێسکەکەیان خستە بەر ماددەیەکی تیشکی ناووکی تیشکدەر، دیسان بۆیان دەرکەوت بەتەواوی نافەوتیّ و هێشتا خانەی زیندووی تێدا دەمێنێت.(صدق رسول الله)**

## بۆ ئەوەی پاساوی یەکتر نەهێڵین

**کاک خەبات فاتیح تۆماری گێڕایەوە، وتی:**

شەوێکیان دزێك بە دەمانچەوە بەسەر ماڵێك دادەدات، هەموویان قۆڵبەست دەکا و پێیان دەڵێت ئەوەی نقەی لێوە بێت، نقەی دەبڕم و بە فیشەکێك ساردی دەکەمەوە. ئەوانیش لە ترسان بیّ دەنگی دەنوێنن و قڕو کپی لیّ دەکەن.

دزەکە بە ئیسراحەتی خۆی ئەوەی بەردەستی دەکەویّ لەو ماڵە هەڵیدەگرێت. کە دەیەویّ ئەو ماڵە بەجیّ بێڵێت و بڕوات، ئاگای لەوە نییە ئەوە یەك لە کوڕە گەورەکانی ئەو ماڵە لەناو فریزی نێو حەوشەکە نووستووەو ئاگای لەهیچ نییە. لەجێوە لەقەیەکی خاسی لیّ دەدات، کوڕە لەتاو ئێش و ئازاری خۆی، خەبەری دەبێتەوە، کە کابرا دەبینیّ ئەوە دەمانچەی بەدەستەوەیە، ترس دایدەگریّ، بەلاّم ناوێریّ قسە بکات، هەر ئەوەندە نەبیّ پێی دەڵێت خاڵە گیان من چیم کردووە، بۆچی لێم دەدەی؟ ئەویش وەلاّمی دەداتەوە پێی دەڵیّ بۆیە لێمدای تا شتەکان بەچاوی خۆت ببینی و لەدوای ڕۆیشتنی من دەست نەکەیتە فشە فش و خۆت نەکەینە پاڵەوان نەڵێی ئای کە ئەگەر بەخەر بوومایە ئەوجا دەمزانی چیم لێی دەکرد چما دز هی ئەوەیە لێی بترسی؟ ئەوە من ڕۆیشتم، دوای من دەستیان بکەوە با هیچیان لیّ بەسەر نەیەت.

## بۆ ئەوەی ژنەکەت لێت بترسێ، بەقەمیش سەری بشکێنە

هەرچی کردم بۆ ئەوە بوو خەڵك تێ بگات، کەچی خەڵك هەر پێدەکەنی (شارلی شاپلن)

مامۆستا محمد **قطب** دەڵێت:

ئەوروپا رۆژێك لە رۆژان کیشوەرێکی خودان نەریت بوو، ئەدی چۆن ئەو گۆرانە مەزنەی بەسەر هات کە نەریتەکانی تێکشکاندن و لە کۆت و پێوەند بەرەڵڵای کردن؟

بەشێك لەو داب ونەریتانەی سەردەمانێك لێرەو لەوێ پەیرەو کراون:

یەکەم: بەپێی راپۆرتێك لەساڵی ١٩٩٣ لە هیندستان پێنج هەزار ئافرەت بەهۆی مارەییەوە خۆیان کوشتووە، چونکە نەیانتوانیوە مارەیی خۆیان بدەنە ماڵە خەزوورانیان، شایانی باسە لە هیندستان دەبێ بووك ئامادەکاری بکات بۆ دانان و رێکخستنی ماڵ.

دووەم: لەلای پیاوانی هیند تاوەکو سەدەی حەڤدەی زایینی وەك داب و نەریت و شتێکی باوی ئەو کۆمەڵگایە، دەبوو ژن دوای مردنی پیاوەکەی بمرێ و لەیەك شوێن لەگەڵ پیاوەکەی بسووتێندرێ. تەنانەت لە شەریعەتی (مانۆ)دا بەو ژنە دەوترێ ژنی بەوەفا کە ببێتە خزمەتکاری پیاوەکەی وەك ئەوەی خوای ئەو بێت بەگەورەم یان خودا بانگی بکات و لە رۆیشتندا بەماوەیەك لەدواوەی بڕوات، بۆیە پیاوەکە دەتوانێ لێی بدات هەتا مردن و لەخوێنی خۆی بگەوزێنێ و تەنانەت نابێ لەگەڵی دا نان بخوات.

سێیەم: **نەریتی دارکاری بووك لەشەوی زەماوەند:** ئەمە نەریتێکی کۆنی خراپی هەندێك شوێنە. لەهەندێ هۆزبەر لەوەی زاوا بە بووك بگات، خزمە نزیکەکانی یەك لەدوای یەك لەگەڵ تازە بووك کۆدەبنەوە، هەروەها لەهەندێ قەبیلەدا لەشەوی یەکەمدا زاوا بووکەکە دارکاری دەکات بێ ئەوەی هێشتا کێشەیەکیان هەبێت، لەو شەوەدا زاوا بە پێلەقە لە بووك دەدات و بووکیش ئەو رێ و رەسمە دەزانێت، بەڵام ئەمە دەبێ چ کاریگەری خراپی لەسەر رۆحی بووك هەبێ کە لە یەکەم شەو توندو تیژیی لەهەمبەر دەکرێت.

چوارەم: لە یاسای حامورابی بابل ئەگەر کەسێك کەسێکی کوشت دەبێ کچێکی خۆی بدات تا لەبری ئەو بکوژرێتەوە یان بیانداتێ و ئەوانیش ئازادن بەئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن.

**پێنجەم: لە میسر کاتێ فیرعەونەکان دەسەڵاتداربوون، کچیان دەکردە قوربانی ئەگەر ڕووباری نیل بوەستایە.** تەنانەت پێش هاتنی ئیسلام لە وڵاتی میسر ئەگەر ڕووباری نیل بوەستایە ئەوە بەناو ئەو وڵاتەدا دەگەڕان کام کچ جوان بوایە دەیانهێنا و دەیانڕازاندەوە و فڕێیان دەدایە ناو ڕووبارەکە، پێیان وابوو بەو قوربانیە ڕووبارەکە لەوەستان دەکەوێنێ و دووبارە ڕێڕەوی خۆی دەگرێ.

دوای هاتنی ئیسلام و ڕزگارکردنی وڵاتی میسر لەسەردەمی خەلیفەی ئیسلام(عومەری کوری خەتاب)ڕەزای خوای لێ بێت، بەسەرکردایەتی عەمری کوڕی ئەلماس ئەو کاتەی ڕووباری نیل لە ڕۆیشتن کەوت، نامەیەکیان بۆ ئیمامی عومەر نووسی کە ئەو دیاردەیە لە ئارادایەو ڕووباری نیل مەنگ بووە، داب و نەریتەکەیان لەنامەکەدا بۆی باس کردبوو کە کچێکی قەشەنگ و جوان دەڕازێننەوە، دەیکەنە بووك و بەئاوی نیلی دەدەن بۆ ئەوەی ئاوەکە ڕێ بکات.

ئیمامی عومەر ڕەزای خوای لێبێ وەڵامیان دەداتەوە بە نووسینێك کە ئەو کاغەزە فڕێ بدەنە ناو ڕووباری نیل.

**لێی نووسرابوو: ئەی نیل ئەگەر بەفەرمانی خۆت دەڕۆی، ئەوا داوات لێ دەکەم بەفەرمانی خوا بڕۆی.**

نیل بەرەو خوار ڕۆی، خەڵکەکە حەپەسان چۆن بەکار کەوت، گەر فەرمانی خودای گەورە نەبێ، ئا ئەوەیە ئیسلام، ئەو نەریتەی بەکۆتا هێنا.

**ڕۆژێکیان کابرایەکی بەتەمەن بەو مەرجەی ناوی نەبەم، بەسەرهاتێکی سەردەمی گەنجێتی خۆی بۆ گێڕامەوە، وتی:**

لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ژیانمان لە لادێ بەسەر دەبرد، تاك و تەرا چاومان بە شار نەدەکەوت، بەبیرم دێ لە گوندەکەمان تەلەفزیۆنی لێ نەبوو، جگە لە ڕادیۆ شڕەکەی مام نوری کە ئێوارە دادەهات خەڵکی ئاوایی بەو تاریکیە و لەبێ کارەبایی کە نەیاندەزانی کارەبا چییە، بەلێشاو ڕوویان لەماڵی مام نوری دەکرد، لەدەوری ڕادیۆکەی کۆ دەبوونەوەو تا درەنگی شەو ئەو حەشاماتە نقەیان لێوە نەدەهات، هەمووان هەست و خوستی خۆیان لەوەدا کۆکردبۆوە بزانن ڕادیۆکە چی دەڵێ و چیان پێشکەش دەکات؟

داب و نەریتی ئەو وەختە بەجۆرێ پەیڕەو دەكرا، ژن قەدەغەبوو بدرێ بە بێگانە، هەر لەناو خۆماندا ژن بەژنێمان پێ دەكرد، ئەو كەسەی بیویستبایە ژن بێنێ و خوشكی نەبوایە، ئەوا دەبوو چاوەڕوانی ئەو كوڕانەی بكردایە دوای ژن بە ژنێ ئەگەر خوشكێكی زیادیان لەماڵەوە هەبووایە ئەوجا دەیتوانی بچێتە پێش و خوازبێنی بكات. ئەو سەردەمە تاوەكو ئامۆزا هەبوایە كەس زاتی ئەوەی نەدەكرد بۆ خوازبێنی ئەو كچە بچێتە پێش.[١٥٩]

كوڕ كە ژنی دێنا، ماڵجودایی نەبوو. ئەگەر لەماڵێك دوو سێ كوڕ ژنیان بێنایە دەبوو هەموویان لەماڵی باوكیان لەدەوری یەك سفرەو خوان كۆببنەوە و یەك مەنجەڵ و یەك نانیان هەبێت، هەموو بڕیارێكیش بەدەست باوكیان بوو. لەوەش سەیرتر لەهەر دانیشتن و دیوەخانێ تا باوك بوەستایە، نە كوڕ، نە ژن، نە بووك بۆیان نەبوو قسەی تێدا بكەن، چونكە قسەی باوك سەنەد بوو.

من تازە بە تازە خۆم ناسی بوو، ئێوارەیەكیان لەكاتی گەڕانەوەی مێگەلی بزن و مەڕەكان لەو دەشت و دەرەدا، نانی ئێوارەم خوارد ویستم بچمە سەرجێ و سەرخەوێك بشكێنم. باوكم بەبێ وەرگرتنی پرس و را، دەنگی دامێ دەی كوڕم خێرا خۆت بپێچەوە هەندێ كاری خێر هەیە دەبێ ئەمشەو بەجێی بگەیەنم.منیش بەبێ ئەوەی بپرسم ئەرێ بۆ كوێ دەچین و چی دەكەین؟ دەمودەست خۆم گۆڕی و كەوتمە دوای، لەگەڵ مەلا و دوو لەمامەكانم چوینە ماڵی مامە كۆچكردووەكەم.

---

[١٥٩]- ئەوەی مێژووی قەڵای هەولێر و داب و نەریتی ژیانی ئەو شوێنەی لەسەرەتاكانی سەدەی بیست خوێندبێتەوە، بەسەرهاتی ئەو كچە دەزانێت كە تەنها بەهۆی فرێدانی لەچكەوە كەس ئامادە نەبوو بچێتە داخوازی و بیهێنێ، لەكاتێكدا كچێكی جوان بووە بەڵام كە لەو قەڵاتە بەسەری كۆتی دێتە خوارەوە و ئەو حەشاماتەی ئەو سەردەمە بەو شێوەیەی دەبینن سەری قوت كردوە، هەر یەكە لە ئاشێك دەكەوێتە هەڵبەستنی بەندو باڵۆرە. یەكێك دەیوت ئەوە دوای بەرنامەی شەیتان كەوتووە. یەكێك دەیوت ئەو ئافرەتە لەدین دەرچووە، كوشتنی حەڵاڵە. یەكێك دەیوت ئەوە دوژمنایەتی خوای پەروەردگاری كردووەو هەر كەسێك لێی نزیك ببێتەوە حیسابی وەكو ئەوی بۆ دەكرێ و زۆر قسەی تر. هەر بەو هۆیەوە كەس ئامادە نەبوو ئەوكچە بخوازێ، بەجۆرێ ئافرەتەكە سەری سپی بوو و چووە ساڵەوە، دواجار وەفاتی كرد و ئەو ئاواتەی نەهاتە دی وەك هەر ئافرەتێكی دیكە ببێتە دایك.

باوکم رووی کردە ئامۆژنم، هەڵیدایێ براژن خۆت دەزانی کوڕ دەبێ ژنبێنێ، کچیش بەڕێی خۆی بڕوا و مێرد بکات، بۆیە هاتووین  تاوەکو کچە گەورەکەت لەو کوڕەم مارە بکەین.

مامۆژنم نوتقی گیرا، کە وتی: ئاخر...

باوکم لێی راست بۆوە بەدەم هەڕەشە و گوڕەشەوە دەستی لێ راشەقاند ئەوە چما دەتەوێ لەپێش چاوی ئەو پیاوانە قسەم بشکێنی و حەیام ببەی؟ دەی مامۆستا ناوی خوای لێبێنە و کچ وکوڕەکە لێك مارە بکە.

مەلاکە لەجێوە هەستا، لەپشت ئەو ژوورەی کچەکە لە لەناوەوە دەرگای لەسەر خۆی پێوە دابوو، دەنگی داو پێیوت کچم رازی شوو بەو پیاوە بکەی کە ئامۆزای خۆتە و پشت و پەناتە؟

ئەو قسانەی چەند جارێ دووبارە کردەوە، کچەکە لەترسان نەیوێرا بڵێ نا، نەخێر رازی نیم. مەلا نەختێ سەری باداو وتی تەواو تەواو، بێ دەنگی نیشانەی رازیبوونە.

بەبێدەنگی هاتەوە نێو مەجلیسەکەو رێورەسمی مارەبڕینەکەی بەبێ ئامادەبوونی کچەکە تەواو کرد. هەر لەو هەفتەیە ئامۆزاکەم هێنا و لە رۆژی گواستنەوەیدا پێیان وتم بچمە سەربان و قەمیشێکی درێژ بەدەستەوە بگرم و لەسەری بووکەکەی بدەم وەك ئاماژەیەك بۆ دەرخستنی عەرزی عەزەلات  تا لە ئان و ساتەوە پێی بسەلمێنم ئەوە منم دەبێ ژن لێم بترسێی و لەقسەم دەرنەچی و قسە لەقسەم نەکات. کە لێیانم پرسی ئاخر من ئەمەم تاقی نەکردۆتەوە دەترسێم شتەکە ناخۆشبێ، چۆن چۆنی بە قەمیش لێی بدەم؟

بەپێکەنینەوە پێیان وتم هەی بێ قەزابی دەڵێی تا ئێستا بەقەمیش لەکەست نەداوە؟ منیش لەوە بێ ئاگا بووم ئەوە داب و نەرێتێکی کۆنە و دەبێ قەمیشێکی درێژ لەسەربانەوە بەدەست بگرم کە لەناوەڕاستەوە قەمیشەکەم تەواوێ بڕیبێتەوە کە بەجووڵەیەك بەهێواشی لەسەری بووکەکەمدا، ئەوە قەمیشەکە بشکێ بێ ئەوەی هیچ ئێش و ئازارێکی پێ بگات، کەچی بەهەڵە تێ گەیشتم.

رۆژی هەینی داهات، ژن و پیاو و گەورەو بچووکی ئاوایی هاتنە ماڵمان، نانی نیوەڕۆیان خوارد. دوای نیوەڕۆ کاتێك بووك هات، خوشکە بچووکەکەم لەبەر دەرگاوە سینییەکی پڕ لە فلسی ئاسن و گەنم و جۆ و چوکلێتی بەدەستەوە بوو، لەشوێنی خۆیەوە چنگێکی لێ

دەداتو بەسەر سەری بووکەی دادەدا، بەمەیش کە پارە و چوکلێتەکە دەکەوتە خوارەوە، مندالآن دادەهاتنەوە، هەر یەکە بۆ خۆی شتێکی لێ کۆ دەکردەوە و بۆ خۆی دەبرد.

بووکیان هێنایە حەوشەی مالٚ کە لەپێشیەوە کچێك وەك بەربووك بەهەردوو دەستی رووی ئاوێنەیەکی گەورەی لەپشتی خۆی گرتبوو پەیتا پەیتا بۆ پێشەوە هەنگاوی دەنا و بووکیش بەدوایەوە دەڕۆیشت. پێش ئەوەی لەهەیوانەکە لەسەر سەکۆی هەیوانەکەی دانێن، لەسەر بانەوە قەمیشە درێژەکەم دەست دایێ هەتا گرتم بەتوندی سێ چوار قەمیشم خێواندێ. سەری بووك بەخوێن داهات، ئەوەندەی نەبرد لەهۆش خۆی چوو، بەپەلە ئاویان پرژاندە دەم و چاوی تا بەهۆش خۆی هاتەوە و راستیان کردەوە، خێرا بردیانە ژوورەوە. زۆر لە خزمان سەرزەنشتیان کردم کە ئیشێکی خراپم کردووە نەدەبوو بەو توندیە بەسەریدا بکێشم. بەلاّم هەموو وەلاّمەکەی من ئەوەبوو ئاخر چیبکەم ئەوهایان حالّی نەکردم و منیش هەر ئەوەندەی تێ گەیشتم.

شەو داهات چوومە ژوورەوە. بووکی یەك شەوە کە چاوی بەمن کەوت وەکو ئاسکێك چاوی بەشێر بکەوێ، هەموو لەشی کەوتە لەرزین. ئەوەندە بەنەرمی لەگەلّی کەوتمە قسە تا دلّی ئارام بکەمەوە هەلّەیەك بوو کردم، ئێستایش لە گریان و فرمێسك رشتنی خۆی نەکەوت. ئەو شەوە دەبوو ببوومایەتە زاوا کە پێویستی خۆم تەواو کرد، بەخۆ و تفەنگەوە هاتمە پێش قاپی حەوشە و یەك سەلیە گوللەم تەقاند وەك ئەوەی خەلّکی ئاوایی ئاگادار بکەمەوە کە ئەوە منم بوومەتە زاوا، ئەوە من پیاوم.

لەو رۆژەوە ئەو ژنە رقێکی ئەستووری لێ هەلّگرتم، دوای سی و پێنج سالّ تەمەن بەیەکەوەبوون و بوون بەخاوەنی دە مندالّ، تا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد قەت بۆ یەکجار بەناوی خۆمەوە بانگی نەکردم، هەر دەیوت ئەو، ئەو.ئێستایش دوای تەمەنێ هێشتا ئەو رۆژەم لەبیر ناچێ و نازانم لەچیەوە تووڕە بووم، دەستم دایە سۆندە و وەرگەڕامە سەری، زۆرم لێیدا، ئەویش نەیکردە نامەردی سەری خۆی هەلّگرت و تۆرا. رۆیشتەوە مالّی باوکی و لەگەلّ دایکی چووە شار و سکالاّی لەسەر تۆمار کردم، منیان لەبەردەم دادگا راگرت، دادوەر چەند پرسیارێکی لێ کرد فەرموو بزانم کێ لێی داوی؟

دەستی بۆ درێژکردم، وتی ئەو، ئەو.

دووبارە پرسیاری لێکردەوە ئەو کەسە کێیە؟

دووبارە دەستی بۆ درێژ کردمەوە وتی ئەوە ئەو.

ئەوجا دادوەرەکە کۆمەڵێ پرسیاری ئاڕاستەی من کرد و منیش هەموویم وەڵام دایەوە، بەمەیش دادوەرەکە لەوە دەچوو کەسێکی سوعبەتچیبێ، دوای وەرگرتنی قسەکانم وتی: لەبەر ئەوەی ئەو لە ئەوی داوە بڕیارمدا ئەو بۆ ماوەی دوو هەفتە بەند بکەم.

خێزانەکەم کەوتە پاڕانەوە، وتی قوربان من نامەوێ ئەو بەند بکەی. تەنها دەمەوێ ئامۆژگاری بکەن ڕێزم بگرێ و چیتر زاتی ئەوە نەکات لەسەر شتێکی بچووك لێم بدات.

لەو ڕۆژەوە منیش خووی ئەوم گرت، بۆ هەر شتێ بە ئەوم بانگ دەکرد، ئەگەرچی لەناخەوە گەلێ ئازارم دەچەشت کە من لەڕۆژی بووکێنی نەدەبوو بەقەمیش ئاوای لێ بەسەر بێنم و بیکەمە پەندی زەمانە، ئێستایش هەرچی جارێ کە دەچمە سەر گڵکۆکەی، تاوێ دوان بۆی دەگریم و داوای لێخۆشبوونی ئەو کارەی لێ دەکەم کە من بەئەنقەست وام نەکرد و هەروا تێی گەیشتبووم کە دەبێ بە قەمیش لەسەری بدەم و سەری بشکێنم[١٦٠].

---

[١٦٠]– لەم بەسەرهاتە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێ:

یەکەم: پیاو دەیەوێ لە یەکەم پرۆسەی هاوسەرگیری خۆی وەك دڕندە نیشان بدات کە ئەوە منم دەبێ ژن لێم بترسێی لەکاتێکدا ژیانی هاوسەرگیری لەسەر بنەمای خۆشەویستی و لێك گەیشتن بونیاد دەنرێت.

دووەم: پیشانی هەموو ئەوانە بدات کە ئەو دیمەنەی دەبینن تاوەکو پەیامێکیان پێ بدات، پێیان بڵێ: ها، لەئێستاوە بزانن پیاو پیاوە و ژنیش ژن، لەوەشدا ژن دەبێ هەمیشە بەرامبەر پیاو خۆی بەبێ دەسەڵات ببینێ لەکاتێکدا ڕۆڵی ئافرەت لەئیسلام پارێزراوە و جێیەکی بەرز و شایستەی پێ دراوە کە ئەوە ئێمەین نامانەوێ پابەندی ئەو یاسا و ڕێسا جوانانەی ئیسلام ببین.

سێ یەم: دەرخستنی ژیانی خێزان کە لەیەکەم چرکە ساتەکانیەوە بریتیە لە شەڕو و شۆو ئاژاوە لەکاتێکدا ژیانی هاوسەری ئەگەر ئاشتی و ئارامی تێدا بەرقەرار نەبێت، شپرزە دەبێت، پێی ناوترێ خێزان.

چوارەم: لەگەڵ ئەمەیشدا خوای گەورە هەر خۆشەویستی و میهرەبانی لەنێوانیان داناوە، ئەگەرچی ماوە ماوە شەڕ و شۆو دەمەقاڵە یەخەگیریان بێت، دواجار ناتوانن بێیەك هەڵبکەن.

## وەك وەفایەك بۆ پیاوەکەی ٢٢ ساڵە برنجە سوورەی نەخواردوە



باوکم رەحمەتی خوای لێبێ، ساڵی ١٩٣٢چاوی بەدونیا هەڵێناوەو لە ١٩٩٦/٢/١٣ کۆچی دوایی کردووە، باوکم لەمانگی پیرۆزی رەمەزان ئێوارەیەك بۆ دواجار کاتێك فتار دەکاتەوە ئەو ئێوارەیە برنجە سوورەمان هەبوو، بۆ شەوێ وەکو شەوانی تر بۆشەونوێژ هەڵدەستێتەوەو دەست بەنوێژ دەکات، وەك دڵی خەبەری شتێکی دابێت، بانگی هەمووانی کردو وتی دەی راست ببنەوە من دەمرم. چەند رکاتێك نوێژ دەکات و لەسەر بەرماڵ بۆ دواجار کە دەڵێت: (أشهد أن لا اله الا الله و أشهد أن محمد رسول الله) لرخە لرخێکی لێوە دێت و وەفات دەکات.

حاجی (نایلە ئەبوبەکر سالح)ی دایکم لەو رۆژەوە وەك وەفایەك بۆ باوکم کە بۆدواجار برنجە سوورەی تێدا خوارد، لەو رۆژەوە برنجە سوورەی لەخۆی حەرام کردووەو نایخوات.منیش وەکو خۆم ئەوەندە خۆم بەقەرزاری دایك و باوکم دەزانم، ناتوانم بەتەمەنی خۆم قەرزی گەورەییان بدەمەوە بەتایبەت دایکم کە هەمووماني گەیاندە ئەمڕۆ، لێرەدا بچووکترین چاکە بۆ دایك و باوکم ئەوەیە هەمیشە لە نوێژەکانمدا داوای لێخۆشبوون و چوونە بەهەشتیان بۆ لەخوای پەروەردگار بۆ بکەم.

## ژیان میوا نخانەیەکە، درەنگ و زوو بەجێی دێڵین

کێن ئەوانەی دەچنە مێوانخانەکان و تێیدا دەمێننەوە؟ ئایا ئەوانەی لەوێ دەمێننەوە هوتێلەکەیان لەسەر تاپۆ دەکرێ؟ یان ئەوەتە دەبێ دوای تەواو بوونی کارەکانیان ئەو شوێنە بەجێ بێڵن و بڕۆن؟! ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بچێتە میوانخانەیەك و بمێنیەوە، ئەو کاتە دەزانی مانای ژیان چیە چونکە بەچاوی خۆت دەبینی ئەو کەسانەی سەردانی ئەم شوێنە دەکەن، هەر یەکە لە شوێنێکەوە هاتوون، یەکێك دەڕوا و یەکێکی دیکە دێتە جێی. هەر یەکە بە کارێکەوە خەریکەو بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە و دواتر کە کارەکەی تەواو بوو، لەو شوێنە دەڕوات بێ ئەوەی یەك شتی ئەو شوێنە لەگەڵ خۆی

ببات.کەواتە ئەم ژیانە وێستگەیەکە بۆ پشوودان پێش ئەوەی سەفەری هەتا هەتایی بکەین
کاتێك قوتابی لە هۆڵی ئەزموونەکان دێتە دەرەوە، بە وەڵامدانەوەی باشی پرسیارەکان دڵخۆش دەبێت و خەم و خەفەتیش چارەی ناکات ئەگەر بەخراپ جوابی دابێتەوە. بۆیە دەبێ خۆی وەکو مردوویەك نیشان بدات، چونکە لەئیسلام سوونەتە مردوو زوو بشۆردرێ و کفن و دفن بکرێ بۆ ئەوەی هەرچی زووە پەیوەندی لەگەڵ دنیا بپچڕێ تا پەیوەندی بە دواڕۆژەوە بکات، کەواتە بیر لەوە بکەوە بەیانی چی دەکەیت و چۆن خۆت بۆ تاقیکردنەوەی ئەو رۆژە ئامادە دەکەیت؟
**جوان تاهیر سماقولی پێناسەیەکی جوانی ژیانمان بۆ دەکات، دەڵێت:**
ژیان سەیرە، یەکێك دێتە سەر دنیاو یەکێکیش بەجێی دێڵێ. کەس نازانێ بەیانی چی رووده‌داو چی بەسەر دێ؟ بۆیە دەڵێم هیچ کات لە کێشەکانی ژیان نیگەران و دڵتەنگ مەبە و دەرهێنەر دژوارترین رۆڵەکانی بەباشترین ئەکتەرەکانی دەدات. ئێستا من لە ئان و ساتێکدا ئەمە دەنووسم لەوانەیە پاش چەند خولەك و چرکەیەکی تر بمرم، یان لەوانەیە بەسانایی ژیان بەسەر ببەم یان لەوانەیە خۆشترین رۆژمبێ یان لەوانەیە ناخۆشترین رۆژم بێت، بۆیە دەڵێم ئاگاداربە مردن لەناکاوە. مرۆڤ چیە؟ شەممە دێتە دنیا! یەکشەممە دەکەوێتە رێ، دووشەممە ئاشق دەبێ، سێشەممە شکست دەخوات، چوارشەممە زەواج دەکات، پێنج شەممە نەخۆش دەکەوێت، هەینی دەمرێت.کاتێك منداڵ بووم شەوانە بیرم دەکردەوە بۆ بەیانی چ یارییەك بکەم؟ بەڵام ئێستا شەوان بیردەکەمەوە ژیان بۆ بەیانی چ یارییەکم پێ دەکات؟ ئەگەر گریان چارەسەری کێشەکانی بکردبایە دەرمانخانەکان پیازیان دەفرۆشت.
ژیان چایەکی تاڵە، کردەوەکان وەکو شەکر و کەوچك وان، بەدەست تۆوەن، ئەوە تۆی بڕیار دەدەیت ئاخۆ بە تاڵی بمێنێتەوە یان بە شیرینی.
ژیان فێری کردم پێبکەنم و تووڕە ببم و بگریێم. بەڵام خۆزگە فێری کردبام چۆن رابردوو لەبیر بکەم، رابردوو وەکو پیاز وایە ئەوەندەی وردی بکەی زیاتر ئاوت لەچاو دەڕژێنێ.
خۆزگە ئەوەشی فێری مرۆڤەکانی دەکرد کە لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندا جیاوازی نییە.

دەوڵەمەند کە دەمرێ بەڕێز و پۆشتە، هەژار کە دەمرێ کەس پێی نازانێ کە دوای مانگێگ و دوان و سیان ئەوجا دەڵێن فلانە کەس کوانێ؟

لەژیاندا هیواو ئاواتی زۆرم هەیە بەلاّم تەنها لەمردن دڵنیام بێتەدی. زۆربەی خەڵك دەڵێن مردن هەر دێ ئیتر لێی بترسی یا نەترسی ئەو خەڵکە بەپێی خۆی بەرەو مردن دەڕوات، هەیە خۆی دەکوژێ یاخود خۆی لەجێگەیەکی بەرز فڕێ دەداتە خوارەوە، زۆربەی ئەوانەی ئەم کارە خۆکوژییە دەکەن ئافرەتانن کە بەشێکی زۆریان خاوەن منداڵن. لەو روانگەوە دەڵێم خەمی من خەمی کەسێك نییە کە خۆشەویستەکەی لێ تۆرابێت. خەمی من خەمی باڵندەیەك نییە کە هێلانەکەی لێ تێکدرابێ. خەمی من خەمی منداڵێکە کە خەون بەسۆزو میهرەبانی دایکییەوە دەبینێ. ژیان چەند سەیرە رۆژێ هەندێ کەس دەگریێنێ، هەندێکیش پێدەکەنێنێ، هەندێ کەس دەڵێن ئەم ژیانە ناچارییە و کەچی هەندێ کەس کاتێك تووڕە دەبن دەڵێن من هێشتا زۆر بەجوانی لەم وشەیە تێنەگەیشتووم. زۆربەی خەڵك بۆ رابردوو، بۆ دوارۆژ وشەی خۆزگە بەکار دێنن. منیش هەندێ جار ئەم وشەیە بەکار دێنم. بۆیە بەمتمانەوە بەبێ ژیوان، رابردووت قبوڵ بکە و باوەش بەئەمڕۆتدا بکە و رووبەرووی داهاتووت ببەوە.

## مارەکردن قوەتی دەوێت

**مامۆستا مەلا جەمال بەگ مەلۆکی گێڕایەوە، وتی:**

رۆژێکیان چوومە مەجلیسی ژن مارەکردن تا ژن لە گەنجێکی دەشتەکی لەمەڕ خۆمان مارە بکەم، گەنجەکە پێی وتم مامۆستا من هیچ لەمارەکردن و ئەو شتانە نازانم، چی بڵێم؟ منش پێموت من چیم وت تۆ لەدوام بیڵێوە.گەنجەکە وتی من چیم وت تۆ لەدوام بیڵێوە.وتم کوڕم ئەو قسانە مەکە.وتی کوڕم ئەو قسانە مەکە.وتم تۆ کەسێکی زۆر بێ ئەقڵی.وتی تۆ کەسێکی زۆر بێ ئەقڵی.وتم: وەرە بزانم ئەتوو چ بەشەرێکی؟ وتی وەرە بزانم ئەتوو چ بەشەرێکی؟ وتم کوڕم ئەوەندە بێ مێشك مەبە؟ وتی کوڕم ئەوەندە بێ مێشك مەبە. بەمەیش زۆر لێی دەهری بووم خۆم بۆ نەگیرا پەلاماریمدا بۆ ئەوەی چینێکی باشی لێ بدەم، یەکانگیری یەك بووین. لەم بەینەو بەردە چونکە ئەو لەمن بەهێزتر بوو، منی خستە بنە خۆی، هەستمکرد دەرەقەتی نایەم، یەکسەر هاوارم کردێ دەی وازبێنە

ئەوە نیکاحەکەت تەواو بوو.بەو قسانە وازی لێ هێنام، ڕاست بۆوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی بەڕاستی نەمدەزانی مارەکردن قوەتی دەوێ.

## من نەمگوت چۆلەگەیەك لە گوێمەوە چووەتە ناو مێشكم كەسیش باوەڕی پێ نەدەكردم

کابرایەك خەونی بینی، لەو خەونەکەیدا چۆلەگەیەکی بینی هات لەگوێیەوە چووە ناو مێشکی، کە خەبەری بۆوە هەستی بەژانە سەرێکی زۆر کرد، دەیوت من چاك نابمەوە تا ئەو چۆلەگە لەناو مێشکمبێ.خەڵکەکە پێیان دەوت چییە دەڵێی تەواو نی؟ ئاخر چۆلەگە چۆن دەتوانێ لە کونی گوێوە بچێتە مێشکی مرۆڤ؟ ئەو دەیوت سوێندتان بۆ دەخۆم چۆلەگەکە وا لەناو مێشکمدایەو تا لەناو مێشکمدابێ ئێشی سەرم ناشکێ.

بردیانە لای چەند دکتۆرێك و ئەوانیش گاڵتەیان بەئەقڵی دەهات و دەیانوت شتی وا نابێ.بەڵام ئەو هەر نکۆڵی لەو قسانە دەکرد تا بردیانە لای دکتۆرێکی دەروونی و بابەتەکەیان بۆی گێڕایەوە، دکتۆرەکە ڕووی لەکابرا کردو وتی تۆ ڕاست دەکەی چۆلەگەیەك وا لەناو مێشکتە و هەر بەوای ئەو چۆلەگەوەیە سەرت ژان دەکات، ئێستا نەشتەرگەریەکت بۆ دەکەم و چۆلەگەکەت لە مێشك دەردێنم دەی وەرە لێرە درێژبە. کابرا درێژ بوو بەنجێکی لێ دا ئاگای لەخۆی نەماو ئەوجا بەچەقۆ برینێکی دروست کردو هەندێ لەفاف لێ بەستا، ئەوجا بەکەس و کارەکەی وت دەی خێرا بڕۆن چۆلەگەیەکم بۆ بێنن و بیکەنە ناو ئاو و هەندێ ئاوەکە بکوڵێنن ئەگەر بەهۆش خۆی هاتەوە وابزانێ ئەوە ئەو چۆلەگەیە کە لەمێشکی دابوو.چۆلەگەیان هێناو لەهەندێ ئاو کوڵاندیان و ئاوەکەیان ڕشت، کاتێك کابرا بەهۆش خۆی هاتەوەو دکتۆر پێی ڕاگەیاند ئەوە ئەو چۆلەگە بوو کە لە مێشکیدابوو. کابرایەکە ڕووی کردە دکتۆرو کەس و کارەکەی، پێی وتن فەرموو من چیم وت؟نەموت چۆلەگەیەك لەمێشکمدایە و کەچی ئێوە کەستان باوەڕتان پێ نەدەکردم.

## خدری زیندە دەچێتە لای كیسڕاو باسی ژیانی بۆ دەكات

لەهەواڵی پاشاکانەوە هاتووە: لەوڵاتی ئێران کابرایەکی خواناس هەبوو، خەڵکەکە زۆریان خۆش دەویست. ساڵانە خدری زیندە ساڵی جارێك سەردانی دەکرد و لە حاڵ و ئەهواڵی دەپرسی.

ساڵ هات و تێپەڕی، دەنگ و باسی کابرای خواناس و خدری زیندە بەناو شار بڵاو بۆوە، هەواڵەکە بە کیسرای پادشا گەیشت، ناردیە دوای کابرای خواناس و پێشوازییەکی گەرمی لێکرد. دوای چاك وچۆنی و بەخێرهاتن، کیسرا پێی وت بیستوومە هەموو ساڵێك جارێ خدری زیندە سەردانیت دەکات، ئایا ئەو قسەیە راستە؟ وتی بەڵێ راستە. کیسرا پێیوت دەمەوێ ئەوجارە ئەگەر هاتە لات لەگەڵ خۆت بیهێنیتە لام، من هیچ ئیشم پێی نییە تەنها پرسیارێکم لەمێشك دایە دەمەوێ لێی بکەم.

کابرای خواناس بەڵێنی پێدا ئەگەر ئەوجارە هاتەوە لای، رووی لێ بنێ و لەگەڵ خۆیدا بیباتە لای.

ماوەیەك بەسەر ئەو گفتوگۆیە تێپەڕی. خدری زیندە پەیدا بوو. کابرا بەدڵێکی پڕ لەخەم و پەژارەوە بەخێرهاتنی کرد.ئەویش کە ئەمی بەو شێوەی بینی، پرسیاری ئەو خەفەتباریەی لێ کرد. ئەویش بابەتەکەی بۆ گێڕایەوە.

خدری زیندە وتی جا ئەوە خەفەتی بۆ چییە، فەرموو پێشم بکەوە بەیەکەوە دەچینە لای.

کاتێك چوونە کۆشك و دەرباری پادشا و چاویان بە کیسرا کەوت.کیسرا بەهەڵپەیەکەوە رووی کردە خدری زیندەو پێیوت زۆر لەمێژە پرسیارێك مێشکی سەرقاڵ کردووم، بەڵام بەهیچ وەڵامێك دڵم ئاو ناخواتەوە، وەکو باسی تۆ دەکەن گوایە هێزێکی ئەفسوناویت هەیە و لەتەنگانە بەهانای مرۆڤەوە دێیت و هەموو دنیا گەڕاوی و گەلێ شتت بینیوەو زۆر شت دەزانی.

خدری زیندە وتی فەرموو بپرسە، دەتەوێ پرسیاری چیم لێ بکەیت؟

کیسرا وتی دەمەوێ بزانم لە ژیانتدا چ شتێکی سەیرو سەمەرەت بینیوە، بەلای تۆوە ژیان چ مانایەکی هەیە؟ئەم ژیانە چییە؟

خدری زیندە وتی من زۆر شتم بینیوە، جارێکیان بەشوێنێك تێپەڕیم، بینیم ئەو شوێنە دەریایەکی گەورەی پان و بەرین و لەبن نەهاتووە و خەڵکێکی زۆر لەکەناری دەریاکە خەریکی راوە ماسین. لێیان نزیك بوومەوە لە کابرایەکی بەتەمەنی ریش سپیم پرسی ئەرێ خاڵەگیان ئێرە لەکەیەوە دەریایە؟ کابرا وەڵامی دامەوە وتی لەوە دەچێ خەڵکی

ئێرە نەبیت؟ وتم نەخێر. ئەویش وتی دەی مادام وایە گوێم بۆ بگرە با وەڵامت بدەمەوە، وەڵامەکە ئەوەیە کە لەوەتەی دنیا دنیایە و پشتاوپشت ئەوانەی بەبیریان هاتبێ، ئێرە هەر دەریا بووە.

سوپاسی کابرام کرد و رۆیشتم. دوای تێپەڕبوونی چەند سەد ساڵێك بەسەر ئەو ڕووداوە. هاتمەوە هەمان شوێن، پێم سەیر بوو ئەو دەریا لەبن نەهاتووە بووەتە یەك پارچە زەوی تەختایی کە سەرو بنی دیار نەبوو، خەڵکەکەیش بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون، دووبارە کابرایەکی دنیادیدەی بەتەمەنم لەو شوێنە دۆزییەوە، چوومە لای، پێموت قوربان ئەوە لەکەیەوە زەوی کشتوکاڵە؟ ئەویش بەهەڵپەیەکەوە وتی من و باب و باپیرانم هەموومان لێرە ژیاوین و هەموومان وەك بەبیرمان بێت، ئەم شوێنە هەر شوێنی کشتوکاڵکردن بووە و خەڵکەکەی هەر بە کشتوکاڵەوە خەریك بوونە.

خواحافیزیم کرد و رۆیشتم تا عەیامێکی دیکە و کاتێکی تر هاتمەوە هەمان شوێن، بینیم ئەو شوێنەی پێشتر خەڵکەکەی زەویەکەیان بۆ کشتوکاڵ بەکار دەهێنا، ئێستا بووەتە شارێکی ئەوەندە مەزن کە سەرو بنی دیار نەبێت. لامدایە لای دوکاندارێك کە کابرایەکی بەتەمەنی لێ بوو، پرسیاری مێژووی ئەو شارەم لێی کرد، بەدەم قاقای پێکەنینەوە وتی براکەم من ئەوەی لە باب و باپیرانم بیستوە وەك باس دەکەن گەلێك پێش ئێستا ئێرە هەر شار بووە.

ئەوێم بەجێهێشت و ساڵانێکی زۆری بەسەردا سووڕایەوە، دیسان هاتمەوە هەمان شوێن، بینیم شارەکە نەمابوو، هەموو ئەو شوێنە بووبووە دەریایەکی لەبن نەهاتووی پان و پۆڕ، خەڵکێکی زۆر لە رۆخی دەریاکەدا خەریکی راوە ماسی بوون. کاتێك لە کابرایەکی ئەو شوێنە نزیك بوومەوە، پرسیاری مێژووی ئەو دەریاچەیەم لێی کرد، ئەویش بەدەم بزەیەکەوە وتی ئەوەی گوێبیست بووبم باب و باپیرانم و ئەوانەی پێش ئەو لەم ناوچەدا ژیابن، هەموویان دەڵێن ئێرە هەر دەریا بووە.

لێرەدا خدری زیندە کۆتایی بەقسەکانی هێناو دوا قسە بە کیسرای وت ئەم دونیایە ئاوایە بەجۆرەها شێوە دەسووڕێ و دەگۆڕێ، ژیان تا سەر بۆ کەس نامێنێ و ژیانی ئەم دنیایە

زۆر کەمە، ئەو کەسە گرەوی سەرکەوتن دەباتەوە کە رەوشت بەرزە و کردەوەی چاك ئەنجام دەدات.

## دوا کەشکۆڵ

دەگێڕنەوە لە وڵاتی ئێران پادشایەك هەبوو ناردییە دوای کەسێکی بەئەزموون و دنیادیتەو پێی وت دەتوانی شتێکم بۆ بکەی لە خۆشی دا لەخۆبایی رووم تێ نەکات و خۆم لەبیر نەکەم، هەروەها لە ناخۆشی دا بێ ئومێد نەبم؟

کابرا وتی ئەوە زۆر ئاسانە بەڵام دەبێ بۆ چەند رۆژێ سەبرم لێ بگری.

کابرا گەڕایەوە ماڵ و دوای سێ رۆژ ئەنگوستیلەیەکی بۆی دروست کرد، بەفارسی لەسەری نووسی(ئین هوم میگوزەرێ) واتا: ئەوەش هەر دەڕوا.ئەوجا چووەوە لای پادشاو ئەنگوستیلەکەی پێداو پێی وت قوربان فەرموو ئەوە بکەرە پەنجەت، ئەوە ئەو شتەیە داوات لێ کردم بۆتی بکەم.

ئەویش ئەنگوستیلەکەی خستە پەنجەو بەوردی لە نووسینی سەر ئەنگوستیلەکە راما، وتی ئەوەش هەر دەڕوا، ئەوە چ قسەیەکە؟ نهێنی ئەو قسانە چین؟

کابرا پێی وت ئەگەر ئەو ئەنگوستیلەت لەپەنجە بوو، لەهەر سەیرکردنێکدا ئەگەر ئەو نووسینەت بەرچاوکەوت، ئەوە بەبیری خۆت بێنەوە کە تووشی هەر خۆشیەك بووی ئەوە هەر دەڕوا کەواتە لەخۆبایی رووت تێ نەکات، خۆ ئەگەر تووشی ناخۆشی و شکست بووی ئەوەش هەر دەڕوا، کەواتە بێ ئومێدی رووت تێ نەکات.

**ئەوەش دەق وەکو ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) کە دەفەرموێ: ئەگەر زانیتان سبەی قیامەتەو نەمامێکتان بەدەستەوە بوو بیچێنن)**. جا یەکێك نەمامێك بۆ یەك رۆژ بچێنێ، بەوە راناگا نە لەبەر سێبەرەکەی بحەسێتەوەو نە بەوە رادەگات بەروبوومەکەی ببینێ و بیخوات، کەواتە مەبەست لەم فەرموودە ئەوەیە گەشبین بین و بە گەشبینیەوە بڕوانینە دوارۆژ.